(2525)

هەواڵنامەی کتێب

حزبە سیاسییەکان
لە جیهانی سێیەمدا

# حزبە سیاسییەکان

# لەجیهانی سێیەمدا

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی

د. ئوسامە ئەلغەزالی حەرب

وەرگێڕانی

محمد فاتح

هەولێر - ٢٠١٩

ناوی کتێب: حزبە سیاسییەکان لەجیهانی سێیەمدا

نووسەر: د. ئوسامە ئەلغەزالی حەرب

وەرگێڕ: محمد فاتح

کۆمپیوتەر: زانا احمد

نەخشەسازی بەرگ وناوڕۆك: رؤى للطباعة والنشر/العراق

تیراژ: (٢٠٠) دانە

نرخ: (٥٠٠٠) دینار

چاپ: چاپی یەکەم

ISBN: 978-9922-9109-5-6

رؤى للطباعة والنشر

E:alnator2000@yahoo.com

Mob:07725197116

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| پێناسەکردنی چەمکە گشتییەکان | ١٧ |
| بەندی یەکەم: چوارچێوە تیۆرییەکان، بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی سیاسی و حزبەکانی جیهانی سێیەم: | ٣٧ |
| باسی یەکەم: بیرۆکەکانی گەشەپێدانی سیاسی و پەرەسەندنەکانی . | ٤٥ |
| باسی دووەم: شیکردنەوەی چینایەتی و پێکهاتەی ئابوری – کۆمەلآیەتی. | ٨٠ |
| باسی سێیەم: کاریگەرییە دەرەکیەکان و قوتابخانەی پاشکۆیەتی. | ١٠٣ |
| بەندی دووەم: دروست بوونی دیاردەی حزبایەتی لەجیهانی سێیەمدا: | ١٢٥ |
| باسی یەکەم: تیۆرییەکانی دروست بوونی دیاردەی حزبایەتی لە جیهانی سێیەمدا. | ١٣٢ |
| باسی دووەم: شێوەگۆڕاوەکانی دروست بوونی دیاردەی حزبایەتی. | ١٤٦ |
| باسی سێیەم: کەم و کورتی تیۆریی لەمەر سەرهەڵدانی حزبەکان. | ١٨٢ |
| بەندی سێیەم: شێوازو خەسڵەتەکانی سیستمە حزبیەکان، حزبەکان لەجیهانی سێیەمدا. | ١٩٣ |
| باسی یەکەم: شێوازو سیستمە حزبیەکان، شێوازی رکابەری. | ٢٠٠ |
| باسی دووەم: شێوازەکانی سیستمە حزبیەکان ، شێوازی نا ڕکابەری. | ٢١٧ |
| باسی سێیەم: چەشنەکانی سیستمە حزبیەکان، تایبەتمەندی وڵاتانی دواکەوتوو. | ٢٤٢ |

باسی چوارەم: تایبەتمەندییەکانی حزب و سیستمە حزبیەکان. ٢٥٢
بەندی چوارەم: رۆلی حزبەکان لەتازە گەریتی و گەشەپێدانی سیاسی لەجیهانی سێیەمدا. ٢٦٩
باسی یەکەم: حزبەکان وتازەگەریتی لەجیهانی سێیەمدا . ٢٧٤
باسی دووەم: حزبەکان و بەشداری سیاسی. ٢٩٣
باسی سێیەم: حزبەکان و شەرعییەتی سیاسی ٣٠٩
باسی چوارەم: حزبەکان و تەواو کاری نەتەوەیی ٣١٩
لێکدانەوەی زاراوەکان ٣٢٥


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

گرنگی حزبە سیاسییەکان، وەك دیاردەیەکی پەیوەست بەسیستەمە سیاسییە تازەکانەوە، پێویستی بەسەلماندنێکی زۆر نییە، ئەمەو سەرەڕای چاوپۆشین لەهەر ئەحکامێکی بەها ئامێز سەبارەت بەدیاردەی حزبایەتی، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو سیستەمە سیاسییە تازانە بەزۆری وەك سیستەمی حزبی دەمێننەوە، ئەگەر لیبرالی بن یان دەسەڵاتداری، یاخود هەمەلایەنی یان فرەیی، یانیش تاکرەوی.

ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کەلەنێوان دیاردەی حزبایەتی و سیستەمسیاسییەتازەکاندا هەیە، گرینگیەکی تایبەت بەپێگەو بایەخی ژیانی حزبایەتی دەدات ، لەناوچوار چێوەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی کەلەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا باون و لەهەوڵی دەرباز بوونیشدان، لەکۆت و بەندی دواکەوتن و بەدیهێنانی گەشەسەندن.

ئەگەر لەئێستادا وامەزەندەکرا کە (٥٠٠) حزبی سیاسی لەناو زیاتر لەسەد دەوڵەتی سەر رووی زەوی هەن، ئەوا زۆرینەی ئەو حزبانە لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدان، ئەو حزبانەش زیاتر لەهەر شتێکی دیکە، کورتکراوەی هەموو کۆڵەکەکانی ژیانی سیاسین.

لەدیدی ئەم لێکۆڵینەوەیەش سەبارەت بە دیاردەی حزبی، توێژەر باس لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی نێوان هێزو چینەکۆمەڵایەتیەکان و ئەو ئایدیۆلۆژیانەی باون لەکۆمەڵگەدا دەکات، سەرەڕای شێوازەکانی کاری سیاسی و حزبایەتی و چۆنیەتی بەجێگەیاندنی ئەرکە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسی.

هەواڵنامەی کتێب

بەو مانایە دیاردەی حزبایەتی یەك لەبوارە تایبەتیە سەرەکیەکانی شارەزایی و ئەزمونی تاك لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەرجەستە دەکات، ئەمەو سەرەڕای جیاوازیشیان لەگەڵ وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهاندا.

ئەو پەیوەندییەی لەنێوان حزب و نوێگەری (مۆدیرنیزم)ی سیاسی هەیە، لە لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا، وایکردووە کەنووسینەکان لەبواری گەشەسەندنی سیاسیدا، بایەخ بەرۆڵی نوێگەری حزبی سیاسی بدەن، هەروەها وەك گرینگرتین دامەزراوەکانی ئەم بوارە تەماشا بکرێن، یان وەك سیمبولێك بێت بۆ دیاردەی نوێگەری سیاسی، هەروەك چۆن بەنداوو کارگەکان سیمبولن بۆ نوێگەری ئابوری.

بەڵام ئەو نوشستیەی کە تووشی ئەزموونەکانی گەشەپێدان هات لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، چ لەبواری سیاسیدا بێت، یان لەبوارە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، ئەوانە مایەی سەرنج ڕاکێشان بوون بەرەو لایەنە کەم و کورتیەکان لەتیۆرییەکانی گەشەپێدان و مۆدێرنێتەدا، دیارە ئەو حاڵەتەش دەبوو ڕەنگدانەوەی هەبێت بەسەر تێڕوانینێکی قوڵتر بۆڕاستی ئەو ئامرازە نوێگەریانەی کە حزبەکان لەسەرروویانەوە دەبن.

حزب و سوپاو بیروکراسیەت و سەرکردایەتیە کاریزمییەکان، هەموو ئەوانە ئامێرو کەرەستەی ئامادەکراونین، وڵاتانی جیهانی سێیەم هاوردەی بکەن و بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی نوێگەری سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی دروست بن، لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا ئەوانە دەرئەنجامێکن لەگەڵ هەل و مەرجە تایبەتمەندییەکەدا کۆدەبنەوە، ئێمە پێش ئەوەی لەتواناکانیان دەربارەی گەشەپێدان و نوێگەری بکۆڵینەوە، دەبێ یەکەمجار شارەزای خەسڵەتە تایبەتیەکانیان بین، ئەو خەسڵەتانەی کەپەیوەستن بەسروشتی ئەو ژینگە

کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەی کە دەریان هاویشتووە، هەروەها لەو مەرجانەی کە دەکرێ بەهۆیانەوە ئەو دامەزراوانە بەسەر دۆخی کۆمەڵگاکانیان تێپەڕن بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان بگێڕن – نەك بۆ هێشتنەوەی دواکەوتن – بەڵکو بۆ زاڵبوون بەسەریداو ڕوو لەپێشکەوتن و گەشەکردن و نوێگەری بکەن، دیارە ئەوەش کێشەی ئەم کتێبەیەو ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکەیەتی.

ئەو پەیوەندەییەی لەنێوان حزب و دواکەوتندا هەیە لەجیهانی سێیەمدا، هەروەك دەردەکەوێت پەیوەندییەکی بازنەیی داخراوە، دواکەتن رەنگدانەوەی بەسەر دیاردەی حزبایەتی دەبێ، حزبەکان خەسڵەت و مۆرکی دواکەوتن هەڵدەگرن و چالاکیەکانیان سنووردار دەبن، هەروەها دارمانی حزبەکان لەو وڵاتانەو نەمانی چالاکیەکانیان، ئەوە لەخزمەتی مانەوەی دواکەوتن دەبێت، زیاتر لەوەی بەشداری لەرزگار بوون بکات.

بۆیە کارێکی نامۆ نییە کە سەرنەکەوتن لەبەدیهێنانی گەشەپێدان لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا، لەرویەکی گرینگیدا بۆ نوشستی هێنانیان دەگەڕێتەوە لەبونیادنانی رێکخستنێکی حزبی، کەتوانای سەرکردایەتی کردنی پرۆسەی گەشەپێدانی هەبێت بەتەواوی، واتە لەدیدی دواکەوتن و گەشەپێدان لەجیهانی سێیەمدا وەك دەردەکەوێت پەیوەندی لەگەڵ دیاردەی حزبایەتی دوو رەهەندی دەبێت رەهەندی یەکەم: بریتیە لەکاریگەری باری راهاتووی دواکەوتن بەهەموو شێوەکانییەوە، لەسەر دیاردەی حزبایەتی لەجیهانی سێیەمدا، چ لەڕووی دروست بوونیەوە بێت یان لەرووی خەسلەت و کۆمەڵەکانییەوە بێت.

ڕەهەندی دووەم: کاریگەری دیاردەی حزبایەتی لەسەر ئەو بارە ڕاهاتووەی دواکەوتن، بە واتایەکی دیکە ڕۆڵی حزبەکان لەزاڵبوون بەسەر دواکەوتن و بەدیهێنانی گەشەپێدان.

بەم مانایە نووسینەباوەکان دەربارەی جیهانی سێیەم و کێشەکانی دواکەوتن لەلایەکەوە، هەروەها نووسینەکان دەربارەی حزبە سیاسییەکان لەلایەکی دیکەوە، پڕ دەبن بە بابەتەکانی حزبە سیاسییەکان لەوڵاتانی دواکەوتوودا، لەگەڵ پەیوەندی کارتێکردن و کاریگەرییەکانی نێوانیان و نێوان باری ڕاهاتووی وڵاتانی دواکەوتوو، سەرەڕای ویستیان بۆ گەشەپێدان.

لەم بوارەدا بەپێی تێروانینێکی ڕەخنەگرانە، کەلەپەرەسەندنە تیۆری و میتۆدیەکانەوە وەرگیراوە، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو پەیوەندییەی نێوان دواکەوتن و دیاردەی حزبایەتی دەدەین لەجیهانی سێیەمدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێبینیانەی خوارەوە:

١- گفتوگۆکردن دەربارەی دواکەوتن لەجیهانی سێیەمدا، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی دەبێت، بەڵام بەجۆرێکی تایبەت باس لەرەهەندە سیاسییەکان دەکرێت، هەربەم جۆرە ڕۆڵی حزبەکان لەبەدیهێنانی گەشەپێدان ئەوا پەیوەست دەبێت بەلایەنە سیاسییەکانەوە، یان گەشەپێدانی سیاسی لەگەڵ پشتگوێ خستنی دیاردەکانی تری گەشەپێدان بەشێوەیەکی گشتی.

٢- چارەسەرکردنی دیاردەی حزبایەتی لەچوارچێوەی بارودۆخی گشتی دواکەتن لەجیهانی سێیەمدا، ڕاستی و هەقیقەتی ئەو جیاوازییە توندەی لەنێوان کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا هەیە ناسڕێتەوە، دیارە کاریگەری ئەوەش ڕەنگدانەوەی جیاجیا دەبێت بەسەر دیاردەی حزبایەتی و تواناکانی بۆ گۆڕانکاری لەو وڵاتانەدا.

بۆیە لەم کتێبەداو بەپێی ئەوەی کە ڕەوتی چارەسەرکردنەکە دیاری دەکات، ئەوا جیاوازییەکانی نێوان چوار ناوچەی جیاواز دەخرێتە روو لەوڵاتانی دواکەوتوودا، ئەوانەش: ئاسیا (باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا)، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا، ئەفریقیا و باشوری بیابان، دواتر ئەمریکای لاتینی، لەگەڵ پشت گوێ نەخستنی جیاوازی نێوان ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە ناو هەر یەك لەخودی ئەو هەرێمانەوە.
لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانە، هەر دوو بەندی دووەم (سەرهەڵدانی دیاردەی حزبی لە جیهانی سێیەمدا) و بەندی سێیەمیش (چەشنی خەسڵەتەکانی سیستمە حزبییەکان و حزبەکان لەجیهانی سێیەمدا) لەچارە سەرکردنی کاریگەری بارودۆخی وڵاتانی دواکەوتوو، لەسەر دیاردەی حزبی ئەو کۆمەڵگایانە دەکۆڵێتەوە، چ لەڕووی دروست بوونیانەوە بێت یان خەسڵەتو کۆڵەکەکانیان، لەکاتێکدا بەندی چوارەم تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی حزبەکان لەزاڵبوون بەسەر دواکەوتن و بەدیهێنانی گەشەپێدان و نوێبوونەوە لەجیهانی سێیەمدا.
بەڵام لەبەندی یەکەمدا، باسەکە تێروانینێکی گشتی دەگرێتە خۆی دەربارەی پرۆگرام و ئەو تیۆرییانەی پەیوەستن بە توێژینەوەکە لەبارودۆخی سیاسی وڵاتانی دواکەوتودا، بەدیاردەی حزبیشەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێبازەی کە دەبێت ڕەچاو بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردە حزبیە لە جیهانی سێیەم، کەسێ خەسڵەتی دیاریکراویش لەخۆ دەگرێت، ئەوانەش:
فرەیی میتۆدی، نەك تەنها پەیڕەوکردنی یەك میتۆد، دیدیشی بۆ دیاردەکە هەمەلاینە دەبێت، نەك تەنها بەشێك بگرێتەوە، دواتر ئەو میتۆدەی کە

پراکتیك دەکرێت پێویستە خەسلەتی تایبەتمەندێتی هەبێت، نەك قایل بوون بەرێبازی گشتاندن.

ئەم نووسینە هەوڵدەدات ئەو بنەما میتۆدیانە پەیڕەو بکات لەلێکۆڵینەوەکانی دەربارەی دیاردەی حزبایەتی لەجیهانی سێیەمدا بەگشتی و لەو سێ بەندەی داهاتوودا.

لەڕاستیدا هەڵێنجانی ئەو پرەنسیپە میتۆدیانە، تەنها لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لەهەریەك لەو تیۆری و بەرنامانەوە نەهاتوونەتەدی، کە لەلێکۆڵینەوەکانی پەرەسەندنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا باو بوونە لەجیهانی سێیەمدا، بەڵکو پێشتر توێژینەوە لەلایەنە باشەکانی نێوان دوو ئاراستەی گشتی، جیاوازکراوە، لەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجامدراون دەربارەی حزبەکانی وڵاتانی دواکەوتوو، هەروەها بابەتی دواکەوتن و دیاردەی حزبایەتیش لەحاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان دوو ئاراستەی تیۆری، بۆ لێکۆڵینەوە دادەنرێت، واتە دواکەوتن لەلایەکەوەو دیاردەی حزبایەتی لەلایەکی دیکەوە.

ئەو حاڵەتە ئەگەری ئەوە دێنێتە پێشەوە کە لەڕووی میتۆدییەوە، دوو ئاراستە بۆ چارەسەرکردن هەیە، یەکەمیان: لێکۆڵینەوە لەدیاردەی حزبی لە وڵاتە دواکەوتوەکان، بەبەکارهێنانی ئەو بەرنامانەی باون لەلێکۆڵینەوەی دواکەتن و گەشەسەندن (بەشێوەیەکی دیاریکراوتر، دواکەتنی سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی)، ئاراستەی دووەمیان: لێکۆڵینەوە لەدیاردەی حزبایەتی لەوڵاتانی دواکەوتوودا، بەبەکارهێنانی ئەو بەرنامانەی باون لەلێکۆڵینەوەکان دەربارەی حزبەسیاسییەکان بەگشتی.

هەرچی پەیوەستیشە بەئاراستەی دووەمەوە، دەروازە بەکار هێنراوەکان لەلێکۆڵینەوە دەربارەی حزبەسیاسییەکان زۆرن، لەپێشەوەیاندا، دەروازەی

مێژوویی، دەروازەی بونیادی، دەروازەی رەفتاری، دەروازەی فەرمانی سیستمی، دەروازەی ئایدیۆلۆژی.

ئەو دەروازانەش بەکار دەهێنرێن بۆ لێکۆڵینەوە لەحزبە سیاسییەکان، لەمیانەی پۆلینکردنی حزبەکان، یان سیستمە حزبیەکان، بەپێی چەند خەسلەتێکی دیاریکراو، ئەوەندەی پەیوەندی بەخودی حزبەکانەوە هەیە، ئەرکەکە زۆر بەدژواری دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی دیاردەی حزبایەتی (لەرووی واقیع بینینەوە) بەچەندین دیاردەی دژوارو سەختی ئاشکرا دەناسرێت، لەحالەتی پراکیتزەبوون لەگەڵ ئەو نموونانەی کە بەپێی چەند پێوەرێکی تایبەت بوونیاد تراون، وەك: (نموونەی جیاکردنەوەی نێوان حزبەکانی کادیرو حزبە جەماوەرییەکان، یان نێوان ئەوەی پێی دەوترێت حزبەکانی نوێنەرایەتی تاك و حزبەکانی تەواوکاری)، یاخود چەند پێوەرێکی رەفتاری (نموونەی جیاوازییەکان لەچۆنیەتی نوێنەرایەتیکردن لەبەرژەوەندییەکانی نەتەوە).

هەروەها زۆرێك لەو هەوڵانەی کە جەختیان لە سەر سیستمە (تاك حزبیەکان) کردۆتەوە، لەگەڵ هەوڵی دۆزینەوەی چەند پێوەرێك بۆ دابەشکردنیان کەلە چوار چێوەی ئەم جۆرە پۆلینکاریانە ریزبەندکراون.

بەڵام لە بنچینەدا، ئەوەندەی پەیوەندی بەسیستمی حزبایەتیەوە هەیە، ئەوا بێگومان بەرچاوترین پۆلینکردنەکان خۆی لەوە دەنوێنێ کە پشت بەژمارەی حزبەکان دەبەستێت لە سیستمی سیاسییداو هێنانەوەی پەیوەندییەك، (لەدوایدا) لەنێوان ئەو ژمارەیەو سروشتی سیستمەکە.

لەفۆرمە سەرەتاییەکەشیدا، ئەو پەیوەندییە بەشێوەیەکی سادەو روون بەدیار دەکەوێت، چونکە سیستمی تاك حزبی، مانای سیستمێکی دەسەڵاتداری یان

گشتگیری دەگەیێنێ، هەروەها سیستەمی دوو حزبیش بەمانای بوونی سیستەمێکی دیموکراسی سەقامگیری دێت، دەسەڵاتی زۆرینەش کردەیی و شەرعییە، سیستەمی سێ حزبیش یان زیاتر، سیستەمێکی پەرش و بڵاو دەگەیێنێ، چەند هاوپەیمانیەتێکی ناسەقامگیر بەرێوەی دەبات و رووبەرووی مەترسییەکانی کودەتا یاخود شۆڕش دەبێتەوە.

پاشان زۆری نەخایاند ئەم دابەشکردنە ساکارە، چەند پێداچوونەوەیەکی گرینگی بەسەر داهات، وەك ئەوەی سیستەمی تاك حزبی بە مۆرکێکی نوێنەرایەتی بناسرێ، یان سیستەمی دوو حزبی خەسڵەت و مۆرکی نانوێنەرایەتی هەڵبگرێت، یاخود لەتوانادا بێت کە سیستەمی فرە حزبی بەخەسڵەتی جێگیری بناسرێت، بەهۆی هاوپەیمانی چەند حزبێك بۆ ماوەیەکی دووردرێژ، یاخود بەهۆی بوونی حزبێکی بەهێز هەڵگری خەسڵەتێکی دەسەڵاتداری هەبێت کە دواجار دێنە سەرووردەکارییەکانی.

ئەوەی ئەم توێژنەوەیە دەیخاتە روو، ئەوەیە کە چەند هۆکارێکی بەهێز هەن وا دەکەن کە چارە سەرکردنی دیاردەی حزبایەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا لەرێگەی میتۆدو پۆلینکارییە باوەکانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەحزبە سیاسییەکان کە لەبنچینەدا لەئەزموونی ئەورووپی و ئەمریکیەوە وەرگیراون کارێکی گونجاو نەبێت.

دیارە لەپێشی پێشەوەی ئەو هۆیانەشەوە، ئەوەیە کە زۆر لەوانەی پێیان دەوترێت حزبی سیاسی لەجیهانی سێیەمدا بەگشتی و لە کیشوەری ئەفریقیا بە تایبەتی بەپێی مانا حزبیەکەی زاراوەکە، حزب نین، تەنانەت بەپێی گشتی ترین ناوەرۆکەکانیشەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانە، ئەم بابەتەمان بۆ لێکۆڵینەوە لەدیاردەی حزبایەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەڵبژارد، وەك راستییەکی پەیوەست بەتایبەتمەندییەکانی بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەوە، چ لەرووی سەرهەڵدانی یان لەڕووی کۆڵەکەو بنەماو تایبەتمەندی و ئەرکەکانیەوە بێت، نەك وەکو دیاردەگەلێکی جیابۆوە.

بەڵام لێرەدا واپێویست دەکات سەرنجی ئەوە بدەین کە توێژینەوە لەحزبەکان لە میانەی رەوتی دواکەوتوویی و گەشەکردن لەرەهەندە سیاسییەکانی جیهانی سێیەم، هەرگیز ئەوە ناگەیێنێ ئەو لێکۆڵینەوانە پشتگوێ بخرێن کەلەچوارچێوەی لێکۆڵینەوە لەحزبە سیاسییەکان بەگشتی ئەنجام دراون.

بەڵکو بەپێچەوانە ئەو لێکۆڵینەوانە یەك لەسەرچاوە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوە دەگەیێنن.

د. ئوسامە ئەلغەزالی حەرب

هەواڵنامەی کتێب

# پێناسەکردنی چەمکە گشتیەکان

## دواکەوتن و دواکەوتنی سیاسی:

دەکرێ واتەماشای چەمکی دواکەتن بکرێت کە دیاردەیەکی پەیوەستە بەجیهانی سێیەمەوە، واتە بەوڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی، ئەویش لەسێ گۆشەوە، روخسار، یان ڕەهەندەکانی دواکەوتن و هۆیەکانی دواکەوتن، پاشانیش سیماو تایبەتمەندیەکانی دواکەوتن.

هەرچی پەیوەستە بەرووخسار یان ڕەهەندەکانی دواکەوتنەوە، لەسەر دوو ئاستی جیاواز باسیان لێوە دەکرێت: ئاستێکی گشتی پەیوەستە بەدیاریکردنی روخسارە گشتیەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەوە، بێ ئەوەی تایبەتمەندی بدرێت بەبوارێکی دیاریکراو، وەك ئەوەی باسکردنی دواکەوتن ئەم لایەنانە بگرێتەوە: لاوازی لەبەپیشەسازیکردن و جیاوازی چینایەتی و پاشکۆیەتی ئابوری و بەهەدەردانی داهاتەکان هەروەها لاوازی لەپابەندبوونی سیاسی و دوولایەنی ئابوری و کولتوری لەنێوان نوێگەری و نەریتگەریدا...هتد.

لەم چوارچێوەیەداچەند هەوڵێك لەلایەن زۆرێك لەزانایانەوە دراوە، بەتایبەتی زاناکانی کۆمەڵناسی، بۆ دیاریکردنی ئەو لایەنانەی کە بەخەسڵەتە گشتیەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دادەنرێت وەك جیاوازی لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەپێشکەوتووەکان (لەگەڵ چاوپۆشین لەرادەی ڕاستییان).

نموونەی ئەو دوو لایەنـیە پێنج گۆڕاوە کە (بارسوت) دەیخاتە ڕوو، بەپێی ئەو بۆ چوونە خەسڵەتەکانی تاکی ناوکۆمەڵگە پیشەسازیەکان جیاواز دەبن لەگەڵ خەسڵەتەکانی تاکی ناو کۆمەڵگەی نەریتگەری، کە ئەم لایەنانە

دەگرێتەوە: گشتیخوازی بەرامبەر تایبەتمەندی، ئەرك بەجێگەیاندن بەرامبەر جۆرایەتی یان خستنەپاڵ، تایبەتمەندێتی بەرامبەر بڵاوبوونەوە، بەرژەوەندی کۆمەڵ بەرامبەر بەرژەوەندی خود، هەروەها بێ لایەنی ویژدانی بەرامبەر ویژدانگەری.

هەر لەم بوارەدا (هوسلز) سێ حاڵەتی گۆڕاو دەخاتە ڕوو، بەپێی ئەو حاڵەتانەش کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەناسرێن بەگۆڕاوەکانی گشتیخوازی، ئاراستەکردن بەرەو ئەرك بەجێهێنان و تایبەتمەندێتی ڕۆڵەکان، لەبەرامبەردا کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لەو دیاردانە بەخۆیانەوە دەبینن، تایبەتمەندێتی و ئەرك خستنە پاڵ و پەرش و بڵاوبوونەوەی ڕۆڵەکان.

هەر لەسەر ئاستێکی زیاتر پسپۆڕێتی، دەکرێت گفتوگۆ لەسەر ڕووخسارەکانی دواکەوتن بکرێت دەربارەی چەند بوارێکی دیاریکراو، ئەگەر بواری ئابوری بێت، یان کۆمەڵایەتی، یاخود سیاسی و ڕۆشنبیری...هتد.

لەبواری ئابوریدا، زیاتر دیاردەکانی دواکەوتن، ئەوانی باوو کۆنن بەدەردەکەون بە جۆرێك هەندێ کەس پێیان وایە، دواکەوتن لەبنچینەدا ئاماژە کردنێکە بۆ ڕاستیەکی ئابوری، هەروەك چۆن توێژینەوەکانی گەشەپێدان لە بواری ئابورییەوە دەستی پێکردووە.

لەسەر ئەم بنەمایە چەندین پێوەرو خسڵەتی جۆراو جۆر بۆ دواکەوتن لەبواری ئابوری خرواوەتە ڕوو، وەك: کەمی سەرمایە بۆ بەرهەم هێنان، دواکەوتنی شێوازەکانی بەرهەم هێنان، تەشەنەکردنی بێکاری بونیادی، لەگەڵ پاشکۆیەتی ئابوری بۆ دەرەوە.

هەواڵنامەی کتێب

لەبواری کۆمەڵایەتیشدا چەند خسلەتێك دەربارەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دەخرێنە ڕوو، چ لەڕووی دیموگرافیەوە بێت یان لەڕووی ئیکۆلۆژییەوە، یاخود فێرکردندا، یانیش لەڕووی بونیادی چینایەتیەوە بێت.

بەشێوەیەکی گشتی وڵاتە دواکەوتووەکان، بەبەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایك بوون و بوونی کەلێنێکی گەورە لەنێوان لادێ و شاردا جیاوازدەکرێتەوە، هەروەها بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و جیاوازی چینایەتی و لاوازی بزاڤی کۆمەڵایەتی و جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا...هتد.

لەبواری سیاسیشدا چەندین توێژەر لەهەوڵی ئەوەدا بوونە کە خسلەتە سەرەکیەکانی سیستمی سیاسی لەوڵاتە دواکەوتووەکان ڕوون بکەنەوە، هەروەها لایەنەجیاوازەکانی لەگەڵ سیستمە سیاسییە پێشکەوتووەکانی وەك : نەبوونی سەقامگیری، نەبوونی تەواوکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بزربوونی ئەقلانییەت لەوەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا.

ئەم خسلەتانە بەلای خۆیانەوە زۆرێك لەو توخمە وردەکارییانەی دیکە دەگرنە خۆیان، وەك: جیابوونەوەی نێوان دەسەڵاتدارو دانیشتوان، نەبوونی بەشداری سیاسی، پشت بەستن بەبنچینە کۆنەباوەکەی دەسەڵات وەك سەرچاوەیەك بۆ شەرعیەت، هەروەها نەبوونی دامەزراوەی سیاسی و بزربوونی ڕێککەوتنی گشتی لەئاست پێناسەی کۆمەڵگە، سەرەڕای لاوازی گوێڕایەڵی بۆدەوڵەت و کۆمەڵگە.

هۆیەکانی دواکەوتن، بەبێ ئەوەی بچینە ناو هەندێ وردەکارییەوە بەدوورو درێژی، کەلەناوەرۆکی توێژینەوەکە دوورمان دەخاتەوە، دەکرێ بوترێ لەم بوارەدا چەندین تیۆری خراوەتە ڕوو بۆ ڕاڤەکردنی دواکەوتن، وەك: تیۆرییە

جوگرافیەکان، کە دواکەتن بەکەش و هەوای گەرم یان ئیستیوائی دەبەستێتەوە، یان بەستنەوەی دواکەوتن بەفەراهەم بوونی چەند دەرامەتێکی دیاریکراو بۆ پەیداکردنی وزە، هەروەها ئەو تیۆرییە ئەتنی و رەگەزیانەی کە ئاماژە بەجیاوازی نێوان رەگەزە سپییەکان و خەسلەتە خودییەکانی تاك دەکەن و لەو رەگەزە رەنگاو رەنگانەی دیکە جیایان دەکەنەوە کە ئەو خەسلەتانەیان هەڵنەگرتبێ.

سەرەڕای ئەوانەش چەند ئاراستەیەك هەیە، دواکەوتن دەگەڕێنێتەوە بۆ سەروەری بەها نەریتگەرییەکان و چەند خەسلەتێکی سایکۆلۆژی کەهانی گەندەڵی دەدەن، هەروەها تەمبەڵی و هەستی خۆپەرستی و نەبوونی داهێنان و خۆزاڵکردن و کۆنە پارێزی.

بەڵام لێرەدا ئێمە لەگەڵ ئەو بۆ چوونەین، کەهۆکارەکانی دواکەوتن لەدوو کۆمەڵەدا پوخت دەکەنەوە:

- کۆمەڵەی یەکەم: ئەو هۆکارە ناوخۆیانەن کە پەیوەستن بەتێکڕای بوونیادی کۆمەڵایەتییەوە لەوڵاتێکی دواکەوتوودا، لەسەر دەمی پێش شۆڕشی پیشەسازییەوە ئەو فاکتەرانە تەگەرەیان خستۆتە پێش گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بەهەمان ئەو شێوەیەی کەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکان پێیدا تێپەڕ بوونە، تاوەکو ئێستاش کاریگەرییان بەردەوامە لەناو ئەو وڵاتانەو بەجۆرێك کەرێگر دەبن لەبەردەم گەشەکردنێکی گشتی تەواو و راست.
- کۆمەڵەی دووەمیش: هۆکاری دەرەکین و پەیوەستن بە سیستمی ئیمپریالیزمی جیهانییەوە لەو کاتەوەی کەئیستعماری ئەورووپی دەستیکرد

بەداگیرکاری لەچەند ناوچەیەکی جیهاندا، لەگەرانیدا بەدوای بازاڕو کەرەستەی خاو.

ئەو داگیرکارییەش، چەند ئاسەوارێکی نەرێنی مەترسیداری ئابوری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە بەجێ هێشت، کەلەگەڵ ئاسەوارە ئەرێنیەکان هاوتا نابن، ئەوانی لەلایەن چەند توێژەرێك تۆمارکراون لەبارەی ئیستعمار لەکۆمەڵگە نەریتگەرییەکاندا، ئەو پەیوەندییە تائێستاش، لایەنە نەرێنیەکانی کاردەکەن و بەجۆرێك کە کاریگەرییە نەرێنیەکانی هۆکارە ناوخۆییەکان تێپەڕ دەکەن.

(بەبۆچوونی چەند توێژەرێك)، بەدەستەواژەیەکی کورت: تێگەیشتن لەدواکەوتنی دەوڵەتە دواکەوتووەکان(دوایش تێگەیشتن لەشێوازەکانی گەشەکردنیان)، ئەوا پێویست بەتێگەیشتنێکی قووڵ دەکات (لەڕووی مێژووی و بونیادییەوە) بۆ ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کەبەشدار بوونە لەبەهێزکردنی ئەو دواکەوتنە.

## خەسڵەتەکانی چەمکی دواکەوتن:

کەوابوو دەکرێ بوترێ کەتێگەیشتنێکی راست بۆ دیاردەی دواکەوتن، دەبێ ئەم خەسڵەتانەی لای خوارەوە لە بەرچاوبگرێت:

• دواکەوتن راستیەکی هەمەلایەن و گشتگیرە، هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی دواکەوتوو دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر نیشانەکانیشی (لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە) جیاواز بن لەبوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە.

•ناکرێ دواکەوتن جیابکرێتەوە لەو ڕەوتە مێژووییەی کە تێیدا دێتەدی، ئەو ناوچانەی ئەمڕۆ دواکەوتوون، دوێنێ پێشکەوتوو بوون، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کەتێگەیشتن لەبارو دۆخ و هۆیەکانی دواکەوتن لەکۆمەڵگە هاوچەرخەکان، ناکرێ بەدوور بێت لەو پەرەسەندنە مێژووییانەی کەپێشتر ڕوویانداوە، وەك شۆڕشی پیشەسازی یان دیاردەی ئیستعماری.

•ناکرێ تێگەیشتن بۆ دواکەوتن فەراهەم بێت، تەنها لەچوارچێوەی ڕوانگەیەکی بونیادنەرانەی گشتگیرەوە نەبێت، کەپەیوەندییە ئاڵۆزەکان (مێژوویی و هاوچەرخ) لەنێوان کۆمەڵگەی دواکەوتوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهەند وەردەگرێت، بەدیاریکراویش ئەو پەیوەندییانەی کە جیهانی سێیەم بەجیهانی ڕۆژ ئاواوە دەبەستێتەوەو بەشداریکردوە لەپێکهێنانی سیستمی نێودەوڵەتی هاوچەرخ، کەلەسەر بنچینەی بوونی نەتەوە جیاوازەکانەوە لەبواری پێشکەوتن و دواکەوتن بونیاد نراوە.

## لەبارەی پێناسەکردنی دیاردەی حزبییەوە:

ئەگەرچی زۆربەی توێژەرانی حزبەکان چ کۆن بن یان نوێ پێناسەکانیان لەبارەی حزبی سیاسییەوە خستووەتە ڕوو، بەڵام بەشێك لەدیارترین توێژەرانی ئەم دیاردەیە بایەخیان بەمەسەلەی پێناسەکە نەداوە، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان ئەوەتا گومانیان لەسوودو بەهاکانی کردووە.

بۆ نموونە، ئەو کارانەی کە جێگای سەرنجدانە، سەرەتا کتێبە بەناوبانگەکەی نووسەری فەرەنساوی (موریس دیفروجیە) بەناوی – حزبە سیاسیەکان –

کەلەسالی (١٩٥١) یەکەم چاپی بڵاوبۆتەوە، لەو کتێبەدا، پێناسەیەکی روونی بۆ حزبی سیاسی نەبووە.
هەروەها نووسەری شارەزای ئیتالی (جیوڤانی سارتوری) لەو کتێبەی کە لەسالی (١٩٧٦) بە ناوی (حزبەکان و سیستمە حزبیەکان) چاپی کردووە، دوای ئەوەی چەندین پێناسە دەخاتە روو، کە توێژەرانی دیکە دایان ڕشتوون، دەپرسی دەربارەی سوودی ئەو پێناسانە یان گرینگیەکەیان چیە؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سارتوری خێرا دەگەڕێتەوەو دەڵێ، لە رابوردوودا لێکۆڵینەوە لە بارەی حزبەکان پێویستی بەزەروورەتی دۆزینەوەی پێناسەیەکی ورد نەدەکرد، بەڵام بەدڵنیاییەوە پەرەسەندنە هاوچەرخەکان بەپێویستی دەزانن کە ئەو پێناسەیە هەبێت، لەپێشەوەی ئەو پەرەسەندنانەش:
فراوانبوونی هەمەلایەنەی جیهانی لەدیاردەکە (حزبایەتی) و لەبوارەکانی لێکۆڵینەوەیدا، هەروەها زەرورەتی رێکارییەکانی لێکۆڵینەوەکە، لەکۆتایشدا، سارتوری زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێ:
"تێکەڵبوونی لێکۆلینەوە حزبیەکان لەناو چەندین بواری دیکەی توێژینەوەی سیاسی لەسەردەمی شۆڕشی ئەقلە ئەلیکترۆنیەکاندا، پێویست بەبوونی چەند پێناسەیەکی ورد دەکات کە دروستی ئەو زانیارانە دەستە بەردەکات و کۆمپیوتەرو بانکەکانی زانیاریش دەوڵەمەند دەکا، وەك مەرجێکی بنچینەیی بۆ سەلامەتی و راستی ئەو دەرئەنجامانەی کەدەکرێ دەستەبەر بکرێن.
لەراستیشدا ئەو جۆراو جۆرییە زۆرەی کەلەقەوارە سیاسییەکاندا هەیەو ناویان لێدەنرێت (حزب)، چ لەڕووی سەرچاوەکانیانەوە بێت، یان هۆکارەکانیانەوە یاخود فەرمانەکانیانەوە، کەبە — رۆڵی خۆیان — رەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر فراوان بوونێکی توندی پێناسەکردنی

حزبەکان لەنێوان حالەتەکانی ناسنووردارییەکی رەها یان بەگشتیکردنێکی توند، تادەگاتە رادەیەك لەسنوورداریەکی تەسك، یاخود شێوەیەك لەدیاریکردنی توند بەتایبەتیش لەگەڵ دەرکەوتنی شەپۆلی حزبەکان لەجیهانی سێیەمدا، ئەو کارە بووە بە هاندەرمان بۆ بەکارهێنانی زاراوەی – دیاردەی حزبی – وەك ئاماژەیەك، نەك تەنها بۆ هەموو ئەوانەی پێیان دەوترێت حزب لەوڵاتەدواکەوتووەکان، بەڵکو بۆ هەر قەوارەیەکی نیمچە حزبی کە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەرکەکانی حزبی سیاسی بەجێ دەگەێنێت. ئەمەو وەك چەندین دیاردەی سیاسی دیکەش، پێناسە کردنی حزبەکان دەبێ لەسەرچاوە مێژووییەکەیەوە دەست پێ بکات، وەك دیاریکەرێك بۆ خەسڵەت و سیماسەرەتاییەکانی، کە ئەوەش لەسێ خەسڵەتەدا دیاری دەکرێن:

●حزبەکان چەند گروپێك یان چەند باڵێك (faction)نین، بەمانای ئەوەی ئەگەر حزب لە گروپ یان لەباڵ جیاواز نەبێت، ئەوا بەحزب دانانرێت، حزبەکان لەوگروپ و باڵانە پەرەیان سەندووە کە بەهەڵبژاردن و کارو کردارە پەرلەمانیەکانەوە بەسترا بوونەوە، بەڵام دواتر بوونە شتێکی جیاواز لەوانە.

●حزب بە شێکە لەگشت، لێرەدا گشتیش گشتێکی فرەییە، وشەی حزب (party) بەحوکمی خودی زاراوەکە بەچەمکی بەش (party) دەبەسترێتەوە، بەڵام ئەگەر چی حزب نوێنەرایەتی تەنهابەشێك لەگشت دەکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو بەشە دەبێ بەرنامەیەکی نابەشی پەیرەوبکات بەرامبەر بەگشت، واتە هەڵسوکەوتی وەك بەشێك بێت کە پەیوەندی بەگشتەوە هەبێت.

●حزبەکان کەناڵی دەربڕینن، بەو مانایەی کە حزبەکان (پێش هەمووشتێ) بەئینتیما بەشێکن لەئامراز گەلێك یان شێواز گەلێکی نوێنەرایەتیکردن، ئەوان ئامرازن یاخود ئەنجومەنێکن بۆ نوێنەرایەتیکردنی میللی، گوزارشت لەداخوازی گەلێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکەن.

ئەو خەسلەتانەی کەلەسەر چاوە مێژووییەکەی حزبەکانەوە وەرگیراون، هەوڵێن کۆمەڵە پێناسەکان دەخەنە بەردەمان، ئەوانەش بریتین لەو پێناسە تەسکانەی کە - بەپێی خەسلەتەکانی پێشوو، دان بەچەمکی تاك حزبی نانێن، لەپێشەوەی ئەو پێناسانەش پێناسەکەی (لاسویل) و (کابلان).

بەپێی ئەو پێناسەیە، پێناسەی (لاسویل) و (کابلان)، حزبی سیاسی بریتیە لە: کۆمەڵە کەسانێك، کێشە هەمەلایەنەکان دیاری دەکەن و پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە دەکەن.

ئەم پێناسەیەش، حزب لەگروپ و لایەنە نارێکخراوو چالاکەکانی رای گشتی جیادەکاتەوە، ئەویش لەو بۆچوونەوە دێت، کە ئەو کۆمەڵەو لایەنانە جۆرێك لەرێکخستنیان هەیە، بەهەمان شێوەش، پێناسەکە ئەو گروپانە دوور دەخاتەوە کەهەوڵی کارتێکردنیان دەبێ لەسەر بڕیارەکان لەرێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی، سەرەڕای گروپەکانی فشاریش، لەبەر ئەوەی لێرەدا تەنها حزبەکان بەمسۆگەری مومارەسەی کاری سیاسی دەکەن لە رێگەی دەنگدانی شەرعییەوە، سەرەڕای ئەوانەش هەردوو نووسەری پێشوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەو پێناسەیە حزبەکان لەو گروپانە (ئەوانی گشتگیری ناخەنەڕوو) جیادەکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو پێناسەیە سیستمی تاك حزبیش دوور دەخاتەوە (رازی نین ناوی حزبی لێ بنێن).

هەر لەم بوارەدا (سیجموند نیومان)یش پێناسەیەکی هەیە، بەبۆچوونی ئەو، حزب بریتیە لە : ڕێکخستنێك بۆ توخمە سیاسییە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگە...رکابەری دەکات (لەهەوڵێکدا بۆ بەدیهێنانی پشتگیری جەماوەری) لەگەڵ کۆمەڵێك یان چەند کۆمەڵێك، کەبیرو بۆ چوونی جیاواز هەیە لەنێوانیاندا.

(نیومان) سوورە لەسەر ئەوەی کەوا پێویستە حزب سەرەتا بەدیاریکردنی خودی ئەو وشەیەی لێوەی وەردەگیرێت دیاری بکرێ، بەم شێوەیە – حزب – لەسەرچاوە راستیەکەیدا، بەردەوام یەکبوون لەگەڵ کۆمەڵێك و جیابوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە دەگەیێنێ، ئەمەش بەهۆی بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە دەبێت.

ئەو جۆرە ناساندن و باسکردنە سەرەتاییە، ئەوە دەگەیێنێ کە پێناسەکردنی حزب پێویستی بەکەشێکی دیموکراسیانە دەبێت، بۆیە لەسێبەری هەر سیستمێکی دیکتاتۆریدا دیاردەکە دەبێتە دەربڕینێکی هەڵەو ئەوەش دەگەیێنێ کە (سیستمی تاك حزبی دژەکەی خۆی هەڵدەگرێ).

بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەواقیعی بارودۆخی ئەو وڵاتانە ڕوویانداوەو ئەو حاڵەتانەش کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی وەك شەپۆلێك لەچەند دەوڵەتێکی تاك حزبی دەرکەوتن، لەماوەی (١٩٢٠ – ١٩٤٠)، وەکو لەیەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی ڕوویاندا، هەروەك سارتوری دەڵێت: ئەو دیاردانە پاڵی بەتوێژینەوەکانەوە نا کە بەدوای ئەو خەسڵەتە هاوبەشانە بگەڕێن ئەوانەی لەچەمکی حزبدا هەیە، لەناو سیستمە فرەییەکان و سیستمەکانی تاك حزبیشدا.

بۆیە بەپشتبەستن بە ئەزموونی مێژوویش (واتە بەشارەزایی و یەکەم ئەزموونی تاك حزبی لەیەکێتی سۆڤیەت و هەردوو حاڵەتی نازی و فاشیستی) ئەوا سیستمی حزبی تاك ناکرێ وێناو تێگەیشتنی بۆ بکرێت بەبێ درککردن بەبوونی بارێك لە – بۆشایی – حزبایەتی کەپێویست بەپڕکردنەوە دەکات.

جا، ئەگەر ئەو دۆخە سەرەکیەی پەیوەست بوو بێت بەفرەیی حزبیەوە، بریتی بێت لە فراوان بوونی دەنگدانی گشتی، ئەوا ئەو دۆخە سەرەکیەی پەیوەستیش بووە بە سیستمی تاك حزبییەوە، بریتی دەبێت لەدەرکەوتنی کۆمەڵگەی بەسیاسی بوون ( Politicized Society)، کەرەنگدانەوەیە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە لەڕووی سیاسییەوە، دیارە ئەوەش چەند سیمایەك دەگرێتە خۆی، وەك هۆشیار کردنەوەو چالاککردنی دانشتوان بەگشتی و تێکەڵکردنی جەماوەر لەژیانی گشتیدا.

لەبەر رۆشنایی ئەو بارەدا، دەکرێ هۆی پێگەیشتن و گەشەکردنی دەوڵەتانی تاك حزبی لەوسەرو بەندەدا بزانین و لەو راڤەیەش تێبگەین کە بۆچی ئەلتەرناتیڤی هەرە رەخساوو هەرە بەردەوام بۆ فرەحزبی، حاڵەتی تاك حزبی بوو، ئەوەك بۆشایی حزبی، (جا، چ ئەم بۆ شاییە گوزارشت بێت لە ناحزبی یان گوزارشت بێت لە دژایەتیکردنی حزبی).

– سارتوری – داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات، کە لەم بوارەدا پەیوەندییەکی رەسەن هەیە لەنێوان حزبەکان لەسیستمی فرەیی و سیستمی تاك حزبیشدا، بەتایبەتیش ئەوەی بەواقیعی و بەزەرووورەت دەگۆڕێت لەمیانەی گواستنەوە لەسیستمی فرەییەوە بۆ سیستمی تاك حزبی، ئەوە سروشتی سیستمەکەیە (system)، بەلام حزبی تاك هەر ئەو تەکنیك و قەوارەو رێکخستنە هەڵدەگری کەلەسەردەمی فرە حزبیدا پێی ناسراوە.

ئەو حزبەی کە بەتەنها دەسەڵاتی بەدەستەوە دەبێت، ئەوە حزبەکانی دیکە دەکوژێ، بەڵام ئەو وەك چەکێکی ڕێکخراوەیی نیمچە حزبی دەمێنێتەوە، هەروەها لێرەدا بوارێك بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی حزبی تاك دەمێنێتەوە، بەڵام پرسەکە زۆر جیاواز دەبێت، کاتێ دەچینە سەر دەستەواژەی سیستمی تاك حزبی، ئەو زاراوەیە هەڵە کارییەك لەخۆ دەگرێ، لەگەڵ تێکەڵاوییەك لەچەمکەکاندا، لەبەر ئەوەی ناکرێ تەنها (یەك حزب) سیستمێك پێك بهێنێ بە تەنیا، چونکە دەبێ(سیستم) لەیەك ڕەنگ زیاتر پێك بێت، ئەو حاڵەتەش لەسەر سیستمی تاك حزبی پیادە نابێ، بۆیە زاراوەی (سیستمی) حزبایەتی بەمانای ئەوە دێت کە لەچەند حزبێك پێکهاتبێ، ئەوەش تەنها لەسەر سیستمی فرەحزبی پیادە دەبێت.

بەڵام لەحاڵەتی تاك حزبیدا، دەتوانین (لەجیاتی ئەوە) بڵێین، کە هەموو حزبێك (بەگشتی) دەکرێ وەك سیستمێك (چ لەناوەوە یان بەهۆی فۆرمێکی جیا لەوانی تر) لێی تێبگەین، لە دوایشدا دەتوانین لەسەر ئەو لایەنەی پەیوەستە بە – حزبی تاك – ەوە، نەك لەبارەی سیستمی حزبیەوە، بەڵکو لەبارەی حزبەکە وەك سیستمێك ( party as a system)، گفتگۆ بکەین، بەڵام ئەمەیان لەڕاستیدا وادەگەیێنێ کەلەنێوان دوو ئاست لەشیکردنەوەدا تێکەڵ دەکەین، یانی ئەو ئاستەی کەتێیدا یەکەی شیکردنەوە دەبێتە سیستم و ئەو ئاستەی کەتێیدا یەکەی شیکردنەوە دەبێتە حزب، بۆیە، (سارتوری) – لێرەدا – پێی باشترە کە زاراوەی (سیستمی حزب – دەوڵەت) بەکار بهێنین.

هەروەها (کای لاوسون) تیشك دەخاتە سەر لایەکی دیکەی هەمان کێشە، ئەو پێی وایە، دروستە هەر حزبێك هەوڵبدات پشتگیری هەڵبژاردن بەدەست

بێنێ و پاڵێوراوەکانی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان پێشکەش بکات، بەڵام ئەو هەڵبژاردنانە بەشێوەیەکی ئاسایی ڕواڵەتی دەبن، حزبەتاکەکان هەوڵدەدەن دەسەڵات پێدانی جەماوەر بەدەست بێنن، بەڵام کۆبوونەوە گشتیەکان و گردبوونەوەکان سوودی زیاتریان دەبێت، تا دەگاتە هەڵبژاردنەکان، بۆ کۆکردنەوەی ئەو جۆرە پشتگیرییە لەوڵاتانی تاك حزبیدا.

ئەگەر قەناعەتمان وابوو کە حزبە تاکەکان، تەنانەت ئەگەر بەشداری هەڵبژاردنە ڕکابەرییەکانیشیان نەکرد، هەر بەحزب دەژمێردرێن، ئەوا پێویست دەکات پێناسەیەك بدۆزینەوە وەك ئەوەی چۆن لەسەر حزبەکان لەسیستمی ڕکابەری پراکتیزە دەبێت.

بەبۆچوونی توێژەر چب (Jupp) زیادە ڕۆیی لەقبوڵنەکردنی ڕێزبەندی حزبی تاك دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری کۆمەڵناسی سیاسی ئەمریکی، بەهۆی ئەو ئارامییەی کە سیستمی ئەمریکی خاوەن مۆرکی تایبەت دەیخولقێنێ، دیارە ئەو کارەش دەبێتە هۆی نکۆڵی کردن لەمزاراوەی حزب لەچاو ئەو ڕێکخستنە کۆمۆنیستیە گشتگیرییانەی کە ئەمڕۆ دەسەڵاتیان بەسەر یەك لەسەر سێی دانیشتوانی جیهان سەپاندووە، (سەردەمی پێش گۆڕانکارییەکان لەیەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات) - وەرگێر - .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیە مێژوویی و ئەکادیمیانە، توێژەران لەبارەی چەمکی تاك حزبییەوە چەندین پێناسەی فراوانیان خستۆتە ڕوو، دوو هەمین کۆمەڵە لەو پێناسانە کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو زۆر بەیان دەکەونە ئەو بازنەیەی کە سارتوری ناوی لێناون (پێناسەی لایەنی کەمتر)، مەبەستیش ئەوەیە کە پێناسەکە ڕێگر بێت لەبەردەم تێکەڵبوونی چەمکەکە لەگەڵ چەمکەکانی

دیکە، بەڵام بەزەروورەت وەك پێناسە هەموو خەسڵەتە وێناکراوەکانی کۆناکاتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەو پێناسەیەی توێژەر (چاندا) خستوویەتیە روو لەبارەی حزبەکانەوە، بەم شێوەیە ریزبەند دەکرێ: (حزبەکان بریتین لەو رێکخستنانەی هەوڵدەدەن نوێنەرەکانیان بگەیەننە پێگەی دەسەڵات).

ئەوەی روونە لێرەدا، گرینگترین خەسڵەتەکانی ئەم پێناسەیە، ئەوەیە کە هەڵبژاردن بە توخمێکی جیاوازی یەکلاکەرەوە دادەنێت بۆ حزبەکان، (چاندا) پێناسەکەی خۆی بەم شێوەیە راڤە دەکات، هەوڵدەدات هەردوو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەخۆ بگرێ (پرۆسەی رکابەری نێوان حزبەکان) و (پرۆسەی پرکردنەوەی پلەو پایە حکومیەکان) ئەویش بەدامەزراندنی راستەو خۆو بەبێ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

بەڵام ئەوەی مایەی پلارو رەخنەیە بەرامبەر ئەم فراونبوونە توندەی پێناسەکە ئەوەیە کە رەنگە فراوان بێتەوە تاگروپەکانی فشاریش بگرێتەوە، بەڵکو رەنگە حزبیش لەرێکخراوە سەربازییەکان یان ئاینیەکان جیا نەکاتەوە.

توێژەر (فەرید ریگز) پێناسەی حزب دەکات بەوەی: هەر رێکخستنێك چەند پاڵێوراوێك دیاری بکات بەمەبەستی بەشداریکردن لەئەنجوومەنی یاسادانان.

بەڵام (جوزیف شیلزنجر) بەم شێوەیە پێناسەی حزب دەکات، بریتیە لەو رێکخستنە سیاسیەی کە چالاکانە بەشداری رکابەری دەکات لەپێناو پلەو پایەکانی هەڵبژاردن.

لەلایەکی دیکەوە (کای لاوسون) پێناسەیەکی پوخت بۆ حزبی سیاسی دەخاتە روو: حزبی سیاسی بریتیە لەرێکخستنێك کەکۆمەڵە تاکێك دەگرێتە خۆ، هەوڵدەدات پشتگیری بەردەوامی دەسەڵاتی گەل (یان بەشێکی) (بۆ

چەند نوێنەرێکی ناو ئەو ڕێکخستنە) بەهەڵبژاردن یان بەبێ هەڵبژاردن بەدەست بێنێ بۆ کاری سیاسی و گەیشتن بەپلەو پایە حکومیە دیاریکراوەکان، لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەو هێزە وەك نوێنەرایەتیەك بۆ گەل کاردەکات.

بەپێی چەمکی (پێناسەی کەمترین ئاست) — سارتوری — پێی وایە حزب بریتیە لە: هەر کۆمەڵێکی سیاسی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات و توانای هەبێ نوێنەرەکانی بۆ ئەو هەڵبژاردنانەو بۆ پێگە گشتیەکان بخاتە ڕوو.

هەردوو شارەزای ئەم بوارەش (لاپالومبارا) و (وینەر) توخمەکانی چەمکی حزبیان دیاری کردووە، هەروەها لەلێکۆلینەوەکەیاندا لەبارەی حزبەکانەوە، لەولاتە دواکەوتووەکاندا، چوار بنەمایان بەکار هێناوە.

- بەردەوامبوونی ڕێکخراو، واتە بوونی ڕێکخستنێك (ڕێکخراوێك) کەمودای تەمەنە چاوەڕوانکراوەکەی نابەسترێتەوە بەمەودا تەمەنیەکەی سەرکردە دامەزرێنەرەکانییەوە.
- شۆڕبوونەوەی ڕێکخستنەکە بەرەوئاستی ناوچەیی (خوارەوە) لەگەڵ بوونی پەیوەندیگەلێکی ناوخۆیی ڕێك و پێك لەنێوان ئۆرگانە نەتەوایەتی و ناوچەییەکاندا.
- فەراهەم بوونی ئارەزوو ویست بەلای سەرکردەکانەوە، لەسەر هەردوو ئاستی ناوچەیی و نەتەوەیی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار (چ بەتاك بێت یان بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەوانیتر) نەك تەنها کارتێکردن لەسەر پیادەکردنی دەسەلات.

• گرینگپێدانی ڕێکخستن (ڕێکخراو) بەکۆکردنەوەی هەوادارو لایەنگران بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان، یان هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری جەماوەری بەهەر شێوەیەك بێت.

بەهەمان شێوە هەردوو توێژەر (کولمان) و (زوربگ) پێناسەکەیان لەسەر حزبە سیاسییەکاندا بەم شێوەیە دارشتووە:

بریتین لە یەکیتیگەلێکی ڕێکخراو بەشێوەیەکی فەرمی، هەڵگری مەبەست و ئامانجێکی ڕوون و ڕاگەیەندراون کە خۆی دەنوێنێ لەبەدەست هێنانی (یان) پارێزگاریکردن لەکۆنترۆڵکردنی شەرعیەت (چ بەشێوەیەکی تاك لایەنی، یان بەهاوپەیمانێتی، یاخود بەشێوەی ڕکاربەری لەهەڵبژاردندا، لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی هاوشێوە) لەسەر پێگەو سیاسەتەکانی دەسەلات لەدەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و بەشێوەیەکی کردەیی بێت یان چاوەڕوانکراو.

ئەگەر چووینە سەر باسی چەمکی مارکسیزم بۆ حزب، دەبینین حزب هاوبەندە بەچوار چێوەیەکی هەمەلایەنەی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمەوە، ئەو ئایدیۆلۆژیایە حزب (وەك یەکێك لەتوخمەکانی سەرخانی سیاسی کۆمەڵگە) بەوە رادەهێنێ کە گوزارشت لەبەرژەوەندییەکانی چینێکی کۆمەلایەتی دەکات، یاخود بەپێی پێناسەکەی ستالین، حزب بەشێکە لەچینێك بەلام بەشێکی پێشەنگ.

بەدەستەواژەیەکی تر، حزب بەپێی ئەم چەمکە، گوزارشت لەکۆمەڵە خەلکێك دەکات بەپلەی یەکەم بەرژەوەندییە ئابورییەکان بەیەکیانەوەیان دەبەستێتەوەو هەلدەدەن بە ڕێگای ریفۆرم یان بەڕێگەی شۆڕش بگەنە دەسەلات، بەمەش زاراوەکە جیاوازی لەنێوان ڕاست و چەپ لەپێکهاتە حزبیەکاندا دەکات.

حزب دەبێتە ڕاستڕەو، کاتێ لەچینە چەوسێنەرەکانی پێکدێت، دەرەبەگایەتی بێت یان بورژوازی، هەوڵ دەدات بگاتە دەسەڵات بۆ چەوساندنەوەی چینە زەحمەتکێشەکان لەکرێکارو جووتیاران.

ئەو حزبە، حزبێکی چەپڕەوە کاتێ لەچینی زەحمەتکێشان یان نوێنەرەکانیان پێکدێت هەوڵدەدات سنورێك بۆ چەوساندنەوەی چینایەتی دابنێ، لێرەشەوە جیاوازی دەکرێت لە نێوان حزبە (بورژازییەکان) و (دەرەبەگایەتی) و نێوان حزبە سۆسیالستەکان.

بەڵام هەرچی پەیوەستە بەهەڵوێستی مارکس و ئەنجلزەوە لەئاست بابەتی حزبەوە، پێویستە جیاوازی لەنێوان شیکردنەوەکانیان بکەین، لەوەی کە (لەڕووی مێژووییەوە بوونی هەیە) لە نێوان تێروانینە بەهاییەکانیان، کە ئایا حزب (یان بەدیاریکراوی حزبی شۆڕشگێر) دەبێ چۆن بێت، لەگەڵ ئەوەی لەبنچینەدا لەکتێبەکانی مارکس و ئەنجلز دەبینرێت، پاشانیش بەتایبەت لەنووسینەکانی (لینین) داکە پەیوەستن بەمەسەلەی دووەمەوە، واتا ئەو حاڵەتەی کەدەبێ شۆڕشگێڕو پرۆلیتاریا چۆن بێت.

دروست بوونی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕەکانی لینین بوو، دەربارەی حزبی شۆڕشگێر، لەدەقی بەندی (١٢٦)ی دەستوری سۆڤیەتیدا ئەمە هاتووە: چالاکترین و هۆشیارترین هاوڵاتیانی ناو چینی کرێکارو جوتیاران و ڕۆشنبیرانی زەحمەتکێش، ئارەزوو مەندانە یەك دەگرن لەریزەکانی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتدا، کە حزبی پێشرەوی کرێکارانە لەخەباتیان لەپێناو دروستکردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، ئەو حزبە ناوك و بناغەی سەرکردایەتی کردنە، بەهەموو ئەو ڕێکخراوانەی کاردەکەن، چ کۆمەڵایەتی بن یان ئەوانی سەر بەدەسەڵات بن.

لێرەدا ڕۆڵ و پێگەی جیاواز و تایبەتمەندی حزبی کۆمۆنیست لەناو کۆمەڵگەی سۆڤییەتدا لەوتایبەتمەندی و خەسڵەتانە بەدیار دەکەون کە – لینین – ڕوونی کردوونەتەوەو پوختەی ئەو خەسلەتانەش بەرجەستەیە لەوەی کە: حزب پێشڕەوی چینی کرێکارەو چاکترین توخمەکانی دەگرێتە خۆو هەرخۆی ئۆرگانی ڕێکخەری ناو ئەو چینەیە، بەو سیماو خەسلەتانەوەشی ئامرازێکە بۆ دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، چ بۆ جێبەجێکردنی ئەو دیکتاتۆرییەتە، یان بۆ چەسپاندنی دوای بەدیهێنانی ئامانجەکانی، حزبیش گوزارشت لەیەکگرتن و ویست و ئیرادەی تەواوی ئەندامانی دەکات و هەمیشە بەپاککردنەوەی ڕیزەکانی لەئەندامە هەڵپەرستەکان خەریك دەبێت، لەکۆتاییدا، حزب بەو سیماو خەسڵەتانەوە بەرزترین نموونە دەخاتەڕوو بۆ هەموو ڕێکخراوە گشتیەکانی دیکە.

لێرەشەوە، واتە بەپێی گونجاندنی ئەم چینە بۆ چەمکی حزب، نووسەرە مارکسیەکان بەتایبەتی نووسەرەکانی یەکێتی سۆڤیەت، سیستمی بورجوازی بنیادنراو لەسەر سیستمی (حزبی تاك) بەفاشیزم ناوزەد دەکەن بەو سیفەتەی سیستمێکە هەموو توانایەك لەبەردەم چینی دەسەڵاتداری دەست ڕۆیشتوو فەراهەم دەکات ئەو دەسەڵاتەی کە گوزارشت لەکەمایەتیەکی چەو سێنەر دەکات، بەمەبەستی چەوساندنەوەی جەماوەری زەحمەتکێش و سەرەڕای بێبەشکردنیەتی لەوەی کە بتوانێ لەڕێگەی حزبەکانەوە گوزارشت لەمافەکانی خۆی بکات.

بەڵام یەکتایی حزبی کۆمۆنیست (بەپێی هەمان لۆژیك) مەسەلەیەکی پاساو دارو ڕەوایە، چونکە لەو بارەدا حزب گزارشت لەدیکتاتۆرییەتی ئەو پرۆلیتاریایە دەکات کەلەسەر هاوپەیمانی کارگەران و بەیەك گەیشتنەوەی

بەرژەوەندیەکانیان دروست دەبێتەوە لە دواییش نابێتە پاساوێك بۆ بوونی فرەیی حزبی.

سەرەڕای ئەو بیرو بۆ چوونانەش ئامانج لەدروست بوونی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی هۆکارێکی بەهێز پێکدێنێ لەبارەی بانگەشەکردن بۆ حزبی تاك، هەر بەپێی تێڕوانینی کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤییەت، ئەو ئامانجە وادەخوازێ دەسەڵات لەچنگی حزبی شیوعیدا چڕ بێتەوە، بۆ ئەوەی هەر لادانێك روویدا لەو رێبازەی کەدیاریکراوە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەی سۆڤییەت راست بکرێتەوە.

هەر بەپێی ئەو تێروانینەش، سەرکردایەتی سۆڤییەتی، وەك کارێکی ئاسایی، بەردەوام بووە لەسەر رەتکردنەوەی هەر بانگەشەیەك بۆ رێگەدان بەبوونی فرەحزبی.

ستالینیش لەراپۆرتەکەیدا دەربارەی پرۆژەی دەستوری (١٩٣٦) لەلێدوانێکیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو رەخنانەی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت کراوە، بەهۆی رێگریکردنیان لەفرەیی حزبایەتی، دەڵێ: سۆڤیەت لەتاکە حزبێك بەولاوە کەئەویش حزبی کۆمۆنیستەو بەبوێرییەوە بەردەوام پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانی کرێکارو جوتیاران دەکات، گونجاو نییە حزبێکی دیکە دروست بێت.

بەدڵنیاییەوە سەرەکردەکانی دوای ستالین لەسەر ئەو بنەمایە بەردەوام بوون و لە گەلێك بۆنەدا ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە لەچوار چێوەی ئەو بنەماگشتیەدا، سۆڤییەتەکان لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراودا لاریان لەدروست بوونی فرەییەکی حزبی نیە.

سیستمە رۆژئاواییەکان یەکەمین داواکاریان لەسۆڤییەت ئەوەبوو، فرەیی حزبی دروست بێت.

نووسەران، ئاماژە بەوەش دەدەن، کەسیستمی تاك حزبی تایبەتمەندییەکی حەتمی نیە بۆ هەر سیستمێکی سیاسی سۆسیالستی، بەلکو دەکرێ فرەیی حزبی ئازادو رێگە پێدراو بێت، بەمەرجێك لەچوار چێوەی یەك دەسەلاتی سۆسیالیستیدا هەلسورێت و لەخزمەتی ئەو ئامانجە سۆسیالیستیانە بێت کە حزبی کۆمۆنیستی بریاریان لەسەر داون و ملکەچی ئیرادەکەی بن، بەو پێیە زامنی یەکێتیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی پتەوتوکمەیە بۆ هەموو کۆمەلگە، هەروەها لەبەرژەوەندی ئامانجەکانی پەرەسەندن و یەکسانی پێکهاتەکانی سۆسیالیزم دەبێت.

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، دەکرێ بوترێ کاتێ باسی حزبی سیاسی دەکەین، ئەوا مەبەستمان لەوە بوونی : یەکێتیەك یان گرد بوونەوەیەکی تاکەکانە، کە خاوەنی بوونیادێکی رێکخراوەیە لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی و ناوچەیی و لە بنەرەتدا گوزارشت لەبەرژەوەندییەکانی چەند هێزێکی کۆمەلایەتی دیاریکراو دەکات، ئامانجیش گەیشتن بێت بەدەسەلاتی سیاسی، یان کارتێکردنە لەو دەسەلاتە، لەرێگەی چەندین چالاکی، بەتایبەتی لەرێگەی گەیشتنی نوێنەرەکانی بەپلەو پێگە گشتیەکان، لەرێگی پرۆسەی هەلبژاردنەوە بێت، یان بەبێ هەلبژاردن.

# بەندی یەکەم

## چوار چێوە تیۆرییەکان، بۆ لێکۆڵینەوە لەدیاردەی سیاسیی و حزبەکانی جیهانی سێیەم

هەواڵنامەی کتێب

بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە) واتە، دواکەوتن و دیاردەی حزبی (بەشێوەیەکی گشتی، پەیوەندی بەتۆژینەوەکانی دیاردەی سیاسیەوە هەیە لەجیهانی سێیەمدا، کە) بەرۆڵی خۆی و لەزۆر باردا (لەچوار چێوەی ئەدەبیاتی سیاسی بەراوردکاریدا تۆمار دەکرێت.

لەراستیدا ئەم لقەی زانستی سیاسەت (لقی سیاسەتە بەراوردکارییەکان) ماوەی چل ساڵێك دەبێ، تائەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، بەچەند پەرەسەندنێکی گرینگدا تێپەربووە، چ لەو بوارانەی رووماڵیان دەکات، یان ئەو چەمکانەی کەبەکاریان دێنێ.

ئەم پەرەسەندنەش (لەرووییکەوە) رەنگدانەوەی ئەو پەرەسەندنە گشتیە بووەکەبەسەر زانستی سیاسەتدا هاتووە، هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەکیشوەری ئەمریکا بە تایبەتی، هەروەها (لەروویەکی دیکەوە) وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ئەو پەرەسەندنە یەکلاکەرەوە نێو دەوڵەتیانەی جیهان پێیدا تێپەڕ بووە، لەسەرو بەندی جەنگی دووەمی جیهانیەوە.

لێرەدا دەبینی لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر کۆمەڵگای ئەمریکیدا هات، لەئاکامی بڵاو بوونەوەی پیشەسازی و فراوانبوونی ناوچە شارستانیەکان و پێویست بوونی جەختکردن لەسەر پێگەی (دەوڵەتی گەورە) لەکاتی بەشداریکردن لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا هەروەها دەرئەنجامەکانی و سستبوونی بازاڕ لەجیهانداو گۆڕانکاریەکان لەسیستەمی سیاسی ئەمریکی..هتد، بەهۆی ئەو بارودۆخانە، زانستە سیاسیەکان لە ئەمریکا چەند پەرەسەندنێکی تیۆری و میتۆدی فراوانیان بەخۆوە بینیوە لەبیستەکانی سەدەی بیستەم.

ئەگەرچی ئەو پەرەسەندنانەش کاریگەریی پێشکەوتنی توێژینەوە ئەنپرۆپۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی میتۆدە (رەفتاری) و (فرمانی)یەکانی بەسەرەوە بووە، بەڵام ئەوە (رەنگە بەپلەیەکی گەورەتر وەك دەردەکەوێ) بۆ ئارەزووی ئەو ڕوو بەڕوو بوونەوەیە دەگەڕێتەوە کەمارکسیزم گوزارشتی لێکردووە بەهۆی ئەو میتۆدانەی کەخستوونیەتیە روو، بەشێوەیەك کە لەکاتێکی زووەوە مۆرکی شێوە خوازی و یاسایی بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی و سیاسیەکانیشی بەتایبەت تێپەڕاندووە.

بەڵام ئەو پەرەسەندنە لەزانستی سیاسەتدا بەتایبەتی زانستی سیاسەت لەئەمریکا، بەهۆکارە کردەیی و هزرییەکانەوەش، تەنها میتۆدە تیۆرییەکانی نەگرتۆتەوە بەڵکو بەرەو میتۆدە ئەزموونگەراییەکانیش پەلی هاویشتووە، هەروەها زانستە سیاسییەکان لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە لەگەڵ وردەکاری زانیاریەکان گەشەی زۆرتریان بەخۆوە بینیوە، دیاردەکە چووەتە قوڵایی و جۆراوجۆری فاکتەرەکانی ئامارو بوارە بەردەستەکانی بیرکاری، بەمەبەستی شیکردنەوەی زانیاریەکان و روونکردنەوەیان، بەتایبەتی لەگەڵ زۆر بوونی ئامێرە ژمێریارییە ئەلیکترۆنییەتازەکان.

ئەو پەرەسەندنە گەورانە لەزانستی سیاسەتدا رێگای خۆی نەکردەوە بەرەو بواری ((سیاسەتە بەراوردکارییەکان))، تەنها لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە نەبێت، تا ئەوکاتانە، نووسینەکانی سیاسەتی بەراوردکاری لەچەند روویەکی دیاریکراوەوە تووشی کەم و کورتی بووەتەوە، کەهەردوو شارەزای ئەم بوارە (پاوڵ) و (ئەلموند) لەسێ رووەوە پوختەکارییان بۆ کردووە:

یەکەمیان : سنووردارێتی (سنوور تەسکی بیرورا) Parochialism

واتە: توێژینەوە سیاسیە بەراوردکارییەکان، تەنها بەسترابوون بەجیهانی ئەوروپاوە، لەکاتێکدا ئەو توێژینەوانەی لەباروردۆخی سیاسی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینیان کۆلیتەوە، زۆر کەم دیاریکراوبوون لەناو ڕەوتی (توێژینەوەی ناوچەکاندا)، (area studies)

دووەم: بەشکردن (configurative)

بەمانای ئەوەی توێژینەوە سیاسیە بەراوردکارییەکان، گرینگی دەدەن بەتیشك خستنە سەر، تایبەتمەندییە جیاوازەکانی سیستمە سیاسییەتەنیاکان، بەبێ هەوڵدان بۆ ئەوەی شیکردنەوەیەکی میتۆدییانەی بەراوردکاری، یان پشکنینی پەیوەندییەکان و ئەو هۆیانەی پەیوەستن لە نێوان دیاردەی سیاسی و دیاردەی کۆمەڵایەتی، بخاتە روو.

سێیەم: شێوەخوازی (Formalism)

توێژینەوە سیاسیە بەراوردکارییەکان، بەسیماو خەسلەتی شێوە خوازی ناسراون، بەمانای جەخت کراوەتە سەر دامەزراوەکان (بەدیاریکراویش دامەزراوە حکومییەکان) و پێوەرە یاسایی و بنەماو ڕێکارییەکان، یاخود زیاتر جەخت کراوەتە سەر هزرە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان، تاوەك ئەوەی جەخت بکرێتە سەر ئەرك بەجێگەیاندن و کارتێکردن و ڕەفتاریش .

بەڵام ئەو پەرەسەندنە یەکلاکەرەوانەی کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، جیهان بە خۆوەی بینی، دەبوو بایەخدان و جەختکردن لەسەر سیاسەتەبەراوردکارییەکان بووروژێنێ، نەك تەنها لەشێوەی گواستنەوەی ئەو پەرەپێدانە گرینگانەی کەزانستی سیاسەت پێیدا تێپەر بوونە، بەڵکو هەروەها پەرەپێدان لەبوارەکانی و لەئامانجە تایبەتیەکانیشی بێت.

کەژاڵ نامەی کتێب

ئەو فاکتەرانەی کەلەدەرئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانیەوە هاتنە ئاراوە، بەرجەستە بوون، لەدەرکەوتنی بزووتنەوە نەتەوەییەکان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیاو ئەفریقیا، هەروەها بوونی چەندین گەل و نەتەوە بەدەوڵەتگەلێکی خاوەن کولتوورو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و چەند تایبەتمەندیەکی سیاسی جیاجیاو کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی ولاتانی ئەتلەسی و بلاوبوونەوەی هێزو دەست رۆیی نێودەولەتی بەرەو ناوچە ئیستعماری و نیمچە ئیستعمارییە کۆنەکان، لەکۆتایشدا، دەرکەوتنی کۆمۆنیستی وەك هێزێکی رکابەر لەململانێدا دەربارەی پێکهێنانی بوونیادی سیاسەتە نەتەوەییەکان و سیستمی نێو دولەتی بەگشتی.

لەژێرکاریگەری هەموو ئەو هۆکارانە، میتۆدە رەفتارگەری و فەرمانگەرییەکان گواستیانەوە بەرەو گۆڕەپانی سیاسەتە بەراوردکارییەکان، هەروەها دەستکرابەپیادەکردنی میتۆدە ئەزمونگەراییەکان لەهەندێ توێژینەوەکانیدا.

هەروەك چۆن هەردوو توێژەر (ئەلموند) و (باوڵ) باسیان لەم بوارە کردووە لەناوەڕاستی شەستەکان (سەدەی بیستەم)، ئەوا توێژینەوەکان لەبواری سیاسەتی بەراوردکاری هەولیاندا، بۆ دوورخستنەوەی سیمای شێوەخوازی، هەروەها لەجیاتی گرنگیدانیشیان تەنها بەیاساو ئایدیۆلۆژیاو دامەزراوە حکومیەکان، گواستیانەوە بەرەو توژینەوە لەقەوارەو پرۆسەکانی ناو سیاسەت و دروستکردنی سیاسەت، وەك پرۆسە سیاسیەکان، حزبە سیاسیەکان و کۆمەلەکانی بەرژەوەندی، پرۆسەکانی هەلبژاردن و پەیوەندیکردنی سیاسی و گەشەپێکردن و پێگەیاندنی سیاسی.

ئەو بەرنامەیەی کەلەسایەیدا ئاراستەی واقعبینی و ئەزموونگەراییەکان گەشەیان کرد، ئەوە(میتۆدی رەفتارگەری) بووە، کەبەکورتی و کرمانجی

زیاتر بەمانای توێژینەوە دێت لەرەفتارە کردەییەکانی خاوەن رۆڵە سیاسیەکان، تا وەك ئەوەی تەنها ناوەرۆکی نۆرمەیاساییەکان یان چەشنە ئایدیۆلۆژییەکان بێت، هەموو ئەوانە سەرەرای رووکردن لەلێکۆڵینەوە ئامارییەکان و شیکردنەوە چەندایەتیەکان و ئەو لێکۆڵینەوە رووپێویانەی کەپشت بەنموونەو لێکۆڵینەوە لەحاڵەتەکان دەبەستێت.

جا لەکاتێکدا ئەگەر سیاسەتوانانی رۆژئاوایی و ئەمەریکیەکان بەتایبەت، بایەخیان دابێت بەپووچەڵکردنەوەی بەرنامە مارکسی و چینایەتیەکان، ئەوا نوێنەرانی ئەو هزرە مارکسی و چینایەتیانەش کاریان بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکانیان کردووە، بە رادەی ئەوەی کە بتوانن رووبەڕووی بەرەنگارییە نوێیەکە ببنەوە هەروەها چەندین چەمك و هزری قووڵتر و دیاریکراویان خستووەتە روو، چ لەبواری شیکردنەوەی (چینایەتی) کلاسیکی بێت، یان لەبواری توێژینەوە لەو پەیوەندییەئاڵۆزەی نێوان نەتەوە دواکەوتووەکان و نەتەوە پێشکەوتووەکاندابێت لەچوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیدا.

لەبەر رۆشنایی ئەو باسانە دیارە کاریگەی سروشتیە کەدیاردەی سیاسی لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکانی جیهانی سێیەم، پشکێکی گەورەی بەرکەوێت لەهەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەدا.

- لەرووی یەکەمەوە لافاوێك لەتوێژینەوەو نووسینی مۆدێرنێتەو گەشەپێدانی سیاسی سەریان هەڵدا، کەپشتیان بەستووە بەگوتەو ئەو چەمکە فەرمانگەری و رەفتار گەرییانەی پێشتر ئاماژەیان پێدراوە، هەروەها بەبەشدارییەکانی (ماکس فیبەر) و توێژینەوەکانی دەستەی بژاردەو هاوشێوەکانی.

•لەرووی دووەمەوە، پێداچوونەوە گرینگەکان بۆ هزری مارکسی چینایەتی سەریان هەڵداو هەوڵیانداوە، گوتەباوە نەریتگەریەکان تێپەڕ بکەن، بەجۆرێك لەگەڵ باروودۆخی کۆمەڵایەتی دیاریکراو وگۆڕاوی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، لەبار بێت.

•لەرووی سێیەمیشەوە بەشداربوون و هاوکارییە فرەییەکان سەریان هەڵدا کە بەزۆری خراونەتە، پاڵ خودی هزرڤانانی جیهانی سێیەم و بەزاراوەی ئەدەبیات و توێژینەوەکانی (پاشکۆیەتی) ناونراون کە چەختیشی لە سەر پەیوەندییە نایەکسانیەکەی نێوان وڵاتانی دواکەوتوو وڵاتانی پێشکەوتوودا کردۆتەوە.

لەسنووری ئەو چوار چێوەیەشدا، ئەوەندەی بکرێت، بۆ بەشداربوونی هەموو ئەو پەرەسەندنانە لەمەر رەسەنایەتی تیۆری حزبیەوە، وەك بەشێك لەدیاردەی سیاسی بەگشتی لەجیهانی سێیەمدا، ئەوا لەم بەشەدا لەسێ توێژینەوەی بەدوای یەکدا، باسی هەموو ئەو گۆڕانکاریانە دەکەین، لەتیۆرییەکانی گەشەپێدانی سیاسی و پەرەسەندنەکانی، هەروەها تیۆری و چەمکەکانی شیکردنەوەی چینایەتی، دواتریش لەهزرو نووسینەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی، دەکۆڵینەوە:

## باسی یەکەم:

## بیرۆکەکانی گەشەپێدانی سیاسی و پەرەسەندنەکان:

برێکی زۆرتر لەو توێژینەوە هاوچەرخانەی کەلە دیاردەی سیاسی دەکۆڵنەوە لەوڵاتانی دواکەوتودا، چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بێت، لەخانەی گوتارو توێژینەوەکانی – گەشەپێدانی سیاسی – هەژماردەکرێن.

ئەگەر چی ئەو نووسینانە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە، نەخوازە لەناوەڕاستی پەنجاکان (سەدەی بیستەم) سەریان هەڵدا، کە لەو سەردەمە وەك دەربرینێك بوو لەبارەی پەرەسەندنێکی تیۆری و میتۆدی دیاریکراودا لەبواری – سیاسەتە بەراوردکارییەکان – (هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا)، ئەوا ئەو پەرەسەندنە کردەییانەی کە لەسەر ئەرزی واقیع لەجیهانی سێیەمداو لەهەرسێ دەیەی دوایی – سەدەی بیستەم – ڕوویاندا هەروەها ئەو بەرنگارییە تیۆری و میتۆدیانەی قوتابخانەکانی دیکەش لەمەڕ داهێنانی تیۆری و شرۆڤە کارییەوە، ئەوانە (بەرۆڵی خۆیان) گۆڕانکاری گرینگیان سەپاند بەسەر نووسین و توێژینەوەکانی گەشەپێکردنی سیاسی بەشێوەیەك ناکرێت لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، باس لەبارەی ئەو نووسینانە بکەین، یان بەهەمان دارشتن و هەمان ئەو چەمکانەی تێیدا سەریان هەڵداوە دەستەواژەکانیان بەکار بێنین.

لەم باسەدا هەوڵدراوە، بۆ خستنەڕووی هزرەکانی گەشەپێدانی سیاسی و پەرەسەندنە هاوچەرخەکان، بەو پێیەی چوار چێوەیەکی تیۆری و

ئامرازگەلێکی میتۆدییانە دەخاتە بەرباس و (لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی تر) هاوکاریش دەبێت لەچارەسەرکردن و شیکردنەوەی دیاردەکە وەکوباس، واتە دیاردەی حزبی لەوڵاتانی دواکەوتوودا.

●یەکەم: گەشەپێدانی سیاسی لەپەنجاکانەوە تاحەفتاکان (سەدەی بیستەم)

سەرەتا زۆرترین و باوترین قسەوباس دەربارەی بیرو بۆچوون و بیرۆکەکانی گەشەپێدانی سیاسی، نەخوازە لەهەوەڵێن قۆناغەکانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ بەشدارییەکانی گروپێك لەو زانا ئەمریکیانەی کە – تایبەت – لیژنەی سیاسەتە بەراوردکارییەکانی سەر بەئەنجومەنی لێکۆڵینەوە زانستە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمریکا (SSrC) بەسەرۆکیەتی (گابرێیل ئەلمۆند) لەخۆی گرتبوون.

توێژینەوەکان دەربارەی گەشەپێدانی سیاسی، لەکاتی دروست بوونیدا روو بەرووی هەردوو کاریگەری: ئایدیۆلۆژیای لیبراڵی ئەمریکایی لەلایەك و ئایدیۆلۆژیای – گەشەپێدان – لەلایەکی دیکەوە، بوەوە.

ئەم باکگراوندە کولتورییە وایکرد توژینەوە رەفتار گەرییەکانی تایبەت بەگەشەپێدانی سیاسی، پێشکەوتن بەخۆیانەوە ببینن، کە خۆی دەنوێنێ لەگواستنەوەیەکی گرینگی توند بەقۆناغی شێوەخوازی یاساییەوە ئەوەیش بەوگۆڕانەی کە رێبازە میتۆدیەکەی گرتیە خۆی لەگۆڕاوە یاسایی و دامەزراوەییەکانەوە بەرەو گۆڕاوە ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانەوە، لێرەدا کێشەی تەوەریش، یاخود کێشە سەرەکییەکەش ئەوەیە چۆن بتوانرێ گەشەیەکی سیاسی لەدەوڵەتە تازە دامەزراوەکانی ئەفریقیاو ئاسیا ئەنجام بدرێت بەشێوەیەك کە بتوانرێت سیستەمی دیموکراسی لیبراڵی تیایاندا بونیاد بنرێت.

ئەم پێداگرتنەش لەهەنگاوەکان بەرەو دیموکراسیەتی لیبرالی، تەنها بەشێك بوو لەتیۆرییەکی زۆر فراوانتر بۆ تازەگەری ( Modernization)، تیۆرییەك کە بونیاد نرابێ لەسەر جیاوازیکردن لە نێوان تازە کردنەوەو نەریتگەریتی، لەهەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو دابەشکردنەش پشتی بەبیرۆکەکانی (ڤیبەرەوە) دەربارەی نەریتگەریتی بەستبوو، وەك راستیەکیش کەوتووەتەپێش دەوڵەت، هەروەها پێش ئەقلانیەت و پێش بەپیشەسازیکردنیش.
بەدەستەواژەیەکی دیاریکراوتر، دەکرێ بووترێ، سەرەتا وەك دەروازەیەك بۆ (پێناسەکردنی گەشەی سیاسی)، گەشەپێدانی سیاسی، راستیەکی هزری بەرجەستە دەکات لەبەشداربوونی زانستی سیاسەت لەتیۆری تازەکردنەوەدا، کەهەموو لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دابەشیان کردووە، هەروەها گریمانە تیۆرییە فراوانەکانیان دەربارەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان خستووەتە روو.

## تازەکردنەوەو گەشەسەندنی سیاسی:

لەرووی مێژووییەوە، دیاردەی تازە گەریتی، ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گۆڕان، بەرەو ئەو جەشنە سیستمە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیانەی کەلەرۆژئاوای ئەوروپاو ئەمریکای باکور، لەماوەی نێوان سەدەی (١٧ــ١٩) پەرەیان سەندو دواتر لەوڵاتانی دیکەی ئەوروپا بڵاوبوونەتەوەو هەروا لەهەردوو سەدەی (١٩ـ٢٠)یش لەکیشوەرەکانی ئەمریکای باشورو ئاسیاو ئەفریقیا بڵاوبوونەتەوە.

لایەنێکی گرینگ لەو پێناسانەی کەکۆمەڵناس و سیاسەتمەدارانی رۆژئاوا دایانناوە دەربارەی تازە گەریتی، لەبنچینەدا جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە دەکاتەوە.

بەنموونە، توێژەر (بلاك) پێناسەی تازەگەریتی دەکات و دەڵێ: بریتیە لەوپرۆسەیەی کەدەکرێ بەهۆیەوە ئەو دامەزراوانەی لەرووی مێژوویییەوە گەشەیان سەندووە، هاوتەبابن، لەگەڵ فەرمان و ئەرکە گۆڕاوە بەردەوامەکان، هەروەها پرۆسەکە رەنگدانەوەی زانیارییە مرۆڤایەتیەکانە، کە پێشتر روویان نەداوەو دەرفەت بۆ مرۆڤ دەرەخسێنێ کۆنترۆڵی ئەو ژینگەیە بکات کە تێیدا دەژێت و شان بەشانی شۆڕشی زانستیەوە درێژەی هەبووە.

(دانکوارت روستو)یش پێی وایە، تازەگەریتی بریتیە لە: پرۆسەی فراوانبوونێکی خێرا بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا لەرێگەی هاوکاری توندو تۆڵی نێوان مرۆڤەکانەوە، لەم رەوتەشدا رەنگە زۆرترین رەهەندە دراما ئامێزەکانی - تازەگەری - گوزارشت بێت لەو شۆڕشە تەکنۆلۆژییایەی کەچەند ئاراستەیەکی گرینگی لەگەڵ خۆیدا هێنا لە بوارەکانی بەپیشەسازیکردن و گەشەسەندنی ئابوری و پەیوەندیکردن.

هەروەها کۆمەڵگەتازەکان پلەیەکی بەرزی تایبەتمەندی و پسپۆڕییان لەخۆگرتووە لەو بوارانەی پەیوەستن بەچالاکی تاکەکان و بوونیادی دامەزراوەییەوە. دانانی کەسەتەرخانکراوەکانیش بۆ ئەو چالاکی و کارە دامەزراوەییانە لە کۆمەڵگەتازەکاندا، سنووردار نابێت بەهیچ چێواچێوەیەکی جێگیر لەپەیوەندییەکانی: خزمایەتی، تائیفی، هەرێمایەتی، یان چینێکی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو لایەنانەش پەیوەست دەبن بەگەشەکردنی کۆمەڵە دامەزراوەیەکی وەك بازاڕەکان -لەژیانی ئابوریداو- دەنگدان - و -

چالاكی حزبایەتی – لەسیاسەت و ڕێكخراوەكان و میكانیزمە بیروكراسیەكانیش لەزۆربەی بوارەگشتیەكاندا.
لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانە، گەشەپێدانی سیاسی لەبواری سیاسیدا پەیوەست دەبێت بەتازەگەرێتیەوە ئەوەش وای كردووە هەندێ كەس باس لەتازەگەرێتی سیاسی بكات و هەردوو چەمكە كە لە (دواییدا) واتە چەمكی (تازەگەری و گەشەپێدانی سیاسی) جیاوازبن لەڕووی شیكردنەوەدا، بەڵام بەكردەیی، هەردووكیان تێكەڵاون، ئەم كارەش ڕێگەی بەوەدا كەباس لەبوونی پەیوەندیەكی دیالیكتیكی بكرێت لەنێوان هەردوو دیاردەكە، دەبینین بژاردە سیاسیەكان لەبەشێك لە هەوڵەكانیاندا بۆ گەورە كردنی هێزو دەسەڵاتیان، ڕەنگە تێبكۆشن بۆ بەدیهێنانی پرۆسەكانی تازەگەرێتی و پەلەكردن لەپرۆسەكە لەناو كۆمەڵگاكانیاندا.
لەبەرامبەریشدا، هێزەكانی – تازەگەرێتی – لەهەمانكاتدا، كارتێكردنیان لەسەر ڕەفتارو سیاسەتەكانتی بژاردەی دەسەڵاتدار دەبێت، (بایندەر) وتەنی ئەو تێروانینەی كە جێگای ڕەزامەندیەكی زۆرە، ئەوەیە كە سیاسەت لەبنچینەدا بەدەنگەوە هاتن بووە بۆ هێزە مێژوویەكانی تازەگەرێتی، بەڵام لەدەرەوەی ئەو ڕوپا ئەو تێروانینەی باوەبە پێچەوانەوەیە، كەسیاسەت بەدەنگەوەهاتن نیە بۆ تازەگەرێتی، بەڵكو بە پێچەوانە، هۆی ئەو تازەگەریتیەیە.
بەڵام ئەگەرچی، ئەو گۆڕانكاریانەی كە دەكرێت ئەنجام بدرێن، بەئاسانیەكی ڕێژەیی لەو بوارانەی پەیوەستن بەژینگەی سروشتیەوە، واتە لەبوارەكانی تەكنولۆژی و ئابوریەوە، ئەوا مەسەلەكە یان ئەو كارە لەسەر سیستمی كۆمەڵایەتی – سیاسی – پراكتیزە نابێت.

سیستمە خاوەن دەسەڵاتە نەریتگەرییەکانیش مەیلی بەرەنگاربوونەوەیان هەیە بەرامبەر گۆرانکارییەریشەییەکان لەو بوارانەدا، بۆیە داواکاریەکان لەبواری یەکسانی و بەشداری سیاسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی – وەك دیاردەیەکی ئاسایی – یەکێکە لەدواترین ئەو کێشانە کە بەرەنگاری دەکرێن، لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێ گەشەی سیاسی رێرەوی خۆی وەربگرێت، ئەوا دەبێ توانای گۆڕینی بەردەوام لەخۆبگرێ، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بەکێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیە.

بەڵام دەست نیشانکردنی ورد بۆچەمکی (گەشەپێدانی سیاسی) خۆی لەخۆیدا جێگای مشت و مڕی جیاوازو لێکدانەوەیەکی زۆر بووە، ئەم کارەش پاڵی نایە (لوسیان پای) لەتوێژینەوە فراوانەکەی دەربارەی نووسینەکانی گەشەپێدان (لەناوەڕاستی شەستەکان) دە پێناسەی جیاواز بۆ گەشەپێدانی سیاسی هەژمار بکات.

لێرەدا ئێمە نیازی ئەوەمان نیە ئەو پێناسانە بخەینە ڕوو، بەڵام ئەوەی لامان گرینگە بووترێ، ئەوەیە کە لێکدانەوەی نووسینەکانی گەشەپێدانی سیاسی، بەتایبەتی لەماوەی نێوان پەنجاکان تا ناوەڕاستی شەستەکانی (سەدەی بیستەم) لەبارەی چەمکەکانی تیۆری تازەگەرییەوە کەلەسەر بنەمای ڕووبەڕووبونەوەی نەریتگەری بەتازەگەریدا بونیادنراون، ئەو نووسینانە هەڵگری ئەو تێروانینەن کەدەڵێ، کرۆکی گەشەسەندن بەدڵنیاییەوە گوزارشت لەگۆڕینی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دەکات لەحاڵەتی نەریتگەرییەوە بەرەو حاڵەتی تازەگەریتیدا، دیارە ئەم کارەش تەنها کێشەیەکی – هونەری – دەنوێنێ و ئەم گواستنەوەو گۆڕانەش واتەماشاکراوە کەلەشێوەی هەنگاوەکانی، یەك لەدوای یەك و

سادە دێتەدی، کە - بەدیاریکراوی - دەبێت روو بەرەو مۆدیلە دیموکراتیە لیبرالییەکەی رۆژئاوا بکات.

بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەواقیعدا روو یانداوە لەوڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی خۆیان لەیەك کەوتوویی سیستمەکانی ئەو وڵاتانە دەنوێنن، نەك تەنها لەبواری جێبەجێ کردنی گۆڕانکاری پێویست بۆ تازەکردنەوەی دامەزراوەکان و کردارو رێ و شوێنە سیاسییەکان و لاسایی کردنەوەی چەشنە رۆژئاواییەکان، بەڵکو لەکەم تواناییشیان تەنها لەمانەوە، یاخود پاراستنی تواناکان لەسەر کۆنترۆڵکردن و گەیاندنی کاریگەرییەکانی ئەو تازەگەرییە بەرەو بابەتەکانی گەشەی سیاسیش.

سیاسەتناسی ئەمەریکی (سەموئیل هینتگتون) بەرچاوترین ئەو کەسانە بوون کەباسی لەو گۆڕانە کردووە، لێرەوە نووسینەکانی رەنگدانەوە بوون بۆ گواستنەوە لەحاڵەتی - جەختکردن لەسەر دیموکراسیەت - بەرەو حاڵەتی - جەخت کردن لەسەر سیستمی گشتی - (public order).

بەپشت بەستنیش بەپوختەی توێژینەوەکانی دەربارەی - گەشەپێدانی سیاسی - ئەوا کۆڵەکەبنەڕەتیەکانی چەمکی ئەو گەشەپێدانە سیاسییەی کە دەبێ کۆمەڵگە هەوڵی بۆبدات، خۆی لە سێ چەمکی بنەڕەتی دەنوێنێ، کەبریتین لە:

یەکسانی ( Equality ) ، واتە کۆمەڵێك فۆرم و سیتمەگەلی یاسایی بڵاو بنەوە، سیفەتی گشتیان پێوە بێت و لەسەر هەموو تاکەکان پیادەبکرێن بێ گوێدانە جیاوازییەکانی نێوانیان، وەك: ئاین، یان چین، یاخود بنچینەی رەگەزی.

پلەو پێگەگشتیەکانیش لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا لەسەر بنەمای لێهاتوویی و سەرکەوتن و توانای جێبەجێکردنی کارەکان بێت، نەك بەرچاوکردنی چەند پرەنسیپێکی تەسکی وەك: خزمایەتی و ڕەچەڵەك و پەیوەندییەکەسییەکان، ئەو یەکسانیە ئەوەش دەگەیێنێ، کەمزۆرتر بایەخ بدرێت بەبەشداربوونی جەماوەر لەدیاریکردنی سیاسەتە گشتیەکان و دانانی کەسەکان بۆ پلەو پێگەگشتیەکان.

جیاکاریش (differentiation) بەمانای پسپۆڕێتی و جیاکردنەوەی نێوان ڕۆڵی کەسەکان و نێوان دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەی ڕووی لەتازە کردنەوەدایە، جا هەر چەندە سیستەمی سیاسی بەرەو گەشەکردنی سیاسی هەنگاو بنێت، ئەوەندەش بونیادەکانی ئاڵۆز دەبن، بەهەمان شێوەش ئەگەر ژمارەی یەکەو دامەزراوە سیاسی و کارگێرییەکان زیاد بکەن.

هەرچی پەیوەستیشە بەتوانین (capacity)ەوە، بەمانای زۆر بوونی چەند توانایەکی دیاریکراوی پێویست بۆ سیستەمی سیاسی دێت، وەك توانای سیستەمەکە نەك تەنها نەهێشتنی ناکۆکییەکان و چارەسەرکردنی گرژییەکانی ناو کۆمەڵگە، بەڵکو توانای بە دنگەوە هاتنیشی لەبەرامبە داخوازییەکانی جەماوەرو بەشداری پێکردن و دادوەری ئەو دابەشکردنەی پەیوەستە بەیەکسانیەوە، هەروا تواناکانی لەسەر داهێنان و خۆگونجاندن لەڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامانەی کە کۆمەڵگە پێیاندا تێپەر دەبێت.

هەر لەمیانەی پرۆسەی گەشەکردنی سیاسیشدا، کۆمەڵگە بەرەو ڕووی چەند دیاردەیەك دەبێتەوە، کەتوێژەرانی ئەم بوارە ناویان لێناوە – قەیرانەکانی گەشەپێدانی سیاسی – واتە ئەو قەیرانەی کەبەگەشەپێدانی سیاسی

چاسەرەسەردەکرێت، ئەو قەیرانانەش بریتین لە: ناسنامە، شەرعیەت، بەشداریکردن، چوونەناو (دەزەکردن)، دابەشکردن.

•قەیرانی ناسنامە:

ئەم قەیرانە کاتێ روودەدات، کە توانەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لەناو بۆتەیەکدا ئەستەم و دژوار بێت، کەناسنامە نەریتگەرییەکانیان یاخود ناسنامەو ئینتیما تەسکەکانیان تێپەڕێنێ و زاڵبێت بەسەر ئاسەوارەکانی گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگەی هاوچەرخ بەهەمور ئاڵۆزییە جیاوازییەکانیەوە، بەجۆرێك کەهەستی ئینتیمایان بۆ ئەو کۆمەڵگایە هەبێت و لەگەڵیدا یەکبگرن.

•قەیرانی شەرعیەت:

ئەم قەیرانە پەیوەندی بەبیروبۆچوونی هاوڵاتیانەوە هەیە بەرامبەر بەسیستمێکی سیاسی و قبوڵ نەکردنی ئەو سیستمە، یان ئەو بژاردە دەسەڵاتدارە کە شەرعی نین، بەو مانایەی کەهیچ پاڵپشتیەك یان بنچینەیەکی نیە بۆ حوکمڕانی و بڕیاردان.

لەوانەشە ئەو پاڵپشتیە یان ئەو بنچینەیەش پشتی بە (کاریزما) یان سەرکردەیەکی مێژوویی ببەستێ، یانیش بەئاین و داب و نەریت، یاخود بەیاسا.

•قەیرانی بەشداریکردن:

ئەم قەیرانە دەرئەنجامی نەبوونی توانای بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانە لەژیانی گشتی وڵاتەکەیان، وەك بەشداریکردن لەوەرگرتنی بڕیارە سیاسییەکان، یان دیاریکردنی بەرپرسە حکومییەکان.

ئەم قەیرانەش روو دەدات بەهۆی فەراهەم بوونی ئەو دامەزراوە سیاسییانەی کە توانای لەخۆگرتنی ئەو هێزانەیان هەبێت ئەوانی ویستی بەشداریکردنیان هەیە.

●قەیرانی چوونناو (شۆڕبوونەوە):

واتە بێ توانایی حکومەت لەشۆڕبوونەوەو چوونە ناو هەموو ناوچەو بوارەکانی دەوڵەت و سەپاندنی دەسەڵات بەسەریاندان، هەروەها گەیشتن و چوونە ناو هەموو پێکهاتەو بونیادە کۆمەڵایەتی و ئابوری و یەکەکانی ناو کۆمەڵگە.

●قەیرانی دابەشکردن:

ئەم قەیرانە پەیوەستە بەئەرکی سیستمی سیاسی لەدابەشکردنی داهات و دەسکەوتە مادی و نامادییەکانی کۆمەڵگە، ڕەنگە ئەم کێشەیە هەر لایەنی دابەشکردنی داهاتەکانی گەشەپێدان نەگرێتەوە، بەڵکو دابەشکردنی ئەرکەکانی گەشەپێدانیش بگرێتەوە.

لەم قەیرانەدا زانستی سیاسەت و زانستی ئابوری یەك دەگرنەوە و کێشەی پێوەرەکان دەورووژێت، کەپێویست دەکات پشتی پێ ببەستن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو دابەشکردنە، سەرەڕای هۆکارەکانی گەشەپێدان و (قەیرانەکانی) گەشەپێدان، توێژەرانی گەشەپێدانی سیاسی، باسی ریزبەندی، یان رەوتی چارەسەرکردنی قەیرانەکان و کاریگەرییان دەکەن لەسەر پەرەسەندنی مێژوویی سیستمە سیاسییەکان، چونکە یەك لەکێشەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان (یان ئەوانەی لەرێگای گەشەکردندان) لە جیهانی سێیەمدا، ئەوەیەکە رەنگە هەموو قەیرانەکانی گەشەپێدانی سیاسی لە یەك کاتدا بەرەو

روویان دەبێتەوە، لەکاتێکدا وڵاتە پێشکەوتووەکان لەئەورووپاو ئەمریکا بەزۆری بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەکدا بەرەو ڕووی ئەو قەیرانانە بوونەتەوە. هەروەها ڕێکبستنی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو قەیرانانە بەزۆری مۆرکی خۆی بەسەر ئەو سیستەمە سیاسییانە و پەرەسەندنەکانیان بەجێ دێلێ، بۆیە ئەو وڵاتانەی کە پێناسەی نەتەەوەییان پێگەیشت و یەکلابونەتەوە، هەروەها سیستەمەکەشی دانپیانانی شەرعییەتی بەدەست هێناوە، پێش ئەوەی ڕووبەڕووی داواکاری - بەشداریکردن - لەکاروباری گشتیدا ببێتەوە، ئەو وڵاتانە بەئاشکرا جیاوازییەکی ئاشکرایان هەیە، (بۆ نموونە) لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کێشەی بەشداریکردنی جەماوەری تیایاندا وروژێنراوە بەر لەوەی شەرعییەتی دامەزراوەگشتیەکانیان سەقامگیر بێت یان دەسەڵاتی حکومەت گەیشتبێتە هەموو بوارەکانی ناو کۆمەڵگە.

**بەشدارییەکانی هنتینگتون:**

بەشدارییەکانی (سەموئیل هنتینگتون) لەچوارچێوەی ئەدەبیاتی گەشەپێدانی سیاسی، لەساڵانی شەستەکان (سەدەی بیستەم) پێویستی (لێرەدا) بەبایەخدانێکی تایبەت هەیە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی یارمەتیدەرێکی بەهێز بووە بۆ جەختکردن لەسەر کێشەکانی (سەقامگیری) و (سیستەمی گشتی) و (دامەزراوەیی) بەشێوەیەکی جیاوازتر لەو حاڵەتەی کەباو بووە لەنووسینەکانی پێشووتر، بەڵکو لەبەر ئەوەی - بەشدارییەکانی ناو براو - چوارچێوەیەکی تیۆری جیاواز دەخاتە ڕوو بۆ شیکردنەوەی دیاردەی حزبایەتی لەوڵاتانی دواکەوتوودا.

لەم چوارچێوەیەدا (هنتینگتون) بۆ چوونی وایە، کەرەهەندەکانی تازەگەرێتی سیاسی دەکرێ لەسێ بابەتی بنچینەیی کورت بکرێتەوە.

- یەکەمیان: ڕێنمایکردنی دەسەڵات، بەمانای ئەوەی کە دەسەڵاتە سیاسیەجۆراوجۆرەکانی (ئاینی، خێزانی، ڕەگەزی) بگۆردرێن بەدەسەڵاتێکی سیاسی یەکگرتوو عەلمانی نەتەوەیی.
- دووەمیان: تایبەتمەندی ئەرکسیاسییە نوێیەکان، هەروەها گەشەپێدانی بونیاد گەلێکی تایبەتمەند بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانە.
- سێیەمیان: بەشداریکردنێکی زۆرتر لەسیاسەت، لەلایەن گروپە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە.

لەڕووی دووەمیشەوە(هنتینگتون) تێڕوانینی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ: بوونی سیستمی گشتی و سەقامگیری سیاسی لەکۆمەڵگە، دەبێ لەباری یەکەم و پێشەوەدابن، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کەزۆرترین ئەو پێوەرە سیاسیانەی گرینگن بۆ جیاوازیکردن لەنێوان وڵاتە جیاجیاکاندا، فۆرمی حوکمڕانی نییە، بەڵکو پلەی حوکمڕانیەکەیە، هەروەها جیاوازی لەنێوان سیستمی دیموکراسی و دیکتاتۆرییەت کەمترن لەجیاوازی نێوان ئەو وڵاتانەی کە سیاسەتەکانیان کۆدەنگی و دەستەجەمعی و شەرعییەت و ڕێکخراوەیی چالاك و سەقامگیری دەگرنە خۆ، بەبەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کەبەرەو ڕووی کەم و کورتی هاتوون لە هەموو ئەو بوارانەدا.

دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان و دەوڵەتە لیبرالیە ڕۆژئاواییەکانیش بەشێوەیەکی گشتی سەر بە سیستمە سیاسیە چالاکەکانن، نەك لاوازەکان، (هنتینگتون) لەدرێژەی هەڵسەنگاندنی لەسەر بیرۆکەی پێویستێتی دروست بوونی حکومەتەکان، بەپێی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە لەوڵاتە

دواکەوتووەکاندا، پێی وایە ئەم جۆرە فۆرمە لەمزۆرێك لەو کۆمەڵگایانەی کە بەرەو تازەگەریتی هەنگاو دەنێن، شێوازێکی لەبار نیە، جابۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن سوود بەخش بێت، ئەوا پێویستە گریمانەی بوونی ئاستێکی دیاریکراو لەرێکخستنی سیاسیدا بکەین، لێرەدا کێشەکە ئەنجامدانی هەڵبژاردن نیە بەڵکو پێکهێنانی رێکخراوەکانە، ژمارەیەکی زۆریش لەو وڵاتانەی کە رێگای تازەکردنەوەیان گرتۆتەبەر، هەڵبژاردنیان بۆ ئەوەبەکار هێناوە کەپاڵپشتی هێزەکۆمەڵایەتیە پەرتەوازەو کۆنە پەرستەکان بکەن و بونیادی دەسەڵاتی گشتی تێك بدەن.

بەبۆچوونی (هنتینگتون) لێرەدا کێشە سەرەکیەکە ئازادی (liberty)نیە، بەڵکو کێشەی دروستکردنی سیستمێکی گشتی شەرعییە ( Legitimate public order) چونکە مرۆڤ لەتوانایدایە سیستمێکی گشتی بەبێ ئازادی دەستە بەر بکات، بەڵام ناتوانێ ئازادی بەبێ بوونی سیستمی گشتی بەدەست بێنێ، پێویستیشە دەسەڵات دروست بکرێت و بریاری لەسەر بدرێ پێش ئەوەی دەست بکرێ بەچاو دێریکردنی لەسەری، لەهەوڵەکانیشیدا بۆ روونکردنەوەی ئەوەی ناوی لێدەنێت هەڵوەشانەوە (decay) کەلەرەوتی تازەگەریتی تووشی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دەبێتەوە، (هنتینگتون) دەڵێت: روودانی هەندێك لەدیمەنەکانی شارستانی بوون و فێرکردن و پیشەسازی بوون و دەرامەتی تاك و فراوانبوونی هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەری، ئەوانە - بەزەرروورەت - ئەوەناگەێنن، کەگۆران لەهەندێ دیاردەکانی دیکەی پەیوەست بەتازە گەریتی سیاسییەوە روویدات، وەك دیموکراسیەت و سەقامگیری و تایبەتمەندی بونیادنان و چەشنەکانی ئەرك بەجێگەیاندن و تەواوکاری نەتەوەیی.

ئەو کارانەی لەپەنجاکان (سەدەی بیستەم - و - ) جێگای گەشبینی چەند توێژەرێکی رۆژ ئاوایی بوونە، چونکە لەو ماوەیەدا رەوتێك دروست بوو، چەند خەسلەتێك بۆ سیستمی سیاسی دەگەرێنێتەوە، گریمانەوایە کە ئەو خەسلەتانە ئامانجە کۆتاییەکانی سیستمەکە بن، زیاتر لەوەی خەسلەتەکردەییەکانی بن، بەلاّم لەرِووی واقیعییەوە ئەوەی روویدا ئەوەبوو لەجیاتی رووکردن بەرەو رکابەری و دیموکراسییەت، هەلّوەشاندنەوەی دیموکراسییەت روویداو ئاراستەکە بەرەو سیستمی سەربازی ئۆتۆکراتی و سیستمی تاك حزبی رۆیشت لەجیاتی سەقامگیری، کودەتاو چەندین بزووتنەوەی یاخیبوون روویاندا لەجیاتی چەسپاندنی یەکگرتوویی نەتەوەو بونیادنانی نەتەوەکان، ململانێی رەگەزیو جەنگی ناو خۆیی یەك لەدوایەك روویاندا لەجیاتی ئاراستەی راوێژکردن و جیاکاری دامەزراوەیی، (بەشێوەیەکی - وردە وردە)، رێکخراوو دامەزراوە کارگێرییەکانی پاشماوەی دەسەلاّتی ئیستعماری بەرەو رووی هەلّوەشاندنەوە دەبوون، لاوازی و لەت لەتبوونی رێکخراوە سیاسییەکان روویاندا، ئەوانی خەباتیان دەکرد لەپێناو سەربەخۆیی و پێشکەوتن.

لای ئەم خالّەدا (هنتینگتون) زەروورەتی بەدیهێنانی سەقامگیری یان - سیستمی گشتی - لەرێگەی بوونی دامەزراوە سیاسییەکانەوە دەخاتەروو، (نموونەی ئەو حزبانەی) کە پرۆسەی بەشداری سیاسی رێکدەخەن و رێگانادەن کە ئەو بەشداریکردنە تەنها ئامرازێك بێت بۆ نەمانی سەقامگیری و رووخاندنی سیستمی گشتی و بلاّوبوونەوەی توندوتیژی و گەندەلی، بەدەستەواژەیەکی دیکە، گەشەپێدانی سیاسی لای (هنتینگتون) پەیوەست

دەبێت بەو پەیوەندییەی کەلەنێوان دامەزراوە سیاسییەکان هەیە لەلایەکەوەو نێوان بەشداری سیاسی لەلایەکی دیکەوە.

## رەخنەگرتن لەئەدەبیاتی گەشەپێدان:

توێژینەوەکانی گەشەپێدانی سیاسی لەئاخرو ئۆخری شەستەکان، بەتایبەت لەسەرەتای حەفتاکان (سەدەی بیستەم – و – ) بەرەو رووی رەخنەی زۆر بۆتەوە، چ لەرووی ئاراستە ئایدیۆلۆژییەکەیەوە بێت، یان رێبازەکەی، یاخود سوودەکردەییەکەی. لەرووی تێروانین و ئاراستە ئایدیۆلۆژییەکیانەوە، ئەو نووسینانە لایەنداری نموونەی رۆژئاوایی سەرمایەداری گەشەپێدان دەکەن و دیاردەی تازەگەرێتی دەکەنە هاوتای نامۆبوون، کۆمەڵگەی رۆژئاوایی تازە، دەکەنە ئامانجی کۆتایی بۆ پەرەسەندنی گەل و نەتەوەکانی دیکە.
لەروویەکی دیکەوە ئەدەبیاتی گەشەپێدانی سیاسی هەولدەدات بۆ چەسپاندنی ئەو بارودۆخەی کەلەولاتانی دواکەوتوودا هەیە، ئەوەش بەرێگەی پشتگیریکردنی پێگەکانی بژاردەی دەسەلاتدار، هەروەها واتەماشای سیستمی گشتی بکرێت، وەك ئەوەی ئامانجە نەوەك شێوازێك بێت بۆ کۆمەڵگەی چاك، دیارە ئەوەش وەك ئەوەی هەولێك بێت بۆ پێوانی – تێچووی – پارێزگاریکردن لەو سیستمە.
بەلام لەرووی میتۆدیشەوە، ئەوە سەرەرای خۆبەستنەوەی ئەو ئەدەبیاتە بەدەستەواژەکانی میتۆدی فەرمانگەرایی و چەمکی سیستم کەبەزەروورەت لەگەڵ کۆمەڵگە دواکەوتووەکان گونجاو نییە، ئەو ئەدەبیاتە هەردوو بواری مێژوویی و بواری ئابوری وەك گۆراوە بنچینەییەکانی شیکردنەوە، پشت گوێ خستوون، سەرباری هەموو ئەوەش، ئەو ئەدەبیاتە شکستی هێناوە

لەتێگەیشتنی ئەو واقیع و ئاسەوارە جیاوازە ناشرینەی ساماندارێتی نێوان خاوەنداران و ئەوانەی هیچیان نیە، لەکۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا و بەدیاریکراویش لە نێوان وڵاتانی رۆژئاوایی پیشەسازی و نێوان زۆربەی زۆری دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا.

لەکۆتاییدا، نووسینەکانی گەشەپێدانی سیاسی، بەو چەمکە رووت و گشتگیریانەی لە خۆیان گرتووە، لەتوانایاندا نەبووە بەشداری بکەن لەپێشکەشکردنی سیاسەتگەلێکی کردەیی دیاریکراو، بۆیە هەر بۆگەڕان بەدوای ئەو سیاسەتانەی دەکرێ ناویان لێ بنێین سیاسەتی فەرمانی (تێکۆشان) سەبارەت بەنووسینەکانی گەشەپێدان و تازەگەرێتی، خاوەنەکانی ئەو نووسینانە هەوڵیانداوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی چەمکەکانی ئەزمونگەری و ئەندەکی (بەش)، کە یارمەتیدەر بن بۆ دانانی چەند ڕیبازێکی سیاسی دیاریکراو ، بە جۆرێك لەم گۆشەیەوە زانستی سیاسەت نەك تەنها ببێت بە ئامرازێك بۆ شیکردنەوەی تیۆری لای سیاسەتناسانەوە لە کۆشکەرازاوەکانیاندا ، بەڵکو ببیتە ئامرازێکیش بۆ دارشتنی سیاسەت و وەرگرتنی بریار لای دەسەڵاتداران و بریار بەدەستانەوە.

هەموو ئەو فاکتەرانە لە پشتی ئەو پەرەسندنانەوە بوون کە ئەدەبیاتی گەشەپیدانی سیاسی لە هەفتاکاندا (سەدەی بیستەم – و–) پێی ناسراون، بە پلەیەکی سەرەکیش چڕبوونەوە لە دەوری ڕێبازە سیاسیە گشتیەکەو ئەوەی پەیوەست بوو پێیانەوە لە قسەوباس لەمەر – ئابوریی سیاسی گەشەکردن – وەك دەربرینێك نەك بۆ رەتکردنەوەو پووچەڵکرنەوەی بیرۆکەکانی گەشەپێدانی سیاسی لە پەنجاو شەستەکاندا (سەدەی بیستەم – و–) بەڵکو لەهەوڵی خۆلادان لەخەوش و کەم و کورتیەکانیان، هەروەها نەك بۆ

قەبوولکردن یان کارتێکردنی شیکردنەوەکانی مارکسیزمی چینایەتی و کارەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی، بەڵکو پشتگوێ خستنیان و خستنە ڕووی ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو شیکردنەوانە.
هەر لەم ڕەوتەشدا، دەگوازینەوە بەرەو ئاماژە کردنێکی خێرا بۆ توێژینەوەکانی گەشەی سیاسی وەك ئەوەی لەهەفتاکاندا (سەدەی بیستەم) روونکرایەوەو یەکلابۆتەوە بەتایبەت لەژێر ناونیشانی (سیاسەتی گشتی).

## میتۆدو لۆجیای سیاسەتی گشتی:

بەپێی ئەو زاراوانەی نوێنەرانی ئەو میتۆدۆلۆجیایە خستویانەتە روو، (سیاسەتی گشتی) گوزارشت لەو ئامانجە دەکات کە سیستمی سیاسی دەیەوێت بەدەستیان بێنێت لەگەڵ ئەو هۆکارو شێوازانەی کە سیستم پێی وایە زامنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەن.
واتەماشای میتۆدۆلۆجیای سیاسەت (Policy approach) دەکرێت کەقۆناغێکی نوێ بەرجەستە دەکات، دەکەوێتە دوای قۆناغی ڕەفتارگەری لەپەرەسەندنی زانستە سیاسیەکان، بەو پێیە ئەگەر قۆناغی (شێوە خوازی – یاسایی) جەختی لەسەر گرینگی دەوڵەت و دامەزراوەکانی کردووەو قۆناغی ڕەفتار گەریش داکۆکی لەسەر گرینگی سیستمی سیاسی و دەروازە ناو خۆییەکانی وەك پێگەیاندنی سیاسی و کولتوری سیاسی و سیستمی بەهاکان (واتە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەروونی بۆ سیستمی سیاسی) کردووە، ئەوا میتۆ دۆلۆجیای سیاسی گشتی لەچەند ڕوویێکەوە دەرئەنجامێکی دیالیکتیکیانەی هەردوو دژەکەی – دامەزراوەیی – و ڕەفتارگەری –یە، لە زانستی سیاسەتدا.

بەوپێیەش شیکردنەوەی سیاسی بەرجەستەیە لەگۆڕانێکی گرینگ لەو خاڵانەی کەسیاسەتناسان لەدوو گۆشەنیگاوە جەختیان لەسەر کردووە:

<u>یەکەمیان:</u> شیکردنەوەکە جەختکردنی لەسەر رەگەزە بەشدار بووەکانی پرۆسەکەی (هەروەك باو بوو لەشەستەکانی -سەدەی بیستەم -) دەگوازێتەوە بەرەو دەرهاویشتەکانی پرۆسەکە.

دووەمیان: جەختکردنەوەی لەسەر ئاستی گشتی سیاسەتەوە (maropolitics) کەهەڵگری سیماکانی ئەپستراکتیزم و شیکردنەوەکەیە، دەگوازێتەوە بەرەو شیکردنەوەی بەشی بچووك (micropolitics) کەهەڵگری سیماکانی ئەزمونگەرایی و رەوتگەرییە.

میتۆدۆلۆژیاکانی سیاسەتی گشتی، چوارچێوەیەکی تیۆری، هەڵگری مۆرکێکی کردەیی دەخاتە روو، کەماوەیەکی زۆر بوو توێژەرانی گەشپێدانی سیاسی ئەو دیاردەیان لەدەستدابوو.

سیاسەتی گشتی لەو تێروانینەوە، گوزارشتە لەگواستنەوەی بایەخدان لەو سیستەمەی کەسیاسەتە گشتیەکە لەناوەوەی دادەرێژرێت، بەرەو ستراتیژییەتی چالاکی سیاسی.

هەرلەم روانگەیەشەوە بەتایبەت رێبازی سیاسەتە گشتیەکە، گرینگیەکی تایبەتمەند وەردەگرێ لەئاست ئەو وڵاتە دواکەوتووانەی کە تیایاندا پێناسەی سیاسەتی گشتی لەگەڵ چالاکی دەوڵەت (state Activity) وای لێدێ کە هاودەق بن، دیارە ئەوەش بەهۆی ئەو رۆڵە گەورەیەی کە دەوڵەت دەیگێرێت لەناو زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەدا، بەڵکو ئەو رۆڵە زۆر بووەی دەوڵەت و سیستەمی سیاسیش وا دەردەکەوێت کە گونجاو بن لەگەڵ رێرەوە گشتیەکەی پەرەسەندنی مێژووی تازەگەرێتیدا.

هەروەکو(ئەلمونـد) و (باول)یش ئاماژەیان پێداوە، هەر چەندە گەشەپێدانی سیاسی کاریگەری دەکاتە سەر پرۆسە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی تازەکردنەوە، بەهەمان شێوەش ئەو پرۆسانە کاریگەریان دەبێ لەسەری، بەڵام لەرووی مێژوویەوە ئەو گەشەپێدانە بەناراستەیەکدا چووە تاوەکو رۆڵێکی سەرەکی تر بگێرێت.

بەو پێیەش (بەنموونە)، بەریتانیا کەیەکەم وڵات بووە تازەگەرێتی بەخۆوە بینوە، زۆرترین دەست پێشخەرییەکانی داهێنانیش لەو وڵاتە لەلایەن کۆمەڵگەو بواری ئابوورییەوە هاتۆتەدی، سیستمی سیاسیش رۆڵی ئاسناکاری گێڕاوە.

لەنەوەی دووەمی وڵاتانی پێشکەوتووی بەشی رۆژئاوای کیشوەری ئەورووپاش (فەرەنساو ئەلمانیا وەك نموونە) دەبینین لەو وڵاتانە سیستمی سیاسی رۆڵێکی گرینگتری گێڕاوە لەتازەکردنەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە دواتر تازەگەریان زانیوە، وەك: روسیاو یایان، ئەوا رۆڵی سیاسەت چەند رەهەندێکی زاڵ و گرینگی گێڕاوە.

لەبەر ئەو بەها میتۆدی و پراکتیکیانە، کارێکی سروشتی بوو کە زۆرێك لەتوێژەرانی سیاسەت، بەتایبەتی توێژەرانی گەشەپێدانی سیاسی روو بکەنە ئابوری ئاسی و پشکنین و لێکۆڵینەوە لەپرۆگرام و زاراوەکانی، وەك هەنگاوێکی بنچینەیی بەرەو دارشتنی بیرۆکەو میتۆدو لۆجیای سیاسەتی گشتی.

کەلەپووری گەورەی ئابوریش لەشیکردنەوەی سیاسەتەکاندا، یارمەتی راڤەکردنی پێگەی ئابوری دەدات بەو پێیەی کە پێشکەوتووترین زانستە کۆمەڵایەتیەکانە بەزاراوەکانی تیۆریی گەشەپێدان، هەروەها ئەو وردبینیە زۆرە لەگەڵ داکۆکیکردنی تەسکی لەسەر سیاسەت و بژاردن، وای لە توێژەران

کردووه کەهەست بەپێویستی جێگۆڕینی بکەن و لەجێگای ئەبستراکتیزمی ساڵانی شەستەکانی دابنێن.

بەدڵنیاییەوە تیۆری گەشەپێدانی سیاسی لەساڵانی شەستەکاندا (سەدەی بیستەم) دەکرێت وەك ڕاڤەکردنێك باسی بکرێت کەژمارەیەکی زۆر لەحاڵەتەکان ڕووماڵ دەکات، لەگەڵ هێزێکی ڕاڤەکردنی لاواز.

بەڵام میتۆدو لۆجیا نوێیەکان، ئەوانی مەیل و ئاراستەی سیاسەتیان هەیەو لەساڵانی حەفتاکاندا (سەدەی بیستەم – و) باوبووە، ئەوانە گوزارشت لەهەوڵێك دەکەن بۆ خستنەڕووی فۆرمێك لەشیکردنەوە، کەچەند حاڵەتێکی کەم ڕووماڵ دەکەن، لەگەڵ هێزێکی ڕاڤەکردنی کاریگەرتر.

لێرەشەوە باس لە – دووبارە دۆزینەوە – ئابوری و ئابوری سیاسی نوێی گەشەپێدان هات لەلایەن سیاسەتناسانی ئەمریکا، وەك پەرەسەندنێکی هاوبەند بەدەرکردنی ئەدەبیاتی سیاسەتی گشتیەوە.

دووەم: گەشەپێدانی سیاسی وەك چوارچێوەیەك بۆشیکردنەوەی دیاردەی حزبایەتی:

توێژینەوەکانی بابەتی تازەگەریتی و گەشپێدانی سیاسی، چوارچێوە تیۆریەکان و ئامرازە میتۆدۆلۆجیە فرەییەکانی خستونەتە ڕوو بۆ لێکۆڵینەوە لەدیاردەکە، واتە دیاردەی حزبی، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەوڵاتانی دواکەوتوودا. ئەگەر ئەو پەرەسەندنانەی کە توێژینەوەو ئەدەبیاتی گەشەی سیاسی لەحەفتاکانەوە (سەدەی بیستەم – و ) تا ئەمڕۆ بەخۆیانەوەیان بینیوەو کەلەبنچینەشدا لەدەوری لێتوێژینەوەکانی – سیاسەتی گشتی – و ئابوری سیاسی – دا دەخولێنەوە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو پەیوەندییە توندە نەبێت بەدیاردەی حزبیەوە، ئەوا لەڕاستیدا ئەو نووسین و ئەدەبیاتە توخمەکانی

بەردەوامبوون و بیرو هزرەکانی گەشەی سیاسییان هەلگرتووە کەوادەکەن – لە ڕووی جەوهەریەوە – هەمان پەیوەندی ئۆرگانی، میتۆدی تیۆری بە دیاردەی حزبیەوە لە خۆبگرن، بەلکو شتی نوێی زیاتریش بخەنە سەری بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکە لەولاتانی دواکەوتوودا.
دەکرێ بوترێ کە لێپێچینەوە لەئەدەبیاتی تازەگەری و گەشەپێدانی سیاسی بۆدیاردەی حزبی لەولاتانی دواکەوتوودا، لەرێگەی چەند دەروازەیەکەوە هاتوونەتەدی، بێگومان زەقترینیان خۆی لەچەمکی (قەیرانەکانی گەشەپێدانی سیاسی و بیرۆکەی دامەزراوەیی دەنوێنێ هەروەها بیرۆکەکانی – دەستەی بژاردە، کاریزما، پەیوەندییەکانی کۆنترۆلکردن – و پاشکۆیەتی کەسی (patron client relation).
ئەو کارانەی نێوان قەیرانەکانی گەشەپێدان لەلایەکەوەو نێوان حزبەکان لەولاتە دواکەوتووەکان لەلایەکی دیکەوە بەیەك دەبەستێتەوە، لەدەوری دوو تەوەردا سووڕاونەتەوە:
یەکەمیان/ کاریگەری قەیرانەکانی گەشەپێدان لەسەر دروست بوون و پەرەپێدان و پێکهاتنی حزبە سیاسییەکان لەولاتانی دواکەوتوودا.
دووەمیان/ بریتیە لەرۆلی حزبە سیاسیەکان لەچارەسەرکردنی کێشەکانی گەشەپێدانی سیاسی.
دەربارەی خالی یەکەم، ئەدەبیاتی گەشەپێدانی سیاسی چەندین بەشداریيان خستۆتە روو کە تیۆرییە نەریتگەرییەکانی لەمەڕدروست بوون و پەرەسەندنی حزبە سیاسیەکانیان تێپەراندووە، هەروەها بەهۆی نەگونجانی ئەو بیرو بۆچوونانەی کەدەرکەوتنی حزبەکان بەدیاردەی پەرلەمانی و سیستمی هەلبژاردنەوە دەبەستێتەوە لەگەل ئەو دیاردە حزبیانەی کەبەسەر جیهانی نا

ئەورووپادا هاتووە، بەتایبەتیش وڵاتانی دواکەوتوو، ئەوا تیۆری تازەگەریتی و ئەدەبیاتی گەشەپێدانی سیاسی، نێوان چەمکی قەیرانەکان لەگەڵ دەرکەوتن و پەرەسەندنی حزبەکان لەجیهانی سێیەمدا بەیەك بەستۆتەوە.

ئەگەر چەمکی قەیرانەکان گوزارشت بێت لەچەند هەڵوێستێکی دیاریکراو دەربارەی ئەو پەرەپێدانە مێژوویەی کە سیستمە سیاسیەکان پێیدا تێپەڕ دەبن لەمیانەی گواستنەوەیان لەفۆرمە نەریتگەرییەکانەوە بەرەو فۆرمە هەرە پەرەسەندووەکان، هەروەها ئەگەر وادابنرێت کەرێگای خۆ گونجاندنی بژاردە سیاسییەکان لەگەڵ قەیرانەکان، دەکرێ ببێتە هۆی دیاریکردنی جۆری ئەو سیستمە سیاسییەی کە گەشەدەکات، ئەوا وانەماشای ئەو قەیرانانە کراوە کە نەك تەنها ئەو رەوتە دەخەنە ڕوو کەحزبەکان بەهۆیەوە بۆ یەکەم جاردەردەکەون، بەڵام بەو ئاراستەیەش دەڕۆن کەببنە هۆکارێکی کاریگەرو یەکلاکەرەوە لەدیاریکردنی چەشنی ئەو پەرەسەندنەی کە ئەو حزبانە پەیڕەوی دەکەن.

لەنێوان ئەو قەیرانە سیاسییە ناو خۆییە زۆرانەی کەنەتەوەکان پێیدا تێپەڕ دەبن، لەو ماوانەی کەحزبە سیاسییەکان لەمیانەیاندا پێکهاتن، سێ قەیرانی بەدیکراو کاریگەری یەکلاکەرەوەیان هەبووە لەپێکهاتنی حزبەکان، ئەو قەیرانانەش بریتین لە: قەیرانی شەرعیەت، قەیرانی تەواوکاری، قەیرانی بەشداریکردن، ئەوانە قەیرانگەلێکن ماوەکانی سەرهەڵدانیان لەیەکترەوە نزیکە، بگرە لەیەك کاتیشدا سەرهەڵدەدەن لەوڵاتانی گەشەسەندوو، لەکاتێکدا لەکۆمەڵگاکانی دیکەدا، ئەو قەیرانانە بەدوای یەکدا هاتوون و لەماوەی زەمەنێکی دوورتر ڕوویانداوە.

لەواقیعدا ئەوەی پەیوەستیشە بەم لایەنەوە، ئەو هەوڵ و بەشداریکردنانەیە کەخراونەتە ڕوو لەچوار چێوەی توێژینەوەکانی تازە گەری و گەشەپێدان سەبارەت بەو هەل و مەرجەتازە گەرییانە کەهانی بەشداری سیاسی و ڕۆشنبوونەوەی دیاردەی حزبی دەدەن لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکانداو سنوورە کولتوری و نەتەوایەتییەکەش تێپەڕدەکەن، نموونەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، وەك دەرکەوتنی چینە ڕێکخەرەکان، پیشەییە پسپۆڕییەکان، هەوەرها ئەو گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییانەی کە یارمەتی زۆربوونی زانیاریەکان و فراوان بوونی پەیوەندییەکان دەدەن، بەشێوەیەکی گشتی و ئەو ئاسەوارانەی کەلەدەرئەنجامی شارستانییەت و عیلمانییەت و پەرەسەندنی سیستمی فێربوون پەیدا دەبن.

هەر لەم چوار چێوەیەدا، دیاردەی (تاك حزبی) لەوڵاتانی دواکەوتوو، خۆی بەسەر تیۆرییەکانی تازەگەریتی و گەشەپێدانی سیاسی سەپاندووە، ئەگەر چی یەك لەو ڕەخنە بنچینەییانەی لەو تیۆرییانە دەگیرێ ئەوەیە بەحوکمی لایەنگری ڕەگەزی و ئایدیۆلۆژییان توانای قوولبوونەوەیەکی زۆریان نییە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکە.

بەم جۆرە، توێژینەوەو نووسینەکانی گەشەپێدانی سیاسی و سیاسەتی گشتی، زۆرێك لەریشەکانی خۆی لەداب و نەریتە (فرەییەکان)ی زانستی سیاسی ڕۆژئاوایی و ئەمریکی دەبینێتەوە، ئەو زانستەی کەلەسەر ڕەفتاری سیاسی دیار و ئاشکرا بونیاد دەنرێت، هەروەها لەسەر ئەو پرسە سەرەکیانەی کەململانێی بەرژەوەندییەکانیان لێ دەکەوێتەوە.

ئەو ئەدەبیاتە خۆی لەئاست توخم و بۆچوونە نەبینراوەکانی شیکردنەوەی سیاسی گێل کردووە کە ئەوانەش هەمووی مەسەلە گەلێکی زۆر گرینگن

لەجیهانی سێیەمدا، نەك تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەڵکو لەبواری پەیوەندییە دەرەکییەکانیش لەگەڵ ڕێکخراوو هێزە نێودەوڵەتییەکاندا.

هەروەها لێرەدا برێکی یەکجا کەم لەڕێککەوتن هەیە لەبارەی نۆرم و پرەنسیپی ئەو گەمە سیاسییە، لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، چونکە گروپە رکابەرەکان دیدیان بۆ سیاسەت بەئەقلانیەتێکە کە بریتیە لە (یان سەرکەوتنی رەها، یا خود دۆڕانی رەها)، لەکاتێکدا ئەو داهاتانەی لەژێر دەستی لەو کۆمەڵگایانە – بەهەموو مانا فراوانیەکەی واژەی داهات – زۆر سنووردارن – ئەویش لەژێر دەسەڵاتی گروپەکانی بژاردەن کەدروستکەری بڕیارن، دیارە ئەم بارەش پرسیارێك دەورووژێنێ، کە ئەویش: ئایا تا چەند بیرۆکەکانی فرەیی گونجاوە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کەپرۆسەی بڕیاردان تێیاندا پاوانکراوە لەلایەن ئەو بژاردانەوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش، ئەدەبیاتی تازەگەرێتی و گەشەپێدان، بەشدارییەکانی خۆی خستۆتە ڕوو دەربارەی مەرجە دیاریکراوەکانی سیستمی تاك حزبی لەجیهانی سێیەمدا، چ لەڕووی راستی و رەواییەوە بێت وەك حزب، بەمانا زاراوەییەکەی وشەکە، یان لەڕووی جیاوازی مەرجەکانی دروست بوونیەوە بێت لەئاست شارەزاییە مێژووییەکەی نەتەوەکان لەئەورووپادا هەروەها ئەو بارو دۆخەی پێش سەربەخۆیی، کەدەسەڵاتی بەسەر سیستمەحزبیەکاندا گرتبوو، لەگەڵ ئەو ریتمە مێژووییەخێراییەی کەدەستی لەدروستبوونی سیستمی تاك حزبیدا هەبووە، بەڵکو باسکردن دەربارەی حزبەکان لەجیهانداو لەزۆرێك لەنووسینەکانی ئەو سیاستە بەراوردکارییەی کەهەڵگری ئاراستەی گەشەپێدانە، تەنها لەمیانەی رەوتی باسکردنەوە دێت

دەربارەی حزبی تاك، بەتایبەت و بەو پێیەی کە پەیوەستە بەقۆناغە سەرەتاییەکانی بونیادی نەتەوەوە.
بەڵام بەشداریکردنە هەرە باوەکانی میتۆدۆلۆژیای تازەگەری و گەشەکردنی سیاسی پەیوەست بەدیاردەی حزبیەوە لەوڵاتانی دواکەوتوودا، ئەوانە لەبارەی رۆڵی حزبەکان باس دەکەن وەك ئامرازێك یان چەند هۆکارێك بۆ گەشەپێدان و تازەگەریتی، لەبەرئەوەی بەو خەسڵەتەوە بەیەکێك لەگەڵ ئامرازەکانی دیکەی وەك بیروکراسیەت، یان سوپا، یاخود سەرکردایەتی کاریزما دادەنرێت، کەبەشداری لەچارەسەکردنی (قەیرانەکانی گەشەپێدان) دەکەن، لەسەرووی ئەو قەیرانانەوەش، قەیرانی تەواوکاری نەتەوەیی و قەیرانی بەشداریکردنی سیاسی و قەیرانی شەرعیەت، بگرە هەندێ جاریش واتەماشای حزبەکان کراوە کە گرینگترین ئامراەکانی تازەگەریتیە لەبواری سیاسییدا، دیارە ئەو دیاردەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی حزبە سیاسییەکان (لەڕووی مێژووییەوە پەیوەستن بەتازەکردنەوەی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا)، هەروەها ئەو حزبانە بەفۆرمەجیاوازەکانیانەوە، (چاکسازی، شۆڕشگێری، ناسیونالستی) بوونەتە ئامرازی، تازەکردنەوە لەوناوچە دواکەوتووەکاندا، بەوپێیەش حزبی سیاسی، هێزێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ تازەکردنەوە لەهەموو ئەو کۆمەڵگە هاوچەرخانەی کەدیاریکردنی چەشنی ئەو تازە کردنەوەیەی پەیرەوی دەکەن بۆ خودی حزبەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها لەکاتێکدا توێژینەوە رەفتارگەری و نیشتمانیەکان لەمەڕ سیاسەتە بەراوردکارییەکان (بەشێوەیەکی گشتی) چەند رۆڵێکی پەیوەست بەدیاردەکانی پێگەیاندنی سیاسی و کارپێکردنی سیاسی و دارشتن و کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان دەخاتە پاڵ حزبەکان، ئەوا توێژینەوەکانی

گەشەپێدانی سیاسی - بەشێوەیەکی تایبەت - جەخت لەسەر ڕۆڵی حزبەکان دەکات لەپێگەیشتنی سیاسی، ئەویش لەسەر ئەو بنچینەیەی کە ئەو ڕۆڵە دیارترین و بەرچاوترین ڕۆڵی حزبەکانە لەجیهانی سێیەمدا، کەئەویش ڕۆڵێکە حزبەکان دەیگرنە خۆیان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی بەشداریکردن یان تەواوکاری یاخود شەرعییەت. هەروەها بیرۆکەکانی سیستمی گشتی و دامەزراوەیش، چ لەڕووی بنچینەکانیانەوە لەسالآنی شەستەکان (سەدەی بیستەم -و-) یان لەڕووی هاوکارییەکانیانەوە بوو بێت لەناو میتۆدولۆجیای سیاسەتی گشتی (ئەوەندەی پەیوەستە بە لێکۆڵینەوە لەدیاردەی حزبیەوە) چڕکردنەوەیەکی گرینگ دەخاتە سەر ڕەهەندی دامەزراوەیی ئەو دیاردەیەو هەروەها ئەو ڕۆڵەی کە لەڕێکخستنی پرۆسەی بەشداریکردنی سیاسی دەیگێڕن.

بەبۆچوونی (هنتینگتون)، جیاوازی نێوان دەوڵەتی نوێ لەگەڵ دەوڵەتی نەریتگەری بەگوێرەی ئەو پانتاییە گەورەیە دەبێت کەتێیدا تاکەکان بەشداری لەسیاسەت دەکەن و کەبەهۆیەوە کاریگەر دەبن لەچەند یەکەیەکی سیاسی بازنە فراوان زیاتر لەوەی کە بەهەر شتێکی دیکە بناسرێن و جیاواز بن.

لەکۆمەڵگە نەریتگەرییەکان، ڕەنگە بەشداری سیاسی لەسەر ئاستی گوند فراوان بێت، بەلآم ئەو حاڵەتە لەسەر هەر ئاستێکی دیکەی سەرووی گوند، دەمێنێتەوە چەند گرووپێکی زۆر بچووک دەگرێتە خۆی.

هەروەها کۆمەڵگە نەریتگەرییە بازنە فراوانەکان ڕەنگە چەند ئاستێکی بەرزی دەسەلآتی ئاراستە کراویان بەدەستەوە بێت، لەگەڵ جیاوازی لەڕووی پێکهاتەییەوە، بەلآم بەشدارییە سیاسیەکە جارێکی دیکەش بەدەست بژاردەی ئەرستۆکراتی و بیروکراسی بچووک دەمێنێتەوە تارادەیەک.

هەواڵنامەی کێر

هەر لەئەنجامی ئەو هەلومەرجەشدا، ئەوا گرینگترین لایەنەکانی تازەگەریتی سیاسی خۆی لەبەشداریکردنی سیاسی بەرجەستە دەکات لەسەرووی ئاستی گوند یان شار لەلایەن گروپە کۆمەلایەتیەکانەوە لەرێگەی کۆمەلگەو لەمیانەی گەشەپێدانی دامەزراوە سیاسییە نوێیەکان، لەسەروشیانەوە حزبە سیاسییەکان ئەوەش بەئامانجی رێکخستنی ئەو بەشداریکردنە.
هەر بەگوێرەی ئەو دەربرینەی (هنتینگتون)یش، حزبەکان بنەمایەك یان نۆرمێك دەخەنە روو سەبارەت بەبەشداریکردنی سیاسی، کەجیاواز بێت لەگرینگیدا بەپێی باری پەرەسەندنی کۆمەلگە، چونکە لەگەل هەنگاونانی کۆمەلگە بەرەو تازەگەری، بەشداریکردن لەپێگەو بنکە نەریتگەرییەکانەوە (نموونەی پەیوەندییەکانی کۆنترۆلکردن و پاشکۆیەتی patron client و کۆمەلە خۆجییەکان) دەگوازرێتەوە بۆ پێگە گەلێکی سەردەمیانەی تری (وەك چین و حزب) کەئەویش بەمانای هەلکشان دێت لەئاستی خودی بەشداریکردنەکە.
هەروەها (هنتینگتون) لەرەوتی توێژنەوەکەی لەمەر بەشداریکردنی سیاسی لای چینە هەژاەکانی کۆمەلگە دواکەوتووەکان، پێی وایە، کە حزبە سیاسیەکان گوزارشت لە گرینگترین رێکخستنە بازنە فراوانەکان دەکەن، کەدەتوانن بەبەراورد (وەك نموونە) لەگەل رێکخراوە سەندیکاییەکان، ئەم ئامانجە بەدەست بێنن.
لەروویەکی دیکەوە، بەشدارییەکانی (هنتینگتون) دەربارەی - دامەزراوەیی - و گرینگی لەولاتانی دواکەوتوودا، هاوکارییەکی قولی دەبێت لەشیکردنەوەی حزبەکان (وەك دامەزراوە گەلێك)، لێرەدا، ئەوەندە بەسەکە ئاماژە بۆ شیکردنەوەی حزب بکرێت وەك دامەزراوەیەکی سیاسی، چ

لەڕووی پەیوەندییەکانیەوە بێت بەو هێزە سیاسییانەی کەنوێنەرایەتیان دەکات، یان لەڕووی تواناکانیەوە بێت لەسەر رۆشنبوونەوەی – بەرژەوەندییە گشتیەکان – بۆ کۆمەڵگە، یاخود لەڕووی فەراهەم بوونی پێوەرەکانی دامەزراوەیی بێت.

(هنتینگتون) ئەو پێوەرانە لەچوار پێوەی بنچینەییدا کورت دەکاتەوە ، نەرمی یان ڕەقی حزب، ئالۆزی بونیادی حزب یان سادەیی، سەربەخۆیی حزب یاخود پاشکۆیەتی، توکمەیی حزب یان پەرتەوازەبوونی.

بەڵام بەشداریکردنی میتۆدۆلۆژیای سیاسەتی گشتی لەڕووی رۆشنایی خستنە سەردیاردەی حزبی لەوڵاتانی دواکەوتوودا، تەنها توخمەکانی بەردەوام بوون لەگەڵ نووسینەکانی پێشووتری ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو لایەنانەش دەگرێتەوە کە جەخت لەسەرکێشەی (بژاردن) دەکەن لەوڵاتانی دواکەوتوودا، چونکە ئەو کێشەیە (بەهۆی کەمی داهاتەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکە) دەبێتە کێشەیەکی سیاسی، نەك تەنها بژاردە گەلێکی ئابوورییانەی رووت، لەدوایشدا هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کۆدەنگیەك دەربارەی بەهاو فۆرمەکان، دەبێتە پرسێکی تابڵێی گرنگ، لێرشدا حزب ڕۆڵی خۆی وەك یەك لە دەرامەتە دامەزراوەییەکان دەگێڕێ، کەبەشداری لەپێکهێنانی سیاسەتی گشتی دەکات و چارەنووسی بژاردە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات.

چەمکەکانی گەشە پێدانی سیاسی، بەئاراستە فرەییەکانیانەوە، ئەو چوارچێوە تیۆرییە بنەڕەتیەی پێکهێناوە، کەچەندین توژینەوە پشتیان پێی بەستووە لەوانی جەختیان لەسەر چەمکەکانی سەرکردایەتی کاریزماو دەستەی بژاردەو (بەڵقەجیاوازییەکانیەوە) و پەیوەندییەکانی فەرمانڕەوای و پاشکۆیەتی کەسایەتی (parthon - client Relations) کردووە لەکاتی

چارەسەرکردنیان بۆ باروودۆخە سیاسییەکان لەوڵاتانی دواکەوتوو، بەودیاردە حزبیەش کە تێیدایە.

چەمکی کەسێتی کاریزما، کە - ماکس فیبەر - لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی باسی کردووە، ژمارەیەکی زۆر لەتوێژەرانی گەشەپێدانی سیاسی، ئەوانی زیاتر کاریگەر بوون بە - ماکس فیبەر - ئەو چەمکەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی ببێتە تەوەری توێژینەوەکانیان دەربارەی ئەو ڕۆڵەی کەدەکرێ سەرکردایەتی کاریزما پێی هەستێ لەگەشەپێدانی سیاسیدا، بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، وا تەماشای ڕێکخستنی حزبی کراوە کەمۆرکێکی دامەزراوەیی خستۆتە سەر سەرکردایەتی کاریزما، یان ئەوەی - ماکس فیبەر - ناوەی لێناوە (reutilization the charisma) - لەم بارەشدا - حزب گوزارشت لەڕەوایی سەرکردەی کاریزما دەکات و دەبێتە جێگای پیرۆزبوونی، دواتر دەبێتە (کەئەمیان گرینگترە) بنچینەی سەقامگیری سیستمی کۆمەڵایەتی سیاسی و دەبێتە ئامرازی گۆڕان لەچەشنی دەسەڵاتی کاریزماوە بەرەو دەسەڵاتی یاسایی یان ئەقڵانی.

چەمکی بژاردەی کۆمەڵ (Elite) شوێن و پێگەیەکی گشتی لەئەدەبیاتی تازەگەرێتی و گەشەپێدانی سیاسی و هاوکارییە درێژ بووە هاوچەرخەکانیدا گرتووەتەوە، چ لەڕووی پەرەسەندنی بژاردەکانی (بیرکراسی، سەربازی، تەکنوکراسی، ڕۆشنبیران)ەوە بێت، لەناو پرۆسەکانی تازەگەری و گەشەسەندندا، یان لەڕووی ئەو ڕۆڵەی کەدەیگێڕی بۆ پەلەکردن لەوپرۆسانە، یان بۆ دواخستنیان بێت.

بێگومان ئەو بایەخدانە قووڵە بەچەمکی بژاردە (یان پێشەنگی کۆمەڵ) لەلایەن توێژینەوەو نووسینەکانی تازەگەریتی و گەشەپێدانەوە، کەهەڵگری ئاراستەی رەفتارخوازی و فەرمانخوازین، بەدڵنیاییەوە ئەو دیاردەیە راستەو خۆ پەیوەستە بەو راستیەی کەچەمکی (بژاردە) لەبنچینەدا وەکو کاردانەوەیەك سەری هەڵدا لەبەرامبەر تیۆروانینی مارکس لەبارەی (چینی دەسەڵاتدار)ەوە، چونکە ئەو بیرمەندانەی خستیانە ڕوو - بەدیاریکراویش : (باریتو، موسکا، میتشلز) وەك ئەلتەرناتیفێك بۆ چەمکی چینی دەسەڵاتدار تێیان دەروانی، لەگەڵ داماڵینی لەهەموو (یان زۆربەی) ناوەرۆکە ئابورییەکانی، ئەو (لەجیاتی ئەوە) تیۆرییەکی کردەیی دەخاتە روو بۆ راڤەکردنی کۆمەڵگاکان.

نووسینەکانی سیاسەتی گشتی تەنها بەردەوامبوونی لەگەڵ مۆرکی بژاردەیی دەربارەی لێکۆڵینەوەکانی گەشەسەندن لەخۆنەگرتووە، بەڵکو ئەو مۆرکەشی قوڵ کردۆتەوە هەروەها لەنووسینەکانی سیاسەتی گشتیشدا زیادە رۆیی و وەهم و ئارمایی سەبارەت بەتوانای گشتی بیروکراسیەت و تەکنوکرات باو زاڵ بوونە.

بەڵام بەیەکگەیشتنی نێوان هەردوو چەمکی (بژاردەی کۆمەڵ) و - رێکخستنی حزبی - لەراستیدا کەوتۆتە پێش توێژینەوەکانی گەشەپێدانی سیاسی بەماوەیەکی دوورو درێژ، هەر لەیەکێك لەگرینتگرین و کۆنترین کارە کلاسیکیەکاندا دەربارەی حزبە سیاسییەکان کارەکەی (روبەرتو میتشلز)ە، کە گوتەیەکی دەربارەی - یاسای ئاسنینی ئولیگارشیەت ( لەکتێبەکەی کە بۆ یەکەم جار ساڵی (١٩١١ز) بڵاوکراوەتەوە) خستویەتیەڕوو کەلەبنچینەدا زیاتر جەختی سەر - لێکۆڵینەوە لەپرۆسەو پەیوەندییەکانی ناو (رێکخستنی حزبی) کردۆتەوە، هەر بەپێی دیدو بۆ

چوونەکانی – میشلز – (ڕێکخستنی حزبی) خۆی لەخۆیدا بەزەروورەت دەبێتە هۆی پەیدابوونی دەسەڵاتی کەمایەتی لەئاکامی گربوونەوەی هێز لەدەستی ژمارەیەکی کەمی تاکەکان، نەك پەرش و بڵاوبوونەوەی یان دابەشبوونی ئەو هێزە.

(میتشلز) وەك بەڵگەیەك بۆ ڕاستی گوتەکەی، پشتی بەستووە بەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر حزبە سۆسیالستەکانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ئەنجامدراوە بەتایبەتی حزبی سۆسیالستی ئەڵمانی.

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانە، ئەدەبیاتی بژاردەی سیاسی لەوڵاتانی دواکەوتوودا، دەبێتە دەروازەیەکی گرینگ بۆ توێژینەوە لەدامەزراوە سیاسییەکان و دیاردەی حزبیش بەشێوەیەکی تایبەت، چ ئەو کارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێ لەڕێگەی گفتوگۆکردن دەربارەی حزبەکانی بژاردە لەو وڵاتانە، یان بەڕێگەیەکی ناراستەوخۆ لەزۆر جاردا.

ڕەنگە ئەو پاساوەی یارمەتی ئەم تێڕوانینە – بژاردەیی – یە دەدات لەلێکۆڵینەوەی دیاردەی سیاسی لەوڵاتانی دواکەوتوودا ئەوە بێت کە یەکێك لەتوێژەران باسی دەکات و دەڵێ کەزانیارییە بەردەستەکانی لەمەڕ بژاردەوە لەسیستمە سیاسییە نارۆژئاواییەکان، زۆرترن لەو زانیاریانەی بەردەستن دەربارەی کۆمەڵ و چین و بنکە جەماوەرییەکان، ڕەفتاری بژاردەش لەو کۆمەڵگایانەدا بەزۆری لەڕووی سیاسییەوە گرنگترە لەڕەفتاری جەماوەر، لەدوایشدا، زۆرێك لەتوێژەرانی گەشەپێدانی سیاسی، بەتایبەتی ئەوانەی کەبەئاشکرا گوزارشت لەڕێبازە ڕەفتارخوازییەکان دەکەن، بایەخیان

داوه بە لێتوێژینەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتداری و پاشکۆیەتی کەسێتی، وەك چەشنێکی جیاوازی دیاردەی سیاسی لەوڵاتانی دواکەوتوودا، ئەمە بە پێچەوانەی - لەزۆربارادا - لاوازی ڕێکخراوە فەرمییەکان و پەیوەندییە دامەزراوەییەکان لەچاو پەیوەندییە ئیفلیجی و پاشکۆییە کەسییەکان.

لێرەدا لێکۆڵینەوە لەخودی ئەو پەیوەندیانە، خۆی دەسەپێنێ بەسەر هەر لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی دیاردەی حزبی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، چ وەك ئامرازێك (بۆ خۆتەرخان کردن بۆ کاری سیاسی) لەدەرەوەی ڕەوتی دیاردەی حزبی، یان لەناوەوەی، یاخو وەك سیمایەکی ئەو پەیوەندییانەی کەبە (ئەرێنی یان نەرێنی) کاردەکەنە سەر ئەدای سیستمی حزبی لەئەرکەکەیداو لەژیانی سیاسی کۆمەڵگەدا.

لێرەدا هیچ گومان لەوەدا نییە، کە نووسینەکانی گەشەپێدانی سیاسی لەهەموو شێوەکانیەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، چوارچێوە گەلێکی تیۆری و کۆمەڵە ئامرازێکی میتۆدو لۆجیانەی بەنرخ دەخەنە ڕوو، بەشداری دەکەن لەڕۆشنایی خستنە سەر بەشێکی زۆر لەفۆرم و ڕوخسارەکانی دیاردەی سیاسی لەناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا.

بەڵام ئەم بارە نابێ ببێتە هۆی چاوپۆشینی توێژەر لەو کەم و کورتییانەی ئەو میتۆدانە خەسڵەتیان پێوە گرتووەو هەموویانیش هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ پەرەسەندنیان:

١- ڕێبازەکانی توێژنەوە (میتۆدۆلۆجیا) هێشتاو تارادەیەکی دوور، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە پیشەسازییەکان و تایبەتمەندی

پەرەسەندنی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایانەن، ئەمەش بەواتای: دژواری گونجان و لەباری لەگەڵ ئەو بارودۆخە زۆر جیاوازانەی ناوچەکانی دیکەی جیهان، بەدیاریکرویش وڵاتە دواکەوتووەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی.

هەروەها ئەوەی لای ڕێبازەکانی توێژینەوە باوە، لایەنگرییانە بۆ ئەو بارەی لەسەر ئەرزی واقیعدا هەیەو پەرۆشیان بۆ مانەوەی ئەو بارە وەك خۆی، خۆلادانیش لەگۆڕانکاری ریشەیی بۆ بەرژەوەندی ڕوودانی گۆڕانکاری، چ لەسەر ئاستێکی کەم بێت یان پەرەسەندوو، ئەمانە هەموویان سنوورێك دادەنێن لەسەر رادەی گونجانی ئەو میتودانە لەگەڵ بارودۆخی جیهانی سێیەم.

٢- ئەم میتۆدۆلۆجیانە مەیلی زێدەرۆیی دەکەن لەو گشتاندنانەی پاڵیداوە بەوێنا کردنی توانای بونیادنانی نموونەیەك بۆ کۆمەڵگەی دواکەوتوو و کێشەکانی، وەك ئەوەی لەم بوارەدا تەنها یەك هەڵوێستی دیاریکراو هەبێت بۆدیاردەی دواکەتن، هەڵوێستە ئەزموونگەراییەکانیش لەئاستیدا تەنها چەند جۆرارو جۆرییەکن لەسەر ئەو چەشنە نموونەییە، ئەوەش بە سروشت دژ دەبێت، لەگەڵ باری ڕاهاتووی ئەو وڵاتە دواکەوتوانەی کەناکۆکیەکانی نێوانیان جیاواز دەبن بەڕادەیەك رێگەنادات بەلایەنی کەم وەك نموونەیەك باس بکرێ تەنها لەئاست ئەو ڕواڵەتانەی کە زۆر گشتین.

سەرەڕای ئەوەش، وەك ئەوەی هەندێ لەتوێژەران دەڵێن، بەڕاستی مایەی گاڵتەجارییە کە نووسین دەربارەی جیهانی سێیەم قەبارەیەکی گەورەتر لە خەسلەتی گشتاندنی تیا بێت بەبەراورد لەگەڵ ئەو نووسینەی دەربارەی کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان ئەنجام دراوە، وێڕای فەراهەم بوونی



هەواڵنامەی کتێب

زانیاری و ئاماری دروست دەربارەی کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بە شێوەیەکی باشتر لەو بارەی کە لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا هەیە.

٣- ئەو میتۆدۆلۆجیایانە لەگرینگی ئەو رەوتە گۆڕاوە نێو دەوڵەتیەی کەتێیدا پەرەسەندنی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەڕێوە دەچێت، کەم دەکەنەوە یان خۆیان لێ نەزان دەکەن، ئەگەرچی ئەم رەوتە مەرجێکی کاریگەر دەنوێنێ بۆ گۆڕان لەجیهانی سێیەمدا، تارادەی ئەوەی هەندێ توێژەر پێیان وایە گۆڕان لەسیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی سێیەم لەبنچینەدا زیاتر دەرەکی دەبێت تاوەك لەوەی ناوخۆیی بێت.

بەڵام ئەدەبیاتی گەشەپێدانی سیاسی و پەرەسەندنە هاوچەرخەکانی (کەلەبنچینەدا بەپێی بارودۆخی جیهانی رۆژ ئاوا بەرژەوەندەییەکانی داڕێژراوە)، هۆکارە یەکلاکەرەوەکانی تایبەت بەدۆخی جیهانی سێیەمی لەبەرچاونەگرتووە، وەك کاریگەری کەلەپوری ئیستعماری، هاوکاری دەرەکی بەهەموو شێوەکانی، کاریگەری بەهێزی دامەزراوە فرە رەگەزەکان، هەروەها ئەدەبیاتی سیاسەتی گشتی تەنها گرینگیەکی لاوازو کەمی داوەتە ئەو چۆنیەتیەی کە تائێستاش لە میانەیدا پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان لەچەندین وڵاتانی جیهانی سێیەمدا لەژێرباری داگیرکردنی کولتوری بەردەوامی هێزە ئیستعمارگەرییە پێشووەکاندایە.

٤- لەدوایشدا و لەکاتێکدا کەراستیە چینایەتییەکە وەك یەکێك لەهۆکارە بنچینەییەکان بۆ راڤەکردنی پەرەسەندنی سیاسی و هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤایەتی لەکۆمەڵگە دواکەوتوو پێشکەوتووەکاندا بێ جیاوازی دەمێنێتەوە،

ئەوا زۆربەی نووسینەکانی گەشەپێدانی سیاسی لەرۆڵی ئەم هۆکارە کەم دەکەنەوە، هەروەها لەو رادەیەی کە بەهۆیەوە پەیکەرە ئابورییەگۆڕاوەکە، دەبێتە هۆی گۆڕانکارییە قەوارەییە چۆنایەتیەکان لەبونیادی چینایەتی هەروەها لە چەشنەکانی هاوپەیمانیەتی چینایەتی، خاوەن ئاسەواری یەکلاکەرەوە لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگە لەجیهانی سێیەمدا.

هەر لەهەوڵ و کۆششی خۆلادانیش لەهەندێك لایەنی ئەو کەم و کورتییە، لەدوو باسی ئەم بەشەی دێت، هەردوو باسەکە تیشك دەخەنەسەر ئەو چوراچێوە تیۆری و میتۆدو لۆژیانەی دیکە، کەبەشداری دەکەن لەتەواو کردن و شرۆڤەکردنی دیاردەکە وەکو باس.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی دووەم:

## شیکردنەوەی چینایەتی و پێکهاتەی ئابوری - کۆمەڵایەتی

هەرچەندە شیکردنەوەی چینایەتی بۆ توێژنەوە لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکان، پێگەی گرینگی هەیە، چ لەکۆمەڵگەپێشکەوتووەکان یان لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بێت، ئەوا بێگومان نووسینەکانی تازەگەرێتی و گەشەپێدان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ئەو لایەنەی داپۆشیبوو، بەوەش بواری رەخساند لەبەردەم یەکەشیکاریەکانی هەروەها چوارچێوە تیۆرییە تایبەتمەندییەکانی.

بەڵام ئەو قەیرانەی کەنووسینەکانی تازەگەرێتی و گەشەپێدان تووشی بوو بوون لەگەڵ سنووورداری دەرئەنجامەکانی و ئاشکرابوونی کەم و کورتیە رەسەنەکانی، وایکرد کەشیکردنەوەی چینایەتی پێگەو گرینگی خۆی بپارێزێ.

لەڕوویەکی دیکەوە، ئەو بەرەنگارییەی کەبەرەو رووی شیکردنەوەی چینایەتی و شیکردنەوەی مارکسی (بەتایبەت) بووەوە، لەو رووەوەی کە پەیوەستە بەلێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لەوڵاتە دواکەوتووەکانداو، کە (لەچەندین رووەوە) قەیرانیکی راستەقینەی بۆ شیکردنەوەی مارکسیزم پێکهێناوە، ئەو بەرەنگارییە زۆری نەخایاند بوو بەهۆی پەیدابوونی چەند بەرەسەندنێکی گرنگ لەو شیکردنەوەیدا، نەك تەنها لەبواری شیکردنەوەی چینایەتی لەناوخۆی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، بەڵکو لەشیکردنەوەی ئەو پەیوەندییەش کە ئەو کۆمەڵگایانەی بەکۆمەگە پێشکەوتووەکان بەستۆتەوە.

ئەم توێژینەوەیەی لەبەردەستدایە، ئامانجی پێشکەشکردنی کورتە باسێکە بۆ شیکردنەوەی چینایەتی دەربارەی وڵاتە دواکەوتووەکان، لەگەڵ جەختکردن لەسەر گرینگترین ئەو دیاردانەی کەراستەوخۆ پەیوەست دەبن بەبابەتی توێژینەوەکە، واتە دواکەوتن و دیاردەی حزبایەتی.

بەڵام چوونە ناو باسەکان بەدوورو درێژی، چ دەربارەی ناوەرۆکە بنچینەییەکان، وەك چەمکەکانی – چین، توێژ، پلەبەندی کۆمەڵایەتی – یان دەربارەی پێکهاتنی چینایەتی لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان هەروەها پەیوەندی بەبارودۆخی سیاسی ئەو وڵاتانە، هەموو ئەو لایەنانە دەکەونە دەرەوەی ئەم باسەمان.

ئەوەی بەلامانەوە گرنگە – سەرتا – ئەو پێناسەیە دیاری بکەین کە لێرەدا بۆ (چین) بەکاری دێنین و زۆریش نزیکە لەو پێناسەیەی کە (لینین) دایرشتووە، دەقی پێناسەکەش بریتیە لە: چین لەکۆمەڵە خەڵکێك پێکدێت، بەژمارە گەورەو لەیەکتر جیاواز، بەپێی پێگەی هەریەکەیان لەناو یەکێك لەسیستمە بەرهەمهێنەکۆمەڵایەتیە مێژوویەکان، هەروەها بەپێی پەیوەندی هەریەکەیان بەشێوازەکانی بەرهەم هێنانەوە (ئەویش پەیوەندییەکە لەچەند یاسایەکی روون و دیاریکراو (دادەرێژرێت)، هەروەها بەپێی رۆڵیان لەرێکخستنی کۆمەڵایەتی کاردا، لە کۆتاییشدا بەپێی جۆری بەدەست هێنانی بەشی خۆیان لەسامانی وڵات و قەبارەی ئەو بەشەیان.

لەبەر ئەوە چینەکان، پێکهاتوون لەکۆمەڵە خەڵکانێك کەیەکێکیان دەتوانێت ئەوی دیکە بچەوسێنێتەوە، بەپێی جیاوازی پێگەی هەریەکەیان لەو سیستمە ئابورییەی کە لەکۆمەڵگەدا رێکخراوە، بەدەستەواژەیەکی دیکە، دۆخی ئابوری هەرچینێك لە چینەکان بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی ئەو

چینە بەشێوازە گرینگەکانی بەرهەم هێنان لەکۆمەڵگەدا، لەو دۆخە ئابوورییەش خۆی بەشی ئەو چینە لەدەسەڵاتی سیاسیدا دیاری دەکات.

ئەوەی لەم باسەدا هاتووە دەربارەی شیکردنەوەی چینایەتی لەکۆمەڵگەدواکەوتووەکاندا، بەگشتی ئاماژە بۆ پێکهاتەی چینایەتی لەوڵاتانی گەشەسەندوو دەکات، سەرەڕای چڕکردنەوە لەسەر رۆڵی چینی مام ناوەندو چەمکی – سەرمایەداری دەوڵەت –، دواتر بە خێراباس لەڕووەکانی بەشداریکردنی شرۆڤەکردنی چینایەتی دەکات لە لێکۆڵینەوەی دیاردەی حزبی – بەتایبەت – لەوڵاتانی دواکەوتوودا.

یەکەم//

## دەربارەی پێکهاتەی چینایەتی لەوڵاتانی گەشەسەندوو:

بێ بەپێی پێناسەی پێشو، ئەو خەسڵەتانەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لەخۆیان گرتووە، لەفرەیی چەشنەکانی چالاکی ئابوری و فرەیی لەسیستم و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان، ئەو دیاردەیە وادەکات جۆراو جۆرییەکی گەورە لەبونیادی چینایەتی رووبدات بەجۆرێك لەکۆمەڵگەییەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بگۆڕێت، بەڵام زۆر جیاواز دەبێ لەگەڵ پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگە پیشەسازیە پێشکەوتووەکاندا.

بونیادی چینایەتی لەوڵاتانی دواکەوتوو، چەند توێژو چینێکی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ دەگرێتە خۆی (وەك بۆرژوازییەت و پرولیتاریای پیشەسازی)، هەروەهائەو توێژە مام ناوەندیانەی کە لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا دەرکەوتن (وەکو کارمەندانی کارگێڕی و رۆشنبیران و

ئەفسەران) هەروەها بونیادی چینایەتی لەو ولاّتانە چەندچین و توێژێك دەگرێتەخۆ کە بۆسیستمەکانی پێش سەرمایەداری دەگەڕێتەوە، وەك (مولکداران ، دەرەبەگەکان ، جوتیارە هەژارەکان)، بەڵکو هەندێ پێکهاتەی خێڵەکیش دەگرێتەوەکە سەر بە سەردەمی بەرهەم هێنانی سەرەتایین، سەرەڕای ئەوەش ولاّتانی دواکەتووو، چەندچین و توێژێکی دیکەی لەناودا هەن، بەستراون بەقۆناغی گواستنەوەی چالاّکی ئابوری لەوەی پێش سەرمایەداری بەرەو سەرمایەداری.

هەر بەهۆی ئەو خەسڵەتانەی کە ولاّتانی دواکەتوو پێی دەناسرێن لەشێوە هاوسەنگیەکی نێوان شێوازە جیاوازەکانی بەرهەم هێنان، ئەوا ئاستەمە دیاریکردنی چینە سەرەکیەکان و ئەوانی لاوەکین، هەر وەك لەحاڵەتی ولاّتە پێشەکەوتووەکاندا هەیە.

بۆیە کارێکی دژوار دەبێ ئەو گشتاندنانەی لەبارەی چینەکانەوە هەیە لەولاّتانی پێشکەوتوو بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم - لەلایەکی دیکەشەوە - پێویستە کەتوێژەران تەنها بەوە نەوەستن هەڵسەنگاندن لەبارەی چینەکانەوە بکەن، بەڵکو لەتەك ئەوەشدا هەڵسەنگاندنی کۆمەڵ و توێژە کۆمەلاّیەتییەکانی تریش ئەنجام بدەن، چونکە دەرەنجام ئەم توێژانە رۆڵێك دەگێڕن پێچەوانەی ئەو رۆڵەیە کە گێراویانەو دیگێڕن لەبارودۆخی ئەو ولاّتانەی کەلەرووی ژیارییەوە پێشکەوتوون و رێگا کلاسیکیەکەی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتیان گرتۆتەبەر، هەروەك رەتکردنەوەی دابەشکردنی باوی چینەکانیش بەمانای یەکسانی نێوان کێشی ئابوری و سیاسی ئەم چینانە نایەت، بەڵکو بەمانای توانای هەرچینێك یان هەر توێژێك لەم چین و توێژانە دێت لەسەرکردایەتیکردنی گۆڕانکارییە ئابوری و

کۆمەڵایەتیە پێشکەوتنخوازەکان، لەگەڵ بوونی پێکهاتەیەکی دیاریکراوی دژخە گونجاوەکان.

هەروەها توێژەران ئاماژە بەجیاوازیبوونی دژخی چینایەتی لەولاتانی دواکەوتوو دەکەن بەشێوەیەکی گشتی، بەبلاوبوونەوەی فراوانی بزاڤی کۆمەڵایەتی، هەر چەندە ئەوەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوەیە، کەلەکرۆکدا جیاواز دەبێت لەگەڵ فاکتەرەکانی ولاتانی پێشکەوتوودا.

بزاڤیش – لێرەدا – بەپلەی یەکەم گوزارشت لەهەلکشانی تاك – یان کۆی تاکەکان – لەپلەوپایەی پیشەیەکی دیاریکراو، یاخود لەپلەبەندی چینێکی دیاریکراو ناکات، واتە، نەبەستراوە بەگۆڕینی شێوازی (بەرهەم هێنان)ەوە، بەڵکو ئەوە دەرەنجامێکە بۆ بوونی چەند پێکهاتەیەکی ئابوری تێکەڵاو و ئاڵۆز بۆماوەیەکی دوورو درێژ، بێ ئەوەی یەکێك لەو پێکهاتانە زاڵبێت بەسەر ئەوی تردا، ئەوەش واتە، ئاکامی ئەو بزاڤە کۆمەڵایەتیە هیچ توانەوەیەکی راستەقینەی لێ ناکەوێتەوە سەبارەت بەجیاوازیەکانی نێوان چینەکان، یان چارەسەرکردنی کێشەکانی ململانێی چینایەتی.

## رۆڵی سیاسی چینی ناوەڕاست لەجیهانی سێیەمدا :

چارەنوسی چینە مام ناوەندییەکان یەکێك لەخاڵەگرنگەرەخنە ئامێزەکانی شیکردنەوی مارکسیزمی پێکهێناوە دەربارەی پەرەسەندنی چینەکان لەکۆمەڵگە سەرمایەداریەتازەکاندا، لەکاتێکدا مارکس پێشبینی ئەوەی دەکرد کە جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو چینە سەرەکییەکە (بورژاو پرولیتاریا) لەداهاتوو گەورەتر دەبێت و توێژەمامناوەندیەکانیش لەو کۆمەڵگایانە لەناوگێژاوی ئەم پرۆسەیەدا بزر دەبن.

کەچی ئەو جیاوازییە (واتە جیاوازی نێوان چینی بورژاو پرۆلیتاریا) بەوشێوەیە، یان بەو ئاسەوارانەی کە مارکس پێش بینی دەکرد گەورە نەبووە، هەروەها توێژەکانی ناوەڕاست یان (چینی مامناوەندی) وەك: بەرهەمهێنەرە بچووکەکان و پیشەوەران و کرێکارانی دەستی و وردەپیشەسازییەکان و خاوەن ئەو پیشانەی لەسەر حسێبی خۆیان کاردەکەن (ئەوانەن کەمارکس ئاماژەی پێدان)، هەموو ئەوانە لە ناوپرۆژە گەورەکانی سەرمایەداریدا بەمووچە خۆری و کرێ چارەسەرکران، بەڵام گەشە کردنی فراوانی ئابوری و پێویستی بوونی زیاتر بەخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیە تازە فرەییەکان، بوون بەهۆی پێگەیشتنی چینی مامناوەندی تازە لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداریدا، بەفەرمانبەرانی نووسەرو سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرو تەکنیکارو زاناکان، هەروەها زۆرێك لەوانی بۆ بەدەستهێنانی ئەم خزمەتگوزارییانە یان ئەویتریان کاردەکەن.

بوونی ئەو چینانە، هاندەرێك بوون بۆ بایەخدان - سەرلەنوێ - بەتوخمی (شکۆیی کۆمەڵایەتی) کەپشتی بەپیشەو بەکاربردن و شێوازی ژیان بەستووە، وەك توخمێك بۆ (پلەبەندی چینایەتی) ئەمەش ئەو توخمەیە کە لەلایەن (ماکس فیبەر)ەوە گرینگیەکی گەورەی پێدراوە لەهەوڵەکانی بۆ رووبەروو بوونەوەی تیۆری مارکسیزم.

بەڵام دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی چینەکانی مامناوەند لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، پشت بەچەند هۆکارێکی دیکەوە دەبەستێ، کەپەیوەستن بەباروودۆخی ئەو کۆمەڵگایانەو لەبنچینەشدا خۆی لەلاوازییەکی ڕێژەیی هەردوو چینی پەیوەندار بەبەرهەمی تازەوە دەردەخات کە ئەوانیش: پرولیتاریای پیشەسازی و بورژوازییەتن.

پرۆلێتکارییەکان، فرەییەکی زۆریان بەخۆوە بینی چ لەناو هزری مارکسیزم یان دەرەوەی، سەبارەت چینە مامناوەدەکان (یان توێژە مامناوەندەکان، وەك ئەوەی کۆمەڵێك لەنووسینەمارکسیزمەکان دەیانخەنەبەرباس) و چەندین رەگەزی تێدان نەك تەنها فەرمانبەرو خاوەن پیشە ئازادەکانی وەك (ئەندازیاران و پزیشکان و پارێزەران و ژمێریاران...هتد) لەگەڵ بەشێکی بنچینەیی لە ئەفسەران و خوێندکاران لەخۆدەگرن، بەڵکو ئەو توێژانەش لەخۆدەگرن کەهێشتا نەبوونەتە پرۆلیتاریا، هەروەها ئەو توێژانەی نیمچە پرۆلیتاریاو پیشەوەران و بازرگانە بچووکەکان و پیشەسازیکارانی بچووکی شارنشینن و توێژی هەژارانی ناو شارەکانیش لەخۆدەگرن.

هەروا ژمارەیەك لەتوێژەران جەختیان لەسەر ڕاستی - نایەکسانی (ناهاوڕەگەزی) ناو چینی مامناوەند کردوە لەوڵاتەدواکەوتووەکاندا، لێرەدا چینی مامناوەندی نەریتگەری و چینی مامناوەندی تازە هەروەها چینی مامناوەندی بازرگانی و چینی مامناوەندی ڕۆشنبیری و چینی مامناوەندی پیشەیی و چینی مامناوەندی کارگێڕی و چینێکی مامناوەند بۆ کەمایەتی و بیانیەکان، هەروا چینی مامناوەندی شارستانی و چینی ناوەڕاستی گوندنشینیش هەن.

بەڵام لەم بوارەدا، ئەوەی لەبنەڕەتدا جێگای بایەخدانمانەو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەبابەتەکەمانەوە، ئەو توێژانەیە، یان ئەو کەرتانەیە لەچینەکانی مام ناوەندی جیهانی سێیەمدا (سەربازی و بیروکراسیەکان بەتایبەتی) کەلەسەر ئاستێکی فراوان رۆڵێکی بنچینەیی و یەکلاکەرەوە دەگێڕن لەژیانی سیاسی وڵاتانی دواکەوتوواو بژاردەی دەسەڵاتیان پێکهێناوە وەك هۆکارێك بۆ تازەگەرێتی

و گەشەپێدانی کۆمەڵگاکانیان تەماشا کراوان، بگرە کۆمەڵێکیش لەتوێژەران پێیان وایە کەمێژووی وڵاتانی دواکەتوو، مێژووی ڕابوونی چینی مامناوەندە.

توێژەکانی چینی ناوەڕاست، توێژینەوەی زۆریان لەسەر ئەنجامدراوە لەلایەن توێژەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەپەنجاکانی سەدەی رابردوودا، لەم بارەوەش (مورروبیرگەر) باس لەچینی مامناوەندی سەربەخۆ دەکات (هالپرن) باسی – چینی پیشەیی – تازەی کردووە، (جاك بیری) ناوی – ئەنتلجنسیای – لێناوە، هەروەها هەریەك لە (بیل – و لیدن)یش، ناوی – چینی مامناوەندی پیشەیی – یان لێناوە، هەروەها (ئەنوەر عەبدولمەلیك) زاراوەی چینی نوێی بەکارهێناوە.

ئەگەر لەهەندێ جیاوازی ورد چاو بپۆشین کەلەنێوان توێژەرێك و یەکێکی دیکەدا هەیە، ئەوابەگشتی کۆکن لەسەر دەرکەوتنی چینێکی کۆمەڵایەتی، کەتواناو هێزی پشت دەبەستێ بەوکارامەییانەی بەدەستی هێناوە لەرێگەی فێربوونی تازەوە، ئەو چینە لەناو ڕەوت و بوارە ناوەڕاستەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی نەریتگەری سەری هەڵدا، ئامانجی تاکەکانی ئەو چینە نوێیەش زیاتر پێشکەشکردنی خۆیەتی بەهۆی تواناو بەهرەپیشەییەکانیەوە، تاوەك لەوەی بەهۆی سامان و پەیوەندییە کەسیەکانیەوە بێت، کە دوو سەرچاوەن زۆربەی ئەندامانی ئەم چینە بەدەستیان نەهێناوە..

ئەم چینەش چینێکی مامناوەندی بورژوازی نیە، مادامێك تاکەکانی ئەو بژێویەی بەدەستیان دەکەوێت زیاتر لەمورچەو ماندوویەتی چالاکی و کارەپیشەییەکانیەوە دێت تاوەك لەموڵك و سامانیەوە یان بەهۆی کارو پرۆژە گشتیەکانیەوە بێت.

هەرچەندە ئەم چینە چینێك نیە لەڕۆشنبیرانی (ئەنتلجنتسیا – Intelligentsia)، بەڵام دەکرێ بەشێوەیەکی دروست ناوی لێبنرێت (ئەنتلجنتسیا) لەبەر ئەوەی بژاردەی رۆشنبیران پێکدێنن لەکۆمەڵگە بەپێچەوانەی تاکە فێربووەکانی چینی دەسەڵاتداری پێشوو، ئەوانە دەسکەوتی دوولایەنەیان هەبووە، لەسامانێکی گەورەو دەسەڵاتێکی سیاسی، تاکەکانی ئەم چینە نوێیە، هیچیان نییە پشتی پێ ببەستن تەنها فێربوونی تازە پسپۆری نەبێ، کەپەیوەستە بەنوێگەری و بەگەشەپێدانی ئابوری و پیشەسازییەوە.

چەند توێژێکی گرینگی ئەو چینە، توانیویانە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن لەچەندین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا، دەستیان کردووە بەجێبەجێکردنی بەرنامەکانی نوێکاریی یان (گەشەپێدان)، بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی کە هێشتا ئەندامانی ئەم چینە دوور خراونەتەوە لەبواری سیاسەتدا، ئەوا چینی مامناوەندی پیشەیی، وەك هێزێکی گەشە سەندووی بووژاوە – بەردەوام – چاوی بڕیوەتە بەشداریکردن لەدەسەڵات و حوکمڕانی لە وڵاتەکەی، هەروەها لەماوەیەکی نزیکیشدا تاڕادەیەك، زۆرێك لەتوێژەرانی ئەم بوارە گەشبینی خۆیان دەربڕیوە دەربارەی ئەو ڕۆڵەی کەدەکرێ بیگێڕێ لەپەرەسەندنی وڵاتەکەی.

(مانفرید هالبرن) یەکێك بوو لەدیارترین ئەو توێژەرانەی رۆژئاوا کەزیاتر بەرگری لەو چینەو لەڕوخسارە نوێیەکانی کردووە، هەروەها بەرگری لەڕۆڵی کاریگەری کردووە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا، ئەمەو ناوبراو نزیکەی بیست ساڵێك دەبێ چەمکی (چینی ناوەڕاستی) نوێی خستۆتە ڕوو، وەك هێزێکی شۆڕشگێری سەرەکی، لەئاکامیشدا وەك هێزێکی نوێ بۆ سەقامگیری

لەرڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (هنتینگتون)یش، ئەو بیرۆکەیەی پشت ڕاست کردەوەو پێی وابوو کەپیادەبوونی تەنها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگرێتەوە بەڵکو سنووری ئەو ناوچانەش تێپەڕ دەکات، بۆ زۆربەی ئەو ناوچانەی کەبەپرۆسەی نوێکاری خێرادا تێپەڕ دەبن.

بەڵام گرینگترین توێژەکانی ئەو چینە، خۆی لەو پیاوە سەربازییانە دەبینێتەوە کەلەتوێژەکانی تر یەکگرتووتر بوون، سەرکەوتنیشیان لەکۆکردنەوەی جەماوەردا پشت بەستنیەتی بەسوپا بەو پێیەی کەبەهێزترین ئامرازەکانیەتی.

ئەو چینە هاوشێوەی هەموو هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەکاریگەری دابەشبوون و پشێوییە ناوخۆییەکانیانەوە، پەرتەوازە دەبن، ئەو دابەشبوونەش لەئەنجامی چەند هۆکارێك روو دەدەن، وەك خزمایەتی، ڕەگەز، ئاین، پێگەوپایە، بنچینەی کۆمەڵایەتی، بنچینەی جوگرافی لەنێوان شاروودێهات، هەروەها پاش خانی خوێندن.

توێژەر (هالّبرن) پێی وایە ململانێ لەناو چینی مامناوەندی نوێ سێ دیاردەی هەیە: ململانێ لەنێوان ئەو کەسانەی ئەرکی بەرپرسیاریەتی بەکردەیی دەگرنە دەست و پێگەو موچەو دەستکەوتیان هەیە، ئەوانەش چەند توخمێکی کەمن و لەنێوان زۆرینەیەك کەلێهاتوون و هەڵگری زانست و بەهانوێیەکانن، بەڵام ئەوانە ئەو ئەرك و فەرمانانەیان بەدەست ناکەوێت کەلەگەڵ لێهاتووییان، یاخود بەهاکانیان بگونجێت.

هەروەها ئەو کەسانە (بەرپرسەکان) کاردەکەن لەپێناو بەرژەوەندی ئەو سیستمە کۆنەپارێزەی کەهەیەو مافی کۆمەڵانی دیکە لەپێگەو دەسەڵات پشت گوێ دەخەن.

ئەم جیاوازییە لەلایەکی گرینگییەوە، بۆ بوونی لەو ژمارە گەورەیە لەخاوەن بروانامە بەرزەکانی دەگەڕێتەوە کەلەگەڵ تێکڕای بارو دۆخە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکە ناگونجێت لە وڵاتانی دواکەوتوودا، بەڵام بنچینەیەکی بەهێز پێکدێنێ بۆ ئەو چینە مامناوەندە نوێیە.

ئەو جیاوازییەش هەیە کە (هالبرن) لەنێوان توخمە هەرە تازەو کۆنەکانی ئەو چینانەوە دیانخاتە ڕوو، لەو دۆخەشدا ئەو پیاوانەی کە لەتەمەنی چڵ ساڵیدان ڕەنگە هێشتا خەسلەتە لاوازو پێنەگەیشتوویی گەنجیان هەڵگرتبێ، مادامێك لەپلەو پایەو هێزدا ئەزموونیان وەرنەگرتبێ، بەڵام لەهەمان کاتدا، (پاکی قۆناغی لاوێتی) هەڵناگرن، لەم ڕەوتەدا (هالبرن) جەخت دەکاتە سەر (ململانێی نەوەکان) لەناو ئەو چنیەدا، ناوبراو ئاماژە بەگەیشتنی چەند توخمێکی ئەو چینە دەکات بەدەسەڵات کەهێشتا تەمەنیان بچووکە (تەمەنی سی و چل ساڵان) کە ئەو گەیشتنانەیانیش کارتێکردنی زیانبەخشی دەبێت بەسەر نەوەکانی داهاتوویان، بەتایبەتی لەڕووی بێبەشکردنی ئەونەوانە لەدەرفەتی پیادەکردنی دەسەڵات و پێگە، ئەمەش وا دەکات توانای زیاتریان هەبێت بۆ نانەوەو پەیدابوونی توخمی توندو تیژی و رادیکالیزمی.

لەکۆتاییدا پێکهاتەی ئەو چینە لەچەند توخمێکی نوێ، کەپشتی بەپێگەیەکی مەیدانی، یان بەهەڵی رەخساو نەبەستووە، بەڵکو پاڵی داوە بەگردبوونەوەی تاکەکەسانێکی جیاجیا ئەمە وادەکات کەبژاردەکان کراوەبن لەبەردەم ئەو چینانە، چ لەبەرامبەر دیموکراسییەت یان دەسەڵاتداری، یاخود سیستەمەدیکتاتۆرییەکان.

بێگومان (عاموس برلموند) توندترین ڕەخنەی ڕووبەڕووی چەمکی (چینی مامناوەندی نوێ) بەگشتی و هەروەها بەرامبەر بەدارشتنەکەی - هالبرن - دەربارەی ئەو چەمکە (بەتایبەت) ئاراستەکردووە.

(برلموتر) لەکاتێکدا نکۆڵی نەکردووە لەڕاستی ئەوەی پێی دەڵێن (چینی مامناوەندی نوێ) و بووەتە تەوەری سەرەکی هێزی سیاسی و ئابوری و شکۆی کۆمەڵایەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام رەتی کردەوە کەبە (چینێکی نوێ) دابینێ یاخود زێدە ڕۆبی لەکاروگرنگی بکرێت، بەتایبەتیش ئەو ڕۆڵە ئەکتیفەی رەتکردەوە کە دەخرێتە پاڵ سوپا چ لەبەرامبەر هەمان چین یانیش لەبەرامبەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی.

## چەمکی سەرمایەداری دەوڵەت، لەجیهانی سێیەمدا:

بەپێی جۆری پێکهاتەی چینایەتی لەوڵاتانی جیهانی سێیەمداو ئەو ڕۆڵە جیاوازەی کەچینەکانی ناوەڕاست دەیگێرن (بەتایبەتی بیرۆکراسی و پیاوانی سەربازی) لەلایەکەوە، هەروەها ئەو ڕۆڵە گەشەسەندووەی کە - دەوڵەت - بەئەنجامی دەگەیەنێت لە بواری پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی لەزۆربەی ئەو وڵاتانە، لەلایەکی دیکەوە، ژمارەیەکی زۆر لەتوێژەران دەستیان کرد بەبەکارهێنانی چەمکی - سەرمایەداری دەوڵەت - بۆ توێژینەوە لەرێکخستنی سیاسی و ئابوری ئەو وڵاتانە، لەم بوارەدا هەوڵدەدەین روخسارە گشتیەکانی ئەو چەمکە بخەینە ڕوو، هەروەك - جیمس بتراس - باسی لێوەکردوون.

بیرۆکەکانی - بتراس - دەربارەی چەمکی - سەرمایەداری دەوڵەت - پشتی بەستووە بە سەرنج و شیکردنەوەکانی ژمارەیەك لەکارو کردەوەی

هاوچەرخانە، لەچەندین ولاّتانی جیهانی سێیەمدا، نموونەی: لیبیا، جەزائیر، ئەسیوبیا، پیرۆ، فەنزویلا، تابەراوردکردنی ئەو حالەتانە لەگەلّ سیستمە هەرە کۆنەکانی سەرمایەداری دەولەت، نموونەی ئەوانەی کە لەتورکیاو مەکسیك دەرکەوتن لەسالاّنی سییەکان و چلەکان (سەدەی بیستەم) هەروەها لەبۆلیڤیا لەسالاّنی پەنجاکان (سەدەی بیستەم – و – ).

خالّی دەستپێکردن لەوبیرۆکانە، باس لەو ڕۆلە دەکات، کەهەریەك لە – دەولەت – و چینەکانی مامناوەند دیگێڕن لەو ئەزموونانەی کە جێگای توێژینەوەن، لەباروددۆخێکی مێژووی دیاریکراودا.

دیارە کارێکی ئەقلانیە کەلەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزی زەبە للاحی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، ئەوانی ئارەزوویەکی کراوەیان هەیە بۆ پەیداکردنی کەرەستەی خاو وبازارە خۆجییەکان، کە (دەولەتی ناسیونالستی) لەچەند ولاّتێکی ئاسیاو ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی دواین هێلّ بوو، بۆ پاراستنیان لەملکەچی و پچڕپچڕبوونی هەمەلایەن، لەڕاستیشدا ژمارەیەکی زۆر لەولاّتانی جیهانی سێیەم بەئەزموونی بە – پیشەسازیبوون – تێپەڕین، کەلەدەرەوەی سنووریان ئاراستە کراون و بەستزابوون بەو هێزە نێو دەولەتیانەوە، بەلاّم ئەو ئەزموونانە تووشی چەند لایەنێکی مەترسیدار لەکەم و کورتی بوونەتەوە (کەلێرەدا قسەکردن لەو بارەوە لەدەرەوەی سنووری باسەکەمانە)، کەبەزۆری بوون بەهۆی قبول نەکردنیان لەلایەن ولاّتانی جیهانی سێیەمەوە بەلاّم لەجیاتی ئەو حالەتە، نموونەی (سەرمایەداری دەولەت) دەرکەوت، یان (دووبارە سەری هەلّدایەوە)، وەك نموونەیەکی کۆمەلاّیەتی ئابوری سیاسی تەواوکار بۆ

پیشەسازی بوون و گەشەپێدان لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوایەتی لەجیهانی سێیەمدا.
لەڕووی دووەمەوە، ئەو هێزە پێشەنگەی دەست پێشخەری دەکات بەرەو سەرمایەداری دەوڵەت، چ بەڕێگەی پەرەسەندنەوە، یان کودەتا یاخود راپەڕینی جەماوەری یان بە تێکەڵەیەك لەهەموو ئەو شێوازانە، ئەو هێزە لەبنچینەدا گوزارشت لەتوێژی کارمەندانی دەوڵەت دەکات، چ کارمەندانی مەدەنی بن یان سەربازی.
(پێتراس) لەباسکردنی خەسڵەتەکانی ئەو توێژە دەڵێ: ئەو توێژە لەگەڵ هیچ کامێك لەو چینانەی کەمارکس باسی کردوون لەگەشە کردنی سەرمایەداریدا لەئەوروپا وەك یەك نین، ئەو توێژە نەبورژوازییەتەو نەبورژوازی بچووکە، لەبەر ئەوەی هیچییان نیە، لەچینی کرێکاریش نین، لەبەر ئەوەی راستەوخۆ پەیوەست نین بەپرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، ئەگەرچی ئەو هێزە ڕەنگە کاری خۆی لەبەرامبەر بەدەستهێنانی کرێیەك بفرۆشێ ، تەنانەت ئەگەر بڕواشمان هەبێت بەبوونی تێکەڵاوی ئەو توێژە لەگەڵ چینی کرێکار یان لەگەڵ بورژوای بچووك، ئەوا پێویست دەکات کەڕاستییەك لەبەر چاوبگرین، ئەوەیش ئەوەیە هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێی گرینگ (پێی دەوترێت توێژی مامناوەند) – Intermediarw stratum – ، پرۆژەیەکی سەرمایەداری تازەی بۆگەشەپێدان دیاریکردووە، کە پەیوەندییەکانی بازاری سەرمایەداری بەفراوانبوونی دەوڵەت دەبەستێتەوە، کێشەکەش لێرەدا ئەوەنیە کەهەوڵبدەین بۆ دووبارە پێناسەکردنی ئەوتوێژە، بەجۆرێك کەلەتواناادا بێت لەرەوتی دابەشکردنی چینایەتی کلاسیکی دابنرێت، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە لەسیماو خەسلەتە کۆمەڵایەتیە تایبەتیەکانی تێبەگەین، ئەو چەمکە باوەش،

دەربارەی بورژوای بچووکی رارای نێوان چینی بورژوای گەورە، پرۆلیتاریا، بەکەڵك تایبەت بۆ راڤەکردنی رەفتاری ئەو توێژە بیروکراسیە (مەدەنی و سەربازی) هەروەها بازرگانی و بانکی، کەدەستیان گرتووە بە سەردەسەڵات و جێ پەنجەیان بەسەر کۆمەڵگەدا بەجێ دەهێڵن.

هەروەها ئەوە چەمکە، بەردەوامبوونی رێژەیی ئەو سیستمانە، یان دووبارە بوونەوەیان شرۆڤە ناکات، کێشەو ئاڵۆزی پەرت پەرتبوون یان نەمانی چینی بورژوازیەتی بچووك کاتێك سەرهەڵدەدات، تەنها ئەگەر چەند چینێکی پرۆلیتاریاو جوتیارانی ئامادەو گرینگ هەبوون و خاوەن سەرکردایەتیەکی هۆشیاربن لەرووی چینایەتییەوەو رووبەرووی بورژوایەکی رێکخراوو تۆکمە ببنەوە، بەڵام لەگەڵ لەدەستانی ئەو مەرجانە، دەکرێ وێنای توێژێکی هۆشیار لەرووی چینایەتیەوە بکرێت کەبێتەوە بەشێوەیەکی ئاسۆیی و ستونی بەستراون و وەك چینێکی سەربەخۆ (لەکرێکاران و بورژوازییەت)، کاردەکات و پرۆژەیەکی ئابوری و سیاسی تایبەت بەخۆی هەبێت.

ئەوقەیرانە مێژووییەش کەپیاڵ بەو چینەوە دەنێت بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکەی دەربارەی دەوڵەت، گوزارشت لەشکست هێنانی فراوانبوونی سەرمایەداری نیشتمانی دەکات (لەلایەکەوە) هەروەها سەرنەکەوتنی تواناکانی پشت بەستن بەوەبەرهێنانی دەرەکی (لەلایەکی دیکەوە).

لەوهەل و مەرجانەدا چەکی سەرەکی لای توێژە ماماوەندە زاڵەکان (بیرۆکراسی زاڵ) بریتی دەبێت لە (توانای سیاسییەوە - political capacity) واتا توانای دەستگرتنی بەسەر ئامرازەکانی دەوڵەت، هەروەها گۆڕان لەدابەشبوونی هێزی کۆمەڵایەتی بکات و دووبارە ئابوری رێك بخاتەوە.

وەرگرتنەوەی خاوەندارێتی پرۆژەبیانیەکان، زەروورەتێکی ئابوورییە بۆ بەدیهێنانی سەرمایەی کەڵەکەبووی ئاراستەکراو لەلایەن دەوڵەتەوە، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ شەرعیەتی سیاسی، هەر لەرێگەی تێکەڵکردنی داهاتەکان و ئەو سەرمایانەی دەستیان بەسەرداگیراوە لەپرۆژەبیانیەکان، لەهەولێکی - نەتەوەیی - دا بۆ گەشەپێدان لەرێگەی پرۆسەی خۆماڵیکردنەوە، ئەوا بەرەنگاری یەکێك لە توخمە سەرەکیەکانی شۆڕشی (بورژوازییەتی نەتەوەیی) دێتەدی، واتە (پێکهاتنی ئابوری نەتەوەیی).

پەلامارو هێرشی سەرمایەداری دەوڵەت بۆ سەر پرۆژە ئیمپریالیزمییەکان، چەند رەهەندێکی ئابوری و سیاسی وەردەگرێت، پرۆژە ئیمپریالیزمییەکان سەرچاوەی سەرەکین بۆ زیادەی ئابوری، لەئاکامیشدا ئەو پرۆژانە هێزێکی پاڵنەر پێکدەهێنێت بۆ گەشەپێدان، بەڵام دەستبەسەرداگرتنی موڵك و سامانەکانی ئیمپریالیزم لەسروشتی پەیوەندییە خاوەندارییە سەرمایەدارییەکان ناگۆڕێت، هەر ئەو لایەنەشە کەزیاتر (بڕاس) داکۆکی لەسەر دەکات، چوونکە گۆڕان لە خاوەندارێتی ئمپرایالیزمییەوە بەرەو خاوەندارێتی دەوڵەت بەبێ هیچ گۆڕانێکی ریشەیی لەپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی (بەجیاوازییەکانی نێوان، کرێ و پاداشت و ئیتمیازاتە کارگێڕی و پلەبەندییەکانی دەسەڵاتیشەوە) یان لە رێ و شوێنە ناچارییەکانی بازار و لێکدانەوەکانی نرخ و قازانج، واتە: خاوەندارێتی دەوڵەت (بەهیچ جۆرێکی بنچینەیی) بارودۆخی بەکارهێنانی کارناگۆڕێت، بەڵام - دەتوانین بەباشتر بڵێین - رەنگدانەوەی گۆڕانێك دەکات لە - سەرچاوەی - بەکارهێنان، هەروەها رەنگە رەنگدانەوەی گۆڕانیش بێت لەئاراستەکردنی بەرهەمە زیادەکە چونکە رێژەیەکی بەرز لە داهاتەکانی وەبەرهێنان دەگۆڕێت بەرەو

ئاسانكاری بەرهەمهێنان (لەناوەوەی) دەوڵەت لەجیاتی دەرەوە، لەڕووی تایبەتمەندییە سیاسییەكانیشەوە، ئەوا دەست وەشاندن، یان لێدان لەپرۆژە ئیمپریالیزمیەكان، دەبنە یارمەتی بۆ خۆ دوورخستنەوەی ملململانێیە ناوخۆییە مەترسیدارەكان، هەروەها چەند بەشێك لەچینی دەسەڵاتداری سەرمایەداری دەوڵەت، پەیوەندییەڕاستەو خۆو ناراستەوخۆكانیان، لەگەڵ كۆمەڵە خاوەندارییەتە خۆجێیەكان دەپارێزن، ئەمەش ڕێگابە سەرمایەدارانی دەوڵەت دەدات ئەوانی كە لەسەر بەرژەوەندی سەرمایەداری ئیمپریالیزمی كەڵەكەدەبن، لەقۆناغێكی داهاتوودا روو لەپرۆژە تایبەتیەكان بكەن، بەكورتی، روخسارە گشتیەكان بۆ سیستمەكانی سەرمایەداری دەوڵەت، گوزارشت لەرۆڵی سەرەكی دەوڵەت (یان، دەوڵەتداریStiatism ) و ناراستەی بەرەو ئابوری نەتەوەیی و پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەكات.

(بتراس) جەخت لەسەر سێ هۆكار دەكات، كەپێی وایە ئەو سێ هۆكارە بەشدارییان كردووە لە پێكهێنانی سیستمە هاوچەرخەكانی سەرمایەداری دەوڵەت، هۆكارەكانیش بریتین لە:

- یەكەم/ لەدەستدانی ئیمپریالیزمی ئەمریكی بۆ پێگە پاوانكاریەكەی، كەلەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەرگرت، لەئەنجامی دەركەوتنی هێزە نێودەوڵەتیە ركابەركان، چ لەناو بەرەی سەرمایەداری (ئەوروپای رۆژ ئاواو ژاپۆن)، یان لەدەرەوەی ئەو بەرەیەدا (بەرەی سۆسیالستی)، ئەوەش ڕێگا بەهێزەكانی سەرمایەداری دەوڵەت دەدات كەئازادییەكی گەورەتری هەبێ لەهەڵبژاردنی چەشنەكانی

بازرگانی و سەرچاوەکانی پارەپێدان لەنێوان هێزە ئیمپریالیزمیە رکابەرەکاندا.

- دووەم/ کەمتوانایی بورژوای نیشتمانی لەخستنە ڕووی سیاسەتگەلێکی ئابوری سەربەخۆ، لەسەر بنچینەی ئەو پەیوەندەییە توندو تۆڵانەی کەدروست دەبن لە نێوانیان و نێوان سەرمایەداری بیانی لەلایەکەوە، هەروەها رووتێکردنی چەند بەشێکی گرینگی ئەو بورژوازییەتە بەرەو بازرگانی وکشتوکاڵ لەلایەکی دیکەوە.
- سێیەم/ لاوازبوونی رێژەی جولانەوە کرێکاریی و جوتیاریەکان کەرەنگدانەوەی لە لاوازی کادیرو رێکخراوە سەندیکایی و حزبیەکانیان دەردەکەوێت.

لەژێر کاریگەری هەموو ئەو باروددۆخانەدا، عسکریەکان وەك چاکترین هێزی سیاسی و رێکخراو دەردەکەون، بۆ سوود وەرگرتن لەپەرتەوازە بوونی سیاسی و لەرێگەی ئایدیۆلۆژیایەکی جەماوەری ناسیۆنالستیەوە، هەوڵدەدەن لایەنگری جەماوەر بەدەست بهێنن، لەوەش گرینگتر، لەکاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی، ئەوا سیستمی سەرمایەداری دەوڵەت، نەتەوەیی یان سەربازی، هەوڵدەدات خۆی لەجێگەی چینی سەرمایەداری یەکگرتوو جێگیر بکات و لەرێگەی دەوڵەتیشەوە هەوڵدەدات ئامانجەکانی شۆڕشی بورژوازی پیادە بکات، مەرجی پێشوەختەش بۆ خولقاندنی ئابوری سەرمایەداری نەتەوەیی خۆمالیکردنی پرۆژە ئیمپریالیزمیەکانە، هەروەها خولقاندنی بناغەی بازاری ناوخۆش، بریتی دەبێت لە چاکسازیی کشتوکاڵی، بەم پێیە سیستمی سەرمایەداری دەوڵەت بەهەوڵە بەردەوامەکانیەوە دەناسرێت بۆ خۆمالیکردن و چاکسازی کشتوکاڵی، ئەو شێوازەش کە بەهۆیەوە ئەو

چاکسازییە رادیکالیانەو هەروەها ئاسەوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان جێبەجێ دەبن، ئەوە بەئاشکرا ئەو هەوڵانەی ئەنجام دەدرێن لەشۆڕشی سۆسیالستی جیاواز دەبنەوە، بۆیە بیرواکراسیەتی دەوڵەت جێگای وەبەرهێنەرە بیانی و خاوەن زەوی و زارە خۆجیەکان دەگرێتەوە، وەك رێکخەری بەرهەم، هەروەها وەك خاوەن زیادەی سەرمایە.

دووەم:

## شیکردنەوەی چینایەتی وەك دەروازەیەك بۆ شرۆڤەکردنی دیاردەی حزبی:

پێشتر زانیمان کە چۆن هزری مارکسیزم - لەبنەڕەتدا - وەك راستیەکی چینایەتی دەروانێتە حزب و دوایش چۆن دەکرێ چەند حزبێکی کۆنەپەرست سەرهەڵبدەن کەنوێنەرایەتی چینە کۆنەپەرستەکان دەکەن و گوزارشت لەبەرژەوەندییەکانیان دەکەن، هەروەها دەرکەوتنی حزبە شۆڕشگێڕەکانیش کەنوێنەرایەتی چینە شۆڕشگێڕەکان دەکەن و گوزارشت لەبەرژەوەندییەکانیان دەکەن، ئەم تێڕوانینە - وەك باوە - بۆ حزبی سیاسی جێگای رەخنەگرتنی توێژەران بووە، بەپلەیەك لە پلەکان، لەدەرەوەی هزری مارکسیدا، ئەوانی تێروانیان وابوو کە ژمارەیەکی زۆری حزب دامەزراوە، بەڵام لەسەربنەمای چینایەتی نەبووە، (تەنها بەومانا گشتیە نەبێت کەخۆی دەنوێنێ لەوەی کەزۆرینەی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەنگ بەحزبێکی دیاریکراو دەدەن لەبەر ئەوەی، ئەو حزبەیان پێ چاکتر بووە لەوانی دیکە) هەروەها ئەو توێژەرانە پشتیان بەو واقیعە سیاسیە بەستووە کە لەوڵاتانی

دواکەوتووی جیهانی سێیەمدا هەیە، لەزۆرو بۆری ئەو حزبانەی کەلەسەر بنەمای ئایین، یان خێلەکی، یاخود زمان، یان هەرێمایەتی دروست بوونە.
لەراستیدا ئەو رەخنانە لەمۆرکی چینایەتی حزبەکان کەم ناکەنەوە بەقەد ئەوەی لەئارەزووی سادەکردنی ئەم مۆرکەکەم دەکەنەوە، یان دانانی توخمی چینایەتی وەك تاکە فاکتەرێك لە پێکهاتنی حزب، بێگومان پەیوەندی نێوان چین و حزبەکان زۆر ئالۆز دەبێت، لەولاتانی دواکەوتوودا، بەهۆی ئەوەی پێکهاتە چینایەتیەکان زۆرن و تێکەڵ دەبن لەناو یەکدا، سەرەرای تێپەربوونی ئەو چینانە، لەکاتی پێکهێنانی رێکخراوە حزبیەکان یان نیمچە حزبیەکان، بە چەند قۆناغێکی گواستنەوەدا، یاخود چەند ماوەیەك بۆ دووبارە پێکهاتن و دارشتنەوەیان، کەبێگومان رەنگدانەوەی لەسەر بونیادی حزبی دەبێت.
لێرەدا، ئەگەر تەنها باسمان لەوخالانە کرد کە جێی ئاماژە پێکردنن لەم بەشەدا، ئەوە دەردەکەوێت کەچینەکان، یان توێژەکانی مامناوەند، رۆلێکی کاریگەریان گێراوە لەپێکهێنانی ئەو حزبانەی کەئەرکی نوێکاری یان گەشەپێدانیان گرتووەتە ئەستۆ لەجیهانی سێیەمدا، هەروەها ئەو حزبانەیان بەخەسلەتەکانی خۆیان ناساندووە بەهەر دوو باری نەریتی و ئەرێنیدا، کەدواتر باسیان دێت، هەروا سیستمەکانی (سەرمایەداری دەولەت)یش، پێکهاتەی حزبی جیاوازیان هەبووە کە بەدەسەلاتداری بیرۆکراسی و عەسکەرتارییەتی دەولەت ناسراون، لەگەل نەبوونی چالاکی و پەیوەندییە سەرمایەداریەکان، لەچوارچێوەی ئاراستەیەکی نەتەوەیی گشتی پشوو کورت.
ئەگەرچی چەند سیستمێکی سیاسی لەولاتانی دواکەوتوودا لەهەولی بونیادنانی رێکخستنە حزبیە شۆرشگێرەکاندا بوون، بەمەبەستی جێبەجێکردنی گۆرانکاری ریشەیی لەناو کۆمەلگەدا، بەلام بێگومان لایەکی بنچینەیی

لەهۆیەکانی سەرنەکەتنیان بۆ ئینتیما چینایەتیەکەیان دەگەڕێتەوە، کەلەکۆتاییدا ڕێگربووە لەبەردەم بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە.

کەواتە کارێکی نامۆ نییە، کە شیکردنەوەی چینایەتی پێگەیەکی گرینگتری بەدەستهێنا لەلێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسییەکان، لەوڵاتانی دواکەوتوودا، بەبارو دۆخی حزبیشەوە لەو وڵاتانەدا، وەك مەرجێك ناکرێ دەستی لیٚ هەڵگیرێت بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی حزبی و خەسلەت و ئەرکە دیاریکراوەکانی:

- شیکردنەوەی چینایەتی بۆ دیاردەی حزبی و ئاشنابوون بەپێکهاتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو حزبانە، بەمانای ئاشنابوون بەو چین و توێژەکۆمەڵایەتیانە دێت، لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییە ئابوریانەی بەشداری دەکەن لەپێکهێنانی ڕێکخستنی حزبی، کەجێگای لێکۆڵینەوەن، هەروەها ڕادەی قوڵایی و ڕاستگۆیی ئەو بەشداریە، لەکاتێکدا ئەو جۆرە شیکردنەوەیە وادەردەکەوێ تارادەیەکی زۆر کارێکی ئاسان بێت لەکۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، کە هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان تاپلەیەکی گەورە تێیدا پێگەیشتوون، هەروەها پێکهێنانی دامەزراوەکانی دیکەشی بەخۆیەوە بینیوە، کەرەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانەن، ئەوا کارەکە زۆر ئاڵۆزتر دەبینرێت لەو کۆمەڵگە دواکەوتووانەی کەنەك تەنها بە ناتەواو کاری پێکهاتە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان دەناسرێن، بەڵکو بەفرەیی و شێوازی پێکەوە ژیانیشیان.

کەوابوو حاڵەتێکی نامۆ نیە ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانە چەندین ڕێکخستنی حزبایەتیان تێدا دروست بوو بێت کەنوێنەرایەتیکردنیان تەنها سنوورێکی زۆر

تسکی تاکەکانی کۆمەڵ تێپەرناکات، ئەو تاکانەی چەند پەیوەندییەکی دیاریکراوو کاتی بەیەکیان دەبەستێتەوە هەرچەندە ئەو ڕێکخستنانە هەندێ جار وادەری دەخەن کەنوێنەرایەتی تەواوی هێزە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن، یان نوێنەری هەموو گەلن.

● هەروەها شیکردنەوەی چینایەتی بۆ دیاردەی حزبایەتی، بەمانای لێکۆڵینەوە لەئاکامەکانی دروست بوونی پێکهاتە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی ئەو حزبانە دێت کە ڕەنگدانەوەی بەسەر بونیادی ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی و تواناماددییەکان و کارو کردەوەو شێوازە حزبیەکانی دەبێت.

دیارە دیاردەیەکی بەڵگە نەویستە، کە حزبەکانی بژاردەی ئەرستۆکراتی لەو بوارانەدا جیاواز دەبن، لەو حزبانەی کەلەبنچینەدا نوێنەرایەتی چینەکانی ناوەڕاست دەکەن.

هەروەها هەردوو جۆرەکە جیاواز دەبن لەو حزبانەی کەلەبنچینەدا خۆیان وەك نوێنەری کرێکارو جوتیاران، یان بۆ توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەبەگشتی رادەگەیەنن، بەڵام جارێکی دیکەش وادەردەکەوێت کەکارەکە زۆر ئاڵۆزتر بێت لەوڵاتە دواکەوتووەکان، کەلەوێ هەموو ئەو هێزانە تێکەڵ یەکتر دەبن، هەروەها جیاوازییە کۆمەڵایەتیە توندەکان تێکەڵاو دەبن لەگەڵ پچرپچڕی و دابەش بوونە ئایینی و تائیفی و هەرێمایەتیەکان، بەجۆرێك کەراستەوخۆ کارتێکردنی لەسەر خەسڵەت و کۆڵەکەکانی دیاردەی حزبایەتی دەبێت، توانای ڕێکخستنە حزبیە جیاجیاکانیش بۆ خۆرزگارکردن لەو کاریگەریانە، یان ملکەچی لەبەرامبەریان دەبێتە پێوەرێکی بنچینەیی بۆ بڕیاردان لەسەر چالاکی سیستمی حزبی و سوودەکان.

• شیکردنەوەی چینایەتی بۆ دیاردەی حزبی، بەشداری دەکات لەتێگەیشتنی ئەو ئامانجانەی کە ڕێکخراوە حزبیەکان بڵاویان دەکەنەووە، لەگەڵ ئەو ئەرك و فرمانە کردەییانەی کە بەجێی دەگەیێنن، ئەمە وێڕای چاوپۆشینیش لەو دروشمانەی کەبەرزدەکرێنەوە.

لەکاتێکدا کە شیکردنەوەی کلاسیکی بۆ حزبەکان جەختی کردۆتە سەر چەند فەرمانێکی دیاریکراو بۆ حزبە سیاسیەکان لەوڵاتانی پێشکەوتوو، چ سەرمایەداری بێت یان سۆسیالستی، ئەوا ئالۆزییەکۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان و بارودۆخی پەرسەندنی مێژوویی لەکۆمەڵگە دواکەووتووەکان لەگەڵ خۆیدا ئامانج و ئەرکی تازە دۆزراوەی بۆحزبەکان هەڵگرتووە لەو کۆمەڵگایانە:

ئەو ئامانج و ئەرکە نەریتگەیانە، جیاوازییەکی توونديان تێدا بەدیکراوە کەبریتین لەهەوڵی پارێزگاریکردن لەسیستمە کۆنەکان، بەرەو هەوڵی بەدیهێنانی گۆڕانێکی شۆڕشگێرانە، یان رادیکالیانە، کە ببێتە هۆی روخاندنی هەموو بنچینەکۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی سیستمە سیاسییەکە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی چەند چین و هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، جێگای دەسەڵاتی چینی کۆمەڵایەتی دیکە بگرێتەوە.

## باسی سێیەم:
## کاریگەرییە دەرەکیەکان و قوتابخانەی پاشکۆیەتی

دارشتن و تێهەڵکێشکردنی بیرۆکەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی لەچوارچێوەی ئەو دەروازنەی کە ئەم باسە پەیرەوی دەکات لەتوێژینەوەی دیاردەی سیاسی ناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، پشتی بەباوەڕێکی چەسپاو بەستووە کەئەویش گرینگی لایەنی دەرەکیە لەپێکهاتنی تێکرای بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کولتورییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە.
هەروەك (دکتور جەلال ئەحمەد ئەمین)یش بەراستی دەڵێت: هەندێ لەو میتۆدۆلۆجیانەی کە دەشێت لەتوێژینەوەی پەرەسەندنی ئابوری یان سیاسی یاخود کولتوری لەدەوڵەتێکی سەربەخۆدا پەیرەوبکرێن و لەژێر هیچ جۆرە فشارێکی سیاسی یان ئابوری هێزێکی دەرەکی نین، ناکرێ لە لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی دەوڵەتێك پیادەبکرێ؛ کە ئەو هێشتا سەربەخۆیی بەدەست نەهێنابێ، نەبوونی ئەو سەربەخۆییە، یان وەك راهاتووین ناوی لێ بنێین – پاشکۆیەتی – تایبەتمەندییەکی بابەتیانە پێکدێنێت، هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەمی دواکەوتوو بەشداری تێدا دەکەن ئەگەر چی پلەو فۆرمەکانیشی زۆربن.
هەرچەندە بەشێکیش لەنووسینەکان لەمەڕ پاشکۆیەتی لەچوارچێوەی توێژینەوەی (مارکسیزمی نوێ) ریز بەندکراون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەکۆمەڵە بیرۆکەکان دەربارەی بابەتی پاشکۆیەتی تەنها بەمارکسیزمەوە بەستراوەتەوە، بەڵام تەنها ئەوە دەگەێنێت کەبەشدارییەکانی مارکسیزمە تازەکان لەقوتابخانەی پاشکۆیەتیدا لەگرینگترین بەشدارییە هاوچەرخەکانە،

هەم لەپاشکۆیەتی و هەم لەمارکسیزمی هاوچەرخیشدا، بەدەستەواژەیەکی دیکە ئەو قوتابخانەیە وەك کاردانەوەیەك بوو بۆ قەیرانی لێ پێچینەوەی مارکسیزم سەبارەت بارودۆخی جیهانی سێیەم، بەهەمان شێوەش بۆ ئەوە هات تاوەکو یەکێك لەکەلێنە سەرەکیەکانی تیۆری تازەگەریتی و بیرۆکەکانی گەشەپێدان پڕبکاتەوە، هەروەك لەپێشدا ئاماژەمان پێیدا.

بەلام ئەو جۆراوجۆرەی توێژینەوەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی لەخۆیان گرتووەو هەروەها فەراهەمبوونی زۆربەی ئەو نووسینانە لە چارەسەرکردنی بوارە ئابوریەکان لەپەیوەندی نێوان جیهانی پێشکەوتوو جیهانی دواکەوتوودا - لێرەوە لەم بوارە تەسکەدا - ئەمەی لای خوارەوەمان بەسەردا دەسەپێنێ.

یەکەم، چڕ کردنەوەیەکی کورت لەخستنەڕووی بەرچاوترین ناونیشانەکانی پاشکۆیەتی، دووەمیان، ڕەنگەئەمەیان گرینگتر بێت، نزیکبوونەوە - لەبنچینەدا - لەرووە سیاسیەکانی بیرۆکەکانی پاشکۆیەتی، بەتایبەتیش، ئەوەندەی پەیوەستە بەکاریگەری پاشکۆیەتی لەسەر دیاردەی سیاسی لەکۆمەلگەی پاشکۆدا.

یەکەم/

## پاشکۆیەتی وەك داڕشتنێك بۆ کارتێکردنی دەرەکی:

ڕێبازی توێژینەوەی - ئابوری سیاسی - کەنێوان هەریەك لەئابوری و سیاسەت لە لایەکەوەو نێوان هۆکارە ناوخۆیی و هۆکارە دەرەکییەکان لەلایەکی دیکەوە بەیەك دەبەستێتەوە، پێشتر هەندێ لێکدانەوەی بۆکراوە

لەچوارچێوەی ئابوری سیاسی لیبرالیدا، جگە لەوەش دەروازەی بونیادی (Structural Repproach) لەچارەسەرکردنی ئابوری سیاسی، گرینگیداوە بەشیکردنەوەی پێکهاتەکانی پاشکۆیەتی و کۆنترۆلکردنی ئابوری جیهان، (راول بریش) کە یەك لەنوێنەرەکانی میتۆدی بونیادگەری بوو، یەکەم کەس بووە زاراوەی - ناوەند - یان - دڵ (Centre)ی - لەگەڵ دەوروبەر (periphery)ی بەکارهێناوە لەنووسینە ئابوریە هاوچەرخەکانیدا ئەوەش لەشیکردنەوەیەکدا کەلەساڵی (١٩٤٩) بڵاویکردۆتەوە، بۆ باسکردنی پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین، ناوبراو پێی وا بوو ئەم بەشە لەجیهاندا پێکدێت لە (سەنتەرێك) یان ناوەندێکی چالاکی ئابوری، کەئەویش وڵا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو رۆڵیشی ئاراستەکردن و زاڵبوونە بەسەریاندا، لەگەڵ دەوروبەردا کەبریتیە لەخودی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی ئەوانی لەچوارچێوەی ئەو ناوەندە دەجولێنەوەو بەستراون بە جولەکەی و کاریگەر دەبن پێی، ناوەندەکەش بەردەوام رووی لەخزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانیەتی بەتەواوی، بەڵام لەبەر ئەوەی قوتابخانەی پاشکۆیەتی بەو پێیەی کە گوزارشت لە دەروازەیەکی جیاواز دەکات لەئابوری سیاسی، لەو سنوورەش نەوەستا کەئابوری سیاسی لیبراڵی لەشیکردنەوەی پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئابوری، یان لەنێوان هۆکارە ناوخۆیی و هۆکارە دەرەکییەکان لەسیاسەتی نەتەوەیی دایڕشتووە، هەروەها قوتابخانەی پاشکۆیەتی لەبەکارهێنانی نەخشەو پلانی بونیادی بۆ دابەشکردنی جیهان لەنێوان ناوەندو دەوروبەر، تەنها لەسەر شیکردنەوەیەکی رەواڵەتی، یان چەقبەستوو نەوەستا بۆ راڤەکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا، (بەڵکو بەپێچەوانە) توێژینەوەکانی قوڵاییەکی تیژری گرتە

خۆی لە میانەی کۆمەڵناسیەکی گشتگیرەوە داکۆکی لەسەر ئەو سروشتە کۆمەڵایەتیە سیاسیەدەکرد دەربارەی پەیوەندیە ئابوریەکانی بەرهەم هێنان، هەر لەو بۆ چوونەوەش نەریتەکانی ئابوری سیاسی بۆ هەردوو سەدەی نۆزدەو بیستیش زیندوو دەکاتەوە.

قوتابخانەی پاشکۆیەتی گرینگترین رەگ و ریشەکانی خۆی لەپەرەسەندنی هزری مارکسی دۆزیوەتەوە، دەربارەی گەشەکردنی سەرمایەداری لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان، هەروەها ئەو قوتابخانەیە (کە زۆربەی بەشدارییەکانی دەربارەی ئەمریکای لاتینی بووە) پەلی کێشاوە بۆ ئەوەی بگاتە بەشەکانی جیهانی سێیەم، ئەویش لەسەر دەستی چەند بیرمەندێك کەلە زۆرباردا سەربەو قوتابخانەیە بوون.

بەپێی بۆ چوونی تیۆری زانایانی پاشکۆیەتی، لێکۆڵینەوە لەگەشەپێدانی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم، بەدوور لەپەرەسەندنی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، کارێکی بێ سوود دەبێ، لاکامی ئەو دیاردەیەش پێویست بەچارەسەرکردنێك دەکات بۆ جیهان وەك یەك سیستم، هەربەپێی بیرۆکەی ئەو سیستمە جیهانیە، ئەو کێشەیە بریتی دەبێت لە دۆزینەوەی ئەو رێگایەی کەبەهۆیەوە وڵاتە دواکەوتووەکان دەخرێنە ناو ئەو سیستمە جیهانیەوە، ئەوکارەش دەبێتە هۆی جیاوازی گەشەکردنیان (لەچەشنە مێژوویەکەی گەشەکردن) کە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا روویداوە.

لەم چوارچێوەیەدا، دیارە شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی کەلەنێوان کۆمەڵگە پێشکەو تووەکان و کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هەیە، لەرووی ئەو پرۆسانەی کەلەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەرێوە دەچێت، ئەو دیاردەیە پەیوەست دەبێت بەتیۆری ئیمپریالیزمەوە، بەڵام شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە بەپێی راڤەکردنی

پرۆسە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان کەلە وڵاتانی دواکەوتوودا روودەدەن، ئەوا پەیوەست دەبێت بەتیۆرەکانی پاشکۆیەتیەوە، بە دەستەواژەیەکی دیکە، هەردوو چەمکی ئیمپریالیزم و پاشکۆیەتی دەبنە دوو رووی بەرامبەر یەك لە چوارچێوەی سیستمی جیهانیدا.

ئەگەر چی ئەو پیا هەڵدانە ئەو راستیە دوور ناخاتەوە لەوەی کە پێناسەیەکی ورد نییە بۆ چەمکی پاشکۆیەتی، بۆیە لێرەدا دەکرێت قایل بین بەجیاوازی لەنێوان پاشکۆیەتی وەك پەیوەندی و پاشکۆیەتی وەك کۆمەڵەبونیادێك، ئەو جیاوازیەش لەلایەن چەند تیۆرزانێکی پاشکۆیەتیەوە دانی پیادانراوە بەتوێژەر (دووسانتۆس)ە وەش، کەپێناسەی پاشکۆیەتی دەکات بەم شێوەی خوارەوە:

بریتیە لەو حاڵەتەی کەتییدا، ئابوریەکانی کۆمەڵە دەوڵەتێکی دیاریکراو، مەرجدار دەبن بەگەشە کردن و فراوانبوونی ئابوریەکی دیکەو ملکەچیشی دەبن، هەروەها (دووسانتۆس) پێی وایە کە: پاشکۆیەتی پێویست بەگونجان و بە لەبار بوونی بونیادی ناوخۆیی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەکات، بەجۆرێك کە دووبارە دابەزرێتەوە، بەپێی توانای ژێرخانی چەند ئابوریەکی نەتەوەیی دیاری کراوی دیکە.

ئەگەر وردە کاریەکانی رەهەندە ئابوریەکەی پەیوەندیەکانی پاشکۆیەتی، کە رەهەندێکی کاریگەرە لەشیکردنەوەکانی پاشکۆیەتی، ئەگەر ئەو وردەکاریانە لەسنوری بایەخپێدانی راستەوخۆمان دەرچێتە دەرەوە، ئەوا ئەوەی جێگای بایەخ پێدانمان دەبێت، بەپلەیەکی گەورەتر بریتیە لەکاریگەری پەیوەندیەکانی ئەو پاشکۆیەتیە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی لەکۆمەڵگاکانی پاشکۆ، هەروەها رەنگدانەوەی - بەدیاریکراوی لەسەر دیاردەی سیاسی تییاندا.

## پاشکۆیەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینانەیتی کۆمەڵگەی پاشکۆ:

گفتوگۆو باسکردن دەربارەی کاریگەری پاشکۆیەتی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی لە کۆمەڵگەی پاشکۆ، پەیوەستە بەبەشی دووەمی پێناسەی پاشکۆیەتی (وەك ئێستا لەسەرەوە باسکرا)، بەو پێیەی کەبریتیە لەکۆمەڵە بونیادێك، لێرەدا ئێمە تەنها لەسەر ئەوە دەوەرستین، — ئەو جەختکردنە بەدیار بخەین — کە قوتابخانەی پاشکۆیەتی دەیخاتە سەرچەمکی (سیستمی جیهانی) وەکو دیاریکەرێك بۆ سیماکانی کۆمەڵگەی پاشکۆو دواتر رەنگدانەوەی لەسەر ئەو جەشنە بەرهەم و پێکهاتە چینایەتیەی کۆمەڵگەی پاشکۆ، وەك ئەوەی هەندێ لەنێونەرانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی دەیخەنە ڕوو.

لەڕووی یەکەمەوە، بونیادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگە پاشکۆکانی جیهانی سێیەم، بەوە وەسف دەکرێ کە بونیادێکی دواکەوتووە، ئەو بونیادەش بەدابەشکردنێکی دیاریکراو بۆ کار دەست نیشاندەکرێت لەچوارچێوەی سیستمی جیهانیدا — مێژووی جیهان هەروەك (ئەندریە جوندەر فرانك) باسی لێدەکات. تەنها یەك مێژووە، دواتر پێشکەوتنی بەشێك لەجیهان و دواکەوتنی بەشێکی دیکەی، ئەوا هەر دوولایان دوو ڕووی یەك دراون، بەو پێیەی کەهەردوولایان گوزارشت لەفراوانبوونی ئەو سەرمایەداریە دەکەن کە گەیشتووەتە دوورترین ناوچە گۆشەگیرەکانی ناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا لەبچووکترین یەکەکانیەوە لەدێهاتەکان، تا دەگاتە ئاڵۆزترین ئەو یەکانە لەشارەکان (میترۆپۆل)، ئەوانە تەنها دەرەنجامی پەرەسەندێکی مێژوویی سیستمی سەرمایەدارین، ئەو سیستمە سەرمایەدارییە

بەدرێژایی مێژووی، کاری لەسەر پوختەکردنی (زێدەبایی) کردووە لەو کۆمەڵگایانەی دەکەونە دەرەوەی سنوورەکەی، دواتر دەستی بەسەر ئەو (زێدەبایی)یە گرت و بەشێکی کەمی بۆ کۆمەڵە تاکێك بەجێهێشت لەناو خودی کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، چونکە ئەو سەرمایەدارانە دەستێکی درێژیان هەیە بۆ ئەوەی بگەنە دوورترین ناوچەکانی جیهان و گۆشەگیرترین ئەو ناوچانە لەوێ دەکرێ - زێدەبایی - لەجوتیاران و وەرزێرە بچووکەکان و کرێکاران بەدەست بێنن، هەروەها بیگوازنەوە بۆ مەڵبەندی جیهانی سەرمایەداری، ئەو کارەش دەبێتە هۆی پەرەسەندن و گەشەپێدانی ئەو کەمایەتیەی کە ئەو زێدەباییە بەدەست دێنێت و دواکەوتنی ئەو زۆرینەی کەبەکاری بەرهەمهێنان هەڵدەستێ، لەئاکامی ئەوەشدا جۆرێك لەجۆرەکانی جەمسەرگیری دەردەکەوێت لەنێوان مەڵبەندو وڵاتانی دەوروبەر بەجۆرێك کەمەڵبەند دەتوانێت هەموو کارێکی بچووك و گەورە دیاری بکات لەدەوروبەردا. ئەوەش بەومانایە دێت، یەکەی شیکردنەوەی بنچینەیی کە تەوەری توێژینەوەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتیە، بریتیە لە (سیستمی جیهانی)، - لەدواییدا وادەگەیەنێت کەلەشیکردنەوەی یەکە گۆشەگیریەکانی وەك: گوند، خێڵ، دەوڵەت، واپێویست دەکات سەرنجی ئەوە بدەین کەهیچ یەکێکیان دوورنین لە سیستمی جیهانیەوە، هەموو پەیوەندییە ناوخۆییەکانیان و بونیادی چینایەتی و سیستمە سیاسییەکەشیان لەمیانەی ئەو سیستمە جیهانیە دەکرێت دیاری بکرێت.

بەڵام ئەو چەشنە بەرهەمەی کەلەکۆمەڵگە پاشکۆکان دەردەکەوێت، بەهۆی پێگەیانەوە، لەناو سیستمی جیهانی، هەروەها لەچوارچێوەی ئەو دابەشکردنە نێو دەوڵەتیەی کەبۆ کار دەیسەپێنێت، ئەو بارە جێگای بەشداریکردنی

لێکۆڵینەوەی زۆربووە لەلایەن بیرمەندی پاشکۆیەتییەوە، ئەگەر چاویش بپۆشین لە پیاهەڵدانی چەشنی بەرهەمهێنان لەقۆناغی (پێش سەرمایەداری)دا کەلەناوکۆمەڵگە دواکەوتووەکان بڵاوەی کردوە، لەگەڵ خەسڵەتەکانی وەك: کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی یان دەسکەوتەکانی...کەلێکۆڵینەوەکان بەمەبەستی شیکردنەوە روویان تێکردووە، لەم بارەدا ئەوەی کە لەسەری کۆکن ئەوەیە کە دزەکردنی دەسەلاتی سەرمایەداری سەر بەوڵاتانی ناوەند، بەرەو وڵاتە پاشکۆکان نەبووە هۆی گەشەکردنی سەرمایەداری لەو وڵاتانە، وەك ئەو گەشەکردنەی کەلەخودی وڵاتانی ناوەند روویداوەو بەو شێوەیەی کەمارکس پێشبینی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا (لەبەرزۆرهۆ) ئەو گەشەکردنە شێوەیەکی تری وەرگرت، چەند شێوازێکی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری دەرکەوتن، بەڵام دواکەوتوو پاشکۆو شێواو.

لەڕوانگەی شیکردنەوەو لێکدانەوەی ژمارەیەك لەبیرمەندانی تیۆری پاشکۆیەتی بۆ شێوازەکانی بەرهەم هێنان لەچەند کۆمەڵگەیەکی پاشکۆ، ئەو بیرمەندانە هەوڵی دیاریکردنی پێکهاتەی چینایەتی ئەو کۆمەڵگایانە یان داوە بەرچاوکردنی ئەوەی – کەدواتر – ئەو پێکهاتە چینایەتیانە بەپێی پەیوەندییەکانی پاشکۆیەتی پێکدێن.

چینەکان و نیمچە چینەکانی وەك: بورژوار کرێکارو جوتیاران هەروەها چینەکانی ناوەڕاست، جێگای بایەخ پێدانی جیاواز بوونە، بۆ نموونە (فرانك) جەختی لەسەر ئەو پەیوەندییە بەتینەی نێوان بورژوازییەتی ناوچەیی و بورژوازی جیهانی کردووەتەوە، بەتێروانینی ئەو چینەکانی دیکە (ئەگەر لەناوەندبن یان لەدەوروبەر) ملکەچی ئەو دوو چینە هاوپەیمانە دەبن، کەلەوێ بەشە فراوانەکەی جوتیارە پرۆلیتاریەکان ئەرکی گەورەتر هەڵدەگرن

لەدابەشکردنی کاری جیهانی، ئەوانە پرۆلیتاریای راستەقینەن، سەرەڕای پرۆلیتایای شارو چینی کرێکارو کارمەندانی یاخسپی، بەڵام بورژوازییەتی پاشکۆ، بورژوازیەتی راستەقینە نیە، بەجۆرێك ئەو توانایەی هەبێت کە رۆڵێك لە گەشەکردنی ئابوری و شۆڕشی دیموکراسی سیاسیدا بگێڕێ، هەروەك چۆن لەرۆژئاوا هاوشێوەکەی ئەنجامیداوە، بەڵکو ئەو بورژوازییەتەرۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕێ لەپاڵپشتیکردنی بازنەی پاشکۆیەتی و دواکەوتن، (فرانك) ئەو بورژوازییەتەی ناساندبەوەی کە بورژوازییەتێکی شرو پەرپووتە، کەتەنها گەشەکردنێکی نابووت وەبەرهەم دێنێ و بریتیە لەحاڵەتێکی دواکەوتنی هەژارانە، کە بازرگانی دەرەکی هەموو خسڵەتێکی ڕاستەقینەی گەشەکردنی لێ زەوت دەکات.

هەواڵنامەی کیمیا

## ڕەتکردنەوەی ڕاڤەکردنی یەکلایەنە، پاشکۆیەتی و چینەکان:

دیارە کارێکی نامۆنیە کەقوتابخانەی پاشکۆیەتی زۆر جار یەك جۆرە شرۆڤەی خستۆوەتە ڕوو بۆ هەموو پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان لەوڵاتانی پاشکۆدا، کەباس لەپێگەی ئەو وڵاتانە دەکات لەناو سیستمی ئابوری جیهانیدا، ئەو حاڵەتەش بووە بەهۆی ئەوەی کەڕەخنەی گرینگ بەرەو رووی ئەو قوتابخانەیە بکرێتەوە بەتەواوی، بۆیە هەوڵی بەستنەوەی هەموو گۆڕانکاریەکان لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا، بەپەرەسەندنی سەرمایەداری لە جیهانی پێشکەوتوودا، بوو بەهۆی گرنیگدانی زیاتر بەو پەرەسەندنە سەرمایە دارییە، ئەویش لەسەرحیسابی کێشەکانی دواکەوتن و تێگەیشتنی دروست بۆ بونیادی چینایەتی و پەیوەندیەکانی بەر هەمهێنان لەوڵاتانی دواکەوتوودا، دیارە ئەو

ناراستەیەش کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان دروست کردووە، تەنانەت کاتێك تیۆری زانایانی پاشکۆیەتی بایەخیان بەچینەکاندا لەو کۆمەڵگایانەدا ئەوا ئەو بایەخ پێدانەیان لەبنچینەدا بەزۆری لەسەر حسابی چینی بورژوازییەت بووە، نەك چین و توێژەکانی دیکە، هەر چەندە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، رۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبووە لەجیهانی سێیەمدا، هەروەك پێشتر ئاماژەیان بۆ کراوە.

دیارە ئەو پراکتیزەکردنە سادەو ناتەواوەی قوتابخانەی پاشکۆیەتی بوویتە هۆی کەمتوانایی لەتێروانینی پرۆسە هەرەیەکلاکەرەوەکانی پێکهاتە چینایەتیەکان و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی دەبنە هۆی دروستبوونی گۆڕان، هەروەها پێکهاتە سنووردارەکانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە لەسەر ئاستی جیهاندا سەرهەڵدەدەن، چونکە ئەوە خودی سیستمی جیهانی نیە گۆران دێنێتە ئاراوە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بەلام ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی سەر هەڵدەدەن و چالاکی دەنوێنن، ئەوانن بازاڕی جیهانی وەبەرهەم دەهێنن، ئەو گۆڕانکارییانەش کەلەناو کۆمەڵگاکان روو دەدەن بەکاریگەری شۆڕ بوونەوەیان بۆ ناو بازاری جیهانی، پێویست دەکات وەك پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی گەشەسەندوو تەماشابکرێن، لەنێوان هێزو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ناو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و نێوان ئەوانەی کەلەبازاڕی جیهانیدا بوونیان هەیە.

لەروانگەی ئەو رەخنەیەوە (جیمس پێراس) شیکردنەوەیەکی خستەڕوو، ناوبراو جووت بەندییەك دەکات لەنێوان شیکردنەوەی چینایەتی و پاشکۆیەتی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەباروودۆخی وڵاتانی دواکەتوو، لەقۆناغی دوای سەربەخۆیی یان ئەوەی (پێراس) ناوی لێناوە گواستنەوە لەقۆناغی دەسەڵاتی

ئیستعماری راستەوخۆ بۆ قۆناغی ئیستعماری نوێ، هەر بەپێی ئەو شیکردنەوەیە شێوەکانی داگیرکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی پاشکۆدا درێژە پێدانێك بووە بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئیستعماری، دەبینین بەرپرسی دەسەڵاتی ئیستعماری لەناوخۆ هەر خۆی بەرپرسە بیانیەکە بووە لەدەرەوە، هەروەها ناکۆکی سەرەکیشی بوونی هەبووە لە نێوان سەرمایەداری ئیمپریالیزمی و نێوان چینی کرێکاران لەوڵاتانی داگیرکراودا، خەباتی نەتەوایەتیش - لەبەشێکی گەورەبدا- چینە ناوخۆییەکان یان ململانێ سیاسییەکان رۆڵیان تێدا نەگێراوە، بەڵام لەقۆناغی ئیستعماری نوێدا، ئەوە سەربەخۆیی نەتەوایەتی و پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوایەتی، بوون بەهۆی خولقاندنی چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی کەدەکەونە نێوان سەرمایەداری ئیمپریالیزمی و نێوان هێزی کرێکارانەوە.

ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانەی کەلەچەند سەر چاوەیەکەوە هەڵقوڵاون، نموونەی بزووتنەوە سیاسیەکان و زانکۆکان و هێزی چەکدارو دەزگاکانی خزمەتگوزاری مەدەنی، ئەوانە توێژو گرووپی ناموڵکدارو ناوەڕاست دەنوێنن، کەرەگ و ریشەی خۆیان لەبیروکراسیەتی دەوڵەتدا دەبیننەوە، هەروەها رێگەی خۆیان دۆزییەوە بۆ ئەوەی تواناکانی دەوڵەت بگرنە دەست بەداهات و خەرجییەکانیشیەوە.

دواتر (بتراس) دەچێتە سەرباسێکی دیکە بۆ ئەوەی چەند ستراتیژیەتێك روون بکاتەوە لەبەردەم توێژە نەتەوەییە مامناوەندەکاندا لەوڵاتانی دەورووبەر، کەبریتین لە چەند بژاردەیەك (لەبەشێکی گەورەیدا) کاری لەسەرجۆری هاوپەیمانێتیە چینایەتیەکان (ناوخۆیی و نێو دەوڵەتی) دەوەستێت، هەروەها لەسەر هێزی سازشکاری چینەکان لەناو هاوپەیمانیەکاندا، بەو پێیەش سیستمی

نەتەوایەتی دوای بەدیهاتنی سەربەخۆیی (بەلای کەم) دەتوانێت لەنێوان سێ ستراتیژییەت، یان سێ جۆر لەهاوپەیمانێتیە چینایەتیەکان هەلبژێرێت، بۆ بەدیهێنانی کەلەکەبوونی سەرمایەداری دیارە ئەو دیاردەیەش لەدواییدا کاریگەری دەبێت لەسەر دابەشبوونی دەرامەت.

## (بتراس) ئەو ستراتیژیەتانە دابەش دەکاتە سەر سێ جۆر:

یەکەمیان: ناوی لێدەنێت نموونەی ئیستعماری نوێ، کەپشتی بەکەلەکەبوونی سەرمایە دەبەستێت لەسەرەوەو لەدرەوە، واتە بەهاوکاری لەنێوان دامەزراوە ئیمریالیزمیەکان و چینە بالادەستەکان بۆ چەوساندنەوەی هێزە کارگەرەکان لەناوخۆدا، ئەم شێوازەش یان ئەم نموونەیەش دەبێتە هۆی چڕ بوونەوەی دەرامەت لەدەستی سەرمایەداری بیانی.

دووەمیان: نموونەی گەشەپێدانی بورژوای نەتەوەیی، کەلەگەشەسەندندا پشتی بەسەرمایەداری نیشتمانی، یان بەدەولەت دەبەستێت، هەروا ئەم شێوازە رێگە لەوزێدەباییە دەگرێت کەڕووی کردۆتە دامەزراوەکانی ئیمپریالیزمی و دەبێتە هۆی چڕ بوونەوەی دەرامەت لەناو دەستی توێژەکانی مامناوەند کە (شێوەی بژاردەی دەسەلاتدار لەدەوروەبر وەردەگرن).

سێیەمیان: ستراتیژی نەتەوەیی میللی کەلەسەر هاوپەیمانێتی نێوان توێژەکانی مامناوەندو کارگەرەکان دامەزراوە، لەگەل فراوانکردنی بازنەی دەسەلاتی نەتەوایەتی لەڕێگای خۆمالیکردنەوە، ئەم ستراتیژیەتە دەبێتە هۆی فراوانبوونی بنکەی کۆمەلایەتی بۆدابەشکردنی دەرامەت.

دووەم/

## پاشکۆیەتی وەك دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی دیاردەی سیاسی و حزبەکان لەجیهانی سێیەمدا

بیرۆکەی پاشکۆیەتی وەك گۆڕاوێکی بنچینەیی لەلێکۆڵینەوەی بارودۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەکان لەوڵاتانی دواکەوتوودا، جێگای رەتکردنەوە نەبووە، تەنها لە سنوری وردەکاری، یان لەسنوورێکی بچووکی ئەو بیرۆکەیەدا نەبێت، هەر چەندە ئەدەبیاتی پاشکۆیەتی خەسڵەتی زۆری یاخود چڕی باسەکانی پێوە دیارە، بەڵام ئەوەی خەوشداری دەکات، نەك تەنها گرینگی دانە بەوەی کەدەرەکیە لەسەر حسێبی ئەوەی کە ناوخۆییە، هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵکو بایەخدانیشە بەلایەنە ئابورییەکە لەسەر حسێبی لایەنە نائابورییەکان، واتە بێ ڕەچاوکردنی بوارەکانی دیکەی وەك: سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری.
هەروەها رەخنە لەقوتابخانەی پاشکۆیەتی گیراوە، بەهۆی لایەنگیری بۆ گشتگیری کردنی توندی، هەرچەندە بوارەبنچینەییەکەی (واتا کۆمەڵگە دواکەوتووەکان) بە سروشتی خۆی ، خەسلەتی جۆراوجۆری و جیاوازی زۆری پێوەیە، کە ئەوەش – لەدواییدا – روو لەو ئاراستەیە دەکات کەزۆرێك لەراستیە مێژوویی و لۆژیکیەکانی پشتگوێ بخات.
لەراستیشدا هەروەك (بالما) دەڵێت: زۆرێك لەتوێژەرانی پاشکۆیەتی لەکیشوەری ئەمریکای لاتینی سەرکەوتوو نەبوون لەتێگەیشتنی تایبەتمەندێتی ئەو پرۆسە مێژووییەی کەبە هۆیەوە سەرمایەداری دزەی کردۆتە ناوکیشوەری

ئەمریکای لاتینی و تێیدا بلاوەی کردووە، ئەوان تەنها لایەنە نەرێنییەکانی پاشکۆیەتیان رەتکردۆتەوە، شیکردنەوەکانیان بە زنیجرە وتارێك تەواو کردووە دەربارەی (چەقبە ستوویی) لەهەولێکدا بۆ بونیادنانی تیۆرییێکی بنچینەیی بۆ چەمکی دواکەوتن. دیارە ئەو بۆچوون و بیرۆکانەش هەڵەبوون، نەك تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ راستیەکان هاوئاهەنگ نابن بەڵکو لەبەر ئەوەی سروشتەمیکانیزمیە – رواڵەتیەکەی دەیخاتە بارێکی ستاتیکی (بی جوڵە) و نامێژوویییەوە.

هەوڵەکان بۆ خۆدوورخستنەوە لەو خاڵە لاوازانە (هەروەك خرایەروو) هاندەربوون بۆ چەند لێکۆڵەرێك، بۆ تێکەڵکردنی نێوان بیروباوەرەکانی پاشکۆیەتی لەگەڵ شیکردنەوە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان لەپێناو شیکردنەوەی قوڵتر و هەمەلایەتی زیاتر بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکان لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکانی جیهانی سێیەمدا، ئەو بوارەشمان – بەتایبەت – لەکارەکانی (بتراس) کردە ئامانج.

لەچوارچێوەی ئەو سنوورو هەوڵانەدا، چەند بەشدارییەك خرانەروو، لەلایەن لێکۆڵەرەوانی تیۆری پاشکۆیەتی، بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی سیاسی لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، ئەو چارە سەرییەش لەرێگەی چەند دەروازەیەکەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هاتوونەتەدی:

١– ئەو (فۆرمە کلاسیکییە) بۆ چارەسەرکردنی کاریگەری پاشکۆیەتی لەسەر بارودۆخە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، بریتیە لەچارەسەرکردنی بارودۆخەکان بەو پێیەی گوزارشت لەبونیادە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکە دەکات، کەپەیوەندییەکانی پاشکۆیەتی دەسەڵاتی لەپێکهێنانیان هەیە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێدراوە کەواتە

ئەوە چارەسەرێکی ناراستەوخۆیە لەزۆربەی کارەکلاسیکییەکانی پاشکۆیەتی باسیان هاتووە.

هەر بەپێی ئەو تێروانینە، دامەزراوە سیاسیەکان و کردارە سیاسیەکان لەکۆمەڵگەی پاشکۆ، لەرێگەی دیاریکردنی پێگەکەیان لەناو سیستمی جیهانیدا پێکدێن، هەروەها ئەرکی سیستمی سیاسی لەکۆمەڵگەی پاشکۆ بریتی دەبێت لەپاڵپشتیکردنی پەیوەندییەکانی پاشکۆیەتی.

دیارە ئاکامی ئەو حاڵەتەش ئەوەیەکە دەسەڵاتی سیاسی لەکۆمەڵگەی پاشکۆ چڕ دەبێتەوە لەناو دەست توێژێکی بچووکدا، هەروەها بورژوای پاشکۆ، بۆرژوایەکی راستەقینە نییە، لەبەرئەوەی بوونی نابێتە هۆی رووداني شۆڕشێکی بورژوازی لەسەر ئاستی ئابوریدا، یان شۆڕشێکی دیموکراسی لەسەر ئاستی سیاسیدا، بەڵکو ئەو بورژوایە چەندین تاکتیکی جۆراو جۆر بەکاردەهێنێت بەپێی بارودۆخی پاشکۆیەتیەکە، ئەو تاکتیکانەش خۆیان دەنوێنن لەنێوان شێوازە یاساییە پەرلەمانییەکان و کودەتا سەربازییەکان تا دەگاتە شێوازی بانگەشە بۆ بزووتنەوی نەتەوایەتی یان رووداني هاوپەیمانێتیەکی ساختە لەگەڵ کرێکاران.

٢- بەڵام چەند توێژەرێك بەئەنقەست راستەوخۆ روویان کردە توێژینەوە لەو پەیوەندەییەی کەلەنێوان پاشکۆیەتی و دیاردەی سیاسی لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا هەیە، لێرەدا خاڵی بنچینەیی خۆی کارتێکردنی پاشکۆیەتی بووە لەدارشتن و پاڵپشتی کردنی - دەوڵەت - لەکۆمەڵگە پاشکۆکان، توێژەری پاکستانی (حەمزە عەلەوی) لەم بوارەدا بەشدارییەکی گرنگی هەیە بەبۆچوونی ئەو، کێشەی بنچینەیی دەربارەی دەوڵەت لەکۆمەڵگاکانی دوای ئیستعمار ئەوەیە کە دەوڵەت لەسەر دەستی بۆرژوایەکی خۆجێی هەڵکشاو

دروست نابێت، بەڵام لەجیاتی ئەوە بەهۆی بۆرژوایەکی ئیمپریالیزمیانەی بیانی دروست دەبێت، لەکاتی سەربەخۆییدا دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەو بورژوا ئیمپریالیزمییە بەسەر دەوڵەتی داگیرکراودا کۆتایی دێت، بەڵام ئەوە بەمانای کۆتایی هاتن نیە بەدەست ڕۆییەکەی و لەدوایدا بۆرژوای ئیستعماری مانەوەی درێژە دەکێشێ لەکۆمەڵگەدا تادوای قۆناغی ئیستعماریش، هەروەها هەردوو بورژوا (واتا خۆجێی و ئیستعماری نوێ) لەدەستڕۆیی یەکتر ڕێگر نابن، ئەگەرچی بەرژەوەندییەکانیان ڕکابەری یەکتر دەبنەوە.

سەرەڕای ئەوەش، بژاردەی دەسەڵاتداری سەربازی بیروکراسی و دەزگای دەوڵەت، بەشێوەیەکی ڕێژەیی تا ڕادەیەك ڕۆڵێکی ئابوری نوێ و سەربەخۆدەگێڕێ، دەوڵەتیش لەکۆمەڵگای دوای قۆناغی ئیستعماری (ڕاستەوخۆ) خاوەن بەشێکی زۆر گەورە دەبێت لەزێدەی ئابوری، هەروەها ئەرکی بڵاوکردنەوەی دەگرێتە ئەستۆ لەڕێگەی چالاکییەکی ئابوری ناڕاستەکراوی بیروکراسیانە بەناوی بەرزکردنەوەی گەشەپێدانی ئابوری، ئەو مەرجانەش بەشێوەیەکی بنچینەیی، دەوڵەتی دوای ئیستعمار لەو دەوڵەتە جیادەکاتەوە کەلەشیکردنەوەی تیۆری کلاسیکی مارکسیدا باسی هاتووە، بەڵام دەزگای دەوڵەت تەنها لەبژاردەیەکی دەسەڵاتداری بیرۆکراسی سەربازی پێك نەهاتووە، لەبەر ئەوەی کاتێك چەند فۆرمێکی دیموکراسی لەحوکمڕانی دەگرێتە خۆی ئەوا سیاسییەکان و حزبەکانیش بەشێك لەدەزگای دەوڵەت پێکدێنن.

٣- سەرەڕای کارتێکردنی یەکلاکەرەوەی ڕاستی پاشکۆیەتی (کولتوری و ئایدیۆلۆژی) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەسەر باروودۆخە سیاسییەکان لەکۆمەڵگای پاشکۆدا، ئەوا ئەو لایەنانە هێشتا پێویستیان

بەشیکردنەوەو روونکردنەوەی زیاتر هەیە، لەم بارەوە یەکێك لە توێژەران (بەراستی) دەڵێت: پشت گوێ خستنی رەگەزە بەهادارە کولتورییەکان وایکرد لایەنگرانی پاشکۆیەتی چەندین راڤەکردنی - میکانیکی - بخەنەڕوو دەربارەی سیستمی دەوڵەت و کۆمەڵەکانی بژاردە، لێرەدا ئەو بیرۆکانە بەشێوەیەکی میکانیکی گەریندراونەتەوە بۆ ئەو نۆرم و بنەما ئابوریانەی کە بەستراونەتەوە بەفراوانبوونی سەرمایەداری، سەرەڕای سەرنەکەوتنیان (لایەنگرانی پاشکۆیەتی) لەئامادەکردنی روونکردنەوەیەکی قەناعەت پێ بهێن بۆ گۆڕانی سیاسی و سەقامگیری سیاسی، بۆیە پێویستە لەسەر تیۆری پاشکۆیەتی کە تێگەیشتنی بۆ لێکۆڵینەوە لەبەهاکان و کولتوردا هەبێت بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها پەیوەندی ئەو کولتورە بەپەیوەندییە چینایەتیەکان و ئەو شێوازەی کەبە هۆیەوە کولتورە نوێیەکە بڵاودەبێتەوەو ئەو کۆمەڵانەی بڵاوی دەکەنەوە، بۆیە لەپێش هەموو شتێك دەبێ تێگەشتن بۆ جۆری ئەوکولتورە و کارتێکردنی لەسەر ئاستەکانی هۆشیاری هەبێت لای ئەو چینانەی وەریدەگرن، لەوانەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە رۆشنایی بخاتە سەر ئەو رۆڵەی کەبەها نوێیەکان دەیگێڕن (واتە جۆرایەتی ئەو بەهایانە و پلەی کارتێکردنیان لەسەر هۆشیاری سیاسی) لەپاڵپشتی کردنی پاشکۆیەتی.

٤- لەکۆتاییدا، چەند توێژەرێك ئاماژەیان داوە بەکارتێکردنە راستەوخۆیەکانی هێزە گەورە دەرەکیەکان لەسەر پەرەسەندنی حزبی لەوڵاتانی دواکەوتوودا، نەك تەنها بەرێگەی شێوازە - بیلانگێرییەکان -وەو خستنەرووی شێوە جیاجیاکانی هاوکاری لەلایەن هێزە سیاسییە دۆستەکانەوە، بەڵکو بەشێوەی ناراستەوخۆش کەپەیوەستە بەسروشتی ئەو هاوکارییە دەرەکیەی کە وڵاتە دواکەوتووەکان وەریدەگرن، بەرچاوترین

شێوەکانی ئەو کارتێکردنەش لەبەرنامە هاوکاریەکەی ئەمریکا دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکان و دەزگا بیروکراسییەکان لەسەر حیسابی حزب و سیستمە حزبیە لاوازەکان، لەبەر ئەوەو لەپێناو بەهێزکردنی گەشەپێدانی ئابوری، دەبینی ئەو هاوکارییە هونەرییەی بۆ تازەکردنەوەی سیستمە بیرۆکراسییەکان تەرخانکراوە لەکیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقیا، کێشەکانی سیاسی پشت گوێ دەخات و ڕەنگە سەرکەوتووش نەبێت لەخولقاندنی چوارچێوەیەکی سیاسی، هەر چەندە (بەبێ ئەو چوارچێوەش) بەرنامەکانی گەشە پێدانی ئابوری کە حکومەت دایرشتوون تەنها سەرکەوتنێکی کەمی بەدەست هێناوە.

توێژەرێکی دیکە دەڵێت: ئەو بەرنامە هاوکاریانە بەکردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یان سەرکوتکردنی حزبە سۆسیالیست و جەماوەرییەکان دادەڕێژرێن، دیارە ئەو دیاردەیەش ڕێگر دەبێت لەبەردەم گەشەکردنی خۆکاریی حزبەکان، تەنانەت لەو سیستمانەش کەهۆکارەکانی گەشەکردنی تێدا زۆرە.

لەلایەکی دیکەوە، گومان لەگرینگی ئەو پەیوەندەیە نییە کەلە نێوان حزبە سۆسیالست و کۆمۆنیستەکان هەیە لەولاتانی دواکەوتوودا، هەروەها لەنێوان هەردوو حزبی کۆمۆنیستی لەیەکێتی سوڤیەتی – پێشوو – و چینی میللی، ئەمەش لەو پرسە بەدەردەکەوێت کەنەك تەنها لەهاوکارییان لەدژی حزبە سیاسیە خۆجێیەکانی تر، یان زاڵبوونی بەشێکیان بەسەر بەشێکی تر، بەڵکو لەدابەش بوونیشیان بەپێی ئەو کەرتبوون و جیابوونەوەیەی کەروویدا لەنێوان هەردوو حزبی گەورەدا، هەروەها (بەپلەیەکی کەمتریش) دەکرێ باس

هەڵاڵەی کتێب

لەپەیوەندییەکانی نێوان ئەو حزبانە بکەین کەئالآی (سۆسیال دیموکرات) یان هەلگرتووە لەڕێکخستنی (سۆسیالستی نێو نەتەوەیی) دا.

## پوختەی باسەکە:

ئەگەر کێشەی میتۆد بەیەك لەزۆرترین ئەو بابەتانە بوو بێت کە تائێستا وروژاندنی دیالۆك بەرجەستە دەکات، لەنێوان توێژەرانی سیاسەت، ئەوا — بێگومان — کارەکە بەشێوەیەکی توندتر پراکتیزە دەبێت لەسەر لێکۆڵینەوەکانی دیاردەی سیاسی لە ولآتانی دواکەوتوودا، قوڵی و راستگۆیی ئەو بەشداریانەش هەرچۆنێك بوو بێت، کەبیرمەندو توێژەران لەدەرەوەی جیهانی سێیەم ئامادەیان کردووە لەبواری داهێنان و دارشتنی چەمك و تیۆرو میتۆدەکان، بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەکانی دواکەوتن و گەشەپێدان، چ لەڕەهەندە سیاسیەکان، یان ناسیاسیەکان، ئەوا ئەو بەشداریانە (بەپلەیەك لە پلەکان) دەکەوێتە ژێر کۆت و بەندی ئەو شارەزایی و بارە راهاتووەو ئەو ئامانجانەی کەجیاواز دەبن لەگەڵ شارەزایی و واقیع و ئامانجەکانی گەلانی جیهانی سێیەم، ئەو حاڵەتەش راستییەکە ماوەیەکی کەم نییە زۆرێك لەتوێژەرانی رۆژ ئاوایی تێی گەیشتوون و وردە وردەش بەقوڵی شۆڕدەبنەوە ناو چوارچێوەی ماریفی و میتۆدیی بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لەتوێژەرانی هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە خەڵکانی جیهانی سێیەم.

بەم جۆرە توێژەری سیاسەت لەناو خەڵکانی جیهانی سێیەم، کەوتووەتە بەردەم داواکارییەك نەك تەنها تێگەیشتن بێت لەچەمك و تیۆری میتۆدەکان، بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنێ بەشێوەیەکی ئامێری و رووکەش، بگرە شێواویش

هەندێ جار ، بەڵکو هەستان بەپشکنینی و تێگەیشتنی، لەگەڵ خستنە ژێرباری هەموراکردن یان پێداچوونەوە یاخود رەتکردنەوە.
لێرەوە – بەدیاریکراوی – ئەو گرینگیە سەر هەڵدەدات کەئەو لێکۆڵینەوەیە دەیخاتە سەر بابەتە میتۆدۆلۆژیەکە، ئەویش لەسنوری چوارچێوەی گشتی لێکۆڵینەوەکە، ئەگەرچی ئەو دەروازە میتۆدۆلۆژییە بنەرەتیانە کە لێرەدا خراونەتە روو (واتا ئەدەبیاتی گەشەپێدانی سیاسی و پەرەسەندنەکانی و تیۆرییەکانی شیکردنەوەی چینایەتی و دواتر بیرۆکەکانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی) سەرەڕای بابەتە لاوەکیەکانی تریش کەلێی جوودا دەبنەوە، لەهزرو چەمکەکان، کەدوایش بەکاردەهێنرێن بۆ چارە سەکردن و شیکردنەوەی دیاردەکە وەکو باس، ئەو بەکارهێنانە، رەنگدانەوەیەکی میتۆدی و تیۆرییان دەبێت، کە ئەم خسلەتانە لەخۆ دەگرێت:
•داکۆکی کردنی لەسەر فرەیی میتۆدی لەجیاتی یەك میتۆد، ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کە لەدەروازەکەوە زیاتر بچێتە ناو بابەتی شیکردنەوەکەو پشت بەستن بە زیاتر لە تیۆرییەك، ئەم فرەییەش تەنها دەستی توێژەر ناگرێ بەرەو ئاشنابون لەهەموو رەهەندەکانی دیاردەکەو هاوسەنگی ئەو دیاردانە، بەڵکو یارمەتیدەریش دەبێت بۆ تێگەیشتنی دیاردەکە لەپەرەسەندن و ئاوێتە بوونەکانی لەماوەی قۆناغە مێژووییەکاندا، سەرەڕای بەشداریکردن لەکەمکردنەوەی رەگەزی خودی لەشیکردنەوەدا تا وردترین پلەکانی، بۆ نموونە، ئەو توانایانەی کە ئەدەبیاتی سیاسەت دەیان رەخسێنی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی گەشەپێدان و دامەزراوەکانی و روخسارەکانی سەرکردایەتی و بژاردەی ناوکۆمەڵ و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتداری و پاشکۆیەتی کەسێتی،

لەلێکۆڵینەوەی دیاردەی حزبی لەوڵاتانی دواکەوتوودا، هەموو ئەوانە ناکرێت تەواوبن، یان هەڵگری نیشانەیەکی راستەقینەبن بەبێ ئەوەی راستیەکان هێزەکۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەو دابەش بوونە چینایەتیانەی کە کۆمەڵگەیێ دەناسرێت، لەشیکردنەوەدا بەهەند وەرنەگیرێن، پاشان قوتابخانەی پاشکۆیەتی بۆ ئەوەهات، کەهەموو ئەو کەم و کورتیانە دەربخات، لەبارێکدا ئەگەر شیکردنەوەکە وەك گۆڕاوێکی سەرەکی، رۆڵی هۆکارە دەرەکیەکان لەپێکهاتنی دیاردەکە لەبەر چاو نەگرێت.

- داکۆکیکردنی زیاتر لەسەر تێڕوانینە گشتیەکە تاوەك ئەوەی لەسەر تێڕوانینی بەشێك بێت، دیارە ئەو پێویستیەش بۆ تێڕوانینەگشتیەکە لەلێکۆڵینەوەی دیاردەجیاجیاکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، پشت بەو ئاستەنگە دژوارانە دەبەستێت کە رووبەڕووی پرۆسەی جیاکردنەوە یان داماڵینی هەر دیاردەیەك لەو دیاردانە لەیەکتر دەبێتەوە، بەهەمان روونی و ئەو دیاری کراوییەی کەبەسەر کۆمەڵگە پێشکەوتووکاندا پراکتیزە دەبێت.

جیاکاری لەنێوان بونیادو دامەزراوەکان، هەروەها دەست نیشانکردنی روون بۆ ئاراستەو بەهاو پرۆسەکان، لەچەند کۆمەڵگەیەك کەهێشتا پێکهاتە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی تەواو نەبوونە، یان پێکهاتەکانی لەناویەکدا تێکەڵاوبوونە، ئەوە وادیارە کارێکی زۆر دوورە لەڕاستیەوە بەتەواوی، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، ئەو جیاکردنەوەیەی کە رەنگە زەروورەتی شیکردنەوەو توێژینەوەکانی هەریەك لەودیاردانە دەیانسەپێنێ، ناکرێ ئەو ڕاستیە پشت گوێ بخات.

•داکۆکیکردن لەسەر گرینگی پسپۆڕیبوون لەرامبەر گشتاندن، وەك پێشتر تێ بینیمان کرد، دیارە یەك لەخاڵەگرینگەکانی رەخنەگرتن لە هەریەك لەو دەروازە تیۆرییانەی ناماژەمان پێیدا، چ لەنووسینەکانی تازەگەریتی و گەشەپێدان، یان لەشیکردنەوە چینایەتیەکان، یاخود لەقوتابخانەی پاشکۆیەتیدا، ئەوەیە کەهەموویان تایبەتمەندن بەپلەیەك لەگشتاندنەوە (هەریەك لەچوار چێوەی بارودۆخەتایبەتیەکەی) دووری خستوونەتەوە لەتوانای خستنە ڕووی شیکردنەوەو راڤەکردنی قوڵی دیاردەکە وەك لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگەیەك، یان چەند دۆخێکدا.

پسپۆڕیبوونیش (لەروویەکی دیکەوە) دەبێت بەشداری بکات لەقوڵکردنەوەی دەرەنجامە گشتیەکان و سەلماندنی راستگۆییان، لەراستیشدا زیادە ڕۆیی لەگشتاندن دەکرێ هەڵەیەکی گەورە بێت، لەچاو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، بەتایبەتی کە رەنگدانەوەی ئەزموونگەلێکی مێژوویی و کارتێکردنە جوگرافی و ستراتیژییەکان دەبێت بەجیاوازییەکی زۆرەوەش.

# بەندی دووەم

## دروست بوونی دیاردەی حزبایەتی لەجیهانی سێیەمدا

هەورامانی کتێب

لەباسەکانی پێشوومان لەبارەی چەمکی (حزبی سیاسی)یەوە، بەئاشکرا جیاوازیی توندی نێوان ئەو چەمکە زۆرانە دەرکەوت کەتوێژەرانی زانستە سیاسییەکان لەم بوارەدا دەیانخەنە روو.
بێگومان ئەو جیاوازییەش لەبەشێکی گەورەیدا رەنگدانەوەی ئەو جیاوازییە دەربارەی رەسەنایەتی دیاردەی حزبی و دیاریکردنی سەرهەڵدانیەتی، چونکە ئەوانی چەمکە فراوان و پان و پۆڕەکەی حزبی سیاسییان پێ باشە، بەو پێیەی کە هەموو جۆرە گردبوونەوەیەك (گروپ – دەستەوکۆمەڵ) دەگرێتە خۆی کەپەیوەستن بە پیادەکردنی دەسەڵات یان ململانێ لەسەر دەسەڵات، ئەوانە لەوقیعدا گوزارشت لەچەمکێك دەکەن بۆ دیاردەی حزبی کە دیاردەکە والێدەکات بلکێت بەدیاردە سیاسییەکەوە، لەکاتی سەرهەڵدانیەوە تاوەکو ئەمرۆ، واتە لەو رۆژەوەی کە کۆمەڵگەی مرۆیی دابەش بووە بە سەر ئەو تاکانەی حوکمداری دەکەن و ئەوانەش کەملکەچی دەسەڵاتیانن.
هەرچی ئەوانەشن کەچەمکە هەرە دیاریکراوەکەی سەرهەڵدانی حزبی سیاسیان پێ باشە، ئەوانە – بەزۆری – دیاردەکە دەبەستنەوە بەدەرکەوتنی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان و سیستەمەکانی هەڵبژاردن (لەدوایشدا) گوزارشت لەچەمکێك دەکەن کسەرهەڵدانی تەنها پەیوەست بێت بەسنووری ئەورووپاوەو دەیگەڕێننەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم.
ئەگەر ئەم چەمکەی دوایی دەربارەی حزب و دیاردەی حزبی لەنووسینە کلاسیکیەکانی رۆژئاوادا بۆماوەیەکی زۆر باوبوون، ئەوا سەرهەڵدان و پەرەسەندنی حزبە سیاسییەکان لەدەرەوەی سنووری هەردوو کیشوەری ئەورووپاو ئەمریکای باکور لەسەدەی بیستەمدا هەروەها لەکیشوەرەکانی

ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی لەپێشەوەی ئەو هۆکارانە بوون کە وایانکرد توێژەران بەچەمکە ئاساییەکانیاندا دەربارەی حزب و دیاردەی حزب بچنەوە، بە جۆرێك کەلەگەڵ رووداو و پەرەسەندنە نوێیەکاندا بگونجێن.

دەکرێ ئەو راڤەو لێکدانەوەی کە بۆ دیاردەی حزبی کراوەو بەستراوەتەوە بەژیانی پەرلەمانی، بۆ گفتوگۆکانی (ماکس ڤیبەر)ی بگێرینەوە، دەربارەی پەرەسەندنی زۆری حزبەکان لەدەوری گروپە پەرلەمانیەکاندا، هەروەها بەدوادا چوونی (ڤیبەر) بۆ ئەو گۆرانەی ناوی لێناوە (پەیرەوکارە دڵسۆزەکانی ئەرستۆکراتیەت) بۆ حزبەکانی پیاوماقولان و سەرهەڵدانی (دیموکراسیەتی میللی) یان جەماوەری. (موریس دیفرجیە) جەختی لەسەر ئەو تێروانینە کردۆتەوەو (لەبنەرەتدا) ئەوتیۆرییەی دەخرێتە پاڵ کە نێوان گەشەی حزبەکان و پەرەسەندنی پەرلەمانەنەتەوەییەکان و گەشەی قەبارەی دەنگدەران بەیەکەوە دەبەستێتەوە. (دیفرجیە) وای داناوەکە گەشەکردنی حزبەکان یەکەمین جار بەپێکهاتنی چەند باڵێکی پەرلەمانی تێپەڕ بووە، پاشان رێکخستنی لیژنەکانی هەڵبژاردن و لەدوایشدا بەدروستبوونی پەیوەندییە هەمیشەییەکانی نێوان ئەو دوو رەگەزە. هەریەك لە (ماکس ڤیبەر – مۆریس دیفرجیە) کۆکن لەسەر ئەوەی بڵێن کەباڵەکان و کۆڕبەندە سیاسییەکانی بژاردە، کە بەر لەحزبەکان دامەزراون، ئەوانە حزبی سیاسی نەبوون بەو مانایەی کە ئەم زاراوەیەی بۆ بەکار دێنین.

لەچوارچێوەی ئەو تیۆرییە، کە (دیفرجیە) بەبەرچاوترین نوێنەری دادەنرێ، حزبەکان بەپێی لێکۆڵینەوەکەی (دیفرجیە)، هەروەها لەڕووی دروست بوو نیانەوە ، دابەش دەبنە سەر دوو بەش ، ئەوانەش ئەو حیزبانەی لە ناو

پەرلەمان دروست بوونە لەگەڵ ئەو حزبانەی لەدەرەوەی پەرلەمان دروست دەبن.

أ) حزبەکانی دروست بوونی ناو پەرلەمان :

ئەو حزبانە دەگەڕێتەوە کە وردە وردە لە ڕێگەی چالاکییەکانی خودی ئەنجوومەنەکانی یاسا دانانەوە سەریان هەڵدا ، ئەو حیزبانە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا (بەلای کەم) لەم ڕێگایەوە دروست بوونە ، کاتێك پەیوەندییەکی کردەیی و بەردەوام لە نێوان لیژنەکانی هەڵبژاردن و گرووپەکانی یاسادان دروست بوو.

ب) حزبەکانی دروستبووی دەرەوەی پەرلەمان:

مەبەست لێیان ئەو حزبانەن کە لە دەرەوەی پەرلەمان دروست بوونە ، لە خەسڵەتەکانی ئەو حزبانە، جۆرێك لە بەرەنگاربوونەوەی دژ بە دەسەڵاتیان هەڵگرتووە، هەروەها لەگەڵ داواکردنی نوێنەرایەتی ناو پەرلەمان. ئەو جۆرە حیزبانە گوزارشت لە دیاردەیەکی مۆدێرنتر دەکەن، زیاتریش پەیوەستن بە فراوانبوونی مافی دەنگدان و ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکان (عیلمانیەت یان ئاینی) ، هەروەها لە زۆربەی ناوچە گەشە سەندووەکان پەیوەستن بە بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی دژ بە ئیستعمار، بەرچاوترین جۆری ئەو حیزبانە لە ڕۆژئاوادا حزبە سۆسیالیستەکانن، کە لەسەدەی نۆزدەدا دامەزراون، هەروەها حزبە مەسیحیەکان یان مەسیحیە دیموکراتەکان کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا دروست بوونە، بەشێکیان وەك کاردانەوەیەك بۆ هەڕەشەکانی بزووتنەوە سیاسیە رادیکالیەکان دروست بوون.

هەرچەندە دەکرێ زۆرینەی زۆری ئەو حزبە سیاسییانەی کە لە ئاسیا و ئەفریقا دەرکەوتوون، بەلای – دیفرجیە – لە چوارچێوەی جۆری دووەم ڕێز

بەند بکرێن، واتا ئەو حیزبانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمان دامەزراون ، لە سەر ئەو بنچینەیەی کە پێشتر بریتی بوون لە بزووتنەوە گەلێکی نەتەوایەتی و بزاڤە مەسیحی و مژدە بەخشەکان و یەکێتیگەلێکی تائیفی یان ئاینی، یاخود خێڵەکی، هەموو ئەوانە لە دەرەوەی ئەو چوار چێوە پەرلەمانیە پەرەیان سەند کە دەسەڵاتی ئیستعماری دایمەزراندووە، بەڵکو هەندێ جاریش لایەنێکی دژ دایمەزراندوون بەڵام ئەو تیۆرییە پەرلەمانیە بەردەوام تووشی کەم و کورتی سەرەکی بۆتەوە، بەتایبەتی لە چاو کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا.

لە راستیشدا کەمی لێکۆڵینەوە تیۆری و پراکتیکیەکان ، دەربارەی دیاردەی حزبی تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و دەرکەوتنی نووسینەکانی (میتشلز) و (ئوستەرجوسکی) لەلایەکەوە، لەگەڵ پشت بەستنیان بە شارەزایی و ئەزموونی ئەوروپا لە بنچینەدا لەلایەکی دیکەوە، ئەوانە بوون بەهۆی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکان لە ئاست چارەسەرکردنی دیاردەی حزبایەتی لە دەرەوەی کیشوەری ئەوروپا کەم توانا بن لەسەردەمێکی زووەوە ، نمونەش لەسەر ئەو حاڵەتە گوزارشت لە – حزبی کۆنگرەی هیندی – و – کۆمینتانگ – لە چین و حیزبەکانی – ئەماجی – لە وڵاتی یابان دەکرێت.

ئەگەر چی ژمارەیەك لە سیستەمە ئیسعماریەکان لەچەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەندێ دامەزراوەی پەرلەمانیان دروستکردو رێگایاندا بە دەنگدانێکی سنور داریش ، بەڵام (تەنانەت لە ناو ئەو نمونانەش) بزووتنەوە نایسۆنالیزمییەکان بە زۆری رازی نەبوون لە رێگەی سیستمی پەرلەمانیەوە کاربکەن ، لەگەڵ دژایەتیکردنی رژێمە ئیسعماریەکان بۆ هەوڵە سەر بەخۆییەکانی بزووتنە ناسیۆنالیزمییەکان بە زۆری، وای لەو بزووتنەوانە کرد کە پەنا بۆ کاری نهێنی بەرن، لەو بوارەشدا، بە هۆی چەند هەلومەرجێکەوە،

هەندێ حزبی جەماوەری دەرکەوتن، جوونکە هیچ جۆرە سیستمگەلێکی ئیستعماری یان دامەزراوەیەکی پەرلەمانی بوونیان نەبووە ، دیارە ئەم دیاردەیەش نمونەی زۆری لێ بەدی دەکرێت هەروەك لە ئەمریکای لاتینی و چین روویدا ، بەلکو لە هەندێ ولاتانی ئەورووپای رۆژئاواش.

بەم پێیەش دەکرێ بووترێت ، ئەو بارودۆخە پەرلەمانیەی کە هەندێ حزب لە ئەورووپا تێیدا دامەزراون، دەکرێ بەشێوەیەکی سوود بەخشتر تەماشا بکرێت، بەو هەندەی گوزارشت لەیەك چەشنی دۆخە مێژوویییەکان دەکات، نەك بەوەی حاڵەتێکی گشتی بێت و هەرچی لە دەرەوەی ئەو حاڵەتەش بێت بەلادان دابنرێت.

هەواڵنامەی کتێب

باسی یەکەم:

## تیۆرییەکانی دروستبوونی دیاردەی حزبی لە جیهانی سێیەمدا

لەئاست ناتەواوی و ئەو کەم و کورتییانەی کە تیۆری نەریتگەری (پەرلەمانی) دەربارەی راڤەی دروست بوونی حزبەکانەوە لەجیهانی سێهەمدا بەدەستیەوە دەنالێنێ، چەند هەوڵێك دراون بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کەم و کورتیانەدا، هەروەها خستنە رووی چەند شێوازێکی تیۆری فراوانترو جۆراو جۆرتر بۆ ئەم بابەتانە، بێگومان تێروانین بۆ حزبە سیاسییەکان بەو پێیەی — لەپلەی یەکەمدا — کەبەرهەمی پەرەسەندنی پەرلەمان و هەڵبژاردنە لەئەوروپا، هەروەها بەو پێیەی کە نیشانەیەکە بۆ تازەگەریتی سیاسی، ئەوە — تارادەیەکی زۆر — بایەخ پێدانی لێکۆڵەرانی ( تازەگەریتی— و — گەشەپێدانی سیاسی ) زیاد لەوانیتر رووندەکاتەوە دەربارەی دیاردەی حزبی لەوڵاتانی دواکەوتوودا، ئەوەش نەك تەنها وەك ئامرازێك بۆ تازەگەریتی و گەشەپێدان، بەڵکو وەك بەرهەمێك بۆ بارودۆخێکی جیاواز لە بارودۆخی ئەورووپای رۆژئاواو ئەمریکای باکور لەهەردوو سەدەی نۆزدەو بیستەمدا.

لەم چوارچێوەیەدا، واتا چوارچێوەی نووسینەکانی تازەگەریتی و گەشەپێدانی سیاسی، چەند تیۆرییەك خراوەنەتەروو کەنێوان (قەیرانەکانی گەشەپێدان) و (تازەگەریتی سیاسی) لەلایەکەوە، لەگەڵ دیاردەی حزبایەتیش لەلایەکی دیکەوە، بەیەك دەبەستێتەوە.

## یەکەم: قەیرانەکانی گەشەپێدان و دروست بوونی دیاردەی حزبی:

هەریەك لە (جوزیف لاپالۆمبارا) و (مینەروینەر) هەوڵیانداوە، هاوبەندییەك دروست بکەن لەنێوان قەیرانەکانی گەشەپێدان، بەدیاریکراویش قەیرانەکانی ( شەرعیەت – و – تەواوکاری و – بەشداریکرن) و نێوان بارودۆخی دروست بوونی دیاردەی حزبی، لەو چوارچێوەیەی کە پێیان وابووە (تیۆرییەکی مێژووی)یە بۆ دروست بوونی حزبە سیاسییەکان، بەپێی بیرو بۆچوونەکانی ئەو دوو توێژەرە، قەیرانی شەرعیەت ئەو کێشەیە، کرۆکی سەرەکیە بۆ دروست بوونی ژمارەیەك لەحزبە سەرە تاییەکان، چ لەئەورووپا بوو بێت یان لەوڵاتانی دواکەوتوودا وەك یەك.

کاتێك ئەوگروپ و هێزە سیاسییانەی فشاریان بەکاردەهێنا لەپێناو لەناوبردنی رژێمی پاشایەتی لەفەرەنسا، لەکۆتایی سەدەی هەژدە، ئەوانە دەستیانکرد بەپەیدا کردنی پشتگیری جەماوەری فراوان، ئەو دیاردەیە دەسپێکی ڕاستی بوو بۆ حزبە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا، بەهەمان شێوەش، ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتیانەی کە دەرکەتن بەمەبەستی گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی و گۆڕینی ئەو بنەماو ڕێسایانەی کەماهیەتی (چییەتی) دەسەڵاتداران دیاری دەکات لە حوکمڕانی و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان، ئەوە (بەمانایەك لەماناکان) بەرهەمی قەیرانی شەرعیەت بوون.

بەپێی ئەو تێڕوانینە لەو وڵاتانەی کەبژاردە نەتەوەییە بچووکەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی، هەستیان بەتێربوون کرد لەو هەنگاوانەی کە دەسەڵاتداری ئیستعماری بڕیاری لەسەر دەدان، ئەو وڵاتانە وەك پێویست هەوڵێکی بەهێزیان بەخۆوە نەبینی بۆ پێکهێنانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان، هەر بۆ

نموونە حزبی (کۆنگرەی نەتەوەیی) لە سیلان، لەناو ئەوچوارچێوەیەدا کاریکرد کەئینگلیز بۆی دیاریکرد، بۆیە لەئاکامدا پێش سەربەخۆیی، بزووتنەوەیەکی جەماوەری دروست نەبوو، هەمان دیاردە لەسەر حزبی دەسەلاتداران (patron parties) پیادە دەبێت لەوناوچانەی کە فەرەنسا داگیری کردبوون لەکیشوەری ئەفریقیا.

لەبەر رۆشنایی ئەو دیاردانە دەکرێ بووترێت، کاتێك حکومەت سەرکەوتوو نابێت لەبەدەنگەوە هاتنی وەك پێویست بۆ قەیرانی شەرعیەت (ئەگەر ئەو حالەتە خۆی لەدەسەلاتی پاشایەتی فەرەنسا نواند بێت لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا، یان دەسەلاتی ئیستعماری فەرەنسا بێت لەپەنجاکانی سەدەی بیستەم)، رەنگە قەیرانی بەشداریکردن دروست بێت هەر لەگەڵ ئەو قەیرانەش چەند حزبێك پێکدێن و گرینگی بەدروستکردنی رێکخراوە ناوچەییەکان دەدەن لەگەڵ بەدەست هێنانی لایەنگری و پشتگیری ناوچەکان، هەروەها قەیرانی (تەواوکاری) یان قەیرانی (تێکەڵ بوون)، ئەو بوارو ناوەندەی خولقاند کە چەند حزبێك لەمیانەیدا دەرکەوتن، لەم بوارەدا قەیرانی تەواوکاری پەیوەست دەبێت بەتەواو کاری هەرێمایەتی، بەمانایەکی فروانتر ئەوگروپە ئەتنیکیانەی بەرەو رووی دابەشبوون بوو بوون بەهۆی فراوانبوون و پرۆسەی تەواوکاری، روو لەوحالەتە دەکەن کەلەگەلی بگونجێن.

لەکیشوەری ئەوروپا حزبەکان، لەئەلمانیا و ئیتالیا، لەناو قەیرانی (تەواوکاری) یان (یەکگرتن)دا سەریان هەڵداوە، دیارە ئەو حالەتەش لەسەر ئەو حزبە عەرەبیانە پیادە دەبێت، کە بانگەشەیان بۆ یەکێتی عەرەب کردووە، بەو پێیەی کە ئەو بارە راهاتووە پچرپچڕەی ولاتە عەرەبیەکان گوزارشت لەقەیرانێکی تەواوکاری دەکات لەسەر ئاستی ولاتە عەرەبیەکان، بەلام

هەریەك لە (لابالۆمبارا) و (وینەر) جەخت لەسەر ئەو راستیە دەکەن کە ئەو حزبە ناسیۆنالیستانەی لەئاسیاو ئەفریقیا دەرکەوتن، کەخۆشیان حزبی تەواوکاری بوون، بەدەگمەن بۆ ئەوە دروست بوو بوون، کە ئەو تەواوکارییە جێبەجێ بکەن، وەك ئامانجێکی بنچینەیی لەئامانجەکانیان، لەلایەکی دیکەوە قەیرانەکانی گەشەپێدان بەزۆری دەردەکەون یاخود دروست دەکرێن لەسەر دەستی گروپە جیاخوازەکان، واتە ئەوانەی دژایەتی تەواو کاری یان یەکگرتنیان دەکرد، لێرەدا حزبیش گوزارشت لەو بانگەشەیە دەکات، ئەو حالەتەش لەسەر چەندین حزب پیادە دەبێت، نموونەی (رابیتەی ئیسلامی) لەهیندستان، کەبۆجیابوونەوی موسلمانەکان لەنیمچە کیشوەری هیند هەوڵیدا، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی پاکستان.

سەرهەڵدانی حزبەکان لەزۆربەی وڵاتان، هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی بەشداریکردن لەو وڵاتانە، لەبەر ئەوەی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابورییە گەورەکان بوونە هۆی رووداني گۆڕانکاری گەورە لەوسیستەمە پلەبەندییە کۆمەڵایەتیانە. دارمانی دەرەبەگایەتیش لەئەوروپادا هاوکات بوو لەگەڵ داواکاری بۆ ژیانی نوێنەرایەتی سیاسی لەلایەن توێژی رێکخراوان و چینی ناوەڕاست، ئەو پیشەسازییەی کە هاتەدی، تەنها ئەو نوقلانانەی بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ئابوری لەگەڵ خۆی نەهێنا، بەڵکو چەندین بارودۆخیشی خولقاند کە بووە هۆی ئەوەی جەماوەری کرێکاریش رێبازی چینەکانی ناوەراست پەیرەوبکەن لە داواکردنی رۆڵی زیاتر کارا بۆ دیاریکردنی سیاسەتە گشتیەکان. هەروەها ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە دەکرێت کە دەبنە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵ و بژاردە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، کە خودی ئەوانە دەبنە هۆی لاواز بوونی ئەو دەسەڵاتە نەریتگەرییەی پشتی بە

پێگەو هێماو بیرو باوەڕە بۆ ماوەییەکان دەبەستێت، لەم بارەوە حزبە سیاسییەکان بە چەندین شێواز لە ڕێکخستنە هاوشێوەکان دەردەکەون.
کەواتە چەمکی قەیرانەکان توانایەکی باش دەهێنێتە پێشەوە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی دروست بوونی حزبەکان لە وڵاتە دواکەوتووەکان (سەرەڕای وڵاتە پێشکەوتووەکانیش)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژەرێك ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان قەیرانەکانی گەشەپێدان و دیاردەی حیزبایەتی هەیە، پەیوەندییەکی تەواو نیە، چونکە لەم بوارەدا چەندین حزب دەرکەوتوون لەو کاتانەی کە بیرو باورە گۆڕاوەکان دەربارەی شەرعیەتی دەستوری و مافەکانی توێژە جیاوازەکان لە بەشداریکردنی تەواو، یان لە پرسەکانی تێکەڵاوبوونی هەرێمایەتی، هەموو ئەوانە بابەت نەبوون بۆ قەیرانێك، بەپێچەوانە، چەندین نمونە هەیە لەسەر ئەو قەیرانانەی کە نەبوونەتە هۆی دەرکەوتنی حزبە سیاسییە نوێیەکان، بەڵکو بوونەتە هۆی پەیدابوونی چەند بزافێك، ئامانجیان فشار بووە لەسەر سیاسەتمەداران، زیاتر لەوەی ڕکابەری بێت لەسەر پێگەو پلە و پایەکانیان، یان ببێتە جێگرەوەی پێگەکانیان.

## دووەم: تازەگەریتی و دروستبوونی حزبەکان لای - هنتینگتون - .

بەشێکی گەورە لە گرینگی بەشدارییەکانی سیاسەتناسی ئەمریکی (سامویل هنتینگتون) لە بواری نووسینەکانی تازەگەریتی و گەشەپێدان، پشت بەو پێگە جیاکاریە دەبەستێت کە بەلایەنە دامەزراوییەکەی بابەتی تازەگەرییەتی داوە، بەتایبەت ئەو لایەنەی پەیوەستە بە حزبە سیاسییەکانەوە لەوڵاتانی دواکوتوودا.هەروەك لە پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، بەپێی تێروانینی (هنتینگتون)، ئەو بوارانەی تازەگەریتی دەیگرێتە خۆی لە ئامادەکردنی

کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنی سیاسی، دەکرێ ببنە هۆی، نەك هەر تەنها بەدیهێنانی دیموکراسیەت و سەقامگیری و جیاوازی بوونیادنان و شێوازەکانی ئەرك بەجێگەیاندن و تەواوکاری نەتەوایەتی، بەڵکو (بەپێچەوانەش) دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی سیاسی و نەبوونی سەقامگیری و بڵاوبوونەوەی توندو تیژی و گەندەڵی، ئەگەر پرۆسەکانی (ئامادەکردنی کۆمەڵایەتی) و (بەشداریکردنی سیاسی) راست نەکرێنەوەو جێگایان بەدامەزراوەی سیاسی بەهێزو کارا نەگرێتەوە، کەحزبە سیاسیەکانیش لە سەرووی ئەو دامەزراوانەن و بەڵکو گرینگترینیانن، بۆیە لێرەدا دروست بوونیان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دەبنەیەکێك لە پێویستییەکانی تازەگەریێتی.

بەوردە کارییەکی زیاتر، تازەگەریێتی (لەبەر ئەوەی تەیارکردن و ئامادەکردنی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگە دەگرێتە خۆی و بۆ ئەوەی ئەوانە رۆڵی نوێ بگێرن) ئەوا دەبێتە پەیدابوونی کۆمەڵگەیەکی هەمەرەنگ و جۆراوجۆریی زیاتر، ئەو کۆمەڵگەیەش تەنها لە سەر شێوەی کۆمەڵێکی (سروشتی) دروست نابێت کە گوزارشت بکات لە خێزانی درێژەپێدراو، یان گوند و خێڵ و عەشیرەت. هەر لەبەر ئەوەش کە سنوری کۆمەڵگە بەزۆری بەپێی بارودۆخێکی جوگرافی یان بە کاریگەری رۆڵی ئیستعمار پێك هاتووە، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیەی رووی لە تازەگەریتییە بە زۆری دەبێتە کۆمەڵکایەکی فرەیی کە چەندین گردبوونەوەی ئاینی و رەگەزی و زمانەوانی دەگرێتە خۆی، ئەو جۆرە گردبوونەوەش رەنگە لە کۆمەڵکای نەریتگەری هەبێت، بەڵام ئاستی نزمی بشداریکردنی سیاسی، لەو کێشانە کەم دەکاتەوە کەپەیوەست دەبن بەتێکەڵبوون یان تەواو کاری. بەڵام لەگەڵ درێژبوونەوەی بواری ئامادەکاری

و خۆسازدانی کۆمەڵایەتی لە ناو ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە بەرەو ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە، ئەوا ناکۆکیەکانی نێوانیان چڕ دەبێتەوە و کێشەی تێکەڵبوونی هێزە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکان لە ناو کۆمەڵگایەکی سیاسی نەتەوەیی، دەبێتە کارێکی دژوارتر.

هەروەها تازەگەرێتی دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی چەندین گروپ و کۆمەڵی ئابووری کۆمەڵایەتی سەرهەڵبدەن و بێنە بواری چالاکی هۆشیاری و سیاسی ، کە پێشتر هەر بوونیان نەبووە لە کۆمەڵگەی نەریتگەری، یان لە دەرەوەی سنوری کاری سیاسی بوونە، ئەو کۆمەڵەو گروپانەش یان لەناو سیستەمە سیاسیەکە جێیان بۆ دەکرێتەوە، یاخود دەبنە سەرچاوەی دوژمنکاری و شۆڕش دژی سیستەمە سیاسیەکە، بەم پێیە بەدیهاتنی کۆمەڵی سیاسی (political community) لەناو ئەو کۆمەڵگایەی رووی لەتازەگەرێتی کردووە ئەوە ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆی: تێکەڵبوونی ئاسۆیی بۆ کۆمەڵەکان لەگەڵ جێکردنەوەی ستوونی بۆ چینە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان.لێرەدا فاکتەری هاوبەش کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کێشەکانی تێکەڵبوونی نەتەوایەتی و جێکردنەوەی سیاسی، بریتی دەبێت لە فراوانبوونی بەشداری سیاسی، لەگەڵ ئەو هۆشیارییە سیاسییەی کە دەرئەنجامی دیاردەی تازەگەرێتیە.

لە روانگەی (هینتنگتون)، ئەو شیکردنەوەیە دەگاتە ئەو بریارەی کە (هۆکارە دامەزراوەییە سەرەکییەکان بۆ رێکخستنی باری فراوانبوونی بەشداری سیاسی، بریتی دەبێت لە حزبە سیاسیەکان و سیستەمی حزبایەتی) ئەو لەسەری دەرواو دەڵێ : کەمکردنەوە لە ئەگەری ناسەقامگیری سیاسی کە بەهۆی فراوانبوونی هۆشیاری سیاسی و تێوەگلان لە سیاسەت سەر هەڵدەدات، ئەوا

ئەو حاڵەتە پێویست بە دروستکردنی دامەزراوەی سیاسی تازە دەکات، واتە (حزبە سیاسییەکان لە سەرەتای هەر پرۆسەیەکی تازەگەرێتی) دا.

ئەگەر چی ئەو کێشەیەی بەرەو رووی وڵاتانی دواکەوتوو دەبێتەوە لە بواری تازەگەرێتیدا بریتیە لە هەمان (لەیەك کاتدا) ئەو کێشانەی کە پێشتر بە شێوەیەکی تاك لایەنەو بۆ چەند قۆناغێکی مێژوویی دوورو درێژ بەرەو رووی وڵاتانی کۆنتر بوونەتەوە لە تازەگەرێتیدا، ئەوا (هنتینگتون) یەکەمجار داوای خولقاندنی کۆمەڵی سیاسی دەکات پێش ئەوەی بەرەو رووی کێشەکانی دامەزراوەیی و بەشداریکردن ببێتەوە. لێرەدا ئەو نوسەرە دووبارە جەخت لە سەر ئەو لایەنە دەکات و ئاماژە بۆ ئەو کارانە دەکات کە سیستەمە کۆمۆنیستەکان پێی هەستاون، ئەو سیستمانە ئەولەوییەت دەدەنە رێکخستنی سیاسی پێش ئەوەی دەستیان لە پرۆسەکانی دیکەی تازەگەرێتی کردبێت. ئەو جەخت لە سەر بۆ چوونەکانی خۆی دەکات و دەڵێ، یەکێتی سۆڤیەت، ئەو وڵاتە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لە کاتی بونیادنانی سیاسەتی ئابووری نوێ، بایەخێکی بە دامەزراندنی حزبی شیوعی و بەهێز کردنی دەسەڵات و زاڵبوونی داوە، لە سایەی ئەمەدا ئەو رێکخستنە سیاسییەی کە لە سییەکانی (سەدەی بیستەم) پێکهات، توانی پرۆسەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی هەرەوەزی ئەنجام بدات،بەشداری جەنگیش بکات و دەرئەنجامی هەموو ئەوانەش بگرێتە خۆی.

هەمان بۆچوونیش لەسەر کۆماری چین پیادە دەبێت، ئەو وڵاتە (چین) گرینگی لە رادەبەریدا بۆ بونیادنانی حزبی شیوعی، تەنها لەساڵانی پەنجاکانی (سەدەی بیستەم) بابەتی گەشەپێدانی ئابووری لەو وڵاتە دەستی پێکردو بووە جێگای بایەخ پێدان لە بەرنامەکانی حزبی شیوعی چین، بەلام لە دەرەوەی

ولاتە کۆمۆنیستەکان، ئەو زانایە نمونەی تورکیا دێنێتەوە، هەروەك دەبینین (مستەفا کەمال ئەتاتورك) یەکەم جار بناغە نەتەوایەتی و سیاسییەکەی بۆ کۆمەڵگە دارشت، بێ ئەوەی دەست بکات بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی سیاسی، هەروەها (هەنتینگتون) باس لە (مەکسیك) دەکات، کە لەنێوان (١٩١٠-١٩٤٠) خەریکی گەشەپێدانی کارە بنچینییەکان بوو، بۆ رۆڵە نوێیەکەی دەوڵەت، لەو ماوەیەدا دەوڵەت دەسەڵاتی گرتەوە دەست و هەوڵی دارشتنی فەلسەفەیەکی نوێیدا، هەروەها پیادەکردنی رۆڵێکی نوێ لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی. بەڵام حزبەکان لە ولاتانی دواکەوتوودا تەنها بۆ (زەرورەتی تازەگەریتی) دروست نابن، هەر بەپێی بۆ چوونەکانی (هنتینگتون) دژایەتی بۆ دروست بوونی حزبەکان لەو ولاتەنەدا لە سێ سەرچاوەوە پەیدا دەبن، ئەوانیش:

١- سەرچاوەی یەکەم بریتیە لە هێزە کۆنە پارێزەکان، ئەوانی حزبەکان بەبەرەنگارییەك بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی دەزانن، هەر لەگەڵ نەبوونی حزبەکان، سەرکردایەتی سیاسی شوێن و پێگەی خۆی لە پلە بەندییە نەرێگەرییەکە بۆ حکومرانی و کاروباری کۆمەڵگە پر دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەو حزبانە دەبنە هەرەشە بۆ بژاردەی کۆمەڵ کەپشتی بە میرات و پێگەی کۆمەڵایەتی یان خاوەنداریتی زەوی بەستوە. بۆیە زۆر جار سیستمی پاشایەتی، وەك هێز گەلێکی پەرت و دابەشکەر تەماشای حزبەکان دەکات، کە هۆکاری دابەش بوون بن، یان لەبەر ئەوەی هەرەشەن بەسەر دەسەڵاتەکەی، یاخود دەبنە کۆسپ لەبەردەم هەوڵەکان بۆ یەکگرتن و نوێکردنەوەی ولات، وەك - دیفرجیە - دەڵێ: سیستمێکی بێ حزب، ئەوە بەزەرورەت سیستمێکی کۆنە پارێزە.

٢- سەرچاوەی دووەم، بۆ دژایەتکردن لە دروست بوونی حزبەکان خۆی لە هێزو لایەنەکانی بەڕێوبردن (administration) ی ناو ولآت دەنوێنیّ، لەکاتێکدا کەسی کۆنە پارێزی دەمارگیر، هەردوو لایەنی راوێژی تازەگەرێتی و لایەنی بەشداریکردن لە تازەگەرێتی سیاسی قبولّ ناکات، دیارە کەسی بەڕێوەبردن، بەرهەڵستکاری حزبەکان، ئارستەکردنی بونیادە کۆمەلآیەتی و ئابورییەکان بە پێویست دەزانێت، بەلآم بەوە رازی نابێت کە ئەو تازەگەرێتیە سنوری بە شداریکردنی حزبە سیاسیەکان فراوان بکات، ئەو نمونەی کەسێکی بیروکراسیە، ئەو ئامانجەی لەبەر چاوی دەبێت ، لێهاتوویی و دوورکەوتنەوەیە لە ململانێەکان، - بە بۆچوونی بەرپرسی بەڕێوەبردن - حزبەکان خەسڵەتگەلێکی خراپ و گەندەڵ ئامێز بەسەر ئەو ئامانجانە دەپۆشن کە دەبیّ هەموان لەسەری کۆك بن (بەپێی تێروانینی خۆی).

٣- سەرچاوەی سێیەم بۆ بەرهەڵستکاری حزبەکان لەلایەن خاوەنی ئاراستە میللیەکانەوە ((populism دەبێت، واتە ئەوانەی رازین بە بەشداریکردن، بەلآم قانیع نین بەوەی کە رێکخستنەکان پێویستن، ئەمانە خاوەنی باوەڕێکی میللین، بیروباوەڕەکانی - رۆسۆ - مان بە بیردەهێنێتەوە دەربارەی دیموکراسییەتی راستەوخۆ. کۆنە پارێزی بەرهەڵستکار لە ئاست بوونی حزبەکان باوەڕی وایە کە ئەو بونیادە کۆمەلآیەتیەی هەیە، بەسە بۆ بەستنەوەی گەل بەحکومەت، هەروەها بەڕێوبەری بەرهەڵستکاریش پێی وایە کە بونیادی بیرو کراسی پێداویستییەکان دێنێتە دی، بەلآم کەسی میللی بەرهەڵستکار، حاشا لەبوونی هەر بوونیادێك دەکات لەنێوان گەل و سەرکردە سیاسییەکان، ئەو دیموکراسیەتێکی نا حزبی دەوێت، بەمشێوەیە کۆنە پارێز، حزب بەبەرەنگارییەك دەبینیّ بۆ سەر ئەو رێزبەندییە کۆمەلآیەتیەی کە هەیە، کەسی

ناو بەڕێوەبردنیش بە هەرەشەی دەبینی بۆ حکومڕانییەکی باش، لە کاتێکدا میللییەکان وەك کۆسپێك تەماشای دەکەن لەبەردەم هەر دەربڕینێك بۆ ئیرادەی گشتی.

(جورج واشنتۆن) یەکەم سەرۆکی ئەمریکا لە ئاگادارکردنەوە بەناوبانگەکەی دەربارەی حزبەکان، هەموو ئەو مەترسیانەی باسکردوون، کاتێك ترسی خۆی بۆ کاریگەرییە زیانبەخشەکانی گیانی حزبایەتی لەسەر سیستمی حوکمڕانی ئەمریکی دەربڕی، ناوبراو لەم بارەوە وتوویەتی: حزب هەمیشە دەبێتە هۆی خەڵافاندنی ئەنجومەنە گشتیەکان و لاوازکردنی کارگێڕی گشتی، حزب هانی کۆمەڵ دەدات بۆ چەند گۆڕانکارییەك کەبنچینەیی نین، ترسێکی درۆزنانە دەخولقێنێت، دوژمنایەتی و ناحەزییەکان گڕ دەدات، ئاژاوە دەوروژێنی، دەرگا بۆ دەستێوەردانی بیانی و گەندەڵی دەکاتەوە، کە هەردووکیان بەئاسانی دەگەنە ناو حکومەت لەڕێگەی ئارەزووە حزبیەکانەوە، بۆیە سیاسەت و ویستی وڵات ملکەچی سیاسەت و ویستی وڵاتێکی دیکە دەبێت.

ئەو سەرنج و بیروڕایانەی (جۆرج واسنتۆن) چوار تۆمەتی سەرەکی کورت دەکاتەوە، کەتاوەکو ئەمرۆشی لەگەڵدایە ئاراستەی حزبەکان دەکرێت:

- حزبەکان دەبنە هۆی گەندەڵی و لاوازی و نەبوونی لێهاتوویی کارگێڕی.
- حزبەکان دەبنە هۆی دابەشکردنی کۆمەڵگەو وروژاندنی ململانێیەکان.
- حزبەکان هاندەرن بۆ ناسەقامگیری سیاسی و لاوازی کاری سیاسی.
- حزبەکان دەرگا بۆ کاریگەری و دزەکردنی هێزە بیانیەکان دەخەنە سەرپشت.

لەبەرامبەردا (هنتینگتون) بیرو بۆ چوونی وایە، کە ئەو بیانوو تۆمەتانەی خراونەتەڕوو، پەیوەست دەبن بەچەند سەردەمێکی (یان چەند هەلومەرجێکی) مێژووی دیاریکراو، ڕەنگدانەوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی تازەگەرێتی سیاسیە، بەپێی ئەو بۆ چوونانە ئەو بیانوو تۆمەتانە دژی حزبە لاوازەکانن، زیاتر لەوەی دژ بەخودی حزبەکان بن.

گەندەڵی پچڕپچڕی ناسەقامگیری و دەستێوەردانی بیانی، هەموو ئەو دیاردانە خەسڵەتن بۆ سیستمە حزبیە لاوازەکان، نەك سیستمە حزبیە بەهێزەکان، لەڕاستیشدا ڕوخساری سیستمی سیاسی لاواز دەبێ بەگشتی، کاتێ خاوەن دامەزراوەی حوکمڕانی بە هێزو کارا نەبێت، ڕەنگە حزبەکان هاندەر بن بۆ گەندەڵی، بەڵام بوونی حزبێکی بەهێز بناغەیەك بۆ بەرژەوەندی گشتی دادەنێت لەچوارچێوەیەکی دامەزراوەیی، لەجیاتی بەرژەوەندییە تایبەتیە پچڕپچڕەکان.

ڕەنگە حزبەکان لەقۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەکردنیان وەك گروپ یان باڵی جیابووەوە دەرکەوتبن و بینەهۆی ململانێ و پچڕپچڕی، بەڵام کاتێك دەگەنە ئاستێکی دیاریکراو لە گەشەکردن و بەهێزیدا، پەیوەندییەك لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان دێنێتەدی، ئەمیان لەگەڵ ئەویتر پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها بناغەیەك دروست دەکات بۆهەواداری و ئینتیماو پێناسەکە کۆمەڵە بچووکەکان تێپەڕ دەکات، هەر بەهەمان شێوە لەڕێگەی ڕێکخستنی پرۆسەی یەك بەدوای یەك هاتنی سەرکردایەتییەکان و جێگرتنەوەی گروپە نوێیەکان لەسیستمی سیاسیدا، حزبەکان دەتوانن بنچینەیەك بۆ سەقامگیری و گۆڕانکاری ڕێك و پێك بەدەست بێنن، زیاتر لەوەی ببنە مایەی ناسەقامگیری، لەکاتێکیشدا کەدەکرێت حزبەکان وەك حاڵەتێکی ئاسایی ببنە

ئامراز بۆ هێزە دەرەکییەکان، ئەوا حزبە بەهێزەکان (بەپلەیەکی بەرز) دەتوانن میکانیزمی دامەزراوەیی و بەرگرییەکان فەراهەم بکەن بۆ پاراستنی سیستمی سیاسی دژ بە هێزو دەسەلاتی دەرەکی، بەواتایەکی دیکە، ئەو شەرانگێزی و خراپەکارییەی کە دەخرێتە پاڵ حزبی سیاسی لەراستیدا بریتیە لە خەسڵەتە سیاسییە پچڕپچڕو رزیوەکانی باڵ و گروپەکان، کەلەحاڵەتی نەبوونی حزبەکان یاخود کاتێ زۆر لاواز دەبن، ئەو دیاردانە دەردەکەون، چارەسەرکردنی هەموو ئەو دیاردانەش خۆیان لەدروست بوونی ئەو رێکخستنە سیاسییە دەبیننەوە لەناو دەوڵەتێك دەستی بەتازەگەرێتی کردبێت، دیارە ئەوەش مانای رێکخستنی حزبی دەگەێنێت.

ئەگەرچی ژمارەیەك لەو ولاتانەی کەدەستیان کردووە بەپرۆسەی تازەگەرێتی، بەشێوەیەك لە شێوەکان حزبەکانیان پێ قبوڵ نییە، بەلام ئەو دیاردەیە ئەوە بەدوور ناخاتەوە، کە چەند تازەگەرێتی لەو ولاتانە پێشکەوێت، ئەوەندە پێویستی بەبەشداریکردنی سیاسی زیاتر دەبێت، لەگەر چیش سیستمە سیاسییەکان لەو ولاتانەو لەهەندێ باردا - چەند هێمایەك دەردەبڕن - بۆ سەقامگیری و ئاسوودەیی، بەلام هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ رێگرتن یان کۆسپ دانان لەبەردەم گەشەکردنی حزبەکان وایان لێدەکات کەلەکۆتاییدا بەرەو رووی حاڵەتی ناسەقامگیری ببنەوە، چەندیش ماوەی بۆشایی رێکخراوەیی درێژە بکێشێت، بەقەد ئەوەش بارودۆخەکە قابیلی تەقینەوە دەبێت.

لەراستیشدا، حکومەتەکان لەزۆربەی ئەو ولاتانەی دەستیان بەتازە گەرێتی کردووە (ناوە ناوە) سیاسەتێکی دژایەتی بەرامبەر بەحزبەکان پەیڕەو دەکەن، لەهەندێ قۆناغی دیاریکراویشدا رێگا بەحزبەکان دەدرێت دروست ببن، چ

لەچوار چێوەیەکی پەرلەمانی کۆندا بێت، یان لەسەر شێوەی چەند کۆمەڵێکی میللی، یاخود بەهۆی تێکۆشانی سەختەوە بێت، دژ بە دەسەڵاتی ئیستعماری، هەروەها لەقۆناغێکی دیکەی دواتریشدا، رەنگە هەوڵبدرێت سنوورێك دابنرێ بۆ بەشداریکردنی سیاسی و ئەو رێکخستنە سیاسییەی پەیوەست دەبێت بەو بەشداریکردنە.

وەك حالەتێکی ئاسایی، زۆرجاریش لەگەڵ سەرکوتکردنی حزبەکان، هەوڵەکان دەخرێنە گەڕ بۆ کەمکردنەوە لەئاستی هۆشیاری سیاسی و چالاکی سیاسی.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی دووەم :

## شێوە گۆڕاوەکانی دروست بوونی دیاردەی حزبایەتی لەجیهانی سێیەمدا:

وێڕای گرنگی ئەو هەوڵانەی دەخرێنە ڕوو بۆ ڕاڤەکردنی دروست بوون و پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لەبارودخی ولاتە دواکەوتووەکانی جیهانی سێیەمدا، ئەوا ئەو جیاوازی و جیاکارییەی کە ئەو دروست بوون و پەرەسەندانە پێی دەناسرێن، سەرەڕای سنووورداری نووسینەکان دەربارەیان، ئەمانە وادەکەن ئاشنابوون لەسەر ئەو بارودۆخە سنوورداره بەگرنگ وەربگیرێت بۆ هەر ناوچەیەك بەتەنها لە جیهانی سێیەمدا، بەڵکو بۆ خودی ولاتەکانیش بەتایبەتی.

لەبەر رۆشنایی ئەو بۆ چوونە – وەکو سەرەتایەك – دەکرێ باس لەدروست بوون و پەرەسەندنی دیاردەی حزبایەتی بکەین، لەو چوارناوچەیەی کەپێشتر دیاری کراون لەچوار چێوەی جیهانی سێیەمدا، واتا ولاتانی ئەمریکای لاتینی، کشیوەری ئاسیا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ کیشوەری ئەفریقیا.

یەکەم// دروست بوون و پەرەسەندنی دیاردەی حزبایەتی لەئەمریکای لاتینی :

رەنگە سەربەخۆیی زووی ولاتانی ئەمریکای لاتینی، پاساو بێت بۆ ئەوەی کەسەرەتا لەو ناوچەیەوە دەست بەباسکردنی دروست بوونی دیاردەی حزبایەتی و پەرەسەندنی بکەین لەجیهانی سێیەمدا.

دەرکەوتنی حزبەکان لەئەمریکای لاتینی، لەدەورووبەری (١٥٠) ساڵێك پێش ئێستا دەستی پێکردووە، ئەویش لەگەڵ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و

جیابوونەوەیان لەئیسپانیا، ئەمەو چەشنی پەرەسەندنی ئەو حزبانە لەسەرەتادا، پراکتیزە دەبێت لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە سەربەخۆییان دواکەوت، وەك بەرازیل و پەنەماو کوبا. لەکاتێکدا کەهیچ دەفەرتێك نەبووە، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی دروست بوونی حزبەکان لەرێگای پەرلەمانەوە لەولاتانی ئەمریکای لاتینی، ئەوا شیکردنەوەی باری کۆمەلایەتی و ئابوری — لەلایەکەوە — هەروەها شیکردنەوەی پەیوەندییە ئیستعمارییە پاشکۆیەتییەکان — لەلایەکی دیکەوە — ڕاستەو خۆ یارمەتیمان دەدەن بۆ تێگەیشتن لەڕەگ وریشەی ئەو دیاردەیەو کاریگەرییە زاڵەکانی سەر پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی، هەر لەوکاتەوەی کەچەند گروپێکی سیاسی گەشەیان کرد، دوای جیابوونەوە لەدەوڵەتی داگیرکەر، کە ڕەنگدانەوە بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی گەورە مولکدارانی زەوی و پیارانی ناو سوپاو کلێسەی ئاینی، بەو هەنگاوەش بنەما سەرەتاییەکانی حزبە سیاسییەکان دارێژرا.

ئەو ڕاستیەش نەك تەنها لەسەر یەکەم قۆناغی دامەزراندنی حزبەکان لەئەمریکای لاتینی پیادە دەبێت، بەڵکو بەسەر درێژایی ڕێرەوە مێژووییەکەی ئەو وڵاتانەدا، هەر بەپێچەوانەی ئەو ڕۆڵە دیارو دان پێدانراوەی ئەنجوومەنی یاسادان (پەرلەمان) لەپرۆسەی سیاسی وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکای باکور، کەحزبە سیاسییەکان ڕۆڵیان لەڕێکخستن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا گێڕاوە، ئەوا پێگەو ڕۆڵی خودی ئەنجومەنی یاسادانان (پەرلەمان) لەوڵاتانی ئەمریکای لاتینی زۆر کەمتر بووە لە هێزی یان لەکاریگەریدا، ئەمەو سەرەڕای ئەو نۆرم و بنەما دەستوریانەی دیاریکراون، دەربارەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕەچاوکردنی ڕێ و شوێنە دەستووریەکان لەدروستبوونی سیاسیەتدا، ئەوا دەسەڵاتی سیاسی ڕاستی لەدەستی ئەو ئەنجوومەنە جێبەجێکاریانە ماونەتەوە

کەزالبوون بەسەر ئەو حزبە سیاسییانەی کەلە ڕاستیدا بریتی بوون تەنها لەگردبوونەوەی چەند کۆمەڵە کەسانێك.

سەرەڕای ئەو هەل و مەرجانەش، ئەوا چەشنی سیستەمی سیاسی بۆ چەندین وڵاتی ئەمریکای لاتینی و مۆرکە (کوربوراتیە)کەی — سەندیکایی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان — پشکێکی گەورەی لەبەرپرسیارێتی دروستکردنی سیاسەتە گشتیەکانی خستووەتە دەستی ئەوانەی پێیان دەوترێت — حکومەتە تایبەتیەکان (private Governments)، نموونەی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی، یەکێتیەکانی بانك و کۆمەڵەکانی بازرگانی و گەشتیاران، تادەگاتە نیقابەکانی کرێکاران، دەبینین ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بەو بەرژەوەندییانەی کە هەریەك لەو ئەنجومەنانە نوێنەرایەتیان دەکات، ڕەنگە هەرگیز نەگەنە ئەنجومەنتایبەتییەکانی حکومەت، ئەگەر روویدا گەیشتنیش، ئەوا وەك ئەنجامە کۆتاییەکان دەخرێنە روو بۆ رەزامەندی دەربڕین لەسەریان، نەك وەك پێشنیاز بۆ راوێژکردن و ڕێککەوتن لەسەریان، ئەمە لەگەڵ رەچاوکردنی لایەنە گشتیەکانی سیاسەت وەك یەك، لەم چوار چێوەیەدا رۆڵی حزبە سیاسییەکان لاوازو پشتگوێخراو دەبێت و ڕێوشوێنەکانی وەك هەڵبژاردن و مانۆرە حزبیەکانیش بایەخێکی کەمیان دەبێ لەپرۆسەی دروستکردنی سیاسەتدا بەڵام لەگۆشەی (قەیرانەکانی گەشەپێدانی سیاسیەوە) ئەوا کارەکە تەنها لەسەر ئەوەندە ناوەستێت کەسەرهەڵدانی دیاردەی حزبایەتی پەیوەست بێت بەبوونی ئەوقەیرانانەوە، بەڵکو بەروودانیشیان لەیەك کاتدا، یان لەماوەی نزیك لەیەکترا، دیارە ئەوەش تایبەتمەندی و سیمای کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمە، بەڵام بەپلەی جیاواز.

لەم سنوورەدا، دیاردەی حزبایەتی لەئەمریکای لاتینی دەستی پێکرد، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پێداویستیە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان، لە قۆناغە مێژووییەکانی پەرەسەندندا، بەدەستەواژەیەکی دیکە: پەرەسەندنی حزبە سیاسیەکان و جۆراوجۆری شێوازەکانی لەکیشوەری ئەمریکای لاتینی، ڕەنگدانەوەیە بۆ پەرەسەندنی (گەشەپێدانی سیاسی) لەناوچەکە، چونکە حزبەکان بەزۆری لەخاڵەکانی وەرچەرخانی یەکلاکەرەوەی مێژووی وڵاتەکانیش دەردەکەون.

ئەو ڕێکخستنە سەرەتاییانەی ناویان لەخۆیان نابوو (حزبی سیاسی) تەنها بریتی بوون لە چەند گروپ و دەستەیەك، ئەوانە هەڵقوڵاوی دەستەی بژاردەی حوکمڕان بوون لەسەر پێگەوپایە گشتیەکان، ململانێیان هەبووە لەنیوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، زۆریش جیاواز نەبوونە لەنێوان خۆیاندا دەربارەی ناسنامەی ئەو هێزانەی کەدەبوایە حوکمڕانیان بەدەستەوە بێت، ئەوان باوەڕیان بەفەرمانڕەوایی بژاردەی کۆمەڵ هەبووە، بەڵام جیاوازیش هەبووە لەنێوانیان دەربارەی ئەو سیاسەتانەی کەپێویست بوو حکومەت پیادەی بکات.

لەلایەکەوە، کۆمەڵێك هەبوو ناوی (کۆنەپارێزیان) لەخۆیان ناوە، ئەوانە لەڕاستیدا لە ناو موڵکدارانی زەوی و پیاوانی ئاینی پەیدابوون، ئەوانە دیدیان بۆ حکومەت لەوە زیاتر نەبووە کەتەنها پارێزگاری لەبوونیادە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە باوەکان بکەن، بەڵام بەرهەڵستکارانیان کەناوی (لیبراڵەکان)یان لێنرابوو، ئەوانە خواست و ئاواتیان زۆتر بوو بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کەحکومەت بایەخ بەگەشەپێدانی کشتوکاڵی و بازرگانی بدات، لەگەڵ هەناردەکردنی کاڵاکان، ئەو کارەش بەڕێگەی دابەشکردنی زەوییەکانی

کلێساو زەوی هیندییەکان (دانیشتوانی ڕەسەنی وڵات) بەسەر وەبەرهێنەرانی گوندو دەرەوەی شارەکان بێت، ئەمەو ڕێژەی بەشداری کردنیش لەهەڵبژاردنەکان لە (١٠٪) ی دانیشتوانی تێپەڕ نەدەکردو تێیدا کۆنە پارێزان و لیبرالەکان ململانێیان دەکرد.

هەروەها لەژمارەیەکی کەمی ئەو وڵاتانە، حزبەکانی کۆنەپارێزو لیبرالەکان، توانیویانە ملکەچی و پابەند بوونی قوڵ دروست بکەن (دیارە لەناو خەڵکدا)، کە هۆکاری مانەوەیان بووە تائەمڕۆ، بەڵام لەزۆربەی وڵاتانی ئەو کیشوەرە، حزبەکان وردەوردە روویان لەنوشستی کردووە، لەبەرامبەر دەرکەوتنی چەند حزبێکی نوێ لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەمەو لەگەڵ قۆرخکردنی سیاسەتە حزبییەکان لەلایەن توێژی بژاردەوە ئەوا نەوەی نوێ لە کۆچبەران و پیاوانی کاروبازاڕی شارەکاندا لەگەڵ پێشەوەران و کشتیارو بازرگانە بچووکەکان ئەوانی لەوڵاتە گەورەکانی ئەمریکای لاتینی لەنێوان (١٩٠٠ — ١٩٢٠) دەرکەتن، ئەوانە بۆیان ئاشکرا بوو کە تەنها ئومێدێکی کەمیان هەیە دەنگیان هەبێت لەبەرێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان، بەڵام ئەو ویستەشیان بەرەو رووی بەرهەڵستی دەبووەوە لەلایەن حزبە نەریتگەرییەکان، بۆیە تاکە ڕێگای کراوە لەبەردەمیان، بریتی بوو لەپێکهێنانی حزبە سیاسییەکانی تایبەت بەخۆیان و بەکارهێنانی ئەو حزبانە بۆ جێبەجێ کردنی چاکسازییەکان لەبواری هەڵبژاردندا، کەرەنگە دەرفەتی رکابەرییان بداتێ لەبەرامبە حزبەکانی دیکە.

ئەو چین و توێژە ناوەڕاستیانەی باسیان هات لەهەندێ وڵاتدا، نەك تەنها لەبەدیهێنانی ئەو چاکسازییەی مەبەستیان بوو سەرکەوتن، بەڵکو گەیشتن بەپێگەو پلە گشتیەکانیش، ئەو دەستەو گروپانە چ وەك رادیکاڵ ناویان

لەخۆدەنا، هەروەك لەشیلی و ئەرجەنتین، یان لەژێر هەر ناوێكی دیكەدا بووبن، ئەوانە بەهۆی ڕێكخستنە فراوانەكانیان لەناوشارەكانداو بەسەركردایەتی كەسانی میللی ڕووبەرووی حزبە نەریتگەرییەكان بوونەتەوەو گەیشتنە پلەو پایەگشتیەكان.

بەڵام ئەو بێ بازارییە گشتییەی كەبەقەیرانە ئابوورییە جیهانیەكەی ساڵی (١٩٢٩) ناسرا، گوررێكی كوشندە بوو بەرامبەر حزب و توێژەكانی ناوەراست و تواناى چارەسەركردنی ئەو كێشانەیان نەبوو، كە قەیرانەكە وروژاند بووی، بۆیە ئەو حزبانە بەرەو ڕووی هێرشی كۆنە پارێزەكان بوونەوە، هەروەها لەسەر دەستی سوپا لە زۆر پلەو پێگەی گشتی دوور خراونەتەوە. ئەمەو دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە ئاكامی ئەو بێ بازارییەی كەسەری هەڵدا، ڕادیكالەكان ناچار كران، بەرەو ڕووی ڕكابەرییەك ببنەوە لەگەڵ چەند هێزێكی سیاسی نوێدا، بە مەبەستی بە دەست هێنانی پشتگیری جەماوەری، گرینگترین ئەو هێزە سیاسیانەش (بزوتنەوەی میللیەكان) بوون، كە لە ولاتانی ئەرجەنتین و بەرازیل و سەریان هەڵدا.

ئەو بزوتنەوە میللیانە لەسەر شانی كۆمەڵە كەسانێكی سیڤیل و سەربازی دروست بوون، كە بە خەسڵەتە كانی ئاوات بەرزی و خواست و لێهاتوویی دەناسران، ئەوانە توانیان بەسەر بانگەشەی ڕادیكاڵەكان تێپەر بن، لە ڕێگەی تەیاركردن و هاندانی چینی كرێكاری شارستانی و پاڵنانی بەرەو كاری سیاسی، دیارە ئەو چینانەش لە ماوەی ئەو بێ بازارییە بەرەو ڕووی بێ بەشییەكی توند بووبوون، بەرچاوترین سەركردە جەماوەرییەكانیش (خوان بیرۆ) لە ئەرجەنتین و (جیتولیو فارجال) لە بەرازیل بوون. ئەو بزووتنەوە میللیانە سودیان لە هەنگاوە خێراكانی پیشەسازی وەرگرت كە لە

ولاتەکانیان هاتە دی لە سالآنی سی و چلەکان (سەدەی بیستەم) و لەگەڵ هەوڵ و هیوا بەرزەکانی چینی پرولتیاریای گەشەکردووی شارەکان، ئەوانی کە لەلایان هێزە رادیکال و لیبرال و کۆنە پارێزەکانەوە پشت گوێ و فەرامۆش کرابوون، بەڵام رێکخراوە حزبیەکانی سەر بە بزوتنەوە میللیەکان کە هیچ جۆرە توند و تۆڵیەکیان تێدا نەبوو، روویان لە کەسایەتیە دیارەکان و توانای چەند رێکخراوێکی لاوەکی کرد بۆ پشتگیریان، نەك پشت بەستن بە رێکخراوی جەماوەری بەهێز، بۆیە کە هەردەستیان گەیشتە دەسەلآت، هێزیان بەکار هێنا، نەك تەنها بۆ دابەشکردنی دەست کەوتەکان بەسەر لایەنگرانیان، بەڵکو بۆ پشتگیری کردنی توێژێك لە کادیرانی ناوچەکە، هەروەها بۆ پەلەکردن لە کاری پیشەسازی، بەڵام ئەو رەوتە میللیانە بەهیچ جۆرێك لەلایەن رۆشنبیر و پێشەوەران جێگای قبولکردن نەبوو، لەبەر ئەوەی بێزاربوون لە رەفتاری دیماگۆگیانەیان و لە بەکارهێنانیان بۆ شێوازی توندوتیژی. هەر لەئەنجامی ئەو هەل و مەرجەو لە هەمان کاتدا کە ئاراستە میللیەکان روویان لە هەڵکشان بوو، ئەوا کۆمەڵە سیاسەتمەدارێکی دیکەو ئەوانی کە رازی نەبوون بەو بارووددۆخەی کە هەیە، لە هەوڵی دامەزراندنی بنچینەی چەند حزبێکی چاکسازی دیموکراسی بوون، کە خاوەن پێگەی جەماوەری بن، ئامانجیشان رێگا کردنەوە بوو بۆ دیموکراسیەت بەهۆی بەستنەوەی بەها دیموکراسیەکانی رادیکاڵەکان، لەگەڵ لایەنە وروژێنەر و سەرنج راکێشە میللیەکان، هەروەها لەگەڵ رێکخستنێکی توندو تۆڵ کە لەلایەن سۆسیالیست و دیموکرات خوازەکانەوە پەرەی پێ درابوو لە ئەورووپا. ئەوانە ئامانجیان تەنها ئەوە نەبوو کە گروپ و توێژەکانی (ناوەراست) بخەنە پاڵ خۆیان، هاوشێوەی رادیکالەکان، بەڵکو ئامانجیان

خستنە پاڵی چینی کرێکارانیش بوو، دوو ڕەگەزی بنچینەیی لە هەڵمەتی ئەو ڕەوتە نوێیە بریتی بوو لە ڕێکخستنێکی نەتەوەیی تۆکمە کە بگاتە ئاستەکانی خوارەوە، لەگەڵ ئامادەکردن و سازدانی دەنگدەران لە گوندەکان، ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕێکخراوی جوتیاران، ئەوانی کە بەستراون بەحزبە سیاسیەکانەوە، هەروەها ئەو ڕەوتە نوێیە پابەند بوونی خۆی بە چاککردنی دامەزراوە ئابورییە کۆنەکان و پلاندانانی گەشەپێدان خستەڕوو بۆ هاولاتیەکانیان. لە زۆربەی ولاتانی ئەمریکای لاتینی، لە ماوەی چل و پەنجاکان (سەدەی بیستەم) هەولێکی زۆر درا بۆ پێکهێنانی حزبەکانی- چاکسازی دیموکراسی-، بەلام ئەو هەولانە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، تەنها لە چەند حالەتێکی کەم نەبێت، وەك لە ولاتانی - چیلی - و - فەنزویلا - ڕوویاندا، لەبەر ئەوەی ئاراستە میللیەکان هیچ پێگەیەکیان بە دەست نەهێناو جوتیارانیش بە دەستی حیزبەکان دەجولانەوە.

هەندێ لە توێژەران، حزبەکانی (چاکسازی) دابەش دەکەنە سەر دوو جۆر: عەلمانی و ئاینی. دەکرێ جۆری یەکەم بگەرێنینەوە بۆ حزبی ((aristae کە لە ولاتی پیرۆ لەلایان (ڕائول هایادی لاتور) ەوە ڕێکخراوە لەگەڵ کۆمەڵە قوتابیەکی جیابووەوە لە سالانی سیەکان (سەدەی بیستەم) کە لەلایەن چەند فەیلەسوفێکی چاکسازی خوازی پیرۆ و کۆمەڵە سۆسیالیست خوازێکی هاوچەرخ هاندراون و پشتگیریکراون. بەلام ئەندامانی حزبی (aprista) دووچاری چەوساندنەوە بوونەوە بەدرێژای مێژووییان و ڕێگایان پێنەدرا هەرگیز حکومرانی ولاتی (پیرۆ) بکەن، تەنها بەهاوپەیمانێتی نەبێت لەگەڵ چەند حزبێکی کۆنە پارێزی تۆخ . بەلام حزبی - کاری دیموکراسی - لە ولاتی فەنزویلا سەرکەوتووتر بوو، چونکە لێرەدا ماوەیەکی کورت

حکومرانی کرد، لە کۆتای سالآنی چلەکان (سەدەی بیستەم) دواتر بە درێژایی ماوەکە لەسالآی (١٩٥٨) ەوە حوکمرانی بەدەستەوە بوو، تەنها بۆ یەك خولی سەرۆکایەتی نەبێت، بەهەمان شێوە حزبی (ئازادبوونی نەتەوەیی) لە ولآتی کۆستاریکا سەرۆکایەتی گرتە دەست لە چوار بۆنەداو هەر لەکاتی دامەزراندنیەوە لە سالآی ١٩٤٨ دا، بۆیە سەرکەوتنی ئەو حزبانە لە کۆتای پەنجاکان (سەدەی بیستەم) پالآی بەهەندێك چاودێری سیاسیەوە نا کە بگەنە دەرئەنجامێك (لەکاتی خۆی)، ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لەوە کە ئەمریکای لاتینی لە کۆتاییدا گەیشتووەتە ئەو ئامرازەی پێویستیەتی بۆ بونیادنانی دیموکراسیەت، دیارە ئەوەش کارێك بوو کە لە واقیعدا رووی نەدا.

بەلآم جۆری دووەم لە حزبە ریفۆرم خوازە دیموکراسییەکان، ئەوانە بە حزبی ئاینی (لاهوتی) – theological – دادەنرێن، ئەویش بەهۆی یەکبوونی بیروڕایان لەگەلآ ئاراستەی دیموکراسیەتی مەسیحی. ئەم ڕەوتە بریتیە لەو بزوتنەوەیەی کە لە ئەورووپاوە دەستی پێکرد و پاشان بلآوەی کرد بۆ ولآتە کاسولیکیەکانی دیکە، بە هەرکاریگەری هزرە سیاسیەکانی فەیلە سوفی فەرەنسی – جاك مارتان – ، مەسیحیە دیموکراسیەکان هەولآیاندا بۆ بودنیادنانی کۆمەلآگەیەکی دیموکراسی (نەسۆسیالیستی بێت و نەسەرمایەداری)، بەلآکو لایەنە بەخشندەو باشەکەی سۆسیالیستی و نێوان خەسلەتی ڕێزلێگرتنی تاك، لای هزری سەرمایەداری بەیەك بەستێتەوە.

ئەو مەسیحیە دیموکراسیانەی کە بەتەواوی لە ئامانج و شێوازە سیاسیەکانیان میانرەون، ئەوانە وردە وردە دەستیان کرد بە وەرگرتنی چەندین سیماو خەسلەتی رکابەرەکانیان لە حزبە ریفۆرمخوازە عەلمانیەکان، هەروەها بلآوە پێکردن و فراوانکردنی ڕێکخستنەکانیان، بۆ ئەوەی چین و توێژی کرێکاران

و جوتیاران بگرێتەوە سەرەرای موژدە پێدان بە چاکسازی کشتوکاڵی و پلاندانانی دەوڵەت. هەر لەسەر شێوەی کاری ریفۆرمخوازە عەلمانیەکان، رەوتە مەسیحە دیموکراتەکان، چەندین حزبیان دروست کرد لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی، بەلام تەنها لە وڵاتی چیلی سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، کە لە ناوەراستی شەستەکان (سەدەی بیستەم) دەسەلاتیان گرتە دەست، لە وڵاتی فەنزویلاش بۆ ماوەی یەك ساڵ سەرۆکایەتیان گرتە دەست لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم.

ئەو رەوتە واتەماشا دەکرا کەئامرازێکی سەرەکیە بۆ حوکمرانی دیموکراسی و سیاسەتی چاکسازی، لەو دوو وڵاتەش نەبێت سەرکەوتوونەبوون لەوەی کەچاوەروان دەکرا لێیان.

لە کۆتاییدا، حزبە (شۆرشگێرەکان) دەمێننەوە ئەوانی کە لە کۆتایی هەردوو دەیەی دواییدا (سەدەی بیستەم) جێگای سەرنجدانێکی زۆر بوون، بەلام — بەدڵنیاییەوە — ئەو حزبانە دیاردەییەکی نوێ نەبوون لە کیشوەری ئەمریکای لاتینی، لێرەدا بە (شێوەیەکی بنەرەتی) لە ئەمریکای لاتینی دوو جۆر حزبی شۆرشگێر هەبوون: یەکەمیان لەلایەن مارکسیەکانەوە. دامەزراوە، دووەمیشیان کەسانی نامارکسی دروستی کردوون. لە ناو جۆری یەکەم، ژمارەیەك حزبی سۆسیالیست و کۆمۆنیستی پەتی هەن، سەرەتا سۆسیالیستەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا حزبیان پێکهێنا، کە زیاتر بەشێوەیەکی تایبەت، کۆچکردووە ئەورووپیەکان پێی هەستاون. هەروەها دوای شۆرشی روسی لە ساڵی ۱۹۱۷، حزبە کۆمۆنیستەکان دەستیان بە پێکهێنان کردووەو هەندێکیان لەگەڵ حزبە سۆسیالیستەکان تێکەڵ بوون، لە کاتێکدا بەشێکیانیش بوونەتە رکابەریان، بە هۆی رازی نەبوونی سۆسیالیستەکان

بەسەرکردایەتیەکەی یەکێتی سۆڤیەت (لەوسەردەمە) بۆ بزوتنەوەی شۆڕشگێری نێو دەوڵەتی. هەربەو جۆرەو لەکاتێکدا رادیکالەکان خەریکی رێکخستنی توێژ و کەرتە جەماوەریە هەڵکشاوەکانی ناو شار بوون،- ئەوا حزبە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان بەسەرکردایەتی رۆشنبیران و سەرکردە کرێکاریەکان، خەریکی کۆکردنەوەی لاینگیر بوون بۆ خۆیان، لە نێوان چینی کرێکاران . دیارە کێشەی یەکەمیان بە سروشت شۆڕشی پرولیتاریا و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوو، ئامرازەکانیشیان مانگرتن و خۆپیشاندان بوو، سەرەرای رۆشنبیرکردنی جەماوەر.

بەڵام ئەو حزبانە زۆر کەم هەوڵەکانیان یەك خستووە، بەهۆی ناکۆکییە رێبازییەکان و رکابەرییە کەسایەتیەکانی سالآنی سی و چلەکاندا (سەدەی بیستەم)، زۆربەی ئەو حزبانە بە پەراوێزخراوی مابوونەوە لە ئاست سیاسەتەکانی وڵاتەکەیان، زۆر جاریش ناچارکرابوون لە خەباتی ژێر زەمیندا بێننەوە، یان سەرکردەکانیان هەڵهاتبوونە دەرەوەی وڵات، بەهۆی دژایەتی و راوەدونانی حکومەتەکان بەرامبەریان، هەروەها ئەو حزبانەی بەرەو رووی رکابەری بزوتنەوە میللیەکان بوونەوە لە چلەکاندا، (سەدەی بیستەم)، سەرەرای رکابەری حزبە چاکسازییە دیموکراسیەکان لە سالآنی پەنجاو شەستەکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی بۆ بە دەست هێنانی پشتگیری چینی پرۆلیتاریا، بەردەوامیش لە رووبە روو بوونەوەی ئەو دوو بزووتنەوەیە لاوازیان نواندووە. بەڵام بەرچاوترین هەڵاوێردەکان ئەوا بەرجەستە بوو لە وڵاتی چیلی، لێرەدا حزبە مارکسیەکان پشتگیری کرێکارانیان بە دەست هێنا لە بیستەکانی سەدەی رابردوو ، دواتریش بە شداریان کرد لە حکومەتەکانی بەرەی میلی ، هەروەها دواتر ئەو بەرەیە گەیشتە دەسەڵات لەسەر دەستی

(سلڤادۆر ئەلیندی) لەساڵی ١٩٧٠، ئەمەش شان بە شانی دامەزراندنی سیستەمی کۆمۆنستی لە وڵاتی کوبا لەسەر دەستی کاسترۆ .

بەڵام مەبەست لە حیزبی شۆڕشگێڕی نامارکسی ئەوە، حیزبی دامەزراوەیی شۆڕشگێڕە (pri) لەوڵاتی مەکسیك، ئەگەر چی بەشیك لەتوێژەران رازی نین کە خەسڵەتی شۆڕشگێڕی بەو حیزبە مەکسیکیە ببەخشرێ، لە سەر ئەو بنەمایەی کە تەنها بەناو شۆڕشگێرە ئەو حیزبە هەوڵی خۆی چڕکردبۆوە بۆ زاڵبوون بەسەر دەسەلاتی سیاسی لەمەکسیك هەروەها دروستکردنی ئابوریەکی سەرمایەداری تێکەڵاو، نەك خولقاندنی شۆڕشێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی، لەڕوویەکی دیکەوە ئەوانەی بەرگری لەو حزبە دەکەن ئاماژە بۆ ئەو دەستکەوتانە دەکەن کەبەدەستی هێناوە لەپێناو ڕێگرتن لەدەسەلاتی چینی – لاتیفوندو – وکلیسەو وەبەرهێنەرە بیانییەکان، زیاتر لەهەر حکومەتێکی دیکەی ئەمریکای لاتینی پێش شۆڕشی کوبا، هەروەها ئەم حزبە چەندین چاکسازی کشتوکاڵی گرینگی جێبەجێ کردووە، ئەویش پێش ماوەیەکی دوورو درێژ لەبایەخ پێدانی هەر حکومەتێکی دیکە بەو کارە، سەرەڕای هەموو ئەوانە، دیاردەی حزبایەتی لەئەمریکای لاتینی چەندین شێوازی حزبایەتی دیکە دەگرێتە خۆی، نموونەی حزبە (کاتیبەکان) یان کەسایەتیەکان، ئەوانی پەیوەست دەبن بەچەند کەسانێکی دیاریکراو، پاشان لەناو دەچن، بەهۆی نوشوستی هێنانی نوێنەرەکانیان.

هەرچەندە (کەسێتی خوازی) تارادەیەك خەسڵەتێکی باوە لەناو هەموو حزبەکانی ئەمریکای لاتینی، لەحزبەکۆنە پارێزەکانەوە بگرە تادەگاتە ئەو حزبانەی زیاتر شۆڕشگێڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند حزبێك بوونی خۆیان دەپارێزن لەدوای نەمانی دامەزرێنەکانیش، لەکاتێکدا ئەو حزبانەی بەحزبی

کسایەتی ناسراون لەگەڵ ئەمانی سەرکردەکانیان هەڵدەوەشێنەوە، هەروەها لەماوەی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، هەندێ حزبی هەرێمایەتی لەئەمریکای لاتینی دەرکەوتن ئامانجیان گەیشتن نەبووە بەدەسەڵات، بەقەد ئەوەی نوێنەرایەتی بیروڕای هەرێمایەتی بکەن لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان، بەئامانجی ناچارکردنی حکومەتە کۆنەپارێزو لیبرالەکان بۆ ئەوەی داخوازییەکانیان کە ئۆتۆنۆمی بوو پەسند بکەن، لەکۆتاییشدا چەند حزبێکی – فاشی – لەجۆرێکی دیکە دەرکەوتن، ئەویش لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فاشیزمی لەئیتالیا و ئیسپانیاو ئەڵمانیا، بەڵام ئەو حزبانە زیاتر لەپەراوێزی سیاسەتدا نەتەوایەتیەکانیان مانەوە.

دووەم// دروست بوون و پەرەسەندنی دیاردەی حزبایەتی لەکیشوەری ئاسیا.

دیاردەی حزبایەتی لەکیشوەری ئاسیا ڕەگ و ریشەی خۆی لەکەلەپوری مێژوویی کۆمەڵگاکانی ناوچەکە دەبینێتەوە لەلایەکەوە، لەگەڵ کاریگەرییەکانی ئیستعمار بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەوە لەلایەکی دیکەوە، پسپۆری ئەم بوارە (روسیان بای) لەلێکۆڵینەوەکەی بۆ سیستمە سیاسییە نەریتگەرییەکان لەکیشوەری ئاسیا، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو ئاراستەو کردارانەی ژینگەیەکی باشیان خولقاند بۆ پەیدا بوونی چەند حزبێك (بەتەنها)، هەمان ئەو هۆکارە سەرەکیانەن کە بوونە رێگر لەبەردەم گەشەپێدانی (سیستمگەلێکی حزبی) کارا، بۆ نموونە، لەوڵاتی هیندستان کارلێکردنی نێوان سەرکردایەتی تائیفە ئاینیەکان و چینی فەرمانبەران، بوو بەهۆی دەرکەوتنی کارامەیی و شارەزایی لەو بوارانەی پەیوەستن بەسیستمی حزبایەتی و ستراتیژییەتی حزبایەتیەوە، هەروەها هەست و سۆزە نەریتگەرییەکانی خەڵکی یابان، لەئاست پابەندییە ئاڵوگۆڕەکان و ئەو

پەیوەندییانەی کەلەنێوان بچووك و گەورەکاندا هەیە، ئەو دیاردەیە بە – زەرورەت – کارئاسانی کردووە لەپرۆسەی بونیادنانی سۆزو هەواداری حزبایەتی، بەلاَم سەرەڕای هەموو ئەو داب و نەریتانەی کە پالپشتی لەهەواداری و پابەندبوون بۆ کۆمەلّ دەکەن، هەروەها هەولّ و کۆششی بەکۆمەلّ بۆگرتنە دەستی دەسەلاّت، ئەوا سیستەمە نەریتگەرییەکان لەکیشوەری ئاسیا رووبان لەخولقاندنی چەند ئاراستەیەك کرد، کە لەگەلّ بەڕێوەبردنی سیستمێکی حزبی رکابەری کارا، یەك ناگرنەوە.

– روسیان بای – کۆمەلگا ئاسیاییەکان، بەپێی کەلەپوری سیاسی و کاریگەرییەکانی بەسەر دروست بوونی دیاردەی حزبی، دابەش دەکاتە سەر سێ جۆر، بەم شێوەی خوارەوەش ناویان دەبات:

سیستەمە ئیمپراتۆرییەتە نەریتگەرییەکان (کەلەبنچینەدا خۆی لەولاّتی چین دەبینێتەوە)، پاشان سیستەمی دەرەبەگایەتی یابان، دوایيان سیستەمەکانی – رکابەری سنووردار – .

بەپێی بۆ چوونی – بای – سیستەمە ئیمپراتۆرییەتە نەریتگەرییەکان (traditional imperial systems)، ئەو سیستەمانە، کەمتر هاوکار بوونە بۆ خولقاندن و بەدیهاتنی ژینگەی گونجاو لەپێناو دروستبوونی رێکخراو و یەکێتیگەلێکی ئارەزوومەندانە کەتوانای دارشتنی سیاسەتێکی گشتی هەبێت، لێرەدا بۆشایی نێوان هەردوو جیهانی بژاردەو جیهانی جەماوەر، بەرادەیەك فراوان بووە کە داواکاری و بەرژەوەندییەکانی گەلّ، لەباروودۆخێکی زۆر دژواردا نەبوایە نەدەگەیشتە فەرمانرەوا، ئەگەر ئەو داواکاریانە بگەیشتایەش ئەوا بەزۆری لەرێگەی توندو تیژییەوە روویدەدا، هەرگیز دان نەنراوە بەپێویستی بوونی دامەزراوەی ئاشکراوروون بۆ

هەواڵنامەی کتێب

کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی گەل بەڵکو وا دانرابوو کەحکومەت ئەقلانییەت و ژیرییەکی لەبارو پێویستی بەدەستەوەیە بۆ حوکمڕانییەکی دادپەروەرانەو سەرکەوتووی کۆمەڵگە، فەرمانبەرانیش ڕاهێنراون لەسەر هونەری مامەڵە کردن و بێنەو بەرە لەگەڵ کۆمەڵ و گروپەکان، هەندێکیان دژ بە هەندێکی دیکە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر حکومەتدا، بەڵام لەم بوارەدا هیچ گرێمانەیەك نەبوو کەحکومەت هەمیشە بەدەنگەوە بێت بۆ دەرەنجامەکانی هەر ململانێیەکی نێوان کۆمەڵانی سەربەخۆ، لەبەر ئەوەی ڕێگەدان بەکارلێکردنی ئاشکرای نێوان بەرژەوەندییەکان، ئەوە وەك وازهێنان دەبێت لەبەرپرسیارێتی حکومەت، هەروەها ئەوە بەمانای ڕێگە دانیش دێت بەدەرچوونی کاروبارەکان لەژێر دەستی حکومەتدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو خەسڵەتە بنچینەییەی کەئیمپراتۆرییەتی چین جیاواز دەکاتەوە ئەوە پاوانکرد بوو چونکە دەسەڵاتداران هەوڵیانداوە پارێزگاری لەتەواوی دەسەڵات بکەن بەسەر توێژو دەستە بژاردەکانی ناوکۆمەڵ، هەروەها حکومەت هەوڵیداوە ڕێگە لەدەرکەوتنی هەر هێزێکی سەربەخۆ بگرێت، لەهەمان کاتدا چەند گروپێکی سەربەخۆو یەکێتییەك سەریان هەڵدا، کەخاوەن ڕێکخستنێك بوون لەئاستێکی بەرزداو هاوکاربوون بۆ سەقامگیر بوونی کۆی سیستەمەکە.

بۆ نموونە، لەوڵاتی چینی کۆندا چەند ڕێکخراوێکی دانپێنراو هاتوونەتەدی، لەسەر بنچینەی عەشیرەت و خزمایەتی، لەگەڵ چەند سەندیکایەکی پیشەیی بەدیسپلینێکی توکمەوە لە زۆربەی بوارە بازرگانیە گرنگەکاندا، سەرەڕای ئەوانەش چەند گورێکی نهێنی پەیدا بوونە، ئەودەسەڵاتیان هەبووە بتوانن بڕیار لەسەر ژیان و مردنی ئەندامەکانی خۆیان بدەن، لەهیندستانیش، زۆرێك

لەروخساری هەمان ئەو رەوشە دووبارە بوونەتەوە، کەپەیوەستن بەپێکهاتەو تائیفکانەوە، لەگەڵ بوونی توانایەکی روون بۆ بوونیادنانی رێکخستنەکان لەشارەکاندا، لەماوەی پێش داگیرکردنی بەریتانیا بۆ ئەم وڵاتە.
بەڵام ئەو یەکێتی و کۆمەڵانە، بەتایبەتی بەهۆی مافەکانی پاوانکردن، کە سەرکردەکانیان سوودیان لێوەرگرتووە، بەهیچ شێوەیەك وێنەیەك نەبوونە لە حزبە سیاسییەکان یان گروپەکانی بەرژەوەندی هاوچەرخ، ئەوانە وەك گردبوونەوە گەلێکی خۆپارێزکاریان کردووە، رەنگە ئەندامانی خۆیان پاراستبێت لە دەستدرێژی حکومەت، بەڵام توانای ئەوەیان نەبووە فشاربخەنە سەر حکومەت، بەدڵنیاییەوەش، هەرگیز ئەو کارە بەهیچ شێوەیەکی ئاشکرا رووی نەداوە، چونکە وا دانرابوو ئەو هێزە بزوێنەرکارانەی سیاسەتی گشتی پێکدێنن (بەشێوەیەکی تەواو) دەکەونە ناو چوارچێوەی حکومەتی فەرمی و چینی فەرمانبەرانەوە، دەرەنجامیش کارێکی ناعەقلانی گەورەیە کەهاوڵاتی ئاسایی (هەرچەند بێت سامان و پێگەی) بەئاشکرا تێبکۆشێت، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی بخاتە بەردەم حکومەت.
ئەو رەتکردنەوەیە بەدانپیانان بۆ بوونی پێویستی بەچەند پەیوەندییەکی راشکاوو دامەزراوەییانە لەنێوان (یەکێتیە تایبەتیەکان - و - دەزگا حکومییەکان) ئەوە دەگەیێنێت کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان کارمەندان، ملکەچی پەیوەندییە کەسیتیەکان بووە، لەدواییشدا ئەو پەیوەندییانە کەوتنە چوارچێوەی دیاردەکانی نەبوونی شایستەیی و گەندەڵی و هەڵخەڵەتاندنەوە.
هەر بەپێی ئەو لێکدانەوەیە - بای - دەگاتە گریمانەیەك، ئەویش: ئەو کۆمەڵگەکراوەیەی کەلەگەڵ سەردەمی کۆماریدا سەری هەڵدا، مایەی سەرنج راکێشێکی تایبەت نەبووە لەلایەن زۆربەی خوێندەوارانی گەلی چین،

ئەوانەی (بەهۆی ترسی لەناکامەکانی ئاژاوەو ململانێ) ویستیان دەسەڵاتێکی یەکگرتوو حکومەتێکی پاوانکار دابمەزرێنن، لێرەدا ئەگەر بوونی حزبە سیاسییەکان بەپێویست دانرابێت، وەك بەدەنگەوە هاتنێك بۆ ئەو – مژدە-یەی بڵاوبۆتەوە، ئەوا خەڵکی چین تارادەیەك هەموویان کۆك بوون لەسەر بەباش زانین و لایەنگری سیستمی تاك حزبی، کەلەمیانەیدا ئەو حزبە لەحکومەتە فەرمییەکە جیاواز نابێت، ئەمەش ئەو هەست و گیانە شاراوەییە بوو کەلەپشت دەسەڵاتداری – کۆمینتانگ – خۆی مت دابوو، کە هەمان هەست و گیانی شاراوەش بوو لەپشتی حوکمڕانی حزبی کۆمۆنیستییەوە.

## سیستمی دەرەبەگایەتی یابان:

یابانی کۆن وەك باس دەکرێت (لەچەندین ڕووەوە) لەبواری دامەزراندن و ڕێکخستنەوەی، زیاتر لەئەورووپای دەرەبەگایەتییەوە نزیکتر بووە تا ئیمپراتۆرییەتی چین. – لەم بارەوە – بای – دوو خەسڵەتی گرینگی یابانی کۆن لەبەر چاودەگرێ کەکاریگەرییان دەبێت لەسەر دروست بوونی دیاردەی حزبایەتی لەو وڵاتەدا، ئەو دوو خەسڵەتەش بریتین لە:

- بوونی ئاستێکی بەرز لەفرەیی و دیاردەی ڕکابەری – بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتەی باوە – کەلە ئیمپراتۆرییەتە نەریتگەرییەکانی ئاسیا جودایە.
- ڕوونبوونەوەی جیاکەرەوەیەك لەنێوان هەردوو بواری ئابوری و سیاسەت، ڕێگە نەدانیش بەکاری سیاسی کە زیان بەبەرژەوەندییە ئابورییەکان بگەیەنێت.

ئەگەر چی سیستمی – تۆکوجایا–ی کۆن بەچەند دیاردەیەکی حوکمڕانی ناوەندی ناسراوە، بەڵام سەربەخۆیی دەرەبەگەکان – دایمیو –daimyos–

بەدەرەبەگایەتی و کاروبارە ناوخۆییەکانیان لەگەڵ لایەنگرانیان لەچینی – ساموورای –ی جەنگاوەر، چوارچێوەیەکی رکابەرییانەی لەسیاسەتی یابانی فەراهەم کرد، هەروەها پێکدادان لەنێوان ئەو سەرکردە رکابەرانە بوو بەهۆی پەیدابوونی نەریتێکی یابانی بەردەوام، بەوەی کە سیاسەت – بەشەرعی – کارلێکردنی بەرژەوەندی چەند لایەنێکی سەرەکی دەگرێتە خۆی کە هەریەکەیان بنچینەیەکی هێزو رێکخستنێکی سەربەخۆی هەبێت، بەم جۆرە گیانی سیاسەت لەیابان بەرجەستە بوو لەتێکەڵەیەك لە نێوان هەواداری و لایەنگری چڕو رەها بۆ چەند سیستمێکی بەدوای یەکی دیاریکراودا، هەروەها بوونی توانا بۆ بەستنی هاوپەیمانی و سازدان و مامەڵە کردن بەهۆی سەرکردەکانی ئەو گروپانەوە.

لەئاخرو ئۆخری ماوەی – بنەماڵەی توکوجایا – بەرژەوەندییەکان و سیاسەتە رکابەرەکان تێکەڵی یەکتر بوون، سەرکردەکان ئەو بیرۆکەیان لاپەسندبوو کە دەکرێ سیاسەت بەشێوەیەکی گونجاو بەکار بهێندرێت بۆ پێشکەوتن و پاراستنی خۆشگوزەرانی ئابوری لەپێناو کۆمەڵ و پرۆژەکان.

ئەو دیاردەیەش روویدا – بەتایبەتی – کاتێ دەرەبەگایەتیە جیاجیاکان دەستیان بەپسپۆری کرد لەبواری بەرهەمهێنانی کەلوپەلە جیاوازەکان و فرۆشتنیان لەبازاڕە گەورەکاندا، هەروەها بەگواستنەوەی یەکە دەرەبەگەیتیەکان لەبارێکی (خۆبەسبوون)ەوە بەرەو بارێکی پسپۆری و شارەزایی زیاتر، لەدوایشدا بەرەو شێوەیەك لەشێوەکانی دابەشکردنی کار، دیارە ستراتیژییەتە سیاسیەکان و مانورو بێنەوبەرەی سەرکردەکان، هەستیارتر بوون بۆ زەرورەتی پاڵپشتی و پاراستنی بەرژەوەندیە ئابورییەکان.

لەگەرمەی ئەو پرۆسەیەدا بۆ گەشەپێدانی نەتەوەیی، دەسەڵاتدارە یابانییەکان، تەنها ئەوە فێر نەبوون کەچۆن سیاسەت بەکاربهێنن بۆ پشتیوانی بەرژەوەندییە ئابورییەکان، بەڵکو لەوەش گرینگتر، فێری ئەوەش بوون کە بواری ئابوری (لەچەند روویێکەوە) بوارێکی جیاوازە، بنەماو رێسای تایبەتی خۆی هەیە، پێشێل کردنی دەبێتە هۆی گەیاندنی زیانێکی زۆر بەهەموو لایەنەکان و لەدوایشدا سیاسەت دەبێ جێگەی پێداچوونەوە بێت، لەبەر ئەوەی بەها ئابورییەکان دەبێت رێزیان لێ بگیرێت و ملکەچی پێداویستیەکانی بین، ئەم دانپیانانە بەشەرعیەتی بنچینەجیاکانی هێزو پێویستی رێزگرتن لەپسپۆرو شارەزایان، ئەو حاڵەتە بەدڵنیایەوە پێش گەڕانەوەی – میجی – چەسپاوە، هەروەها ئەو دیاردەیە یارمەتی راڤەکردنی ئەو ریتمە خێراییە دەدا کەیابان بەهۆیەوە کەوتە سەر ڕاستە ڕێی تازەکردنەوەی دامەزراوە سیاسی و ئابورییەکانی.

بەپێچەوانەی ئەو دەنگۆیانەی بەزۆری لەبڵاوکراوە رۆژئاواییەکان، دەربارەی دیاردەی فەرمانڕەوایی و دژایەتیکردنی دیموکراسیەت لەکۆمەڵگەی یابان و سیاسەتی یابانی بڵاوکراوەتەوە، ئەوا سیاسەت لەوڵاتی یاباندا هەمیشە بە رادەیەك لەدابەش بوون یان پەرت و بڵاوەبوون لەهێزدا خەسڵەتی گرتبوو زۆرتر لەو حاڵەتەی کەلە وڵاتانی دواکەوتوودا هەیە، هەروەها لەقۆناغە سەرەتاییەکانەوە تاگەڕانەوەی میجی سیاسەت لەیابان چەندین ناوەندی هێزی سیاسی گرتووەتە خۆی، (بەتایبەتی) بیروکراسیەت، عەسکەریەکان، دادوەران، سەرکردەکانی دارایی وپیشەسازیان، (زاییاتسو)و سیاسەتمەدارانی حزب و بەرپرسە گەورەکانی حکومەت، ئەگەرچی هەموو ئەو گروپانە لەگەڵ یەکتردا هاوکاربوون، بەڵام هەریەکەیان بەرژەوەندی و داواکارییە تایبەتیەکانی

خۆیان هەبووە لەسیستم، لەتوانای هیچ کامێك لەو کۆمەڵانەش نەبووە کاربکات بەبێ ئەوەی (ئارادەیەك) ڕێز لەمافی ئەوانی دیکە بگرێت، بەمەش بازنەیەکی کراوەترو ڕکابەرتر لەو حاڵەتەی باوبووە لەسیستمە دەسەڵاتدارییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو بۆ سەرکردایەتی فەراهەم بووە، ئەم جۆرە گەشە پێدانەش لەیابان بەتەواوی دژ بەسیستمە ئیمپراتۆرییەتەکانی ئاسیا بووە، لەبەر ئەوەی لە – یابان – دا سیاسەت و حکومەت باڵا دەست بوون، چینی بازرگانیش چەوساوەو ژێر دەست بووە، جگە لەوەش بەرژەوەندییە ئابورییە جیاکانیش ڕێزی لێنەگیراوەو بازاریش لەگەڵ ئابوری تەواو کارنەبوونە.

## سیستمە ڕکابەرییە سنووردارەکان

## (parochial colhpetitive systems)

نووسەر (روسیان بای)، بەم دەستەواژەیە ئاماژە بۆ ئەو سیستمانە دەکات کەلە ناوچەکانی دیکەی کیشوەری ئاسیا دروست بور بوون، نێوان فۆرمە نەریتگەرییە ئیمپراتۆرییەکان و ڕۆحی سیستمی یابانی کۆکردبووەوە. دەبینین، لە زۆربەی ناوچەکانی _ مەلایو _ سەرکردە خۆجییەکان، چ لە سەرۆکەکان بن، یان لە سولتان و پاشاکان، پەرۆشی ئەوەبوون کە هەموو دەسەڵاتەکان لە بواری ڕێکخستنی کۆمەڵگاکانیان لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندابێت و جێگایان (تەنها خۆیان) لە لوتکەی دەسەڵاتدابێت، بەڵام دەستە پاچەیی ئەوانە، وای لێیانکرد کە ببنە حکومڕانی ڕکابەرو دەرەبەگ، نوقمی ململانێ بن لەگەڵ سەرکردە بچووکەکان، ئەوانەی کە خواستە ستراتیژییەکانیان، توانا ڕێکخراوەییەکانیانی تێپەڕ دەکرد. بۆ نموونە لە وڵاتی–

هەولاتی کتێب

فلیپین- پێش ئەوەی ئیسپانیا داگیری بکات ، ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر شێوەی چەند گرد بوو نەوەیەکی ناوچەیی سەر بەخۆی بچووك بچووك رێکخرابوو، سەرکردەکانی ئەو گرد بوونەوانە هەڵگری زۆر لە رەفتارو رواڵەتی شکۆمەندی و خۆبەزلزانینیان پێوە دیاربوو، بەڵام ئەمنیەتیان بەتەواوی پشتی بەلێهاتوویی و کارامایی خۆیان بەستبوو لە ڕووبەڕووو بوونەوەی هەر هەرەشەیەکی کۆمەڵگاکانی دەورو بەریان.

لە نێو ئەو کلتورانەدا، سیستمگەلێکی تەم و مژاوی نادیار و رکابەرییانەی بەهێز سەریان هەڵدا، سەرکردەکان پێویست بوو لەسەریان پارێزگاری لە لایەنگرانیان بکەن و ئاستی ئاسوودەیان بۆ بهێننە دی، رەعیەتیش هەمیشە چاوەڕوانی مەترسییەکانی هێرش و تالانکاریان دەکرد، لە لایەن خەڵکانی دیکەوە. هەر بەهۆی جەنگە بچوکە بێ کۆتایەکانیشەوە، دۆزینەوەو فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لە بار بۆ ململانێی سیاسی و رازی بوون بە رێساکانی هاوپەیمانێتی هەروەها بوونی بەرژەوەندییە خودییە ئالوگۆڕەکان، کارێکی زەروور و پێویست بوو، بۆیە پرۆسەی سیاسی، خۆی لە کرداری فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن دەبینیەوە لە نێوان سەرکردە سەربەخۆکان لە پێناو بەدەست هێنانی هێز و دەسەڵات، بۆیە گیانی سیاسیش، رکابەری پێوە دیار بوو، بەمەبەستی پارێزگاری کردنی لە چەند بەرژەوەندیەکی پەرت و بلاو.

بەڵام کارتێکردنی راستەوخۆ لە دروست کردنی حزب و سیستەمە حزبایەتیە تازەکان لە کیشوەری ئاسیادا، لە راستیدا بە دەسەڵاتی ئیستعمار و دەرەنجامەکانی دەبەسترێتەوە. تەوەر یاخود خاڵی سەرەکیش بۆ ئەو

کارتێکردنە بریتیە لە ئیستعمار و کاردانەوەی نەتەوەکان لە ئاستیدا، کە لەسەر شێوەی بزووتنەوە دژە ئاسیۆنالستەکان دەردەکەوتن،
دیارە ئەم رەوتە ناسیۆنالیستە یارمەتیدەر بوو بۆ پاڵپشتی کردن لە کرۆکی ئەو سیاسەتانەی هاوبەند بوون لەگەڵ داب و نەریتە ئیمپراتۆرییەتەکان، ئەو داب و نەریتەی پێش سەردەمەکانی ئیستعماری ئەورووپی گەشەی کردبوو.
بۆیە ئاراستەی روو لە – پاوانکردن – لە بواری سیاسی و بەرهەڵست کردنی، هەروەها رکابەری و رێگرتن لە تێکەڵبوونی ململانێی بەرژەوەندییەکان، لەگەڵ رکابەری لەسەر دەسەڵات و دەستڕۆیی، جێگای پشتگیری کردن بوو. ئەگەر چاویش بپۆشین لەو چەند حاڵەتە کەمەی کەلەمیانەیدا دەسەڵاتی ئیستعماری، گرینگیدا بە روونکردنەوەی بریارەکانی و دوورکردنەوەی لە دیاردەی حکومرانی ئۆتۆکراتی، ئەوا گیانی حکومرانی ئیستعماری لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەت بریتی بوو لەوەی: حکومەت خاوەن زانین و عەقلانییەتێکی تەواوە، شکۆمەندی و هێزی پاوەن کردووە.
لەو هەل و مەرجەدا چەند نەوەیەکی خەڵکی ئاسیا بە تەواوی پێگەیشتن و باوەری وایان لەناودا پەیدا ببوو کەهیچ شتێك وەك ئەوە جوان و بەدڵەوە چوو نیە کە مرۆڤ کاری حکومەت بگرێتە دەست.
لە زۆربەی ناوچەکانی کیشوەری ئاسیا کاریگەری راستەوخۆی ئیستعماری دەرکەوت لە بوارەکانی کارگێری گشتی و یاسا و سیستەمەکاندا، هەروەها لە بەکارهێنانی چەند کارراییەك بۆ خۆشگوزەررانی کۆمەلایەتی، بەلام گەشەکردنی دەستوری و هاندانی حزبە سیاسیەکان، ئەم لایەنانە (بەشێوەیەکی گشتی) دواکەوتن لە پرۆسەی کاروباری مەدەنیدا. لە کاتێکدا لە چەند ولاتێکی گرینگی داگیر کراو، لە بوارێکی سنورداردا رێگادرا بە پێکهێنانی

حزبە سیاسیە رکابەرەکان، بەڵام بزوتنەوە نەتەوەییەکانی دژ بەدەسەڵاتی ئیستعمار، پێیان وابوو کە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە رکابەرییەکان دەبنە سەرچاوەی دووبەرەکی لە نێوان رۆڵەکانی گەلی ژێردەستدا، بۆ نمونە: ولاتی هیندستان (لەو سەردەمەی بەریتانیا داگیری کردبوو) مێژوویەکی قوڵی هەبووە بۆ هەڵبژاردنە خۆجییەکان، کە بۆ سالانی چل و پەنجاکانی سەدەی نۆزدە دەگەرێتەوە، لەو هەڵبژاردنانەدا کۆمەڵە گروپە جیاوازەکان رکابەرییان دەست پێ کردووە، بەڵکو دەستیان بە پێکهێنانی حزبە سیاسیەکانیش کردووە، بەڵام ئەو داب و نەریتانەی پەیوەست بوون بەو کارە سەرەتاییانە لە حکومرانی خۆجێی، بەهۆی کاریگەری ئەو بزووتنەوە نایسۆنالیستانەی کە دواتر هاتن، بەلاوەنراون.

هەرچەندە هیندستان خاوەن کەلە پورێکی دوورو درێژی مێژوویە لە بواری هەڵبژاردنە خۆجێییەکان، شان بە شانی ئەوەی کە (بەحزبی کۆنگرەوەشەوە کە لەساڵی ١٨٨٥ دامەزراوە) خاوەن یەکێکە لە کۆنترین چواریان پێنج حزبی سیاسی گرینگ لە هەموو جیهاندا، بەڵام هیچ تێکەڵبوونێکی کارا رووی نەدا لە نێوان هەردوو نەریتەکە لە سەردەمی حکومرانی بەریتانیا. ئەگەر چی (حزبی کۆنگرە) رکابەر بوو لە هەڵبژاندنە خۆجێییەکان ، بەڵام وزەو توانا سەرەکییەکانی خۆی چڕ کردەوە بۆ هەوڵدان لە پێناو بودنیانی (هیندستانی نوێ) و دەوڵەمەنکردنی گەلی هیند بە هزر و ئاراستەی مودێرنەتر، بێگومان زۆرێك لەو پێکهاتە ئایدیۆلۆژیایەی حزبی کۆنگرە، دوور بوو لە داواکاری و بەرژەوەندیە راستەخۆکانی چەندین چین و توێژی جیاواز لە کۆمەڵگەی هیندستان لەو سەردەمە، بەڵام پەیوەستی سەرەکی لە نێوان حزبی کۆنگرە و گەلی هیندستان خۆی بەرجستە دەکرد لە داواکردنی

سەربەخۆیی و خزمەتگوزارییە حکومییەکان کە مۆرکێکی هیندی هەڵبگرێت.

ئەمەو سەرەرای جیاوازی لە سیاسەتەکانی ئیستعمار بەرامبەر بەناوچەکانی دیکەی کیشوەری ئاسیا، بەڵام دەرئەنجامە گشتیەکە هەریەك بوو، ئەویش پاڵپشت کردنی ئاراستەی تاکرەوی بوو، لە هەر جێگایەك پێشتر ئەو ئاراستەیە بوونی هەبوو بێت لە ژێر سێبەری سیستەمە نەریتگەرییەکەی ئیمپراتۆرییەت. دەسەڵاتداری فەرەنسی لە وڵاتانی (هیندی – چینی) و هۆڵەندییەکانیش لەوڵاتی ئەندونوسیا، هەوڵیانداوە – لە بواری گەشەکردنی دەستوری بۆ کولونیاکانیان – چەند رۆڵێکی تایبەت بگەینن بە ئەرکە بنچینییەکانی ئابووری و کۆمەڵگا لە ناوچە کۆلونیالیەکان، لەو دوو ناوچە داگیرکراوەدا، چەند ئەنجومەنێکی راوێژکاری و دامەزراوەیی نیمچە یاسای دامەزران، کە پێکهاتبوون لە نوێنەرانی هەموو لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە گرینگەکان، هەر لە نوێنەرانی کێڵگەکانی لاستیك و ژووره بازرگانییەکان تا دەگاتە پیشە جیا جیاکانەوە و کۆمەڵەی کەمایەتیەکان، بەڵام سەرکردە نایسۆنالیستەکان لە هەردوو ناوچەی داگیرکراودا، رەخنەیان لەو جۆرە نوێنەرایەتییە – فەرمانگەرایی – گرت، جەختیانیش لە سەر پێویست بوونی حزبی سیاسی رکابەری کردووەتەوە، بەو پێیەی کە هۆکارێکی گونجاوە بۆ دارِشتن و کۆکردنەوەی بەرژەوەندیە خۆجێیەکان. هەرچی ئەو تاقیکردنەوەی وڵاتی فلیپینیش بوو، ئەوا توێژەرانی رۆژئاوا وەك نمونەیەك دەیخەنە روو، کە دەرهاویشتەی کارلێکردنی نێوان – کەلەپوری رکابەری سنووردار – لەلایەکەوە، لەگەڵ دەرهاویشتەی – حوکمرانی ئیستعماری – بوو لەلایەکی دیکەوە، بۆ دۆزینەوەی سیستەمێکی حزبی بەهێز، رکابەر، لە روانگەی خۆیانەوە.

## سێیەم:

## دروست بوون و پەرەسەندنی دیاردەی حزبایەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست:

بە هەمان بارودۆخی ئەمریکای لاتینی و ناوچەکانی کیشوەری ئاسیا، ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست هیچ جۆرە ئەنجومەنێکی یاسادان و رێساو نەریتێکی نوێنەرایەتی وەك ئەوەی ئەورووپای بەخۆوە نەدیبوو، بۆ ئەوەی باس لە رەگ و ریشەی پەرلەمانی بۆ حزبەکان بکرێت. جائەگەر ئەو کەلەپورە رۆشنبیرییەی کەلەناوچەکەدا باو بوو کەلەپورێکی ئیسلامی بێت، ئەوە ئێمەش ناچارین لەگەڵ زۆرێك لە توێژەراندا دان بەوە دابنێین، کە ئەو کەلە پوورە لە رووە سیاسیەکەیەوە هیچی وای پێشکەش نەکردووە کە بیرۆکەی -شورا- ببەستێتەوە بە تیۆرێکی دیاریکراوەوە دەربارەی نوێنەرایەتی پەرلەمانی بێت یان دەسەڵاتی زۆرینە.

کرۆکی تیۆری سیاسی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەراست، جەختی لەسەر ئەو خەسڵەت و ئاکارانە کردووەتەوە کە پێویستە فەراهەم بێت لە کەسی دەسەڵاتداردا، هەروەها ئەو نۆرم و خاڵە بنچینانەی کە رەفتار و هەڵسوکەوتی دەبەستێتەوە بە شەریعەتی ئیسلامەوە، کە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) سەرچاوەیان گرتوە. ئێمە لێرە دا لە خستنە رووی ئەوەدا نین، کە خەسڵەتەکانی دیموکراسیەت یان ئۆتۆکراتیەت هەڵسەنگێنین ئەوانی لە ئاکامی ئەو کردار و رەفتارانەوە دێنە دی، بەڵام تەنها ئاماژە بەوە دەدەین کە نەبوونی نەریت و رێساکانی نوێنەرایەتی و حکومرانی پەرلەمانی، پەیوەندی دروست بوونی دیاردەی حزبایەتی پێوەیان رەتدەکاتەوە.

هەر لەسایەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش بەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، دەسەڵاتی رەهای ئەو سوڵتانە عوسمانیانە پاڵپشتی دەکراو هیچ ناوەندێك یان دامەزراوەیەکیش بەرەنگارییان بۆی نەبووە. دواماوەکانی کۆتای سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لەگەڵ خۆیدا دەسەڵاتی ئیستعماری ئەورووپی بۆ ناوچەکە هێناوە، چ لە شێوەی داگیرکاری سەربازی راستەوخۆ بوو بێت یان لە شێوەی – پاراستن – و – ئینتیداب – دابێت، ئەمەو سەرەرای ئەوەی جەزائیر لە ساڵی (١٨٣٠)و تونس لە (١٨٨١) و میسر (١٨٨٢)و لیبیا (١٩٢٠)، هەروەها ناوچەکانی (هیلالی خەسیب) ساڵی ١٩٢٠، هەموو ئەو وڵاتانەی داگیرکران و کەوتنە ژێر دەسەڵات و رکێفی دەوڵەتە ئیستعماریەکانەوە. لە راستیشدا ئیستعمار رێگربووە لەبەردەم هەڵی گەشەپێدانی دامەزراوە نوێنەرایەتیەکان لەو وڵاتانەدا، بۆ نموونە، داگیرکردنی میسر (١٨٨٢) لەلایەن بەریتانیاوە، هۆیەکی راستەوخۆ بوو بۆ رێگرتن لەپەرەسەندنی دەستورو ژیانی پەرلەمانی لەو وڵاتەدا، (یاسای بنەرەتی)یش کە لەرۆژی یەکی ئایاری (١٨٨٣) دەرچوو، دەکرێ وەکو هەرەس هێنانێك دابنرێت بۆ ئەو پێشکەوتنانەی کەپێشتر هاتوونەتەدی، لەساڵی (١٩٠٧)یش هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو روسیا، رێککەتن لەسەر دابەشکردنی ئێران بۆ چەند ناوچەیەك بەمەبەستی چەسپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ناوچانە، ئەوەش دوای ئەوەی ئێران بریاری لەسەر دەستورێکی پەرلەمانی دابوو، فەرەنسیەکانیش ساڵی (١٩٢٠) سیستەمی ئینتیدابیان بەسەر سوریادا سەپاند دوای ئەوەی هێرشیان کردە سەر شاری (دیمەشق)، پاش راگەیاندنی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ حکومەتێکی دەستوری سەربەخۆ لەسوریا.

بەهەر حاڵ حزبی سیاسی وەك ڕێکخستنێکی سیاسی ئارەزوومەندانە، داهێنانێکی نوێ بوو لەناوچەکە، کەپێشتر بەخۆوەی نەدیبوو، ئەوەی هەبوو چەند گردبوونەوەیەك بوو لەسەربنەمای خزمایەتی یان ڕێبازی ئاینی، یاخود بەرژەوەندییە ئابورییەکان و پەیوەندییە کەسایەتییەکان، لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (تەنها سیستەمە کۆنەکانی وەك: سعودیە، یەمەن، قەوارە بچووکەکانی کەنداوی عەرەبی نەبێت) ئەوادیاردەی سەرهەڵدانی حزبایەتی وەك بنەمایەك بوو بۆ دەربڕینی نارەزایی و بەرهەڵستی کردنی دەسەڵاتی ڕەهای بیانی، یان ناوچەیی، زیاتر لەوەی دەربڕینێك بێت لەلایەن گروپێکی دەنگدان لەناو کۆمەڵەیەك یان ئەنجوومەنێکی یاسادانان، یاخود دەستوری. بۆیە حزبەکان بەزۆری هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، یان ئاراستەکردنی کاروبارە سیاسیەکان بوو، لەناوچوارچێوەی سیستمی سیاسیدا، کەمتر لەوەی بایەخ بدەن بەپێناسەی نەتەوەیی، یان دامەزراندنی سیستمێکی نوێ، تەنها ئیسرائیل نەبێت (کەلەچوارچێوەی پەرەسەندنی گشتی کولتوری و سیاسی ناوچەکە دەردەچێت لەبەرزۆر هۆ).

لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوا لەکاروباری حزبایەتی، کۆکن لەسەر ئەوەی کەتورکیا تەنها وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە تێیدا حزبە سیاسییەکان لە زووەوە ئامرازی سەرەکی ڕکابەری بوونە دەربارەی دەسەڵات، حزبەکان لەو وڵاتە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە فۆرمی خۆیان وەرگرتووە، بەجۆرێك کە ئەوەش بووە خەسڵەتێکی ناوەندی و زاڵیش بەسەر ژیانی سیاسیدا لەو وڵاتە لە ساڵی (١٩٠٨)وە، ئەم هەل و مەرجەش وایکرد کە (تورکیا) بەپیتترین بابەت بخاتە ڕوو بۆ دەرخستنی دەرئەنجامە گۆڕاوە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان دەربارەی پەرەسەندنی حزبایەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، ئەمەو بەپێچەوانەی زۆرینەی

ولاتە دواکەوتووەکان، تورکیا سەربەخۆیی خۆی هەرگیز لەدەست نەداوە، کۆماری تورکیا کەلەسالی (١٩٢٣)وە دامەزراوە، میراتگری حەوت سەدەیە لەداب و نەریتی حکومەتی عوسمانی، بۆیە تورکەکان، ریزیان بۆ بەرپرسیاریتی حکومەتی و شارەزایی لەکاری ریکخراوەیی و راستیەکانی دەسەلات و هێزی سیاسی پیشانداوە، ئەم دیاردەیەش رەنگدانەوەی بەسەر چالاکی حزبە تورکەکان و توانایان لەسەر بەردەوام بوون هەبووە.

هەربەپێی تێروانینی چەمکەکانی گەشەپێدانی سیاسیشەوە، تورکیا بەزنجیرەیەك قۆناغی ریك و پێك و تێکەل بەیەکدا تێپەربووە، یەکەمیان بۆنیادنانەوەی دەسەلاتی سیاسی ناوەندی و پێکهێنانی قەوارەیەکی کارابۆ کاروباری گشتی (١٨٠٨ – ١٩٠٨) بوو، قۆناغی دواتر، پرۆسەی پێکهێنانێکی دژواربوو بۆ پێناسەی هەرێمایەتی دەولەت و دەرکەوتنی هەستی هاوکاری نەتەوایەتی لەناو سنووریکی پەسندکراودا (١٨٢٠ – ١٩٢٣)، لەکۆتاییشدا، رووکردنی ژمارەیەکی زۆرتری هاولاتیان بەرەو بەشداریکردنیکی چالاك لەپرۆسەی سیاسی سالی (١٩٠٨) (بەتاییەتی).

هەربە پێی ئەم شێوازە، حزبە سیاسییەکان دەستیان کرد بەگێرانی رۆلێکی بنچینەیی تایبەت بەفراوانکردنی سنووری بەشداریکردنی سیاسی، سەرەتا کارە بچووکەکانی حزبە هاوچەرخەکان، واتا: عوسمانییە نوێیەکان و کۆمەلەی ئیتحادو تەرەقی کە بریتی بوون لەچەند گروپێکی بچووك لەناو بژاردەی بیروکراسیە عەسکەرتاریەتەکان، کەلەشاری ئەستەمبۆل دەستی پێکردو پاشان دوور خرانەوە بۆ تاراوگە، دواتر بەفراوانی گەرانەوە بۆ چەند شاریکی پێشکەوتووی رۆشنبیری لەسنوری دەولەتی عوسمانی، وەك ناوچەکانی مەکدۆنیا و سوریا، دوای سالی (١٩٠٨)یش، ریکخستنی

حزبایەتی، بەئاشکراو بەفەرمی چالآکی دەنواندو بلآوبووەوە تاگەیشتە رادەی چەند کەرتێکی فراوان، لەتوێژەکانی: خوێندەوارو ئەفسەرو فەرمانبەرە مەدەنییەکان و پارێزەرو پزیشك و مامۆستاو رۆژنامەوانەکان، چ لەپایتەخت یان لەناوەندە هەرێمایەتییەکانی دیکە، لەساڵی (١٩٢٠) رێکخستنی حزبی دەستی پێکردو گەیشتە ناو شارە بچووکەکان، لەم بارەیەوە مامۆستاو بەرپرسە کارگێڕییەکان و کۆمەڵێك لەپیاوانی ئاینی، بزووتنەوەی بەرگری لەمافەکانیان پێکهێنا، هەر لەسێبەری سیستمی تاك حزبیدا، لەنێوان ساڵانی (١٩٢٣ – ١٩٤٥)، ئەو دۆخە کەلەژێر دەسەڵاتی بژاردەی حکومەتی ناوەندی بوو (کەپێکهاتبوو لەئەفسەرانی سوپاو فەرمانبەرە مەدەنیەکان) رووی لەپتەوی و بەهێزی دەکرد، بەڵام دوای ساڵی (١٩٤٥)، پارێزەران پیاوانی کارو گەورە مولکدارانی زەوی، دواتریش سەرکردە سەندیکاییەکان، هەلکشان بەرەو پێگەی بژاردەی ناو کۆمەڵ (لەلایەکی دیکەوە) جوتیاران و کرێکارە پیشەسازییەکان، بەشدارییەکی چالآکیان لەژیانی سیاسیدا کرد، لەم هەلومەرجەشدا، سیستمی سیاسی لەتورکیا وەرچەرخانێکی بەخۆوە دیت، بەرەو سیستمی فرەحزبی (بەتایبەتی لەژێر فشاری دەولەتانی رۆژئاوای سەرکەوتوو لەجەنگی دووەمی جیهانی).

کەچی ولآتانی دیکەی رۆژهەلآتی ناوەڕاست رووبەڕووی گرفت و کێشەگەلێکی دژوار بوونەوە لەوەی کەلە تورکیا روویداو دوایش رەنگدانەوەی بەسەر باروودۆخی پێکهاتنی حزبی تێدا دروست کرد، دەبینی لەکاتێکدا کۆماری تورکیا لەدایك بوو میراتی سەدان ساڵەی لەنەرێتی حوکمڕانی بەدوای خۆیدا هێناوەو پارێزگاری لەسەر بەخۆیی خۆی کرد، بەلآم ولآتانی عەرەبی بەچەند پلەیەکی جیاواز ئەو کەلەپوورەیان

لەبەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتدا بێ نەبوو، هەروەها سەربەخۆییان لەدەستدا لەسێبەری دەوڵەتی عوسمانی و پاشان ئەوروپاییەکان، ئەو وڵاتانە هەروەك چۆن بەهۆی هێزو هەڕەشەداگیرکران، بەهەمان شێوە بەهێزو هەڕەشەش لێی کشاوەنەتەوە، هەڕەشەو فشارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر جەنگی دووەمی جیهانی، پاشانیش بزووتنەوەکانی رزگاری خوازی نیشتمانی، کەپەنایان بۆ توندو تیژی و جەنگ دەبرد، ئەو پەنابردنەش بۆ هێز، وەك ئامرازێکی سەرەکی لەسیاسەتی ناوخۆ یارمەتی ئەوەیدا کە سوپا لەوڵاتانی عەرەبی ببێتە هێزی سەرەکی لەگۆڕەپانی سیاسیدا، لەکاتێکدا تورکیا خاوەنی دەرامەتێکی هاوسەنگ بوو (کشتوکاڵی و کانزایی) ئەوا زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بەرەو رووی کێشەی ئابوری بێ ئومێد بوونەتەوە، (بۆ نموونە) هەوڵەکانی میسر لەبواری پیشەسازیدا، زیاتر لەسەدەیەکی بەسەردا تێپەڕبووە، بەڵام کەمی دەرامەتەکان و سنوور تەسکی بواری کشتوکاڵی و خێرایی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان، هەموو ئەو دیاردانە رێگر بوون، لەبەردەم هەوڵەکان، بەڵام ئەو وڵاتانەی داهاتی نەوتیان زۆر بووە، ئەوا خاکی زۆربەیان بیابان و بێ ئاو بوونە، داهاتی کشتوکاڵیان نەبووە، هەروەها هیچ جۆرە رێکخستنێکی کۆمەڵایەتیان تێدا بەدی نەکراوە کەپێویست بوو بۆ گەشەپێدانی ئابووری، داهاتەکانی نەوت تەنها لەوڵاتی ئێران و عێراق و جەزائیردا، بەتواناکانی گەشەپێدان بەستراونەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو دیاردانە، ئەوا هەوڵی وڵاتانی عەرەبی بۆ گەیشتن و یەکلاکردنەوەی پێناسەیەکی نەتەوایەتی، کەهەموو ئەو قەوارە نیشتمانیانەی دروست بوونە تێپەر بکات، لەو کارە رادەیەکی گەورەی تواناو هێزی سیاسی بەکارهێنا، لەچەند ماوەیەکی جیاوازدا لە مێژووی ئەو وڵاتانەدا،

هەروەها بەهۆی خراپی دابەش بوونی دەرامەتە ئابوری و مرۆییەکانەوە (چونکە وڵاتانی هەرە پێشکەوتوو، کەمترین توانا ئابورییەکانی هەیە، وڵاتانی هەرەسەرەتاییش، گەورەترین سامانی نەوتیان هەیە) ئەواکێشەی یەکگرتن نەك هەربەبێ چارەسەرماوەتەوە، بگرە ئاڵۆزتریش بوو.

لەناو ئەو رەوتە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەدا، پەرەسەندنی حزبایەتی لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئێرانشدا نەك هەر دواکەوت، بەبەراورد وەك ئەو حاڵەتەی لەتورکیا روویدا، بەڵکو بووە کۆسپ و بەرەو پیلانگێری و توندو تیژی گۆڕا، هەروەها دوای دروست بوونی ژمارەیەك لەکۆمەڵە نهێنیەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، جۆرێك لەرێکخستنی حزبی دەستی پێکرد، کەدەکرێ ناوی لێبنرێت (حزبی کادیرەکان) ئەو جۆرە رێکخستنە پێشەنگە گرنگانە، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریان هەڵدا، ئەوەش تەنها لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بوو، ئەوە بوو کۆمەڵەکانی تورکە لاوەکان یەکیان گرت لەساڵی (١٩٠٨)، هەروەها حزبی نیشتمانی لەمیسر لەسەردەستی مستەفا کامیل دامەزرا، لەسوریاش رێکخستنی سیاسی لەنێوان لاوە رۆشنبیرەکان دەستی پێکرد لەدەیەی دووەمی سەدەی بیستەم.

لەوڵاتی میسر حزبی – ئەلوەفد – ساڵی (١٩٢٤)، یەکەم حزبی جەماوەری بوو لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست، هەروەها لە وڵاتی – مەغریب – بزوتنەوە نەتەوایەتیە کۆمەڵاتیەکانیش پێکهات، هاوشێوەی وڵاتانی داگیرکراوی دیکە، لە هەندێ وڵاتیشدا وەك سودان و لوبنان، گردبوونەوە حزبیەکان تەنها چوارچێوەیێکی رووکەش بوون، رەنگدانەوەی دابەش بوونی ئاینی و تائیفیە قوڵەکانی ئەو وڵاتانەی بە سەرەوە بوو.

هەروەها لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، چەشنێك لەو حزبانە دەرکەتن و بڵاوبوونەوە، کە تەنها لەچەند گروپێکی بژاردەی دەسەڵاتداری ناو کۆمەڵگە پێکهاتبوون، ملکەچیان بۆ سەرکردەیەکی دیاریکراو هەبووە، تاکە فەرمانێکی حکومیش بەس بوو بۆ کۆتایی هێنان بەو حزبە، نمونەی زۆربەی ئەو حزبانەی کە لە وڵاتی میسر سەریان هەڵدا لە سەردەمی حکومرانی پاشایەتی، عێراقیش تا ساڵی ١٩٥٨ و لە ئێرانیش پێش پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی لە ساڵی (١٩٥٢)،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەی نیشتمانی لە ئێران و حزبی بەعسی عەرەبی لە وڵاتانی (هیلالی خەسیب). بۆماوەیەکی دیاریکراو، دووجۆری جیاوازبوون لە حزبەکان، کە ئەگەری پشتگری جەماوەری فراوانیان هەبووە بۆ بەرنامەکانیان.

بەرەی نیشتمانی ساڵی (١٩٥٣) دەم کوتکرا، بەڵام حزبی بەعسی عەرەبی درێژەی بەکارەکانی داو رێکخستنەکانی فراوان بوون لە سوریاوە بۆ عێراق و ئوردن، ئەو حزبە خۆی تێکەڵی کێشەی یەکێتی عەرەبی کرد، هەوڵی دەدا دەسەڵات بە دەست بگرێت لەو وڵاتەدا.

هەواڵنامەی کتێب

## چوارەم:

## دروست بوونی دیاردەی حزبی لە کیشوەری ئەفریقیا:

کیشوەری ئەفریقیا تا ناوەراستی سەدەی بیستەم، واتا تا ساڵی (١٩٥٠) بێجگە لە هەرسێ وڵاتی میسر و ئەسیوبیا و لیبریا، ئەوا تێکرای وڵاتەکانی دیکەی لە ژێر دەسەڵاتی ئیستعماری بیانیدا بوون، ئەمەو بەدرێژایی کەمێك لە چارەکە سەدەیەك زیاتر، بێ پسانەوەو یەك بەدوای یەکدا، سەربەخۆیی

ولاَتانی ئەو کیشوەرە دەستی پێکرد، تا ژمارەی ئەو ولاَتانەی سەربەخۆییان بە دەست هێنا لە کیشوەری ئەفریقیا ساڵی (١٩٨٦) گەیشتە (٥١) دەوڵەت.

لەو چوارچێوەدا دیاردەی حزبایەتی لە کیشوەری ئەفریقیا سەری هەڵداو (نەش و نمای) کرد، ئەو دیاردەیەش پەیوەست بوو بە کاریگەرییەکانی بوونی ئەو ئیستعمارە، پاشانیش بە هەوڵەکانی رزگاربوون لە ئیستعمار و بەدیهێنانی سەربەخۆیی و بونیادنانی قەوارە لە دایك بووەکان، بە دەستەواژەیەکی کورت، حزبەکان لە کیشوەری ئەفریقیا دەرئەنجامێکی رێك و پێك بوون، بۆ گۆرانکارییە کۆمەلاَیەتی و ئابورییە گەورەکانی سەردەمە ئیستعماریەکە، ئەمەو (بەتایبەتیش) سەرباری سەرهەڵدانی چەند هێزێکی کۆمەلاَیەتی و بژاردەی نوێ و بەهێزی ناو کۆمەڵ و ئەو ورووژاندن و بێ ئومێدی و بەرەنگارییانەی کە دەسەلاَتی بیانی خولقاندوویەتی، هەروەها پێکهاتنی چەند جۆرێکی جیاواز لە کۆمەڵەو بەرژەوەندییەکان و گرووپی بەرهەڵستکار،لەگەڵ پێکهاتنی بزوتنەوە نەتەواییەتیەکان، کە سەرەتا ئامانجیان کەمکردنەوەو رێگرتن بوو لە چەوساندنەوەو زۆرداری، دواتر دامەزراندنی حکومەتە ئەفریقییەکان لە جێگای دەسەلاَتداری ئیستعماری.هەروەها حزبە سیاسیە فەرمییەکان (بەمانا سنوورداریيەکەی) پێش کارکردن بە چاکسازییە دەستورییەکان دەرنەکەوتبوون، بەپێی ئەو چاکسازیانە دەبوایە حکومەتی ئیستعماری لە میانەی چەند رێ و شوێن و کردارێکی کارا، رێگا بدات بە سەرکردە نەتەوەییەکان، کەتوانای گۆرینی بزووتنەوەکانیان هەبێت بەرەو حزبی سیاسی (کە لە بنچینەدا لە سەر شێوەی کۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی بوون)، هەروەها کارکردن بە شێوازی دامەزراوەیی و چەند رێوشوێنێکی دیکەی تایبەت بە سیستمی هەڵبژاردن کە لە راستیدا دەبێتە هۆی رێگا دان بە

حزبەکان بۆ ئەوی بگەن بە دەسەلات بە شێوەیەکی دەستوری. حزب (یان حزبەکان) لە زۆربەی ئەو دەوڵەتە ئەفریقیانەی تازە دامەزراون، ئەوانە لە سایەی ڕێوشوێنی دەستورییەوە لە قۆناغە کۆتاییەکانی دەسەلاتی ئیستعماریدا گەیشتنە دەسەلات، هەندێ لەو حزبانە میراتگری ڕاستەوخۆی چەند ڕێکخستنێکی سیاسی بوون، هەندێکیانیش لە ڕاستیدا لە دەرئەنجامی ڕکابەری و بەیەك گەیشتنی بژاردە ڕکابەرییەکانی ناو کۆمەڵ دەرکەوتن، بەهۆی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان، وەك هەولێك بۆ گەیشتن بە دەسەلات. بەهەر حاڵ ڕەگ و ڕیشەیان هەر چییەك بێت، ئەوا ئەو حیزبە سیا سیانە لەی ئەفریقیا هەموویان دەرئەنجامی سەردەمی ئیستعار بوون، بۆیە تەمەنیشیان کورت بووە بە شێوەیەکی گشتی، جگە لەهەردوو وڵاتی لیبیریا و میسر نەبێت، حیزب بە فەرمی دروست نەبووە، تەنها لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە نەبێت، کاتێك بزوتنەوە نەتەوایەتیەکان لەهەموو ناوچەکانی کیشوەری ئەفریقیا سەریان هەڵدا، داوا کاریەکانیان بە هێز بوون لە بەشداریکردنی زیاتر لەدەسەلات و وەرگرتنی پلەو پایەکانی حکومەت، لە سەربنچینە دیموکراسییەکان.

کێشەکە لای سەرکردە ئەفریقیەکان، دۆزینەوەی هیچ کام لەو فۆرمانە نەبوو کە بەهۆیەوە بەشداری بکەن، یان کارکردنی سیاسی بێت، دیارە ئاشکراش بوو کە دەسەلاتی ئیستعماری ڕێگر بووە لە بەردەم بەدیهێنانی داواکاریەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆیە بزووتنەوە نەتەواییەکان، پێویست بوو لە سەریان، زوو یاخود درەنگ، بگەنە بەدیهێنانی سەربەخۆیی وەك ئامانجێکی ڕوون. ئەنجامی خەبات و تێکۆشانیش لە پێناو سەربەخۆییدا، لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا دەرکەوتنی تاك حزبی بوو، خاوەن بنچینەی فرە

رەگ و ریشە (یان بەلای کەم، خاوەن ئەو ریست و ئارەزووە جەماوەریانەی کە جیاوازییە رەگەزیەکان تێپەر دەکات)، سەرەرای پێکهاتە سیاسیەکانی دیکە کە دوو جۆر بوون: جۆری یەکەمیان، پاشماوەی، یاخود خەلیفەکانی بزوتنەوە نەتەوایەتیە کۆنەکانن، کە بنکەی فرە رەگەزییان هەیە، نەك جەماوەری. دووەمیان، حزبە خێڵەکییە هەرێمایەتیەکان، کە زۆر جار لە هەرێمەکانی خۆیان پشتگیری جەماوەریان بەدەست هێناوە، بەلاَم پشتگیرییە جەماوەریەکە تەنها یەك کۆمەڵە رەگەزی گرتۆتە خۆی.

لە راستیدا هێزە ئیستعمارییەکان (هەرجۆرە سیستەمێکیان بوو بێت) لە سەرەتادا کاریان لە سەر هاندانی دروستکردنی حزبە سیاسییەکان کردووە بە گشتی، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بەدیارکراویش (حزبەکانی بژاردە)، کە پشتیان بە دەسەلاَتی کارگێری ئیستعماری و بەسەرکردە نەریتگەرییەکانی لایەنگیری دەسەلاَتی ئیستعماری دەبەست، ئەو کارەش بوو بە هۆی لە دەستدانیان بۆ پشتگیری جەماوەری و پاڵپشتی کردنی بزووتنەوە نەتەواییەکان، کە دواتر بون بە بنچینەی حزبی تاك. دەسەلاَتدارانی ئیستعمار، ئەگەر بەریتانی یان فەرەنسی یاخود بەلجیکی و هەر لایەنێکی دیکە بووبن هەموویان وەك یەك پاڵپشتی ئەو رێکخراوە سیاسیانەیان کردووە کە خاوەن بنکەی هەرێمایەتی و هۆزایەتی بوون، لە رووبەرووبوونەوەی بزوتنەوە نیشتیمانییەکان، هەروەها پشتیان بەو حزبانە بەست بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان و درێژەپێدان بە ملکەچیان بۆ ئیستعمار، تا قۆناغی دوای سەربەخۆیی، نموونەکانیش لەم بوارەدا زۆرن، وەك – حزبی کۆناکات – لە ولاَتی کۆنگۆ بەسەرکردایەتی چۆمبی، کە داوای جیابوونەوەی هەرێمی کاتناگای دەکرد، هەروەها حزبی کۆنگرەی گەلی باکوور لە نایجیریا و

حزبەكانی (ئەشانتی) لە هەرێمی باكور كە دژ بەرێكخراوی (كۆنگرەی گەل) وەستابوون بە سەركردایەتی نیكرۆما......هتد.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو دیدەی كە لە هەندێ دام و دەزگا سیاسی و ئەكادیمیەكانی رۆژئاوا باوبوون، ئەو سیستمە سیاسیانەی كە لە كیشوەری ئەفریقیا پەیدا بوون، رێچكەی هەمان شێوەی دیموكراسییەتی رۆژئاواییان پەیرەو نەكرد، كە فرەیی حزبی و ركابەری لە خەسڵەتەكانیتی، ئەو شێوە سیستمەی هێزە ئیستعمارییەكان هەوڵیاندا لە ژینگەی ئەفریقیا بنچینەكەی دابنێن.

سیستمە ئەفریقیەكان هەر زوو، بەتایبەتی لە سەرەتای شەستەكان (سەدەی بیستەم) یەك بەدوای یەك دەستیان بە گۆران كرد بەرەو سیستمی تاك حزبی، دوای ماوەیەكی كورتیش لە ژیانی فرە حزبی زۆربەی دەوڵەتە ئەفریقییەكان، گواستیانەوە بەرەو ژیانی تاك حزبی، جا چ لە سەر شێوەی ئەوەی كە پێی دەوترێت، سیستمێكی تاك حزبی زاڵ كە بە تەواوی دەستی بەسەر ژیانی سیاسیدا گرتبوو، كە رەنگە دەرفەتێكی - رەواڵەتی - بۆ هێزە سیاسیەكانی دیكە بەجێ بهێڵێ، یان سیستمێكی تاك حزبی كە پاوانی ژیانی سیاسی دەكات بە تەواوی و هیچ دەرفەتێك (لە راستیدا) بۆ لایەنەكانی دیكە بە جێ ناهێڵێت بۆ بەیەكەوە ژیان.

## باسی سێیەم:

## کەم و کورتی تیۆری، لەمەر سەرهەڵدانی حزبەکانەوە لە جیهانی سێیەم دا:

ئەگەر چی تیۆری پەرلەمانی لە شرۆڤەکردنی سەرهەڵدانی دیاردەی حزبی لە ولاَتانی دواکەوتوودا، کەم و کورتی پێوە دیارە، ئەوا چەمکی – قەیرانەکانی گەشەپێدان – بەشداری دەکات لە تێگەیشتنی ئەو بارودۆخەی کە لە میانەیدا دیاردەی حزبی لە ولاَتانی دواکەوتوو پێشکەوتوودا تێکرا سەریان هەڵداوە، چ لە سەرەتای دروست بوونیەوە، یان لە میانەی پەرەسەندنەکانەوە بوو بێت دواتر، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەك چۆن پێشتر روونکرایەوە، بوونی ئەو قەیرانانە لە کۆنەوە وابەستە نەبوون – بە زەروورەت – بە دیاردەی دەرکەوتنی حزبەکان، هەروەها وابەستە بوونی قەیرانەکانی شەرعیەت و تەواوکاری هاوکات بوون لەگەڵ گەشەکردنی حزبەکان لە چەند سیستمێك بێ ئەوەی لە سیستمەکانی دیکە ئەوە روویدات.

ئەو کەم و کورتیە تیۆرییانە، بەلای توێژەرانەوە، هاندەر بوون ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی قووڵتر لە هۆکارەکانی دروست بوونی دیاردەی حیزبایەتی بەگشتی و لە جیهانی سێیەمدا بە شێوەیەکی تایبەت، بکوڵنەوە، چ بەشێوەی گرد بوونەوەی چەند کەرتێك بێت (کارەرێکخراوییەکە) لەو چینانەی کە لە ژێر دەسەلاَتی حکومەتن و بۆ کارتێکردنیان لەو دەسەلاَتە سیاسیە، یان هەوڵدان بێت بۆ گەیشتن بە دەسەلاَت، یاخود هەوڵێك بێت لەلایەن چینە دەسەلاَتدارەکانەوە، بەمەبەستی رێکخستنی جەماوەر لەناو حزبداو هەروەها پارێزگاریکردنیش لە دەسەلاَتەکەی خۆی.

هەواڵنامەی کیر

لەم بارەوە هەردوو شارەزا (وینەر) و (لا بالومبارا)ش، هەولیانداوە کۆمەڵە گریمانەیەك دابڕێژن، کە دەکرێت بەشداری بکات لە دارشتنی تیۆربیەکی - تازەگەری - یان - گەشەیی - دەرباری سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکان .
بەپێی ئەو گریمانانە دەبی پرۆسەی دەرکەوتنی کۆمەڵە هێزێکی سیاسی نویێ کە لە دەرئەنجامی گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکەون بەهەند وەربگیرێن، بە تایبەتی دەرکەوتن و فراوان بوونی چینە رێکخراوەییەکان و زۆربوونی چینە پیشەییە پسپۆڕیەکان. رەنگە لێرەدا پرسیارێك بوورو ژێندرێت ، کە ئایا بوونی پلەیەکی دیاریکراو لەسەر بەخۆیی سیاسی ، یان فەرمانگەرایی ، هۆکارێك دەنوێنێ لە توانای ئەو هێزە کۆمەلآیەتیانە بۆ بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا، هەروەها زۆر بوونی زانیارییەکان و فراوان بوونی بازاری ناو خۆیی و گەشەکردنی تەکنولوژیاو فراوان بوونی تۆڕەکانی گواستنەوە، سەرەرای زۆربوونی بزاڤی کۆمەڵەیەتی، هەموو ئەوانە، وا بەدیار دەکەوێت کە شوێنەوارگەلێکی قولیان هەبێت بۆ تێگەیشتنی تاك بەرامبەر بە خوودی خۆی لە پەیوەندییەکانی دەسەلاتەوە.
دیسان کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە دەوروژێنرێت، دەربارەی پێویست بوونی ئاستێکی دیاریکراوی (پەیوەندی کردن) لە کۆمەڵگەدا، وەك مەرجێك بۆ دامەزراندنی رێکخراوە سیاسیەکان، هەر لەم بارەوە تا چەند تۆڕەکانی گواستنەوە بە فاکتەرگەلێکی بنچینەیی دابنرێن بۆ ئاسانکردنی گردبوونەوەی تاك و کۆمەڵەکان و دۆزینەوەی پەیوەندییە بەردەوامەکانی نێوان یەکە کارگێرییە خۆجێی و نەتەوەییەکان، بۆ نمونە لە وڵاتی هیندستان، وێرای پێکهاتنی چەند کۆمەلانێکی نەتەوەیی بچوك بچوك لە ناوچە پەرش و بلاوەکانی ئەو وڵاتە، بە تاییبەتی لە ناوچە شارستانییەکان، لە سالأنی شەست

و حەفتاکانی سەدەی نۆزدە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، حزبی کۆنگرەی نەتەوەیی هیندستان، تەنها لە ساڵی (١٨٨٥)پێکهات، واتا پاش تێپەر بوونی چەند ماوەیەك بەسەر دروست بوونی سیستمێکی باشی پۆستەو بروسك و هێڵی ئاسنین، هەروەها دەرچوونی رۆژنامەکان بە زمانی ئینگگلیزی و بلاّوبوونەوەی بە شێوەیەکی فراوان.

جارێکی دیکە ئەو پرسیارە دەکرێت، کە ئایا پرۆسەکانی پەرەسەندنی سیستمی فێرکردن و فراوان بوونی شارەکان، گوزارشت لە چەند هاندەرێك دەکەن بۆ دروست بوونی رێکخستنی سیاسی، هەروەها گۆرانکاری لە ئابووری داخراوەوە بۆ ئابوری پارە، کە بە زۆری شێوازەکانی دەسەلاّتی خۆجێی لە ناو دەبات و تاکرەوی و سەربەخۆیی لە بازاردا بەرزتر دەبێتەوە، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی پەیدابوونی رێکخستنی سیاسی.

چەند پرسیارێکی دیکە دێنە بەرباس، کە ئایا فراوانبوونی زیاتر لە هێزی دەوڵەتدا کە خۆی لە دانانی رێو شوێنە یاسایەکان و زۆر دەستێوەردانی کارگێری دەنوێنێ لە کاروباری تاکەکاندا، لەگەڵ فراوان بوونی کاروباری فەرمانگە حکومیەکان – بە شێوەیەکی گشتی –، هەموو ئەوانە دەبنە هۆکار بۆ دروست بوونی رێکخستنی سیاسی، ئەوەش بەمەبەستی رێگرتن لە دەوڵەت کە دەست نەخاتە ناو کاروباری تاك و ئازادییەکانیان (دیاردەیەك بور لە ئاخر و ئۆخری قۆناغی میرکانتلی روویدا لە ئەوروپا) یان بۆ ئاراستەکردنی کاروباری دەوڵەت بەرەو چەند چالاکییەکی بە سوود بۆ ئەو هێزە رێکخراوانە (ئەو دیاردەیەش شێوازەکەی لە سەدەی بیستەمدا بوو).

هەروەها چەند پرسیارێکی دیکەش دەورژێنرێت، دەربارەی کە: ئایا لە هەندێ کولتور، یان لە هەندێ کۆمەڵگەدا، چەند هۆکارێك هەیە کە دەبنە

هۆی ئاسانکردن، یان پەلەکردن لە پەرەپێدانی تواناکانی کۆکردنەوەی تاکەکان، بۆ نمونە: لە هەر کۆییەك متمانەی ئاڵوگۆڕکراو ببێتە خەسڵەتێکی پەیوەندییە مرۆڤاییەتیە باوەکان، ئەوا تاکەکان لەو دۆخەدا رەنگە ببنە خاوەن گەورەترین توانا بۆ پێکهێنانی رێکخستنە سیاسیە درێژ خایەنەکان، نەك رێکخستنی لاوەکی یان کاتی، وەك ئەوەی لە کۆمەڵگە نەریتگەرییەکاندا روودەدات، کە هیچ متمانەیەك نییە لە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی تەنها ئەگەر ئینتیمایان نەبێ بۆ کۆمەڵی باوك سالاری. رەنگە هەندێ فۆرمی نەریتگەری لە رێکخستنی ئارەزومەندانەو نیمچە ئارەزومەندانە هەبێت، نمونەی سەندیکا پیشەییەکان و کۆمەڵە نهێنیەکان و یەکێتیە خێر خوازە ئاینیەکان، ئەو رێکخستنانە بەشداری دەکەن لە زۆرکردنی شارەزایی رێکخراو گەلێکی هاوچەرخ.

لە کۆتاییدا، دروست بوونی رێکخستنی سیاسی، رەنگە ئەوە بگەێنێت کە رادەیەکی باشی عەلمانیەت باوبووە، بە جۆرێك تاکەکان هاتونەتە سەر ئەو باوەرەی کە لە توانایاندایە – لە میانەی کارکردن – بەراستی کارتێکردنیان بە سەر بارودۆخی دەوروبەری خۆیان هەبێت، بە شێوەیەك کە لەگەڵ بەرژەوەندی و هەست و سۆزیان بگونجێنێت.

بێگومان ئەو دیاردە گۆڕاوانەو زۆر دیاردەی تریش کارتێکردنی بەهێزیان دەبێت لەسەر دەرکەوتنی حزبەکان، (بەشێوەیەکی گشتی). دەکرێ بووترێت کە روونبوونەوەو یەکلابوونەوەی حزبەکان لە راستیدا بە پلەیەکی دیاریکراودا پەیوەست دەبێت بە دیاردەکانی – تازەگەرێتی – و – گەشەپێدان – ەوە. هەروەها، لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە، حزبەکان دەبنە رەهەندێکی سیاسی بۆ ئەو رێکخستنەی کە بەرۆڵی خۆی بە یەکێك لە

خەسلەتەکانی کۆمەڵگەی تازە دادەنرێت، کە تێیدا لای گەل توانای دامەزراندن و پارێزگاریکردنی شێوە رێکخراوەییە گەورەو ئاڵۆزەکانی دێتە دی و سیمایەکی نەرمیشی دەبێت. هەروەها توانای جێبەجێکردنی فەرمانە نوێیەکان، یان فراوانەکانی دەبێت کەوا پێویست دەکات کۆمەڵگە تازەکان پێی هەستن. لەگەڵ توانای سود وەرگرتن لە وزەو تەکنۆلۆژیا بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی دەرامەتە سروشتیەکان، کە نەك تەنها لایەنە شارەزاییە هونەرییەکان لە خۆ بگرێ، بەڵکو دۆزینەوەی فۆرم گەلێکی رێکخستنی تۆکمەش بۆ بەرێوەبردنی تاکەکان و داهاتەکان لە پیشەسازی نوێ و لەسەر ئاستێکی فراواندا. دیارە کۆمەڵگەی تازە پێویستی بە سیستمێکی قوتابخانەیی ئاڵۆز و چەندین زانکۆ هەیە، کە توانای داهێنان یان خۆگونجاندنی هەبێت، لەگەڵ پێویستی بە بوونی چەند دامەزراوەیەکی بیرو کراسی کە توانای بە دیهێنانی حکومرانی دیموکراسیان تێدا بێتەدی، هەروەها دامەزراو گەلێکی لێهاتوو بۆ بەرێوەبردنی راگەیاندنی جەماوەری لەگەڵ هۆیەکانی پەیوەندی جەماوەری، کەئاسانکاری دەکات لە گواستنەوی زانیاری و هزرو تاکەکاندا.

هەر لەمیانەی ئەم بۆ چوونەدا، حزبی سیاسی دەبێتە بەرهەمێکی ئەقلانی بۆ کۆمەڵگەی تازە، بوونیشی گەورەتر و قوڵتر دەبێت لەوەی کەتەنها دەرئەنجامی چەند بریارێکی سەپێنراو بێت لەلایەن دەسەلاتەوە، بە — دامەزراندنی — سیستمێکی فرە حزبی، یان تاك حزبی، یان سیستمێکی ناحزبی رەها.

بەلامانەوە ئەستەمە لەو سنورە بوەستین، کە ئەو گریمانە — تازەگەرییانە — یان — گەشەییانە — دایدەرێژن دەربارەی دروست بوونی دیاردەی حزبی. سەرەرای پێویست بوون بە رەگ و ریشە داکوتانی زیاتر، لێرەدا چەندین

دیاردەی پەرەسەندنی سیاسی لە جیهانی سێیەمدا بوونیان هەیە، ئەوانیش یان لەبەر ئەوەی چوار چێوەی ئەو گریمانەو ئەگەرانە دەبەزێنن یاخود لەبەر ئەوەی ئەو دیاردەیە چەند دژە بەڵگەیەك دەخاتە روو، هەر بۆ نموونە، ئەو قورساییەی کە ئەزموونی ولاّتانی جیهانی سێیەم دەیخاتە سەر کاریگەری بوونی ئیستعمار لە تەکاندا بەرەو دروست بوونی حزبە سیاسییەکان و لە بارکردنی خەسڵەت و رێرەوەکانی، ئەو حاڵەتە، چەند چەمکێکی تیۆری تەواو هاوسەنگی نابن. لە راستیدا قەیرانەکانی گەشەپێدان چەند گۆرانکارییەك هاتۆتە سەریان، وەك ئەو قەیرانانەی کە دەرئەنجامی کارتێکردنی پەیوەندییە دەرەکی و هێزە دەرەکییەکانە. چەند لێکۆڵەرێك بە ئەنقەست لە شیکردنەوەکانیاندا، کارتێکردنی قەیرانەکانی (پەیوەندی دەرەکی و هێزە دەرەکیەکانیان) بەکارهێناوە لەسەر دروست بوونی حزبەکان، لە ناوچەیەك یان ناوچەیەکی دیکەی جیهانی سێیەمدا.

لێرەدا ئێمە جەخت لە سەر ئەوە دەکەین، کە کاریگەری بوونی ئیستعمار لەوە گشتگیرتر و قوڵترە کە تەنها لە چوارچێوەی قەیرانەکانی – شەرعیەت – یان – پێناسە – یاخود – بەشداری کردن – سنووردار بکرێت لە ولاّتە داگیرکراوەکاندا، یان وەك تاکە قەیرانێکی تایبەت بۆی دەست نیشان بکرێت، هەروەها لە رووبەکی دیکەوە ئەم بابەتە وەك پێویست بایەخێکی گونجاوی پێنەدراوە، لە چوارچێوەی گریمانە نوێیە باوەکاندا. ئەو دۆخە ئیستعمارییە کە چەوساندنەوەی ئابوری و زاڵبوونی سیاسی و سەربازی دەگرێتە خۆی، هەروەها شێواندنی کولتوری و هزری، ئەوا ولاّتە

دواکەوتووە کۆلۆنیالیەکان دەخاتە ڕەوتێکەوە کە جیاوازییەکی چۆنایەتیان هەبێت لە گەڵ وڵاتە زاڵبووەکان. ئەگەر قوتابخانەی پاشکۆیەتی ڕۆشنایی خستووەتە سەر واقیع و ئاسەوارەکانی پاشکۆیەتی لە جیهانی سێیەمدا، ئەوا لاوازی بەشدارییەکانی ئەو قوتابخانانە لە بارەی ڕەهەندی سیاسی بۆ پاشکۆیەتی بە دوور ناخرێتەوە بە تایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بە کارتێکردنەوە هەیە لەسەر روشنبوونەوە و دەرکەوتنی هێز و دامەزراوە سیاسییەکان، سەرەرای پەیوەندی بە نەش و نما کردنیان لە وڵاتانی پاشکۆ هەروەك لە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

هەروەها، بەشداریکردنی هەموو ناوچەکانی جیهانی سێیەم، لە ملکەچیان بۆ ئیستعمار و کارتێکردنی ئەو ملکەچیە لە سەر دروست بوونی حزبەکان لەو ناوچانەدا، ئەوە نابێتە هۆی سرینەوەی کاریگەرییە جیاوازییەکانی ئیستعمار لە سەریان، کە لە سەر بزاوتی کارلێکردنی نێوان دیاردەی ئیستعماری لە لایەکەوە و خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئابوری و کولتورییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەوە وەستاوە لە لایەککی ترەوە. بۆ نمونە، لە کیشوەری ئەفریقیا بەرەنگاربوونەوەی ئیستعمار، بەرەها هاندەرێکی زۆرکارابوو، بۆ دروست بوونی حزبە سیاسییەکان، بە رادەیەك هەندێ نوسەر و توێژەر بەراستی باسیان لە هەڵوەشاندنەوەی حزبەکان کردووە لەو کیشوەرە — بە بێ گوێدانە هەندێ حاڵەتی نا ئاسایی — دوای قۆناغی یەکەم، لە بەدەست هێنانی سەربەخۆیی و نەمانی شەری راستەوخۆ لەگەڵ ئیستعمار. بەڵام لە ئەمریکای لاتینی، کە وڵاتەکانی بە ماوەیەکی زۆر پێش وڵاتانی هەردوو کیشوەری ئاسیا

و ئەفریقیا سەربەخۆیان بەدەست هێناوە، ئەوا دیاردەی حزبایەتی لەوێ بەسترابۆوە بە:

یەکەم: پارێزگاری لە بەرژەوەندییە چیانەییەتیەکانی هێزە دەسەلات دارەکان لە سەروبەندی سەربەخۆییدا.

دووەم: رۆلی پاشکۆیەتی توند و بەهێز لە پێکهاتن و بەرەنگ کردنی حزبەکان لەوێدا، کە دواتر بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

بەلام ئەو مێژووە دووررو درێژەی ولاتانی هاوچەرخ کە لە دوای خۆیانەوە جێیان هێشت لە ئاسیاو رۆژهەلاتی ناوەراست، ئەوا کاریگەری (بەشێوەیەکی دیارو جیاواز) لەگەل ئەو داب و نەریتە ئیستعمارییەی هەبووە، لە کاتی پێکهاتنی دیاردەی حزبی.

ئەمەو لە کاتێکدا چەند ولاتێکی ئاسیا (بەتایبەت ئەزموونەکانی هیندستان، یابان، چین) بونیادی حزبی جیاوازیان خستە روو، کەوەك پێویست لێکۆلینەوەو شیکاریان بۆ ئەنجام نەدراوە، ئەو ئەزموونانە رەنگدانەوەی داب و نەریتە دێرینە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ئەو ولاتانە پیشان دەدەن، ئەو کەلەپورە رۆشنبیریەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست فاکتەرێکی زۆر گرینگتر بوو لە کارلێکردنی لەگەل ئاسەوارە ئیستعمارییەکان لە دروست بوونی دیاردەی حزبی. هەر لەم بوارەدا، دەبێ ئاماژە – بە شێوەیەکی تایبەت – بۆ نووسینەکانی ئابوری سیاسی بکەین، لە ئەمریکای لاتینی، کە باس لەو شێوە حکومرانیە دەکات و ناوی لێنراوە (نمونەی دەسەلاتدارێتی بیروکراسی)

که لەسەر دەستی عەسکەرتاریەتەکان بەرێوە دەچوو، لە ولاّتانی بەرازیل و ئەرجەنتین.

لەگەڵ لەناوچوون و ڕەوینەوەی ئەو پێشبینی و چاوەڕوانییە گەشبینیانەی کە دەکرا لە سالآنی پەنجاو شەستەکان (سەدەی بیستەم) بۆ بەدیهێنانی یەکسانییەکی ئابوری و کۆمەلآیەتی زیاتر هەروەها دەرکەوتنی شێوەکانی حکومرانی دیموکراسی لە ئەمریکای لاتینی ئەو نمونەیە (کە بیرۆکەکانی پاشکۆیەتی بەشداری دەکەن لە شرۆڤەکردنی)، گریمانەکانی - تیۆری تازەگەریتی - خستۆتە بەرپرسیارەوە، بەوەی کە پیشەسازیکردنی زۆرتر، هاوبەندە بە دەرکەوتنی دیموکراتی و یەکسانییەوە، کە لە بەشێکدا، ڕەنگدانەوەیەکی - سیستمیانە - ی دەبێت بەسەر گەشەکردنی حزبەکاندا، بەلآم لە جیاتی ئەوە، چەند گریمانەیەکی تر خرانە روو، ناوەرۆکەکانیان ئەوەیە، کە ئاستە پێشکەوتووەکانی پیشەسازی لەو ولآتانەی ڕوویان لە گەشەکردن کردووە، دارمانی دیموکراسیەت و زۆربوونی نایەکسانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەم چوارچێوەدا ئایدیۆلۆژیای فەرمی سیستمە فەرمانڕەواییە بیروکراسیەکان، جەختی لەسەر مۆرکە ناحیزبیەکەی حکومەتە عسکەرتارییەتەکان کردۆتەوە، ئامانجیش، سنورداتان بووە بۆ - سیاسەت - بەو پێیەی گوزارشت لە ململانێی نێوان چەند ئایدیۆلۆژیایەك دەکات، لەگەڵ بوونی حزبەکانیش کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم کۆ دەنگی نەتەوەیی، ئەو کۆدەنگیەی کە حکومەتە عەسکەریەکان هەوڵی بۆ دەدەن. ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان گروپەکانی بەرژەوەندی لە کۆمەلگەی مەدەنی و

دەوڵەت دا هەیە، لە سەر چەند پێوەرو میکانیزمێکی هاوکاری کردن دادەمەزرێت، زیاتر لەوەی لەسەر شێوازەکانی نوێنەرایەتی بێت، ئەوەش دەرئەنجام داماڵینی حزبە سیاسیەکان دەگەیێنێ لە خەسڵەتە نوێنەراییەتیەکەی، یاخود راسپاردەییەکەی.

ئەو بیرۆکانی کە تایبەت لە لایەن – ئودونیل – خراونەتە روو، بەرەو ڕووی رەخنەی زۆربوونەتەوە، بەڵام ئەوە، گوتارەکانی تازەگەریێتی لە راستی کەم و کورتیەکان بە دوور ناخاتەوە کە پێی دەناسرێن، سەرباری تیۆرییەکانی دیکەش دیارە ئەو بارەش دەرگا دەخاتە سەرپشت لە بەردەم هەوڵ و کۆششی زیاتر بۆ تێگەیشتن لە هەل و مەرجی هەموو ئەو فاکتەرانەی پەیوەندییان هەیە بە سەرهەڵدانی دیاردەی حزبی، وەك بە شێك لە دیاردەی سیاسی بە گشتی لە جیهانی سێیەمدا.

هەولێنامەی کتێب

# بەندی سێیەم

## شێواز و خەسڵەتەکانی سیستمە حزبیەکان،

## حزبەکان لە جیهانی سێیەمدا

هەولێرنامەی کتێب

پرۆسەی – پۆلێنکردن – یان – دابەشکردن – ی سیستمە حزبیەکان، چ بەپێی ژمارەی حزبە دامەزراوەکان بێت لە سیستمی سیاسی، یان بەپێی پێوەرێکی پەیوەست بەو سیستمەوە، ئەوە بە یەکێك لە توێژینەوە بنچینەییەکان دادەنرێت لە بواری ئەدەبیاتی حزبە سیاسییەکان، بەڵکو رەنگە گرینگترین توێژینەوەکانی بێت بەرەها.

بۆیە کارێکی بەڵگە نەویستەکە خودی ئەو کارە پیادەدەکرێت لە سەر لێکۆڵینەوەی دیاردەی حزبایەتی لە جیهانی سێیەمداو لێکۆڵەرانیش باس لە جەشنەجیاکانی و خەسڵەتەجیاوازەکانی ئەو سیستمە حزبیانە بکەن کە تێیدا هەن، لەکاتێکدا چەند توێژەرێك رایان پێ باشبور کە حزبەکانی جیهانی سێیەم لەپۆلێنکردندا بخرێنە لستی ئەو حزبانەی کەلەولاتانی پێشکەوتوودا هەن چ لەلستی سەرمایەداری بێت یان سۆسیالستی، بەلام چەند توێژەرێکی دیکە، بەشێوەیەکی بچووك یان گشتی وایان پێ باشە چەند شێوازێك یان پۆلینکردنێکی تایبەت بەسستمی حزبی دابنرێت لەجیهانی سێیەمدا، کەرەنگدانەوەی بارودۆخ و کاروبارە تایبەتیەکانی بێت، ئەوانیش ئەو دوو ئاراستەیەن کە لێرەدان، دەیانخەینە روو:

لەراستیدا حزبە سیاسییەکان، رێك بەمانا زانستیەکەی، شێوەو روخسارێکی بنچینەیی نانوێنێ بۆ سیستمە سیاسیەکان، بەلام ئەو سیستمانە بەپێچەوانەوە بۆ ماوەی چەندین سەدەیە کاروباری خۆیان بەرێوەبردووە بەبێ بوونی حزبەکان، هەروەها پەیدابوونی حزبەکان پێویستی بەبەدیهێنانی چەندین مەرجی دیاریکراوی پێشوەخت هەبووە، بەڵکو فەراهەمبوونی ئەو مەرجانەش زۆر رێگر نەبوونە لەبەردەم سەرنەکەوتنی ئەو حزبانە لەپێگەیشتن و

گەشەکردن، هەروەها ڕێگرنەبوونە لەبەردەم چەوساندنەوە یان قەدەغەکردنیان (دوای دامەزراندنیان).

بۆیە کارێکی نامۆ نییە، کەچەندین سیستمی سیاسی ئۆلیگارشی فەرمانڕەوایی لە جیهانی هاوچەرخدا، هەروەها ئەو سیستمانەی کەبیروکراسییەتە سەربازییەکان (یان مەدەنییەکان) دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە، هەر شێوەبوونێکی یاسایش بۆ حزبە سیاسییەکان لەپرۆسەی سیاسیدا لایان قبوڵ نییە، ئەمەو لەهەرکۆییەکیش لەلایەن بژاردەی دەسەڵاتەوە بەئەنقەست ڕێگا لەحزبەکان بگیرێت، ئەوا بەردەوام ئەو بیانوانە دەخرێنە روو، کە وڵات هێشتا ئامادەیی ژیانی حزبایەتی نییە، ئەمەش کارێکە ڕەنگە راست بێت یان ناڕاست، یانیش بوونی کێشەیەکی نەتەوەیی گرینگ، وەکو کێشەی ئاسایش دەکەنە بیانوو بۆ دواخستنی دامەزراندنی حزبەکان، لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر حزبەکان بەکردار بۆماوەیەك بوونیان هەبێت ئەوا هێرش بۆ سەریان یان پلاندانان بۆ سنووردارکردنی چالاکیان، یاخود دوورخستنەوەیان لە سیستمی سیاسیدا، بەبیانووی ئەوەی کە گوایە کێشەکان لەدەرئەنجامی چالاکی ئەو حزبانەوە هاتوون یان زیادیان کردووە بەهۆی ئەوانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو هەڵوێستانە بە هەند وەربگرین کەتێیاندا چەند حزبێکی سیاسی جیاواز پەیدابوون، پاشان بەرەو ڕووی چەوساندنەوە بوونە ئەوا لەم حاڵەتەدا، دوو تێبینی گرینگ هەن پێویستە ڕەچاو بکرێن:

- یەکەمیان ئەوەیە کەسیستمە (ئۆلیگارشی – یان – دیکتاتۆری)یەکان بەزۆری ناتوانن وەك پێویست بەلێهاتوویی و بەبێ پشتگیریکردنی حزبێك، کاربکەن، ئەم بۆ چوونە زاڵەش بەرەودەرکەوتنی حزبەکان بەشێوەیەك لەشێوەکان پاڵی بەهەندێك نووسەرو توێژەرنا کەباوەڕیان

وابێت (هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ كرا) كە لەوێدا بارودۆخێكی تازەگەریتی هەیە، پەیوەستە بەتەكنەلۆژیاو پەیوەندیكردن و رێكخستنەوە، ئەو دۆخەش خودی حزبی سیاسی دەكاتە ئەگەرێكی بەهێز لە جیهانی هاوچەرخدا.

- دووەمیان ئەوەیە هەر بەدەركەوتنی حزبەكان لە سیستەمی سیاسیدا، ئەوە سەركوتكردنیان بەزەروورەت – نابێتە هۆی كۆتاییهاتن بەچالاكییەكانیان ، كاتێكیش رێگا لەحزبێك دەگیرێت بەپێی یاسا، ئەوا بەشێوەیەكی ئاسایی پەنا بۆ كاری نهێنی دەبات، هەروەك چۆن لەئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی روویاندا.

ئەو حزبانەی رووبەرووی سەركوتكردنێكی گشتی دەبنەوە، ئەوانە ئاراستەیەكی نهێنی و پیلانگێری دەگرنەبەر، كەرەنگە كاریگەری قوڵی لەسەر پەرە سەندنی سیاسی دوورخایەن هەبێت بۆ كۆمەڵگە، تا ئەو كاتەش كەبەپێی یاسا دەگەڕێتەوە سەركاركردنی ئاشكرا.

چاكترین نموونەكەلەم بارەوە بخرێتەڕوو، حزبی بەلشەفیە (شیوعی روسی) و حزبە شیوعیەكانە لەوڵاتانی وەك ئیتالیاو فەرەنسا، ئەو حزبانە بەهزرو بۆ چوونەكانیان كاریگەریان هەبووە بەسەر پرۆسەی سیاسیدا، یان لەسەر گردبوونەوەو ڕاكێشانی جەماوەر، هەر لەبەرامبەر ئەم نموونەیە، ئەوا چەندین حزب لەوڵاتانداو لەسەروبەندی دوای داگیركاری ئیستعمار (نموونەی حزبی بەرەی رزگاریخوازی جەزائیر) هزرو بیرو بۆ چوونەكانی لەئاست كۆمەڵگەو لەئاست گروپەكانی دیكەو پرۆسەی سیاسیش، كاریگەری ئەو ساڵانەی بەسەرەوە بووە، كە دەسەڵاتی ئیستیعماری ناچاری كردووە كاری نهێنی پیادە بكات.

بەو پێیە واگریمانە دەکرێ، لەو وڵاتانەی حزبەکان دووچاری چەوساندنەوەی هەمەلایەن بوونەتەوە، ئەوا سیستەمە ئۆلیگارشیە فەرمانڕەواییەکان (سەربازی یان بیروکراسی) لەپاش خۆیان دۆخێکی قوڵی ناسەقامگیری سیاسی بەجێ دەهێڵن ئەو دۆخە ناسەقامگیرییەش نەك تەنها بەسەر فشارە توندەکانی ئەو سیستمانە پیادە دەبێت، بەڵکو هەروەها (ڕەنگە ئەوەش گرنگتربێت) لەسەر کارو کردەوەی ئەو حزبانەش پیادە ببێت کە دەرفەتی کارکردنی یاساییان پێدراوە، بەمانایەکی دیکە، ڕەنگە ئەو حزبانە، کەپێشتر تووشی فشارو چەوساندنەوە بوونە، ئەوە ئەوانیش هەمان شێوازو ئاستەکانی چەوساندنەوە بەکاربهێنن.

لێرەدا ئەگەر لەچوارچێوەی ئەم گفتوگۆیەدا، سیستەمە ناحزبییەکانمان دوورخستەوە، کەبەهۆیەك لەهۆیەکان حزبی سیاسی لەناو ئەو سیستمانە هیچ ڕۆڵ و چالاکیەکی نابێت، وەك (وڵاتی عەرەبستانی سعودی، تایلەند، نیپال، ئەسیوبیا... تاکۆتایی سەردەمی هیلاسی لاسی)، ئەوا زۆرینەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەم، سیستەمی حزبیان تێدا بڵاوبۆتەوە واتە دیاردەی حزبایەتی بەشێوەیەك لەشێوەکانی لەو وڵاتانە زانراوە.

سەرەڕای فرەیی ئەو پێوەرانەی کەهزری سیاسی بەخۆوەی بینیوە بۆ جیاکردنەوەی نێوان سیستەمە حزبیەکان، ئەوا گرنگترین ئەو پێوەرانە پەیوەست دەبن بەژمارەی حزبەکانەوە، بەو پێیەش دابەش دەبنە سەر سیستەمەکانی (فرەحزبی) و (دووحزبی) و ( تاك حزبی)، بەڵام لەشیکردنەوەی سیستەمە حزبیەکاندا، پشت بەستن بە پێوەری ژمارەیی ڕووت دەمانگەیەنێتە چەند ئەنجامێکی ڕەواڵەتی کەدوورمان دەخاتەوە لەناوەرۆکی ئامانجی شیکردنەوەکە، واتا ئەو بارەی کەسیستەمی حزبایەتی دەیگرێتە خۆی

لەبوونی جیاوازی یان ناکۆکی، بۆیە ئێمە لێرەدا جیاکردنەوە سەرەتاییەکە وەردەگرین کەزۆر لەتوێژەران پشتی پێ دەبەستن، لەنێوان سیستمە حزبیە ڕکابەرەکان و سیستمە حزبیە نا ڕکابەرەکان، ئەگەر چیش سیستمە فرەییەکان، یان – دوانەییەکان – بەزۆری لەگەڵ جۆری یەکەمدا پۆلین یان ڕیزبەند دەکرێن، لەکاتێکدا سیستمە نا ڕکابەرییەکان پەیوەست دەبن بە شێوازی تاك حزبی، لەم بارەدا چەند ڕوویەکی تێکەڵاوو شێواندن پەیدادەبێت، کەوا دەکات پشت بەستن بەرەگەزی ڕکابەری کارێکی سوودمەنتر بێت، دواتر باسی لەچەشن و خەسڵەتەکانی حزبەکان دەکەین لەجیهای سێیەمدا.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی یەکەم:

## شێوازەکانی سیستمە حزبیەکان، شێوازی رکابەری:

ولاَتانی ئەورووپای رۆژئاوا، بۆ سەرهەلدانی سیستمی حزبی رکابەری و گەشەکردنە مێژوویەکەی، زینگەی بنەڕەتیان ئامادەکردووە، بێگومان لەپێشەوەی ئەو هۆیانەی کەلێکدانەوە بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات، ئەوەیە کە یەکەمین دروست بوونی حزبەکان لەو ژینگەیەدا (هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا)، پەیوەست بوو بەبالّ و کۆڕبەندو گروپەکانی یاسادانانەوە، لەنێوان پیاو ماقولان و دەست رۆیشتوانی ناوکۆمەڵ ئەوانی لەنێوان خۆیاندا ناکۆك بوون و رکابەری کەتووەتە نێوانیان بۆ گەیشتن بەدەسەلاَتی سیاسی، پێیانیش وابوو کە رێکخستنی حزبی ئامرازێکە بۆ پالّپشتی کردن لە گردبوونەوەکانیان، بەمەش هەوڵێن سەرەتاکانی دروست بوونی حزبە هاوچەرخەکان لەرۆژئاوادا پەیوەست بوو بەرادەی ململانێی ئاشکرا دەربارەی بەرکاهێنانی دەسەلاَتی سیاسی، هاوکات بەگەشەکردنی ئەنجوومەنی یاسادانان و فراوان بوونی مافی دەنگدان و چارەسەرکردنی ململانێی نێوان کەرت و توێژە بورژوازییەکان لەجێگای، ململانێی پێشووتری نێوان مۆلکایەتیە بورژواکاندا، دیارە ئەو پەرەسەندنەش پلەبەپلەبوو، دیاردەکەش دارشتنی کۆمەڵێکی ئالۆزی بنەماو رێساکانی رێکخراوەیی گرتە خۆی بۆ پرۆسە رکابەرییەکە.

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، گۆڕانێك بەسەر ئەم چوارچێوە سەقامگیرییەی حزبایەتی روویدا، ئەویش بە دروست بوونی ئەو حزبانەی کە سەرچاوەکانیان دەرەکی بوو، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەم

دیاردەیەش هەڕەشەیەك بوو بۆ ئەو حزبانەی کەلەگۆڕەپانەکەدا هەبوون، ئەو حزبە نوێیانە راستەوخۆ ڕوویان کردە جەماوەرو هەستان بە سازدانیان، بەم کارە حزبەکانی دیکە بەرەو رووی هەڕەشەهاتن، بۆیە، یان دەبێت هەمان شێوازو رێبازی نوێ پیادە بکەن، بەم کارەخۆشیان دوایی دەبنە حزبی جەماوەری، یاخود بەتەواوی بزر دەبن، ئەم رابوونە لەسیستەمە رکاربەرییە ئەوروپاییەکان، حزبەکانی خستە ناوجەرگەی پرۆسەی سیاسییەوە، کەئەوەش (لەلایەکەوە) گۆڕانێکی تەندروست بوو، بەو مانایەی کەپرۆسەی سیاسی توانای خۆگونجاندنی سیستمی حزبایەتی لەگەڵ پێداویستیەکانی تازەگەرێتی دەرخست، بەڵام ئەو گرینگیە تەوەرییە بۆ حزبەکان لەو سیستمانەدا، وایان لێکردن (لەلایەکی دیکەوە) ببنە ئامانج بۆ هێرشی زۆرتر، لەلایەن ئەوانەی دەیانەویست گۆرانکاری جەوهەری لەخودی هەمان سیستم بکەن، هەرچییەك بێت هۆیەکانی.

لەناو ئەو چوارچێوە رکابەرییە بنچینەییە لەئەورپای رۆژئاوادا، ئەو حزبانەی سەرچاوەی دامەزراندنیان دەرەکی بوو، وەك هەڕەشەیەکی مەرتسیدار تر تەماشا دەکران، لەئاست درێژەپێدانی شێوازی حزبایەتی رکابەری، ئەویش لەبەرچەند هۆیەك:

- یەکەمیان، ئەو حزبانە لەچوارچێوەی دامەزراوە پەرلەمانییەکان دەرئەکەوتوون، مەیلیان بەو ئاراستەیە بوو کەلەگەڵ ئەو دامەزراوانە یەك نەگرن.
- دووەمیان، پەیدابوونی ئەو حزبە جەماوەریانەی کە سەرچاوەکانیان دەرەکی بوو بەو ئاراستەیە دەڕۆیشتن کەمۆرکێکی رادیکالیانە بخەنە سەر خودی پرۆسە رکابەرییەکەو تادەگاتە رادەی چڕکردنەوەی.

• سێیەمیان، حزبە جەماوەرییەکان، ئەوانەی لەدەرەوەی پەرلەمان دروست بوونە، بەزۆری پێناسەیەکی هەمەلایەنەی بۆ کۆمەڵگە دارشتووە، یان ئایدیۆلۆژیایەك کە لەئۆپۆزسیون دوور دەکەوێتەوە.

مێژووی نەتەوەکانی ئەورووپای رۆژئاوا ئەوە دەسەلمێنێت کە تەنها چەند دەوڵەتێکی کەم توانیویانە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو کێشانەی کەپاشماوەی ئەوبارودۆخە بوونە، ئەنجامەکەش لەکۆتاییدا لەسەر رادەی تێکەڵبوونی (ئەو حزبە دەرەکییە) لەناوسیستمدا بە گشتی وەستاوە.

بەڵام ئەو هاوبەندیە مێژووییە بۆ بوژاندنەوەی (هەروەها نوشستیەکانی) سیستمەرکابەریەکان، لەئەورووپای رۆژئاواو (ئەمریکای باکور) ئەوەرەت ناکاتەوە کەلەولاتانی جیهانی سێیەمیشدا کۆمەڵە مرۆفێکی زۆر لەژێر سێبەری سیستمە رکابەرییەکان دەژین، ژمارەشیان کەمتر نەبووە لەژمارەی نەتەوە پێشکەوتووەکان، (هەر بۆ نموونە) لەچرکە زەمەنێکی دیاریکراودا نزیکەی (شەش سەد) ملیۆن کەس لەهیندستان و بەرازیل و باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا هەن، لەژێر دەسەلاتی سیستمەگەلێکی فرەیی حزبی رکابەری، ئەوانە تێکرا ژمارەی دانیشتوانیان نزیکە لە دانشتوانی وڵاتە پیشەسازییەکانی ئەورووپاو ئەمریکای باکورو ئوسترالیاو یابان.

بەڵام سیستمە رکابەرییەکان لەجیهانی سێیەمدا، بەچەند فۆرمێکی دیاریکراو لەناو سیستمە رکابەرییەکان دەبەسترێنەوە، زیاتر لەسیستمەکانی دیکە، لێرە لەبنچینەدا پشت بەو دابەشکردنە دەبەستین کە (جیوڤانی سارتوری) لەکتێبە بەناوبانگەکەی (حزبەکان و سیستمی حزبایەتی) خستوویەتییە روو.

رێك بەپێی ئەو دابەشکردنە چوارلایە نیە، لەناو سیستمە رکابەرییەکاندا چەند سیستمێك هەیە وەك: سیستمی فرەیی جەمسەرگیری، یان توندرەو، سیستمە

فرەییمەیانڕەوەکان یاخود سنووردار، سیستمی جووت حزبەکان، لەکۆتاییشدا سیستمەکانی حزبی سەرکەوتوو.

سارتۆری باسی سیستمی حزبی دەکات و دەڵێ بریتیە لە سیستمێکی فرەیی جەمسەرگیری یان توندڕەو ئەگەر ئەو حزبانە لەدەورووبەری پێنج تاشەش حزب بوون بەبۆچوونی ئەو، ئەم جۆرە سیستمە حزبیە فرەییانە بەچەندین خەسڵەت دەناسرێن گرینگترینیان:

● یەکەم: بوونی چەند حزبێکی دژ بەرژێم، واتە حزب گەلێکی بەرهەڵستکاری کارا، یان حزبی ئۆپۆزسیۆنی کارا، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت لەم بوارەدا کە حزبی ئۆپۆزسیۆن بەزەروورەت، حزبی شۆڕشگێرنییە، چ بە پێوەرەکانی شەرعییەت بێت، یان ئایدیۆلۆژیا، هەروەها ئەو حزبە ئۆپۆزیسیۆنە دەمێنێتەوە کار لەناو سیستمدا دەکات، بەپێی بنەماکانی ئۆپۆزسیۆن، نەك لەدەرەوەی سیستم.

● دووەم: بوونی فرەییە لەئۆپۆزسیۆندا، واتا یەك نەگرتنی ئۆپۆزسیۆن (لەگەڵ چاوپۆشین لەژمارەی ئەو حزبانەدا) لە هێزێکی هاوبەشدا بەرەو ڕووی حکومەت ببێتەوە، خۆشی وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ حکومەت بخاتە ڕوو، بەدەستەواژەیەکی دیکە، لەفرەیی جەمسەرگیریدا، ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت هێزەکانی خۆی کۆبکاتەوە، بەڵکو هەریەك لەو حزبانە، ڕەنگە نزیکتر بن لەحکومەت تا حزبەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن.

ئەو دوو خەسڵەتە لەلایەن (سارتۆری)یەوە، بەدوو خەسڵەتی هەرەگرنگی فرەیی حزبایەتی جەمسەرگیری یان توندڕەو دادەنرێت، بەڵام لێرەدا چەند خەسڵەتێکی دیکەش هەیە کە گرینگیان کەمتر نیە لەوانی باسکراون، ئەگەرچی کەمتر ئاشکراو روونە، وەك بوونی پێگەیەکی سەرەکی بۆ حزبێك

یان چەند حزبێك لەناوەندی سیستمی سیاسی لەگەڵ توندی جەمسەرگیری رای گشتی، هەروەها بوونی بۆ چوونی بەردەوام بەمەبەستی لاوازکردنی پێگەی سیستمی سیاسی بۆ بەرژەوەندی یەك لەو دوو ئاراستەیە، یان بۆ هەر دوولایان و بوونی بوارێکی ئایدیۆلۆژی فراوان، کەلەبوونی چەند حزبێکی بچووکدا رەنگدانەوەی دەبێت، ئەوانەش نەك تەنها لەگەڵ سیاسەتە باوەکان ناگونجێن، بەڵکو لەگەڵ بنچینەو بنەماکانیش ناگونجێن، سەرەڕای بوونی چەند شێوەیەك لەئۆپۆزسیۆنی نابەرپرسیار، بریتین لەو حزبانەی کە لەپەراوێزدا ماون و هیچ دەرفەتێکی راستیان بۆ نارەخسێت بەشداری دەسەڵات بکەن و سیاسەت و بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن.

هەر بەپێی ئەوەی کە سیستمە فرەییە جەمسەرگیرییەکان، یان — توندرەوەکان — لەدەرەوەی جیهانی سێیەمدا ریزبەندکراون تانزیکەی ناوەڕاستی هەشتاکان (سەدەی بیستەم) هەروەها بەپێی چەند پێوەرێکی دەست نیشان کراو، کە حزبە پەراوێز خراوەکان و ناکاراکان، وەلاوە دەنێت، ئەوا نۆ دەوڵەت بەدیار دەکەون.

بەڵام مەبەستی — سارتۆری — لەسیستمە فرەییەمیانڕەوەکان، ئەو سیستمە حزبیانەن کە دەکەونە نێوان سیستمی حزبی — دوانەیی — لەلایەکەوە، هەروەها سیستمی فرەیی جەمسەرگیری (توندڕەو) لەلایەکی دیکەوە، واتە ئەو سیستمانەی کەچەند حزبێك لەنێوان (سێ بۆ پێنج) حزب دەگرێتە خۆی، هەر لەکاتی دەست نیشان کردنی ئەو سیستمانەش ناوی هەر یەك لەم دەوڵەتانە دەردەکەون: ئەڵمانیای فیدراڵ بەلجیکا، ئیرلەندا، سوید، ئایسلەندا، لۆکسمبۆرگ، دانیمارك، سویسرا، هوڵەندا، نەرویج، ئەویش لەچەند ماوەیەکی جیاجیا تاناوەڕاستی هەشتاکان (سەدەی بیستەم).

هەرچی سیستمە جووت حزبیەکانیشە، سەرەڕای جیاوازی بیروبۆ چوونی نێوان توێژەران دەربارەی ژمارەی ئەو سیستمانە لەجیهاندا، ئەوە بێگومان بەرچاوترینیان خۆی لە سێ وڵات دەنوێنێ، ئەوانەش: بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو نیوزلەندا، بەڵام (بەپلەیەکی کەمتر لەبەردەوام بوون) هەریەك لەوڵاتانی نەمساو کەنەداشیان دەخرێتە پاڵ.
(سارتۆری) خەسڵەتە گشتیەکانی ئەو سیستمانە کورت دەکاتەوە بەم شێوەیە: بوونی دوو حزبە لەیەك جێگا، هەردووکیان توانای، رکابەری یەکتریان هەبێت بۆ بەدەست هێنانی زۆرینەی کورسییەکانی ناو پەرلەمان، هەروەها توانای هەریەك لەو دوو حزبە لە سەرکەوتنی بەراستی، کەئەویش بەدیهێنانی زۆرینەیەکی رەهای ئەندامێتی پەرلەمانە، لەگەڵ ویستی حزبی سەرکەتوو لەوەی کەبە تەنها حوکمڕانی وڵات بگرێتە دەست، سەرەڕای بوونی ئەگەری گواستنەوەی دەسەڵات لەنێوان هەردووحزب.
جۆری چوارەم و کۆتایی لەسیستمە رکابەرییەکان لای - سارتۆری - بریتیە لە سیستمی حزبی سەرکەوتوو (predominant party system) ئەم چەمکە، لەرووێکەوە تێکەڵاوییەکی دەبیت لەگەڵ ئەو چەمکەی پێشتر، کەهەریەك لە (دیفرجیەو ئەلموند)و کەسانی دیکەش خستیانە روو لەژێر ناوی، حزبی زاڵ (dominant party) هەروەها لەروویەکی دیکەوە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ چەمکی حزبی سەرگەورە(hegemonic) کەلەلایەن هەریەك لە (لاپالۆمبارا) و (وینەر) خراوەتە ڕوو، مەبەست لەحزبی (زاڵ) سەرەکی، ئەو حزبەیە کە بەپانتاییەکی گەورە دەکەوێتە پێش هەموو حزبەکانی دیکە، لە چوارچێوەی سیستمی فرەحزبی، بەڵام سارتۆری (زاراوەی سەرکەوتووی - predominant - پێ چاکترە بەکار بهێنرێت، چونکە ناوەرۆکەکەی

لەرووی زارا وەوە کەمتر هێز دەگرێتە خۆی، لەزاراوەی – زاڵ – dominant ) جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکات کە خاڵی گرینگ لەپێناسە کردنی سیستمەکانی حزبی سەرکەوتوو ئەوەیە کەحزبەکە دەکەوێتە سنووری فرەحزبییەوە، حزبەکانی دیکە تەنها حزبی سەرەکی نەبێت ڕێگای بوونیان پێ نادرێت، بەڵکو بوونیان وەك رکابەرێکی سیاسی و شەرعی دەبێت، ئەگەرچی – وەك پێویست – کاراش نەبێت بۆ حزبی سەرکەوتوو واتا دەکرێ بووترێت کە حزبە بچووکەکان بەڕاستی هاوتای سەربەخۆن بۆ حزبی سەرکەوتوو، بەم جۆرە، سیستمی حزبی سەرکەوتوو (لەڕاستیدا) لەوە گەورەترە سیستمێك بێ بۆ حزبی تاك، کەگواستنەوە لەکورسیەکانی لە ناوپەرلەمان روونادات، بەڵام لێرەدا مەرجی یەکلا کەرەوە، راستگۆیی و رەسەنی ئەو سەرکەوتنانەیە، دەرەنجامی ئەو دیاردەیەش – بەزەرووڕەت – ئەوەیە کە حزبی سەرکەوتوو دەکرێ (لە هەر ساتێکدا) ئەو پێگەیە لە دەست بدات، کاتێ ئەو حاڵەتەش روودەدات، جۆری سیستەم وەك سیستمی حزبی سەرکەوتوو کۆتای دێت.

بە دەستەواژیەکی دیکە، سیستەمەکانی حزبی سەرکەوتوو بۆ سیستەمە رکابەرییەکان دەگەرێنەوە، لە بەر ئەوەی دەرفەرت لەناو ئەو سیستەمە لە بەردەم هەموو حزبەکان یەکسان دەبێت، بەڵام بێگومان ئەو یەکسانیەش لە دەرفەتدا هەمیشە کارێکی رێژەیی دەبێت، دیارە ئەوەش بەهۆی جیاوازی لەو دەرامەتانەی کە بۆ حزبەکان دەرەخسێت، بەتایبەتی نێوان ئەو حزبانەی لە دەسەڵاتدان و ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن، ئەم دیاردەیەش لە سیستەمەکانی حزبی سەرکەوتوو باوە، زیاتر لە هەر سیستەمێکی رکابەری دیکە هەریەك لە (وێنەرو لاباڵومبارا) چەمکی سیستمی حزبی سەرگەورە

(Hegemonic) دەخەنە ڕوو، لەبەر ئەوەی کە سیستمێکە هەمان حزب تێیدا بەردەوام دەبێت، یان هاوپەیمانیەکە هەمان حزب دەسەلاتی بەسەردا دەبێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەلام لەو بارو دۆخەی کە کۆلەکەکانی هاوپەیمانیەتیەکە دەگۆڕێت بەجۆرێك ناکرێ دلنیابین لەوەی کە حزبی زالبوو درێژە بەدەسەلاتی دەدات، ئەوا ئێمە لەبەردەم شێوازێکی حزبی گۆڕاو کار (Turnover) دەبین.

مەبەستی (وینەر) و (لاپالومبارا) لە بارودۆخی گۆڕاویشدا، وەك بارێکی دژ بە دۆخی سەرگەورەیی (یان زالبوون)، ئەو بارودۆخەی تێیدا (تا لەگەل درێژە پێدانی ماوەکانی سەرگەورەیی) چەند گۆڕانکاریەکی دووبارە بووەی ڕێژەیی ڕوودەدات لە حزبی دەسەلاتداردا، یان ئەو حزبەی زالە بەسەر هاوپەیمانێتی فەرمانڕەوا (دەسەلاتدار).

ئەگەر چی ئەو شێوە سیستەمە ڕکابەرییە بە سیستەمی حزبی براوە یان زال و سەرگەورە وەسف دەکرێت، ئەوا زۆربەی زۆری سیستەمە ڕکابەرییەکان لە جیهانی سێیەمدا لە ژێر ئەم فۆرمە ریز بەند دەکرێن.

ئەگەر لەم بارەوە هەر گومانێکی بیانودار هەبێت لە سەلماندنی دەرەنجامی هەلبژاردنەکان و دروست ئەو ژمارانەی رادەگەیەنرێن لە جیهانی سێیەمدا، ئەوا ئەو مەسەلەیە، ڕاستی بوونە فەرمییەکەی یان ڕەوالەتیەکەی ئەو جۆرە سیستەمە ڕکابەریانە لە جیهانی سێیەمدا زیاتر لە هەر جێگایەکی دیکەدا هەلناوەشێنێتەوە.

بەلام ئەو گۆڕان و هەراو پێشوییانەی کە دیاردەی سیاسی لە جیهانی سێیەمدا خەسلەتی پێوەگرتوون، (لە ڕووییکەوە)، ڕەنگدانەوەیان لەو ڕاستیە دەبێت کە بوونی شێوەیەك لە شێوەکانی سیستەمە ڕکابەرییەکان (بەلکو بوونی

خوودی سیستمی رکابەری لە بنچینەدا)، بابەتێکی پەیوەستە بەو قۆناغە مێژووییەوە کە جێگای بەهەند وەرگرتنە و قابیلی گۆران و ئاڵ و گۆرکردنیشە لەگەڵ رۆژگاردا، بە شێوەیەك کە سەقامگیری جۆرێك لە جۆرەکانی رێکخستنی حزبی، لە ماوەیەکی دوور و درێژ تاڕادەیەك، ئەو حاڵەتە تەواو مەسەلەیەکی هەڵاوێردە، لە رووێکی دیکەوە تایبەتمەندییەکانی هەر شێوەیەك لەو سیستمە حزبیانە (لەکۆتایدا) دەرئەنجامێکە بۆ بار و دۆخە دیاریکراوەکانی هەر کۆمەڵگەیەك لەو کۆمەڵگایانە بە جیا، تەنانەت ئەگەر هاتوو شێوە حزبیەکان تەباش بوون. ئەم حاڵەتەش رێك لەگەڵ تایبەتمەندێتی هەر ناوچەیەك لە جیهانی سێیەمدا، بەڵکو لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی ئەو ناوچەیە بەپلەیەك لەپلەکان دێتەدی.

ئەگەر ئێمە لێرەدا، ئەمریکای لاتینی بکەینە نمونە، دەبینین لەهەر چرکە ساتێکی مێژوویدا، هەموو ئەو جۆرە سیستمە رکابەرییانە زۆر ناخایەنێت (دوای ماوەیەکی زۆر کورت) گۆرانیان بەسەر دادێت و سیستمەکان لە نێوان شێوەی فرەیی و دوانەیی، یان شێوەی سەرکەوتوو یاخوود زاڵ وەردەگەرێن، لە ماوەیەکی کورتدا.

(نمونەی ئەو حاڵەتە)، لە ناوەراستی شەستەکاندا (سەدەی بیستەم)، وا تەماشای هەردوو ولاتی ئۆرگوای و کۆلۆمبیا دەکرا، وەك دوو نمونەی سیستمی دوو حزبی، لێرەدا واچاوەروان دەکرا ئەم سیستمە لە ولاتی بەڕازیل و لەژێر فشاری دەسەلاتی سەربازیدا روون ببێتەوە، بەلام سیستمە حزبیەکانی تر، لە ئۆرگوای و کۆستاریکا و چیلی، بەو پێیە تەماشادەکران کە نمونە گەلێکی خاوێنی فرەیی حزبی رکابەرن.

بەلاّم زۆربەی ولاّتانی کیشوەری ئەمریکای لاتینی، سیستەمێکی حزبایەتی سەرکەوتوو، یان زاڵبوو (ولاّتی مەکسیك وەك نموونە) یاخود سیستەمی حزبایەتی فرەییان پیادە دەکرد، لەگەڵ توانای بەردەوام بۆ گۆرانکاری لە سیستەمێکی حزبیەوە بۆ سیستەمێکی دیکە، بە پێی هێزی هەر سیستەمێك بە تەنیا. نووسەرێك لە لێکۆڵینەوەیەك دا، ئەم دۆخەی دوایی بەم جۆرە راڤە کردووە:

ئاراستە بەرەو (پاوانکاری) حزبایەتی، ئاراستەیەکە رەگ و ریشەی قوڵی داکوتاوە لە ناو داب و نەریتی کولتورە سیاسییەکاندا لەو ناوچەیە، هەروەها لە سەر فۆرم و بنەماکانی ژینگەی سیاسیش بونیاد نراوە.

ئەوەی روون و وردترە لەم بارەوە، قسەکردنە لە سەر پاوانکاری کەمینە، زیاتر لە پاوانکردنی تاك لایەنی لە سیستمی حزبایەتی، چونکە داب و نەریتی سیاسی، وادەخوازێ دیمەنی رکابەری حزبایەتی و ململاّنێی هەڵبژاردن بوونی هەبێ، بۆیە زۆربەی حکومەتەکان هەوڵدەدەن پارێزگاری لەدیمەنی بوونی ئۆپۆزیسیۆن بکەن، کەبەچاکتریشی دەزانن لەسەر شێوەی چەند حزبێك بێت کە لەگەڵیدا راهاتوون و هەرەشەش لەدۆخەکە ناکەن.

بەلاّم عەسکەرتارییەکان لەزۆربەی سیستمەکانی ئەمریکای لاتیندا بەهاوکاری هێزە نەریتگەرییەکان، چەند کۆت و بەندێکی توندیان خستۆتە سەر رێگای ئازادی چالاّکی حزبایەتی، دەست پێدەکات لە قەدەغەکردنی هەندێ چالاّکی سیاسی و رێگرتن لەپەرلەمانتارانی هەڵبژێردراوی حزبەکان بۆ وەرگرتنی پۆستەکانیان لەپەرلەمان تادەگاتە داواکردن لە حزبە سیاسییەکان کەرەچاوی بنەما دەستوریەکان بکەن، یان (رۆحی دەستور)، هەروەها رێگرتن لە چالاّکی حزبایەتی بەتەواوی.

لەلایەکی دیکەوە توێژەرانی بواری گەشەپێدانی سیاسی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کولتوری سیاسی لەئەمریکای لاتینی، لایەنگری بوونی حکومەتێکی مەدەنی هەڵبژێردراو دەکات، ئەم بیرۆکەیەش هاندەرێکە بۆ گواستنەوەی خێرا بەرەو حکومەتێکی مەدەنی، دوای هەر ماوەیەك لەحوکمڕانی سەربازیدا، بەڵام ململانێیە سەربازییەکان و ڕێزنەگرتن لە بنەماو ڕێسا دەستوریەکان و ئەو ئاژاوەیەی کە لەگەڵیاندا پەیدا دەبێت، هەروەها خواست بەرەو گۆڕانکاریەکان، جارێکی تر دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ گەڕانەوەی حوکمی سەربازەکان، هەر بەپێی ئەم بارە جارێکی دیکە ئەو ڕۆڵە هەمووی سەر لەنوێ دووبارە دەگەڕێتەوە.

بەم جۆرە سیستەمە حزبیە ڕکابەریە فرەییەکان لەئەمریکای لاتینی، بەزۆری نەفرەیی دەبن و نەش ڕکابەری، بەو فۆرمە نموونەییەی کە گریمانە دەکرێ، هەروەها پەیوەندی حزبەکانیش بە (ڕێکخراوە خۆبەخشەکانەوە) لەئەمریکای لاتینی، زۆر جیاواز دەبێت لەو فۆرمەی کەلەسیستەمە حزبیەکانی ڕۆژئاوادا هەیە، چونکە ئەو کۆمەڵانە (کۆمەڵایەتی و ئابوری)، یان بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە لەحکومەت کاردەکەن، (واتە وەك حکومەتە تایبەتەکان) یاخود حکومەت دەسەڵاتی دەبێت بەسەریاندا، لەڕێگای ئەوەی کەبیانکاتە (سەندیکا گەلێکی خۆپارێز)، بۆ حزبەکانیش سنوورێکی تەسکی کارکردنی بەجێهێشتووە، بەم جۆرە دژوار دەبێت، باسی ئەو سیستەمانە بکەین و ناویان لێ بنێین سیستەمی فرەیی دیموکراسی، بەمانا ئاساییکەی وشە.

هەمان مەسەلەش پیادە دەبێت بەسەر ڕکابەریدا، چونکە لەو حاڵەتانەی ڕکابەرییەکی کارا هەبێت لەناو سیستەمە حزبیەکاندا، ئەوە — لەبنچینەدا — ڕکابەرییەکە لەنێوان ئەو حزبە نەریتگەرییانە دەبێت کە نوێنەرایەتی

چینەبالاکانی کۆمەڵ دەکەن، هەرچی حزبە نانەریتگەییەکانیشە زۆر کەم بەهەولێکی راستەقینە هەڵدەستن بۆ هاندانی جەماوەر بەرەو چالاکی حزبایەتی.

کەواتە سیستمە حزبیەکان لەکیشوەری ئەمریکای لاتینی، زۆرینەی هەرە زۆریان، تەنها ژمارەیەکی زۆرکەمیان نەبێت، دیارترینیان (نموونەی ولاتی کوبا) هەموویان ماوەیەك لەماوەکان، لە مێژووی هاوچەرخیاندا، لەچوارچێوەی سیستمە رکابەرییەکاندا، بەشێوەی جیاجیاکانیانەوە (فرەیی، دووانە، سیستمی حزبی سەرکەوتوو، یان سیستمی حزبی زاڵ) ریزبەند دەکرێن، دواتر دێینەوە سەرگفتوگۆ کردن دەربارەی رادەی قوڵی و سوودی ئەو باسکرنە.

بەڵام دووەمین راستی گرینگ، ئەوەیەکە هەموو سیستمەکان، لەماوە مێژووییە جیاوازەکاندا بەرەورووی دەستێوەردانی سەربازی بوونەتەوە، بەجۆرێك دەکرێ بوترێ، کەلێکۆڵینەوە لەسیستمە سیاسییەکانی ئەمریکای لاتینی، لەبنچینەدا لەژێر ناونیشانی (دەسەلاتی سەربازی) یان دەست تێوەردانی عەسکەریەکان لەدەسەلاتدا، تۆمار دەکرێن، ئەمەش ئەو پرسەیە کە رەنگدانەوەی راستەوخۆی بووە لەسەر جۆرو کارو ئەدای سیستمەحزبیەکان.

سیستمە حزبیە رکابەریەکانی جیهانی سێیەمیش لەکیشوەری ئاسیا، لەرووی گۆڕان و نا سەقامگیرییەو، باشترنەبوونە لەوەی کەلەئەمریکای لاتینی هەیە، ئەگەر ولاتی هیندستانی لێدەربکەین، ئەوا ئەو ئەزموونانەی کە نووسەرانی رۆژئاوا ئاماژەیان بۆ دەکەن، وەك سیستمی حزبی رکابەری لە (فلیپین، مالیزیا، کۆریای باشور، سریلانکا) هەموو ئەو ئەزموونانە لەناسەقامگیری و گۆڕانکاری بێبەش نەبوونە، کەبەهۆیەوە جێگۆڕکێیان کردووە لەنێوان

جۆرەکانی رکابەری حزبایەتی، یان لەبناغەوە ئەو گۆڕان و پشێویانە رایمالیون.
بەش بەحالی ولاتانی ناوچەکەش، ئەوا بەسەرهاتی حزبە سیاسییەکان (وەك توێژەرێك باسی لێوەدەکات)، یان جێگای بێ ئومێدی بووە، یاخود زۆر پووچ و بێ بنەما بووە، دەبینین گیانی فێڵ و تەڵەکەبازی و گومان لێکردن لای ژمارەیەك لەسیاسەتمەدارانی پاکستان، هەروەها رەفتارو مامەڵەی چەوت و دووفاقی زۆرێك لەپەرلەمنتارانی ولاتی ئەندونوسیا، لەگەڵ ئەو خەیاڵ و وەهمە گۆڕاوانەی سەرکردەکانی (کۆمەڵەی ئازادی گەل)ی دژ بەفاشیزم لەولاتی بورما، هەرگیز کارێکی حزبیان پێك نەهێناوە، تەنها لەبیری چەند توێژەرێکی رۆژئاوا نەبوو بێت ئەوانی بەباشی درکیان بە ڕاستی کاروبارەکان نەکردووە.
دیارە بەهەمان شێوە، ئەم دیاردەیە لەسەر سیستمە حزبایەتیە رکابەرییەکانی ولاتانی (تایلەند و لاوس) پیادە دەبێت، هەروەها لەڤێتنام و کەمبۆدیا (پێش دامەزراندنی سیستمە چەپەکان لەو ولاتانەدا) هەر دەربارەی دەست نیشانکردنی ئەو باروودۆخانە (لوسیان بای) دەڵێت: سیستمە حزبییەکان لەکیشوەری ئاسیا، پەیوەندییەکی تۆکمەی هەبووە بەکارتێکردنی رۆژئاواوە، هەروەها رێرەوەکەیان بەستراوەتەوە بەکێشەی پەیوەندی نێوان کۆن و تازە (یان لەنێوان نەریتگەری وتازەگەری)، لەو ولاتانەدا، ئەمەو تەگەرەو نووچدانی بەردەم سیستمە حزبیەکان لەکیشوەری ئاسیا، گوزارشت لە رەنگدانەوەی ئەو بەرەنگاریانە دەکات، کەبەرەو ڕووی کۆمەڵگاکان دەبنەوە لەهەوڵەکانیان بەرەو هاوسەنگی کردەیی لەنێوان ئەوی نەریتگەرییەو ئەوی تازەو هاوچەرخە، لەنێوان ئەوی خۆماڵیەو ئەوی جیهانییە، بێگومان

لەپێشەوەی ئەو کۆسپ و تەگەرانە، ئەوەی خۆی دەنوێنێ لەکەلەپوری رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایانەو داب و نەریتی حوکمڕانی و دەسەڵات تیایاندا — لەلایەکەوە — هەروەها دیاردەی دەست تێوەردانی دەسەڵاتدارانی سەربازی لەزۆربەی کاروباری حوکمڕانی بەمەبەستی کارتێکردن لەسەر ڕێرەوی سیستمە حزبیەکان، یان هەڵوەشاندنەوەیان، یاخود سنورداناں بۆیان، لەبنەڕەتدا (لەلایەکی دیکەوە).

بەڵام لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیاوازی لەنێوان سیستمە حزبییە رکابەریەکان و سیستمە نا رکابەریەکان زۆر کەم بەدەردەکەوێت، بەڵکو ئەو دیاردەیە لەریشەدا لەسەر سیستمە حزبی و ناحزبیەکانیش دەسەلێنرێت، ئەو ڕاستیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توێژەرانی تازەگەریێتی و توێژەرانی گەشەپێدان بەتایبەت، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە رۆڵی حزبەسیاسیەکان سنوردارە لەکاری تازەگەرێتی و گەشەپێدانی سیاسی لە ناوچەکەدا.

جا ئەگەر بەشداریکردنی سیاسی و پێداویستیەکانی کەخۆیان لەدامەزراوە گەلێکی سیاسی کارا دەبینێتەوە، لەڕووی سیاسییەوە گوزارشت لەپرۆسەی تازەگەری و گەشەکردنی سیاسی بکات لەناوچەکەدا، ئەوا وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین دامەزراوەی دیاریکراویان بەخۆوە بینیوە، — بەپلەیەك لەپلەکان — کەهاوکار بوونە لە بەدیهێنانی رادەیەك لەبەشداریکردن، هەروەها لەهێنانەدی جۆرێك لەپەیوەندیکردنی نێوان بژاردەی دەسەڵاتدارو چینەکانی ژێر دەسەڵات، بەڵام ئەو دامەزراوانە هەمیشە مۆرك و خەسڵەتی کەسێتی و نەریتگەرییان هەڵگرتووە، ئەمەو سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکان و ئەنجوومەنە پەرلەمانیەکانیش نەبوونە هۆی روودانی گۆڕانێکی ڕاستەقینە لەسەر ئەو جۆرە بەشداریکردنە، بەڵکو بەزۆری بوونەتە

کۆسپ لەبەردەم پەیوەندیکردن، زیاتر لەوەی کەناڵێ بن بۆ پەیوەندی، بۆیە کارێکی نامۆ نەبووە، کەباسکردنی توێژەرانی تازەگەریتی و گەشەپێدانی سیاسی، دەربارەی سیستەمە حزبیەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەریشەدا لەرێگەی بەرنامەیەکی توێژینەوە بۆ – کۆمەڵەکان – دەبێت. لەکاتێکدا حزبەسیاسیەکان بەزەقترین و بەرچاوترین پێکهاتەی کۆمەڵە فەرمیەکان دادەنرێن، بەڵام سەنگی رێژەیی راستەقینەیان لەژیانی سیاسیدا، کاریگەر دەبێت بەراستی ئەو قورساییە گەورەییەی کە – کۆمەڵە فەرمییەکانی – دیکە هەیانە، نموونەی سوپاو دامەزراوە بیروکراسییەکان، کە رەگ و ریشەیان لەکەلەپوری ئەو کۆمەڵگایانە بەشێوەیەکی قوڵتر لەحزبە سیاسیەکان دەبینینەوە، هەروەها (لەرویەکی دیکەشەوە)، سەنگی حزبەسیاسییەکان، بەراستی گرنگی ئەو کۆمەڵە نافەرمییانە کاریگەر دەبێ، کەپشتیان بەخزمایەتی و پەیوەندییە کەسێتیەکانەوە بەستووە، تاوەك ئەوانەی فەرمین، لەدارشتنی ژیانی سیاسیدا، بە (شێوەیەکی گشتی) لەرۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم چوار چێوەیەدا، سیستەمە حزبیە رکابەرەییەکان، تارادەیەکی دوور، رەنگدانەوەی ئەو رەوشە دابەش بووانەو ناکۆکی و مۆرکە کەسێتیەکانن، کە لێوان لێو، کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگرتووە، ئەوەش – لەراستیدا – سنورێك دادەنێت بۆ رادەو مەبەستی زۆربوونی خەسڵەتی – رکابەری – لەناو ئەو سیستەمە حزبیانە.

ئەگەر روومان لەکیشوەری ئەفریقیا کرد، سەرەتا دەبێ ئەو راستیەمان لەبیربێت کە دیاردەی حزبایەتی لەوکیشوەرەو لەبەشی باشوری بیابانەکەی، لەبنچینەدا پەیوەست بووە بەسستمی تاك حزبی، واتە – دەرەنجام – دەکەوێتە چوار چێوەی سیستەمە نارکابەرەکان، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەمەو

پێش بینیەکان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی فرەیی رکابەری لەو جۆرەی کە لەناو دەوڵەتە داگیرکراوەکانی کیشوەرەکە باوبووە، سەرکەوتنێکی ئەو تۆی بە دەست نەهێناوە کە شایانی باس بێت، بۆیە زۆربەی ئەزموونەکانی فرەیی حزبایەتی رکابەری بەرەو رووی داڕوخان هاتوون بۆ بەرژەوەندی سیستمی تاك حزبی یان بۆ بەرژەوەندی سیستمی ناحزبی بەشێوەیەکی رەها، لەو سیستمە فرەییانەش تەنها چەند حاڵەتێکی لاوەکی کەمیان مانەوە.

هەر بەهۆی ئەو ناسەقامگیرییەی کە سیستمە سیاسییە ئەفریقیەکان پێی دەناسرێن، ئەوا باسکردن و دەست نیشانکردنی هەرسیستمێکی حزبی، هەمیشە پەیوەست دەبێت بەماوەیەکی دیاریکراوەوە، دەکرێ بەردەوام پێداچوونەوەو گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

هەر لەکاتێکی زووەوە تاڕادەیەك، دەیانرِوانیە وڵاتانی نێجیریاو کینیا، وەك دوو نموونە، کەدەکرێ تێیاندا سیستمی حزبی رکابەری دابمەزرێت، ئەویش بەپشت بەستن بەشێوازی فرەیی حزبی سەرکەوتوو ژیانی پەرلەمانی رۆژئاوایی، بەڵام هەر زوو بەزوو کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٦٦ لەوڵاتی نێجیریا کۆتایی بەسیستمی حزبایەتی هێنا لەو وڵاتە، لەکاتێکدا وڵاتی کینیا رووی لەسیستمی تاك حزبی کرد ساڵی ١٩٦٨، هەروەها کودەتایەکی سەربازی کۆتایی بەو سیستمە فرەییە هێنا کە لە وڵاتی - بنین – (داهۆمی) دامەزرابوو.

لەناوەڕاستی حەفتاکاندا (سەدەی بیستەم)، پێنج دەوڵەتی ئەفریقی لەباشوری بیابان سیستمی فرەییان پیادەکرد، ئەوانیش: سوازیلاند، سیشل، کومور، موریشیوس، مالاگاشی (مەدەغەشقەر) بوون، ئەو سیستمە فرەییە لەو وڵاتانەدا، پشتی بەبوونی کەمایەتیە نیشتەجێ بووەکان و ناکۆکییە رەگەزییە

زەقەکانی نێوانیان دەبەست، بەڵام سیستمە تاك حزبیەکان و دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان، لەزۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا شکستیان هێنا، ئەوەش جارێکی دیکە بواری بۆ فرەیی حزبی رەخساند، لەناوەڕاستی هەشتاکانیشدا (سەدەی بیستەم) چەند وڵاتێکی دیکەی فرەیی، وەك: پتسوانا، غانا، لیسوتو، لیبیریا، نیجیریا، سەنیگاڵ، زیمبابۆی، هاتنەپاڵ سیستمە فرەییەکان.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی دووەم:

## شێوازی سیستمە حزبیەکان، شێوازی نارکابەری.

سیستمی حزبی دەبێتە سیستمێکی (نارکابەری) لەبارێکدا ئەگەر ململانێی نێوان حزبەکان بوونی نەبێت، یان بەهۆی بوونی – تاکە حزبێك – کەلەرێشەدا بوار بەبوونی هیچ حزبێکی تر نادات، یانیش لەبەر بوونی – حزبێك کەبەشێوەیەکی ڕواڵەتی ڕێگا بەبوونی چەند حزبێك دەدات، بەڵام بەپراکتیك کەمترین توانای رکابەری راستەقینەیان بەلاوە فەراهەم نابێت، لێرەدا – هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا – سەرەتا، نارەزاییەکان دەورووژێنرێت دەربارەی رەوایبوونی ئەوەی کە حزبی تاك ببێتە (سستمێك)ی حزبی، چونکە بۆ چوون وایە، کەسیستم لەچەند – یەکەیەك – و پەیوەندییەکانی نێوانیان دروست دەبێت، ئەم کارەش بەپێچەوانەی حاڵەتی تاك حزبیە، لەم بارەوە (سارتوری) پرسیارەکە بەشێوەیەکی تر دادەرێژێت، ئەویش: کە حزبی تاك سەر بەچ سیستمێك دەبێت؟ لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ناوبراو پێی وایە، کە: زاراوەی – سیستمی حزب – دەوڵەت (party – state system) کە بەشێوەیەکی ئاسایی بە سیستمە کۆمۆنیستەکان دەوترێت، بنچینەیەك پێکدێنێ بۆتێگەیشتن لەسیستمە تاك حزبیەکان و باسکردنیان بەوردی. دەبینی ئەو حزبانەی کەچەند یەکەیەکی فرەیی پێکدێنن (لەبەر ئەم هۆیە) ئەوە ناکرێت هیچ کامێکیان لەگەڵ دەوڵەت یەك بگرێت، لەکاتێکدا ئەو حزبانەی کەگوزارشت لەهەموو دەکات (مەبەست حزبی تاك) دەکرێ لەگەڵ دەوڵەت یەك بگرێت، یان لەگەڵیدا دەق بگرێت، جا چ خودی حزب روو بکاتە لەخۆ گرتنی دەوڵەت، یان خودی دەوڵەت رووبکاتە لەخۆ گرتنی حزب،

ئەوە لە هەردوو حاڵەتدا سیستمی (حزب – دەوڵەت) بریتی دەبێت لەسیستمێکی تاك حزبی (system of unitarism )، وەك ئەوەی (ئەرنست بارکرا) دەڵێت دەکرێت بووترێت، حزبەکان (لە بارەی فرەییدا)، کاتێ لەنێوان خۆیاندا کار لەیەك کردوو دەبن، ئەوا لەنێوانیاندا سیستمێکی لاوەکی سەر بەخۆ پێکدێنن، لەکاتێکدا کرۆك و گەوهەری سیستمی حزب – دەوڵەت، باس لە رەتکردنەوەو قەبوڵنەکردنی هەر جۆرە سستمێکی لاوەکی سەربەخۆ دەکات.

(هەنتینگتون) لەپێشەنگی ئەو توێژەرانە بوو کە هەوڵیانداوە دەربارەی دروست بوونی سیستمی تاك حزبی، تیۆرییەك بخەنە روو، ئەو پێی وابوو سیستەمە تاك حزبییەکان مەیلی ئەوە دەکەن کە ببنە بەرهەمێك، یا بۆ ئەو دابەش بوونانەی کە چەند گرووپێکیان لێ دەکەوێتەوە بە جیاوازییەکی توندەوە لە کۆمەڵگەدا، یاخود بە هۆی هەڵکشانی گرینگی چەشنێکی دیاریکراو لە دابەش بوونەکان بەسەر ئەوانی دیکەدا.

بە لێکدانەوەیەکی دیکە، تاك، حزبی بەرهەمی ئەو هەوڵانەیە کە هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەیبەخشێت، بۆ پێدانی رەوایی بە دەسەڵاتەکەی بەسەر چەند هێزێکی تر لە ناو کۆمەڵگەیەکی دابەشبوودا. پێوەرەکانی دابەش بوونیش رەنگە زۆربن، بەڵام گرینگترینیان ئەوەیە کە بەزۆری ئەو دابەش بوونانە، هەڵگری سروشتێکی کۆمەڵایەتی، ئابوری، رەگەزی، ئاینی، ئەتنیکی دەبن.

توێژەر (روبەرت داهل)، وەك دەربرینێك دەربارەی هەمان بیرۆکە، بۆ چوونی وایە، کە زۆربوونی دیاردەی جەمسەرگیری لە کیشوەری ئەورووپا – لە رووی مێژووییەوە – یان بووە بە هۆی دابەش بوون بۆ چەند وڵاتێکی

جیاواز، به جۆرێك دابەش بوونەكان شێوەی نێو دەوڵەتیان وەرگرتوە، زیاتر لەوەی ناوچەیی بێت، یاخوود بوە بەهۆی دروست بوونی چەند دەوڵەتێكی جۆری تاك حزبی فەرمانڕەوایی، یانیش سیستەمێكی هەمەلایەنی.

هەر ئەو دۆخەش، پەیوەندی بە جیابوونەوەی ئیرلەندا لە بەریتانیا هەبووە، هەروەها جیابوونەوی وڵاتی نەرویج لە سوید، هەر ئەو دیاردەیەش، دەركەوتنی چەند دەوڵەتێكی تاك حزبی هەمەلایەنی – دیكتاتۆری – یان فەرمانڕەوایی، ڕووندەكاتەوە، وەك وڵاتی ئیتالیای فاشیتی و ئەڵمانیای نازی و ئەسپانیای فرانكۆیی.

هەروەها (هەنتینگتون) باس لەو خاڵە دەكات كە لەمیانەیانداو لە ڕێڕەوی تازەگەریتیدا، سیستەمەكانی تاك حزبی دەردەكەون، ئەو پێی وابوو، ئەگەر چی تارادەیەك لە هەموو ئاستەكانی گەشەكردنی ئابوری و كۆمەڵایەتیدا، ئەو سیستمانە دەردەكەون، بەڵام زۆربەیان لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندەكانی تازەگەرێتیدا دەست پێدەكەن، لەو (سەروبەندە دیاریكراوەشدا) بەهاو قەوارەی نەریتگەریەكان دەبنە جێگای پرسیار و لێكدانەوە، میللەتیش زیاتر ئامادەی خۆ تەیاركردن و سازدان دەبێت، هەر لە سایەی ئەو هەل و مەرجانەدا، كۆمەڵەكان ڕوو لە جەمسەرگیری دەكەن، لەگەڵ دەركەوتنی ڕادەیەكی بەرزی دووبەرەكی.

هەروەها بەپێی بۆ چوونی (هنتینگتون) سیستمی تاك حزبی بەهێز، ناكرێ لە كۆمەڵگایەكی زۆر دواكەتوودا سەر هەڵبدات، لەبەر ئەوەی هەموو ڕێكخراو دامەزراوەكان لاوازن، بە پێچەوانەشەوە ناكرێ لە كۆمەڵگایەكی زۆر پێشكەوتوودا دەربكەوێت، بەهۆی بەهێزی ڕێكخراوو دامەزراوەكان، لە حاڵەتی دووەمیشدا هێزی سیاسی پەرت وبڵاو دەبێت، بەرادەیەك پێویستە (بۆ

ئەوەی لە سیستەمێکی تاك حزبیدا خۆی بەهێز بکات) شۆڕشێکی بەردەوام بەرپا بکات لە دژی بونیادە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەو بونیادە سیاسیە ئاڵۆزانەی لە ولاتدا هەن. هەروەها ئەو پشێوی و گرژییانەی کە رەنگە لە دەرئەنجامی ئەو هەولانەوە پەیدا بن، دەکرێ ببنە هۆی رووخانی سیستەم، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش توانیبێتی زاڵبێت بەسەر کێشە ناوخۆییەکاندا.

لە راستیدا، ئەم دارشتنە بۆ تیۆری – تاك حزبی – لە ناوەرۆکدا، تەنها – گشتاندنێك – دەبێ بۆ تیۆری تاك حزبی، کە – لینین – بە تایبەتی، دایرشتووە، وەك یەکێك لە کۆنترین، بەڵکو گرینگترین تیۆرییەکان دەربارەی ئەو بابەتە. ئەو کۆمەڵگە – دابەش بووە– ی کە (هنتینگتون) باسی دەکات بە پێی چەند پێوەرێك، بە لای – لینین– وە، دابەش بوونێکە لە رووی چینایەتیەوە پێش هەموو شتێك، ئەو هێزەش کە دەبێ زاڵبێت بەسەر هێزەکانی دیکە، وەك لینین دەست نیشانی کردووە، چینی پرولیتاریایە، نەك هێزێکی دیکە.

لە بەرئەوەی حزب لە شیکردنەوەی مارکسیدا، گوزارشت لە چینێك دەکات، هەروا تاك حزبیش، دەبێتە دەربرینێك بۆ – دیکتاتوریەتی پرولیتاریا – ئەو دیکتاتۆرییەتە وەك ئەوەی (لینین) دەڵێت، بریتییە لە خەباتی چینایەتی پرولیتاریا، کە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، ئەو دیکتاتۆرییەتە لە ناوەرۆکدا، دیکتاتۆرییەتی کەمایەتی پرولیتاریای ریکخراو و هۆشیارە لە رووی چینایەتییەوە.

بە دەربرینێکی دیکە، ئەم دیکتاتۆرییەتە، بریتیە لە حزب، ئەو تێکۆشانەش کە رووبەرووی ئەو کەمایەتیە دەبێتەوە، ئەوە حزبی هەرە توند و توکمەتر و

بەزەبرترە، لە دژی بە هێزترین دوژمن، کە بورژوازییەتە، خەباتی سەخت و خوێناوی و ناخوێناوی، توندو ئاشتیانە، سەربازی و ئابوری، فێربوون و کارگێری، لەدژی هێزو داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگە ئەنجام دەدات.
سیستمی تاك حزبی، لەسەر ئاستی پراکتیکی، جەماوەرێکی زۆری بەدەست هێناوە، هەرلەسەرەتای شۆڕشی بەلشەفیەوە ساڵی (١٩١٧)، ئەم شۆڕشە حزبێکی دامەزراند، هەستا بەرێکخستنی بەشداریکردنی جەماوەر لەژیانی سیاسیدا، هەروەها بوو بەتاکە سەرچاوەی شەرعییەت لەو وڵاتەدا، سەرکەوتنی بەلشەفییەکان لەتازەکردنەوەیەکی گرینگی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی ئابوری، هەروەها لەسەرکردایەتیکردنی یەکێتی سۆڤیەت بەرەو دووەم پێگەی گەورەترین دەوڵەت بەکەمتر لەچل ساڵدا، هەموو ئەو کارانە، راستگۆییەکی شیاوی بەخشیە حزبی کۆمۆنیست وەك سیستمێکی سیاسی، بەتایبەتی لەرووداني گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا، کەلەناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەچنگی ئیستعمار رزگاری بیوو.
ئەم چەمکە بنچینەییە، بەرەو بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی جیاواز گوزرایەوەو بوو بەیەك لەسونبولە بنەڕەتیەجیاوازەکانی دیاردەی حزبایەتی لەجیهانی سێیەمدا، لەو هەل و مەرجە نوێیەدا، حزبی تاك شرۆڤەکردنەکەی خۆی بۆکۆمەڵگە، لەدابەش بوونی هێزە کۆمەڵایەتیەکان و ململانێی نێوانیاندا نەدەبینیەوە، بەڵکو – بەپێچەوانەوە – پێویستی بەکۆکردنەوەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان و دوورخستنەوەی ململانێیەکانی نێوانیان بوو.
لەو ریز بەستنەوە، دیاردەی تاك حزبی، بەقۆناغە سەرەتاییەکانی – بونیادی نەتەوە – وە بەستراوەتەوە، سەلماندنی ئەم کارەش، نەك تەنها لەئەزموونی وڵاتە دواکەوتووەکان و لەقۆناغی دوای سەربەخۆییدا، راستەوخۆ

دەردەکەوێت، بەڵکو لەقۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەسەندنی سیاسی لەهەندێ وڵاتانی پێشکەوتووشدا دەردەکەوێت، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدەوروبەری ساڵی (١٨٧٠) دا.

لەڕاستیشدا (هنتیگتون) ڕێك لەم خاڵەوە دەست پێدەکات، واتە: دروست بوونی - حزبی تاك - لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا، ئەویش لەسەر بنچینەی کەمکردنەوە لەململانێی کۆمەڵایەتی و جەخت کردن لەسەر بابەتە نەتەوایەتیەکان، لەم دوایشدا نەمانی بەرەنگارییەکی یەکلاکەرەوە، کە بەردەوام بەرەو ڕووی نەتەوە دەبێتەوە، بۆ ئەوەی لاوازی تاك حزبی ڕوونیکاتەوە لە ناو ئەو ئەزموونانە لەگەڵ توانای لەناوبردنی بەئاسانی لەسەر دەستی پیاوانی سەربازی (بەتایبەتی)، بەهەر حاڵ باسکردن لە وڵاتە دواکەوتووەکان، لەهەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیا، لەزۆربەی ئەدەبیاتی حزبەکاندا، لەڕیشەدا بەحزبی تاکەوە بەستراوەتەوە، چونکە وادەرکەوت ((یا لەڕێگەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە پێش سەربەخۆیی بوونی هەبووە، یا خود وەك پەرەسەندنێك کەلە دوای سەربەخۆیی هاتۆتە دی، وەك ئامرازێك بەلای دەسەڵاتدارە نوێیەکانەوە)). بیانوی سەرکردەکان لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بۆ پێکهێنانی حزبی تاك، ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانەی بەرەو گەشەکردن هەڵکشاون، توانای بەرگەگرتنی - خۆشگوزەرانی -، پەیدابوونی کۆمەڵە گەلێکی سیاسی ڕکابەریان نییە، ئەو بەرەنگاربوونەوە بنەڕەتییە سیاسییەش کەبەرەو ڕووی ئەو وڵاتانە دەبێتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە بریتی دەبێت لە لەناوبردنی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتیەلەت و پەرتکراوەیەو سەپاندنی یەکگرتنە بەسەر کۆمەڵگە دابەشبووەکەدا.

لەکیشوەری ئەفریقیاش بەتایبەتی، کەتێیدا حزبی تاك بووە دیاردەیەکی زاڵ، سیستمە ئیستعمارییەکان لەوکیشوەرە چەند – دەوڵەتێکیان – دامەزراند کەمەڵگری پێناسەی نەتەوەیی نین و نەیان توانیوەش، فرەیی زمانی و خێڵەکی و ئاینی و دیاردە هەرێمییەکان تێپەڕبکەن و بەسەریدا سەرکەوتووبن، کەهەر یەکە لەو دەوڵەتانە لێوان لێو بەو دیاردانە پڕن.

ئەوەی نێوان ئەو کۆمەڵگەو گروپەو جیاوازانەی کۆکردۆتەوە لەهەر دەوڵەتێکدا، بەزۆری تەنها ملکەچیان بووە بۆ دەسەڵاتی ئیستعمار، ئەو دەسەڵاتە توانیوەیەتی پارێزگاری لەو یەکێتیە خاوەو لاوازەی نێوانیان بکات، بەڵام کاتێ (ئەو کۆمەڵەو گروپانە) دڵنیابوون لەنزیك بوونەوەی ڕۆیشتنی ئەو دەسەڵاتە ئیستعمارییە، هەر دوای ڕۆیشتنی – بەڕاستی – ئەو جیاوازی و ناکۆکیە کۆنانەی نێوانیان سەری هەڵداوەتەوەو پەرەیان سەند، هەر لایەنێك هەوڵیداوە دەست بەسەر ئەوانی دیکەدا بگرێت، یان دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتدا هەبێت.

هەر بەپێی ئەو ڕەوتە، سەرکردەکانی ئەفریقیا، هەوڵ و کۆششەکانیان وەگەڕخست بەرەو دامەزراندنی حزبی سیاسی تاك، وەکو شێوازێك بۆ بەدیهێنانی جۆرێك لەیەکگرتنی سیاسی، چ لەسەر ئاستی ئاسۆیی (هەرێمی)، یان لەسەر ئاستی ستونی (نێوان سەرکردەکان و جەماوەر)، لەکاتێکشدا کە سیستمی تاك حزبی لەگەڵ پێداویستیەکانی گەل و گەشەپێدانی، بەسیستمێکی گونجاو دانراوە، ئەویش بەو چوارچێوە ڕێکخراوەیی (یەکگرتوو)وەی بەدەستی دێنێ، کەچی وەك فاکتەرێکی دابەشبوون تەماشای فرەیی کراوە کەگریمانەی ناکۆکی و جیاوازی هەڵدەگرێت نەك گونجان و ڕێککەوتن، هەروەها تەماشای لاوازی بونیادی کۆمەڵایەتی کراوە لەدەوڵەتە ئەفریقیەکان،

وەك ئەوەی كۆسپێك بێت لەبەردەم دروستبوونی فرەییەكی حزبیانەی سەركەوتوو، بەڵكو تەنها ئەو فرەییەشی لێ دەكەوێتەوە كەلەسەر بنچینەی دابەشبوونی چینایەتی و تائیفی، یان ئاینی بونیادنراوە هەروەها پێوەندی لەگەڵ كەسەكاندا لەسەر حسێبی ئامانجە نەتەوەییە گشتیەكاندا.

هەروەها فرەیی حزبی لەدیدی سەركردە ئەفریقیەكانەوە، وەك دەروازەیەك بووە بۆ دەست تێوەردانی بیانی، لەرێگەی كارتێكردن و زاڵبوون بەسەر حزبە ركابەرەكان بە مەبەستی بەجێهێنانی ئامانجی هێزە بیانییەكان.

ئەم مەرجە یەكبوون ئامێزانە، كەپاڵ بەدیاردەی تاك حزبیەوە دەنێن لە وڵاتە داواكەوتووەكان (وڵاتانی ئەفریقیا بەتایبەت)، هەر یەك لەتوێژەران — و ینەر — و لاباڵومارا — بەو شێوەیە باسی دەكەن كەگوزارشت لە (ریتمی مێژوویی تێزرەوی وڵاتە دواكەوتووەكان)، یان (كەڵەكە بوونی قەیرانە مێژووییەكانی گەشە پێكردن)، دەكەن. لەو وڵاتانەدا دەبینین، هێزە كۆمەڵایەتیە نوێ و چالاكەكان، هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنانی بەشداریكردنی سیاسی زیاتر، لەپێناو چاككردنی باری ئابوری و دابەشكردنێكی دادپەروەرانەتر بۆ كاڵاو خزمەتگوزارییەكان، لەهەمان كاتدا، بژاردەی سیاسی نوێ، بەرەو رووی قەیرانە شەرعیەكان و تەواوكاری نەتەوایەتی دەبنەوە، بەدڵنیاییەوە كەڵەكەبوونی ئەو فشارانە بەرجەستە لەهێزێكی فشار دەكەن، كەدەرئەنجام دروست بوونی حزبی تاكی لێدەكەوێتەوە، هەروەها ئەو (هێزە سیاسییەی) كەبۆ ئەو بژاردە نوێیانە رەخساوە لەوە كەمترە كە دابەش بكرێت، هەر لەهۆیەكانی ئەو حاڵەتەش: تەكنولۆژیای سەرەتایی، كەمی داهاتە مرۆییە سەرەكیەكان و مانەوەی ناوەندەكانی دەسەڵاتی نەریتگەری و خراپ بوونی رێكخستنی كارگێری.

توێژەران، چەندە مەرجێکی دیکەش زیاد دەکەن کەبەشداری دەکەن لەسەرهەڵدانی سیستمە نارکابەرییەکان لەوڵاتانی دواکەوتوودا:
چەشنی گۆران لەو وڵاتانە، جیاوازی دەبێت لەچەشنەکانی پەرەسەندنی دامەزراوەیی کەپێشتر مەرجەکانی گەشەکردنی حزبایەتیان دەست نیشان کردووە لەرۆژئاوادا. دیارترین ئەو جیاوازیانە لەچەند ناوچەیەکی داگیرکراودا، نەبوونی چوارچێوەیەکی پەرلەمانی رەگ و ریشەداکوتراو، کەدەکرێ بەهۆیەوە چەند حزبێکی - خۆماڵی - سەرهەڵبدەن، هەروەها وردەوردە گەشەبکەن، بۆیە کارێکی سروشتی بوو کە زۆربەی حزبە سیاسییەجیاوازەکان لەو ناوچانەدا، سەرچاوەی دروست بوونیان دەرەکی بوو ئەو روخسارانەشیان گرتبێتەخۆ کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کراوە دەربارەی ئەو حزبانە.
بۆیە هەوڵدان بەرەو دەسەڵات توندو دڕندانەتر بوو، کارتێکردنی ئەو دیسپلینەی کەلەئاکامی بەشداری سیاسی دێرینەوە دروست بووە، لەچوار چێوەی کاری پەرلەمانی رکابەری نابێتە رێگر لەبەردەم ئەو هەوڵانە، سەرەڕای ئەوانەش سیستمی ئەریستوکراتیەت لە ئەوروپا بەردەوام گۆسپ بووە لە بەردەم هێزی گروپە نوێیەکان، بۆیە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئیستعماردا، هێزی بنچینەی رکابەر کە خودی دەسەڵاتی ئیستعماری بووە، ئەو هێزە کشاوەتەوە، ئەم فاکتەرانەو سەرەڕای ئارەزو بەرەو توندرەوی، لای چەند حزبێك کە سەرچاوەی دروست بوونیان دەرەکیە، هاندەرێکی بە هێز بوون بۆ پێکهێنان و بۆ دروست بوونی حزبی تاك، لە چەند وڵاتێکی گەشە سەندوودا.

سیستەمە نا رکابەریەکان، رەگ و ریشەی خۆیان لە ولاتانی دواکەوتوو، لە بارودۆخەکانی قەیرانی بەشداریکردنی سیاسیدا دەبینێتەوە، لە ژێر سێبەری دەسەلاتی ئیستعماری پێش سەربەخۆیی. دەبینی دەسەلاتدارانی ئیستعمار – گەلێك جار – رازی نەبونە بە مافی بەشداریکردنی ئەو بزوتنەوە نەتەوەییە هەلگشاوانە، هەول و تیکۆشانی ئەو بزووتنەوانەش بۆ بە دیهێنانی سەربەخۆیی رووبەرووی رێ و شوێنی سەرکوتکەرانەی توند بوونەتەوە کە وایکردووە بزووتنەوەکان، لە رێکخستن و چالاکیەکاندا پەنا بۆ کاری نهێنی ببەن، دوایش ئەوانە لە سەر سازشی سیاسی و سەرکردایەتی بەرپرسیارانە رانەهاتن، جا ئەو کۆمەلانە، چ وەك بال یان حزبی سیاسی لەدوای سەربەخۆیی سەریان هەلدابا، ئەوا بەزۆری ئارەزووی یەکبوونیان دەکرد لەگەل دەولەت دا، وەك شتێکی نارەوا دەیانروانیە ئۆپۆزسیۆن، دەبوونە هێزێکی چەق بەستوو، ئامادەی سازش نەبوون و تێروانینیان یەکتایی بوو.

لە هەندێ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئیستعمار، بە تایبەتی لە ژێر دەسەلاتی بەریتانیا، سیستەمێك دروست ببوو بۆ دابەش کردنی دەسەلات، ئەو سیستەمە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بەریتانیا، بە (dyarchy) ناسرابوو، بەپێی سیستەمەکە، رێگادرا بەکۆمەلە نەتەوەییەکانی پێش سەربەخۆیی، کەچەند دەسەلاتێکی حوکمرانیان هەبێت، ئەو چەشنە حوکمرانیە، لەهەریەك لەولاتانی (کینیا، ئۆگەندا، نیجیریا، هیندستان، بورما، سیلان) دامەزرابوو، سەرەرای ولاتی (فلیپین) کە داگیرکراوی ئەمریکی بوو، لەم ناوچانەدا، کۆمەلە نەتەوایەتیەکان، یان حزبە سیاسیەکان توانیان دەسەلاتی گشتی لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن، پێش ئەوەی دەسەلاتی تەواو بەسەر بونیادی حکومەتدا بەدەست بهێنن، لە کاتێکیشدا کە ئەم جۆرە پێگەیاندنە پلە بەپلەیە

هیچ زەمانەتێك لەدژ سەرهەڵدانی شێوازەکانی تاك حزبی نەخستەڕوو، بەڵام ئەگەری ئەوەی زیاد کرد کە حزبە سیاسییەکان رووبکەنە ئەوەی زۆرتر پراکماتیز و گونجاو رکابەرتر بن لەناوخۆدا، لەگەڵ تویژۆزسیونیشدا (لەئاستی دەرەکی) هەڵوێستی گۆڕاویان هەبێ، زیاتر لەوەی لە ناوچە داگیرکراوەکاندا روویاندا، کەچەوساندنەوەو سەرکوتکردن تێیایاندا بنەماو رێسا بوون، بەڵام ئەم سوکە جیاوازییانە، سروشتە گشتیەکەی حوکمڕانی ئیستعماری ڕەت ناکاتەوە – بەنموونە – لەئەفریقیا، سیستمی ئیستعماری، گەلی راهێنا لەسەر ملکەچبوونی بۆ کارگێڕییەکی سەپێنراو بەسەریدا، کە لەناوجەرگەی گەلەوە هەڵنەقولابوو، بەڵکو لەدەسەڵاتداری ئیستعمارەوە بوو، بەم نەریتەش درێژەی کێشا تا ماوەکانی دوای گۆڕینی کارمەندانی ڕەش پێستەکان لەجێگای کارمەندە سپی پێستەکان، هەڵگرانی ئەم بیروبۆچوونانەش، پێیان وابوو، کە پیادەکردنی سیستمی ناوەندی توند لەلایەن فەرەنساوە لەژێر سێبەری حوکمڕانیەکی ڕاستەوخۆ، شرۆڤەی ئەو سیستمە تاك حزبیە باوە دەکات، لەو ناوچانەی کەملکەچی دەسەڵاتی فەرەنسا بوون.

ژمارەیەکیش لەو پسپۆڕانەی لێ توێژینەوەیان لەکاروباری ئەفریقیا ئەنجامداوە، باس لەکاریگەرییەکانی هزرو بیری مارکسی بەتایبەت بیرۆکەکانی – لینین – لەبارەی سیستمی حزبی تاك بەسەر بژاردەی نوێی رۆشنبیرانی ئەفریقیا دەکەن، باسیشیان لە هەوڵ و کۆششی ئەو بژاردەیە کردووە – بەدەنەدانی رق ئەستوورییان بەرامبەر ئیستعمار – بەرەو دوور خستنەوەو رەتکردنەوەی ئەو سیستمە سیاسیانەی بەستراون بەئیستعمارەوەو پەنابردن بۆ چەند دژە سیستم و بیرۆکەگەلێکی دژ بەداگیرکاری.

لەکۆتاییدا هەندێ توێژەر، دەرکەوتنی سیستمی تاك حزبی لەولاَتانی دواکەوتوودا بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە نەوەی گەورە لەسیاسەتمەدارانی، هەوڵیانداوە دەسەلاَتی سیاسی بەدەست خۆیانەوە بهێنێ و نەوەی بچووکیش لێی بێبەش بکەن، ئەم دیاردەیە لای نەوەی گەورە، هۆیەکەی بۆ خەسلەتی کۆنەپارێزی، یان ترس لەتوانا چاکەکانی سەرکردە بچووکەکان دەگەڕێتەوە، کەڕەنگە بەتواناتربن ئەگەر ڕێگای رکابەریان بۆ ڕەخسا لەسەر بنەمایەکی یەکسانی، هەر لەم بوارەدا هۆیەکی دیکەش هەیە، ڕەنگە بریتی بێت لەوەی کەژمارەی سەرکرردایەتیە سیاسییەکان زۆرتربن لە وپلەو پایانەی کەهیە، لەم حالەتەدا، سەرکاردایەتیە کۆنەکان باوەڕیان وایە کە بەهاو نرخی بزاڤ و چالاَکیە کۆمەلاَیەتیەکان بۆ نەوانی دیکە، نەوەیە کەجێگایان بگرنەوە، بۆیە لێرەدا حزبی تاك، دەبێتە چاکترین ئامرازی بەردەست بۆ ڕووبەڕوو بنەوەی ئەو هەڕەشەیە.

## پۆلین کردنی سیستمی تاك حزبی:

بلاَوبوونەوەی بازنەی فراوانی – سیستمی تاك حزبی – پالَی بەلێکۆلەرانی دیاردەکەوە نا کەچەندین جۆری پۆلێنکردن دابڕێژن، ئەو پۆلێنکردنانەش زۆرن بەهۆی زۆری ئەو توێژەرانەوە، – روبەرت تەکەر – کەیەکێك بوولەو توێژەرانە، پۆلێنکردنێکی خستە ڕوو بۆ سیستمی تاك حزبی، ناوبراو ئەو سیستمە دەکات بەسێ بەشەوە کە بریتین لە : کۆمۆنیستی، فاشستی، ناسیۆنالستی، کەجۆری سێیەمیان چەند شێوە بەکارهێنانێکی هەیە، حزبی تەنیا، حزبی توندڕەو، حزبی شۆڕشگێر، بۆ بەشداریکردنی جەماوەرو

بەدیهێنانی جۆرێك لەشۆڕشی نەتەوەیی، بەلاّم (میشێل کیرتش) سیستمی تاك حزبی، پۆلینکردۆتە سەر سێ جۆرو بەم شێوەیە:

یەکەمیان/ سیستمی حزبی تاکی زالّ ، بە سیستمی حزبی تاك و نیو – یش ناوی دەبات، ئەم جۆرە سیستمە ڕێگا بەحزبەکانی دیکە دەدات کەبوونیان هەبێت، بەلاّم ئەو حزبانە هیچ دەرفەتێکیان بۆ نارەخسێ، یان دەرفەتێکی زۆرکەمیان بۆ دەرەخسێت، بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەلاّتدا ئەگەرچی بەهاوکاری لایەنی دیکەش بێت.

دوومیان/ سیستمی حزبی تەنیای لەخۆگر (absorptive)، ئەو حزبە کاتێ لە دەسەلاّت دەبێت، هەولّدەدات هەموو پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەخۆبگرێت.

سێیەمیان/ بەحزبی تاکی ئایدیۆلۆژی ئامارەی بۆدەکرێ، نموونەش لەسەر ئەم جۆرە، ولاّتە کۆمۆنیستە هاوچەرخەکانە، نموونەی سەرەکین بۆ ئەم جۆرە تاك حزبییە:

بەلاّم – سەمویل هنتینگتۆن– یش، پۆلینکردنێکی سێینەی تری خستۆتە روو بۆ سیستمی تاك حزبەکان، بەپێی ئەو پۆلینکردنە، سیستمەکانی – تاك حزبی – دابەش دەبنە سەر، سیستمەکانی لابردن – دوورخستنەوە – (exclusionary)، سیستمی شۆڕشگێری، سیستمی فەرمی.

جۆری یەکەم: سیستمی لابردن – دوورخستنەوە – ئەم جۆرە ئەو سیستمانە دەگرێتەوە کە تێیدا سەرکردە سیاسییەکان، هەولّدەدەن حزب بەکار بهێنن بۆ کۆکردنەوەی پشتگیرییەکی زیاتر بۆ خۆیان، (لەهەمان کاتیشدا) بەتەنگەوەن بۆ بێبەشکردنی چەند هێزێکی کۆمەلاّیەتی دیاریکراو لەمافی بەشداربوونیان لە هەر چالاّکییەکی سیاسی ڕەوادا، ئەم جۆرە – تاك حزبیە –

زۆر جار بوونی دەبێت کاتێ کۆمەڵێکی رەگەزی یان ئەتنیکی هەوڵدەدات گروپێکی دیکە بەتەواوی دوور بخاتەوە، لیبریا - لەسەرەتای سەدەی بیستدا - نموونەیەکی بۆ ئەم جۆرە سیستەمە پێشکەش کرد، کاتێك لیبریالیە بەرەگەز ئەمریکیەکان لەهەرەشەی ئەفریقیاییە خۆماڵیەکان بەرامبەر بێ سەروەری سیاسییان ترسیان لێ نیشت، بۆیە کاردانەوەیان ئەوەبوو کە سیستەمێکی - تاك حزبی - سیاسی هەڵگری خەسڵەتی (دوورخراوە) یان دامەزراند، (هنتینگتون) دەربارەی سروشتی ئەم جۆرە سیستەمە پێی وایە، کە ئەگەر دابەشبوون و دووبەرەکی لەناو کۆمەڵگەدا بنبڕ کرا، ئەوا ئەنجامەکەی کۆتایی هاتنی ئەو سیستەمەیە، هەرچی سیستەمی تاك حزبی شۆڕشگێرانەشە، بەپێچەوانەی سیستەمی پێشوتر دەبێت، ئەم سیستەمە دەگۆڕێت هەرکاتێ سەرکەوتن بەدەست هات، واتە بنبڕکردنی ئەو دابەشبوونەی کە لەریشەدا مۆرکێکی ئابوری هەڵدەگرێت، ئەوە، ئامانجی کۆتایی سیستەمەکەیە، ئەگەرچی زاڵبوون بەسەر ئەو جۆرە دابەش بوونانەش لەهیچ کۆمەڵگایەکدا بەتەواوی بنبرناکرێت، بەڵام چەندی سیستەم زیاتر بەرەو یەکسانی هەنگاوینا، ئەوەندە زیاتر بەهێز دەبێت بۆیە دەرەنجامی پێکەوە ژیانی کۆمەڵگاکان باشتر دەبێ، لێرەشدا وڵاتی - مەکسیك - و سیستەمەکۆمۆنیستەکان نموونە گەلێك پێشکەش دەکەن، بۆ ئەو سیستەمە تاك حزبیە شۆڕشگێرانەی کەدیارە سەرکەوتوو بوونە لە هەنگاونان بەرەو ئامانجەکانیان، لەکۆتاییدا - هنتینگتون- باس لەسیستەمی تاك حزبی جێگیر (یان فەرمی) دەکات (Established)، ئەم جۆرە زیاتر لەناوسیستەمە شۆڕشگێرەکان دەردەکەوێت، لەخەسڵەتەکانی ئەم جۆرە سیستەمانە ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی سیاسی کەمتری هەیە بەسەر چالاکیە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمە ڕوو

دەدات لەگەڵ ڕێگاپێدانی زیاتری سەربەخۆیی بۆ هێزە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان، هەروەها سووربوون لەسەر داماڵینی خەسڵەتی سیاسی لەو هێزانە.

بەڵام ئێمە لێرەلە بنچینەدا لەلایەکەوە پشت بەو دابەش بوونانە دەبەستین، کە هەر یەك لە (لاپالومبارا) و (وینەر) دەیخەنە روو، لەلایەکی تریشەوە ئەوەی — سارتۆری — باسی دەکات، (بەتایبەتیش) لەگەڵ دورخستنەوەی لایەنی جیاوازی نێوانیان.

دیارترین لایەنەکانی ئەو جیاوازییەش، ئەوەیە کە هەریەك لە (لاپالومبارا) و (وینەر) پوختەی باسەکانیان لە بارەی حزبی تاکەوەیە لە سەر ئەو سیستەمانە چڕ دەبنەوە، کە بەکردار یان بە فەرمی ئەو سیستمانە ڕێگا بەبوونی هیچ ڕێکخستنێکی حزبی دیکە نادەن لەگەڵیاندا بێت، لە کاتێکدا — سارتوری — لە پۆلێنکردنەکەی، جێگا بۆ چەند جۆرە سیستمێکی حزبی دەکاتەوە کە بەشێوەیەکی رواڵەتی ڕێگا بە بوونی قەوارە حزبیەکانی دیك دەدەن، بەڵام لە رووی کردەییەوە، هیچ هەرەشەیەك دروست ناکەن بۆ پێگەی حزبی تاك.

ئێمە پێشتر لە چوارچێوەی باسەکەی — سارنوری — دا، جۆری یەکەمان بینی، کە ناوی لێنابوو سیستمی — حزبی سەرکەوتوو — بەڵام دانانی ئەم جۆرە سیستمانە لە چوارچێوەی (سیستمە فرییەکان) یان (سیستمە رکابەرییەکان) ئەوا لە سنوری سیستمە نارکابەرەکان، یان سیستمی تاك حزبی دەریان دەکات. بە پێچەوانەی ئەوەش، — سارتۆری — لێرەدا، جۆری دووەم دێنێتەوە بەرباس و ناوی لێدەنێت حزبی سەرگەورە (hegemonic) مەبەستیشی ئەو جۆرە سیستمانەیە کە بەشێوەیەکی فەرمی ڕێگا بە بوونی حزبەکانی دیکە دەدەن، بەڵام بە حزبی پلە دوو دەمێنێنەوە و ڕێگایان

پێنادرێت رکابەری لەگەڵ حزبی گەورە بکەن بە هەر شێوە دژییەك بێت، یان لە سەر بنەمایەکی یەکسانی. ئەم پۆلێنکردنەی – سارتوری – لە بینچینەدا، لە حاڵەتی سیستمی حزبی لە ولاتی (پۆڵەندا) سەرچاوەی گرتووە، لەوێ، سێ حزبی ناکۆمۆنستی پایەکانی دەسەلات و کارگێرییان دابەشکردبوو لە نێوان خۆیاندا، بەلام هەولی بەرەنگاربوونەوە، یان روخاندنی پێگەی گەورەی حزبی کۆمۆنیستان نەدەدا. – سارتۆری – سیستمەکانی حزبی سەرگەورە دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر: یەکەمیان سیستمەکانی حزبی سەرگەورەی ئایدیۆلۆژی، دووەمیان سیستمەکانی حزبی سەرگەورەی پراگماتیکی، نمونەی یەکەم لە ولاتی پۆڵەندایە ، بەلام ولاتی مەکسیك لە چەند قۆناغێکی پەرەسەندنی، نمونەیەك بوو بۆ جۆری دووەم. بەلام زۆرینەی زۆری سیستمەکانی تاك حزبی، واتە ئەوانەی کە نەبەشێوەیەکی پراکتیکی و نە فەرمی رێگا نادەن بە بوونی هەر جۆرە فرەییەك لە ژیانی حزبایەتیدا. – سارتۆری – ئەم جۆرەیان لە (چوارچێوەی سیستمە نارکابەرییەکان) لەسیستمەکانی حزبی سەرگەورە جیاواز دەکاتەوە، بەوەی کەئەمانە بە (سیستمەکانی حزبی تاکرەو) ناو دەبات، لێرەدا هەریەك لە (لاپالومبارا) و (وینەر) و باس لەسیستمەکانی تاك حزبی هەمەلایەن و حزبی تاکی دەسەلاتدارو حزبی تاکی فرەیی دەکەن، لەکاتێکدا – سارتۆری – دابەشیان دەکاتە سەر سیستمەکانی : حزبی تاکی هەمە لایەن و حزبی تاکی دەسەلاتدار و حزبی تاکی پراگماتیکی.

أ) حزبی تاکی هەمەلایەنی (شمولی)

لەخەسلەتەکانی ئەم جۆرە حزبە، هەولدانە بۆ بلاوبوونەوە بەهەموو لایەکداو خۆ خزاندنە ناو هەموو کاروبارێکی سیاسیدا، جا ئەو حزبە ئەگەر هەولیدا

یان هەوڵی نەدا، بۆ بونیادنانی – مرۆڤی نوێ – ئەوا سیستمی هەمەلایەنی هەڵدەستێ بەروخاندنی هەر سیستمێکی لاوەکی، هەروەها هەر جۆرە سەربەخۆ بوونێکی کۆمەڵە لاوەکیەکانیش.

لەم جۆرە سیستمانەدا، خودی دەوڵەت دەبێتە ئامرازێك بەدەستی (حزبی تاکی) خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی یەکگرتوو، کەهەوڵ دەدات بۆ بەکارهێنانی هەمەلایەنەی هێزی سیاسی لەپێناو دوبارە بونیادنانەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەکۆمەڵگەدا، بەرچاوترین ئەو سیستمە کلاسیکیانەش لێرەدا، سیستمەکانی چینی کۆمۆنیستی و یەکێتی سۆڤیەتە (پێشتر)، هەروەها ڤیتنام و کوریای باکور، لەگەڵ ژمارەیەك لەولاتانی رۆژهەلاتی ئەورووپا، سەرەرای ئەوانە، هەریەك لەسیستمەکانی: ئەلمانیای هیتلەری، ئیتالیا لەسەردەمی موسولینی، کەهەمیشە لەگەڵ ئەو سیستمانە ریز بەند دەکرێن، ئەو حزبە زاڵبووانە لەو ولاتانە بەراستی – بە کۆمەڵە حزبێکی – تێکەڵبووی گشتگیر و هەمەلایەن – ناوزەد دەکرێن، کەپەیوەندی بە هەموو کون کەلەبەرو لایەنەکانی بوونی مرۆییەوە هەیە، دەستیان گرتووە بەسەر عەمبارێکی هەرە زەبەلاح لەئامرازەکانی زاڵبوون، هەر لەقەناعەت پێ هێنانەوە بگرە تادەگاتە بەکارهێنانی تۆقاندن و ترس و کوشتن، کاتێکیش ئەم جۆرە حزبانە سەر هەڵدەدەن، ئەوا دەرکەتنی شێوازی حزبایەتی فرەیی رکابەری بەکارێکی دوور دەزانرێت، بەهۆی جۆرە هەڵچوونێکی سیاسییەوە، کەگوزارشت لەجەنگ یان شۆرشێك دەکات، بەلام (بەپێچەوانەوە) ئەزموونی یەکێتی سۆڤیەت و هەندێ ولاتانی رۆژهەلاتی ئەورووپا، ئەو بۆ چوونە دەسەلمێنن کەلەچەند قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنی ئابوری و تەکنۆلۆژی و رۆشنبیریدا، لەگەڵ ئەو فشارە بەردەوامانەی کەسیستمی هەمەلایەنی دەیسەپێنێ تارادەیەکی

بەرزیش لەگرینگیدا، ئۆپۆزسیون ڕێگایەك بۆ دووبارە دەرکەوتن دەبینێتەوە، هەر چەندە ڕێ و شوێنە قوڵەکان توندبن، ئەو ڕاستیە لەنێوان چەندین ڕاستی دیکە، وا دەکات هەندێك لەو بڕوایە دابن کەبوونی شێوەیەك لەشێوەکانی فرەیی، نەك تەنها یەکێك لەڕێکارە گونجاوەکانە لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو مسەلەیەکی کاریگەریشە لەڕووی گۆڕانێکی ئابوری ڕێك و پێك و کاراوە.

لەنێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی ئەفریقیاش بەتایبەتی، بەشێك لەلێکۆڵەوەرانی هەریەك لەسیستەمەکانی غاناو ماڵی، لەچوار چێوەی سیستەمە هەمەلایەنەکانیان تۆمار کردووە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کەسانە درك بەوە دەکەن کەهیچ دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانە نەگەیشتۆتە پلەی زاڵبوونێکی هەمەلایەن، بەو شێوەی کەلەسیستەمە – نموونەییەکان– بەدیکراوە، سەرەڕای ئەوەش و بەدەر لەڕادەی ڕاستی زاڵبوون و جیاوازیی فرەیی لەئایدیۆلۆژیای حزب، ئەوا دوو جیاوازی گرینگی دیکە تێ بینی دەکرێت.

یەکەمیان// حزبە کۆمۆنیستەکان (هەروەها فاشستی و نازییەکانیش)، پابەندبوونێکی ئایدیۆلۆژی دەردەخەن، بەهۆی بەکارهێنانی هێزی هەمەلایەنەی دەزگاکانی دەوڵەت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

دووەمیان// ڕێك بەپێچەوانەی دەوڵەتە ئەفریقەکان، کۆمۆنیستەکان (تارادەیەك) فاشی و نازییەکانیش، بەپێی پرەنسیپە ئایدیۆلۆژییەکانیان هەڵس و کەوتیان کردووە، بەلەبەرچاوگرتنی چەند قۆناغاێکی دیاریکراو لەپرۆسەی گەشەپێدانیان، واتە لەم بوارەدا – توکمەییەکی – ئایدیۆلۆژی لەحزبە شمولیەکاندا هەیە، وا دەکات لەو سیستەمە ئەفریقیانەی کەئاماژەمان پێدان، وەکو شێوە سیستەمێکی خاوشل بن تارادەیەك، سەرەڕای ئەوەش، ئەوا

خولقاندنی سیستمێکی هەمەلایەنی کارا، پێویستی بەئاستێك لە تازەگەرێتی ئابوری و تەکنولۆژی بووە، کە دەولەتە ئەفریقیەکان بەدەستیان نەهێنا.

ب) حزبی تاکی دەسەلاتدار:

جیا لە سیستمە حزبیە هەمە لایەنەکان، سیستمەکانی - تاك حزبی - دەسەلاتداری نەخاوەن هێزن و نەویستی خۆ خزاندنیان هەیە بۆ ناو هەموو کەلێنەکانی کۆمەلگە، بۆیە ئەم چەشنە سیستمە خەسلەتی هەمەلایەنی لەخۆناگرێ، بەلکو خەسلەتی دوور خستنەوە هەلدەگرێ ئەویش بەقەدەغەکردنی چالاکی سیاسی هێزەکانی دەرەوەی حزبەکە، هەروەها کاتێ حزبی دەسەلاتدار پەنا بۆ خۆئامادەکردن و سازان دەبات لەبۆنەکاندا، ئەوا ئەو هەولەی ناگاتە قولایی کۆمەلگە، بەلام پشتی بەکەسایەتی کاریزمی سەرکردە دەبەستێت بەگشتی، ئەو حزبە تەنها بە کاریگەرییە رووکەشیەکانی، وەك خۆپیشاندن و چاوپێکەوتن و راپرسییە جەماوەرییەکانەوە دەوەستێ، لەگەلّ ئەوەشدا، واپێشبینی ناکرێت کەسیستمێکی دەسەلاتداری لەم جۆرە، هەولی هەلگیرساندنی - شۆرشێکی رۆشنبیری - بدات بەو شێوەی کەلەولاتی چین روویداوە، لەروویەکی دیکەوە، یەك لەکارتێکردنە لاوەکیەکانی سیاسەتی - لابردن - یان دوورخستنەوە، بریتیە لەرێگاپێدان بەهەندێ گروپی لاوەکی بۆ ئەوەی گەشەبکەن بەویستی خۆیان، مادامێك دوورکەوتوونەتەوە لەبواری سیاسەتدا، نموونەیەکی کلاسیکیش بۆ ئەو سیستمە تاك حزبیە دەسەلاتدارییە، ولاتی ئەسپانیا و حزبی کەتائیبە لەژێر دەسەلاتی فرانکۆ، بەلام لەجیهانی سێیەمدا سیستمەکانی غاناو غینیاو مالی، لەچەند ماوەیەکی مێژوویاندا بەدەسەلاتدارێتی ناسراون، هەروەها ولاتی - ڤیتنامی باشور - لەسەردەمی حوکمرانی (نگوین دیم)دا لەوێ دەسەلاتدار

هەوڵیداوە، ئایدیۆلۆژیای – کە سیتیخوازی – بخاتە روو، کەلە دەوری کەسی سەرۆك خولا بووەوە، ئەم جۆرە سیستمە ولاتی (کوبا)شی گرتەوە لەژێر دەسەلاتی – فیدل کاسترۆ – لەچەند قۆناغێکدا.

کارێکی راهاتووە، لای ئەو جۆرە سیستمانە، وەسفکردنی کەسانی ئۆپۆزسیون بەوەی ناپاك و خیانەتکارن لەئاست کێشە شۆرشگێرییەکان...یان نەتەوایەتیەکان، یاخود بوونەتە سەرچاوەی هەرەشە بۆسەر ئاسایشی ولات، هەر لای ئەم جۆرە سیستمە حزبیانە، هەوڵەکانی گەشەپێدان و پەیامی گەل و نەتەوەش (ئەگەر لەبنچینەدا هەبن) یەکدەگرن لەحزبی تاکدا...

زۆرجاریش کەسێکی دەسەلاتداری زاڵ سەرکردایەتی حزب دەکات (نیکرۆما، فیدل کاسترۆ، فرانکۆ)، کەوا گریمانەش دەکرێت کەبەر جەستە لەئامانجەکانی گەل دەکات، هەروەك نموونەی ولاتی (ئەسپانیا)نیشانی دەدات، ئەو جۆرە سیستمانە – بەزەرووەرەت – پابەندنابن بەگۆڕانکاری کۆمەلایەتی و ئابوری، بۆیە وەك حالەتێکی خۆرسك، ئایدیۆلۆژیای حزبی زاڵ (دەسەلاتدار) بەراستی بەرگری لەو بارودۆخە دەکات کە هەیەو رێگری لەهەرگۆڕانکارییەك دەکات کەلەگەڵ بەردەوام بوونی سیستمەکە نەگونجێت، سەرەڕای ئەوانەش، بەگشتی بەدەنگەوەهاتنی حزبباوەکان، بەرامبەر ئەو داخوازیانەی کەبەرەو رووبان دەبنەوە، خۆی لەسەرکوتکردنی ئەو داواکاریانە بەرجەستە دەکات، بەمەش حالەتێك لەپشێوی و شلەژان لە ولاتدا دەوروژێنێت، وادەکات کە حزبی حوکمڕان زۆرترین شێوەکانی هەمەلایەنی بەکاربهێنێ بۆ کۆنترۆلکردنی باری ئاسایش و تادەگاتە رادەی پیادەکردنی شێوازە پۆلیسیەکان و پارێزگاریکردن لەدەسەلات لەلایەن بژاردەی دەسەلاتدار، کەلەرێزی پێشەوەی کارەکانیان دەبێت بەرەهایی.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم جۆرە سیستمانە، بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی تازەگەریتی ئابوری و سیاسی دەست نادەن (بەشێوەیەکی ماقولّ)، ئەم جۆرە سیستمانە، تایبەتمەندییەکانی خۆ تێپەڕاندن و زالّبوون بەسەر کاروبارەکان لەدەست دەدەن، کەسیستمە هەمەلایەنەکان پێی دەناسرێن، هەروەها تایبەتمەندییەکانی داهێنان و ئەزمونگەرایی لەدەست دەدەن کەسیستمە حزبیە فرەییەکان رێگەی پێدەدەن، لەبەر رۆشنایی ئەزموونی ئەسپانیاو ولاّتانی ئەمەریکای لاتینیشدا، دەکرێ بووترێت، کەدرێژەدان بەماوەی مانەوەی سیستمی دەسەلاّتداری تاك حزبی بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە زیاتر مانای چەقبەستوویی رێژەیی بگەیێنێ، تاوەك مانای گەشەکردن بێت،لەلایەکی دیکەوە گۆڕینی ئاراستە بەرەو گەشەپێدان، ئەوا پێویست دەکات — بەدلّنیاییەوە — ئەو سیستمانە بەرەو ئاراستەی فرەیی — رکابەری بگۆڕین، یانیش بەرەو ئاراستەی هەمەلایەنی (ئەولی).

ج) حزبی تاکی پراگماتیکی:

لەکاتێکدا — سارتۆری— لەدابەشکردنی سێیەی — سیستمی — تاك حزبی — لەگەلّ هەردوو توێژەر (لابالومبار) و (وینەر) دەربارەی هەردوو جۆری یەکەم و دووەمیان (جۆری هەمەلایەنی و دەسەلاّتداری) کۆکن، بەلاّم دەربارەی جۆری سێیەمیان، جیاوازی بەدی دەکرێت لەنێوانیاندا، لای خۆی (سارتۆری) جۆری سێیەم لەو دابەشکردنە بە حزبی تاکی پراگماتیکی — ناو دەبات، لەکاتێکدا هەردوو توێژەر (لابالومبارا) و (وینەر) بە — تاك حزبی فرەیی— ناوی دەبەن، (سارتۆری) لەوناردنەی پشت بەپێوەری (ئایدیۆلۆژی پراگماتیکی) دەبەستێ، بۆ دابەشکردنی سیستمەکانی تاك حزبی، هەر بەپێی ئەو پێوەرە سیستمە حزبیەکان (هەمەلایەنی و دەسەلاّتداری) دوو سیستمی

هەڵگری مۆرکی ئایدیۆلۆژین، ئەگەر چی پلەی ئەو مۆرکە ئایدیۆلۆژییە جیابووە، بەڵام ئەو سیستمانەی ئەو مۆرکەیان هەڵنەگرتووە، دەبنە سیستمی حزبی پراگماتیکی.

بەپێی ئەم بۆچوونە، سیستمەکانی (حزبی تاکی پراگماتیکی) سیاسەتی لابردن – دوورخستنەوە– پیادە ناکەن، بەڵام (لەجیاتی ئەوە) روو لەپیادەکردنی سیاسەتی (لەخۆگرتن) دەکەن.

هەروەها حزبی تاکی پراگماتیکی، یەك خستن و پاراستنی ئایدیۆلۆژی لەدەست دەدات و لەپەیوەندییەکانی (لەم رووەوە) بەگروپە دەرەکییەکان، ئەو حزبە لایەنگری (گردبوونەوە) دەبێت زیاتر لەوەی – ڕوخێنەرانە – بێت، ئەمەو نزمی ئاستی ئایدیۆلۆژیای ناوخۆیی، والەرێکخستنی حزبی پراگماتیکی دەکات کەلەحالەتی کەم و کورتیدا بێت و بەڵکو تارادەیەکی دیاریکراویش فرەیی تێدا گەشە بکات، بەڵام ئەو خەسڵەتە فرەییە چاوەڕوان کراوە، وایکرد (لاپالومبارا) و (وینەر) بەگرینگترین مەرجی دیاریکراوی دادەنێن بۆ ئەو جۆرە سیستمانەی حزبیتاك، بەپێی تێڕوانینی ئەو دوو توێژەرە، ئەو سیستمەتاك حزبیە، کە ڕێگای بەفرەیی بیروراو ئاراستەکان داوە لەناوخۆیدا، توانایەکی لەرادەبەدەر دەخاتە ڕوو بۆ رووداني گەشەکردنی ئابوری، بەڵکو ڕەنگە گەشەکردنێکی سیاسی کاراشی هەبێت.

ئەو دەوڵەتانەی لەم جۆرەن (دەکرێ، بەشداری بکەن لە تێکشکاندنی ئەو ئەفسانەیەی کەدەڵێت سیستمە هەمەلایەنەکان، کاریگەرترین شێوازن لەرووداني گۆرانکاری ئابوری خێرا).

هەروەها شێوازی تاك حزبی فرەیی، ڕەنگە چەند فاکتەرێکی بەردەوام بخاتە روو بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ راستی بەردەوام بوونی بەها نەریتگەرییەکان

لەگەڵ ئەو کێشانەی کەدەخرێنە ڕوو لەبەردەم بژاردە نەریتگەرییەکان، کەلەناوچەندین نەتەوەی گەشە سەندوردا دێنەدی.

لەم بوارەدا، چەندین بەڵگەی بەهێز هەیە، کەوێڕای ڕێکارە سەرکوتکارییەکان بەڵام بونیادە نەریتگەرییەکان توانایەکی بەرچاویان دەرخستوە بۆمانەوە، هەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارە ڕاهاتووەش، دەکرێ حزبی تاکی فرەیی، ئەو ڕێگاو شێوازانە بخات ڕوو کەبەهۆیەوە ئەو پێکهاتانە - بەشێوەیەکی ئاشتیانە - تەرخان بکرێن لەپێناو گەشەپێدانی ئابوری و بەشداریکردن لەقولکردنەوەی فۆرمێکی جدییانە تر بۆ فرەیی حزبی ئەگەر چی وشکیش بێت، ئەو نموونە سەرەکییەی کە بۆ حزبی تاك دەخرێتە ڕوو، گوزارشت لەحزبی کۆماری مەکسیك دەکات لەچەند سەروبەندێکدا، ژمارەیەکیش لەو دەوڵەتە ئەفریقیانەی کەخاوەنی سیستمی تاك حزبی بوون لەچەند قۆناغێکی دیاریکراودا لەو چوارچێوەیەدا بوون، وەك دەوڵەتەکانی سەنیگال، ساحل ئەلعاج، سیرالیون و کامیرون.

لەڕاستیدا بیرۆکەی فرەیی لەناو حزبی تاکدا لەگەڵ ئەو بوارە دیموکراسیانەی کە دەکرێ لەگەڵیدا پەیڕەوبکرێت، دیاردەیەکی نوێ نییە --- موریس دیفرجیە - باس لەو دیاردەیە دەکات، بەباوەڕی ئەو دروست بوونی شێوازی فرەیی دیمکراسی، لە سیستمی تاك حزبیدا دێتەدی، ئەگەر لە ناو خودی حزبەکە چەند گروپ و لایەنێکی ڕکابەر پەیدابوون، لەسەر بنچینەی کارلەیەککردن و ڕکابەری نێوانیان، (دەکرێ هەمان ئەرك و فەرمانی فرەیی حزبی ئەنجام بدات).

چەند توێژەرێکی دیکە لە لێکۆڵینەوەکانیان باسیان لەو توانایە کردووە کە لە سیستمەکانی تاك حزبیدا هەن لە جیهانی سێیەمدا، بەڵام لەگەڵ

جیاوازیش لەو کێشانەی کە جێگای رکابەرین، رەنگە ئەو رکابەرییەش پەیوەندی بە هێزەکانی دواکەوتنی کۆمەلایەتی و ئابوریەوە هەبێت، یان بوونی کەسانی سەربەخۆی بیانی کە دەرامەتەکانی ولات بە تالان دەبەن بەرامبەر بە پارەیەکی کەم، یاخود بوونی بژاردەیەکی ناوچەیی چەوسێنەر، هەروەها بوونی گەندەلی ناوخۆیی و هەرەشەی دەرەکی کردەیی یان پێشبینی کراو، یانیش بەگەلەکۆمەکی و تێکەلبوونی بەشێك لەو هەموو بابەتە. هەروەها رەنگە رکابەری بە چەند شێوازێکی دیکە لە ناو حزبی تاك دا هەبێت وەك لە ناو دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنی هەمان حزب، ئەو جۆرە رکابەرییە دەبێتە هۆی خولقاندنی رەوشتێکی دیموکراسیانە، بەلام ئەو رەوشتە دیموکراسیە تەنها خودی حزب دەگرێتەوە و لەسەر شێوازی ئەورووپیانەش روونادات لە ناو دامەزراوەکانی وەك پەرلەمان یان (کۆنگرە). لەو چوارچێوەیەدا، زۆرێك لە سەرکردەکانی جیهانی سێیەم بەتەنگی ئەوە هاتوون کە رێگا لەو دووبەرەکیە سیاسییە بگرن و لە ناو خودی حزبدا سنورداری بکەن. بەپێی ئەو تێروانینە رێگە دان بەرکابەری ئاشکرا، دەبێتە هۆی شکستهێنانی هەولەکان بۆ بەدیهێنانی دادوەری کۆمەلایەتی و ئابوری، چونکە ئەو جۆرە رکابەریە پرۆسەکانی یاسا رێژی و جێبەجێکردنی ریفۆرمە کۆمەلایەتی و ئابورییەکان، دەخاتە بەردەم بارێکی زۆر دژوار، بەلکو رەنگە مەحالیش بێت.

بەلام لێرەدا دەبێ ئێمە بۆ ئەو باسە بگەڕێینەوە کە – سارتوری – دەیخاتە روو، ئەو رەخنەی کاریگەر لە بیرۆکەی تاك حزبی دەگرێت، لەگەل ئەو توانا دیموکراسیانەی کە ئەو سیستمە لە خۆی دەگریَ. – سارتوری – پێی وایە جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لەنێوان رکابەری حزبەکان لە سیستمی فرەیی و

نێوان ڕكابەری گروپە جیاجیاكانی ناو حزبی تاك، ئەویش لە ڕوانگەی ئەوەی كە ڕكابەری لە حاڵەتی دواییندا — واتە لە نێوان حزبی تاك — ڕكابەرییەكی ڕاستەوخۆیە، واتە ڕووبەڕوو بوونەوە لە نێوان چەند سەركردەیەكی سیاسی، لەكاتێكدا ڕكابەری لە نێوان سەركردەكانی حزبە جیاوازەكان، ڕكابەرییەكی نا ڕاستەوخۆیەكە هەر لایەنێك تێكەڵی ئەو ڕكابەرییە دەبێ، ئەوا چاویشی لە سەر دەنگدەران دەبێت، سەرئەنجامیش، دەنگدەران ڕۆڵیان دەبێت لەو ڕكابەرییەی كە لە نێوان حزبەكاندا ڕوودەدات، بەدەستەواژەیەكی دیكە دابەش بوون و گروپەكان، لەگەڵ بوونی ژیانی سیاسیدا، بوونیان هەبووە، بەڵام فرەیی دیموكراسی، ماوەیەكی كورتە سەری هەڵداوە و لە ژمارەیەكی كەمی وڵاتاندا، لە دواییشدا لەم بارەدا هیچ بەڵگەیەك نیە بە درێژایی مێژوو كە بوونی گروپ و باڵی جیاواز و ململانێی لایەنەكان ڕێگا خۆشكەری دیموكراسیەت بێت، واتە كێشەكە تەنها بوونی گروپ و ڕكابەری و ململانێیەكان نیە، بەڵكو چۆنیەتی دارشتنی ئەو ململانێ و ڕكابەریەیە بە شێوەیەك كە دیموكراسیەت بێنێتە دی.

## باسی سێیەم:

## چەشنەکانی سیستمە حزبییەکان، تایبەتمەندیی ولاتانی دواکەوتوو.

ئەگەر چی زۆرێك لە توێژەرانی حزبە سیاسییەکان لە پۆلێنکارییەکانیان سەبارەت بە دیاردەی حزبایەتی، گرینگیان نەداوە بە بارودۆخی ولاتانی دواکەوتوو لە جیهانی سێیەمدا، بەلاّم پەرەسەندنی گەورە لە لێکۆلینەوەکانی تازەگەریتی و گەشەپێدان، هەروەها گرینگی پێدانی زیاتر بەتایبەتمەندی رەوشە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکان لە جیهانی سێیەمدا، ئەو دیاردانە رەنگدانەوەیان دەبێت بە سەر تێروانین و پۆلێنکردنی حزب و سیستمە حزبییەکان لەو ولاتاندا، وەك ئەوەی رەنگدانەوەشی هەبووە بە سەر راڤەکردنی سەرهەلدانی دیاردەکە (حزبایەتی) لەو کۆمەلگایەندا، (هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە).

دیارە ئەوەش خۆی بەرجەستە کردووە، لە دۆخی حزب و سیستمە حزبییەکان لە بەشێکی تایبەت بەخۆی لە ولاّتە دواکەوتووەکان ئەویش لەناو پۆلینکارییە کلاسیکییەکان بەشێوەیەکی گشتی، یان لەداهێنانی چەند پۆلێنکردنێك، یاخود چەند چەشنێکی تایبەت بە دیاردەی حزبایەتی لە ولاّتانی دواکەوتوودا.

ئەو هەولانەش لە بنچینەدا، لەو کۆسپ و بەرەنگارییە زۆرانەوە سەریان هەلداوە، کە بەرەو رووی پرۆسەی ئەو چەمك و پۆلێنکردنانە بوونەتەوە، کە لە بارودۆخ و واقعی پەرەسەندنی کۆمەلگاکانی ئەورووپای رۆژئاوا ئەمریکای باکورەوە وەرگیراون و بەسەر ولاّتانی جیهانی سێیەمدا لە کیشوەری ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتینی گشتاندن کراون و بلاّوکراونەتەوە. بۆ نمونە، کاتێ (جیۆڤانی سارتۆری) دابەشکردنە گشتیەکەی بۆ سیستمە حزبیەکان (رکابەری — و — نارکابەری ) دەخاتە روو، تواناکانی

پراکتیك کردنی ئەو دابەشکردنە لەسەر ئاستی جیهانی بە دووردەخاتەوە، بیروراش وایە کە ناکرێت – دەوڵەتە نوێیەکان – بگرێتەوە، وەك ئەو حاڵەتەی کە لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیادا داهەیە. (سارتۆری) لە بارەی ئەو وڵاتانەی ئەفریقیا، زاراوەی (form less states) – واتە دەوڵەتانی ناپێکهاتوو – دادەرێژێت، مەبەستیشی لەوە، ئەو قەوارە سیاسیانەی کە پرۆسەی سیاسی تیایاندا بە ناجیاوازی و پەرەش و بڵاوی ناسراون، هەروەها ئاماژەش دەکات (بەڵام بەپلەیەکی تایبەتمەندتر) بۆ ئەو قەوارە سیاسیانەی کە هێشتا لە بارێکی دەڵەمییدان و لە قۆناغێکی ناجێگیر و سەرەتاییدان. لە لێکۆڵینەوەیەکیشدا دەربارەی سیستمی سیاسی لە مەغریب، یەکێك لە توێژەران بەم شێوەیە بڕیاردەدات و دەڵێت: (ژیانی سیاسی لە مەغریبی هاوچەرخ بە چەند خەسڵەتێکی رەسەن و ئاڵۆز دەناسرێ، کە ناکرێ بگونجێت لەگەڵ هیچ کامێك لەو پۆلێنکاریانەی لە زانستی سیاسەتدا باون لە سەدەی بیستەم، چونکە مەغریب ناکرێ ناوی لێبنرێت – دیموکراسی – لە کاتێکدا هەموو دەسەلاتەکان بە یاسا لەدەستی (شا)دایە، بەڵام پاشایەتیەکی رەهاش نیە، مادامێك لەوێ زیاتر لە حزبێك بوونی هەیە. وا گریمانە کراوە کە سیستمی تاك حزبی – سیستمێکی دیکتاتۆرییە –، واش گریمانە کراوە، کە لە وڵاتانەی حزبەکان رۆڵێکی گرینگ ناگێرن، سیستمێکی پاشایەتی رەها هەیە. توێژەرێکی دیکەش کە لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی حزبی دەستوورییەوە لە تونس ئەنجامداوە، ئەمە دەگوازێتەوە و دەڵێت: هەرچەندە حزبی دەستوری نوێ، حزبێکی خاوەن رێکخستنێکی باشەو جەماوەرێکی فراوانی هەیە، بەڵام نەحزبێکی جەماوەری دەستوورییەو نەش حزبێکی هەمەلایەنییە (شمولی)، پۆلێنکردنی زاناکانی سیاسەت لە رۆژئاوادا، ناتوانن بە شێوەیەکی گونجاو،

ئەو حزبە باوە لە تونس راڤە بکەن، حزبی دەستوری نویێ لە حزبی کۆنگرەی هیندی دەچێت، هەروەها لە حزبی کۆنگرەی گەلی غانا و چەند حزبێك لە ناوچەکانی ئەفریقیای رەش پێست دەچێت کە بەزمانی فەرەنسی دەدوێن، تا وەك ئەوەی لە حزبە سیاسییەکانی ئەوروپا بچێت. زاناکانیش لە ئەوروپا، تا ئێستا هیچ نمونەیەکیان دانەناوە لەسەری کۆك بن بۆ ناساندن و باسکردنی ئەو حزبە نوێنانە و خەسڵەتە تێکهەڵکێشراوەکانیان.

زووتر هەریەك لە توێژەران (ئەلموند) و (کولمان) هەوڵێکیان خستە روو بۆ باسکردنی سیستمە حزبایەتییەکان لە وڵاتانی دواکەوتوودا لە چوارچێوەی پۆلێنکارییە کلاسیکیەکانی حزبە سیاسیەکاندا، ئەو دوو زانایە، دابەشکردنێکیان بۆ سیستمە حزبایەتیەکان هێنایەوە کە جیاوازی لە نێوان پێنج جۆر دەکات، ئەوانیش: هەمەلایەنگیری، دەسەڵاتداری، زاڵی نا دەسەڵاتداری، دوانەیی رکابەری، فرەیی رکابەری، هەردوو نووسەر ئاماژەیان بە جۆری سێیەمدا، واتە: زاڵی نادەسەڵاتداری، (ئەو جۆرەش بە زۆری لەو سیستمە سیاسییانەدا هەیە کە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان هۆکاری رزگاربوونیانن). ئەوش وەك – سارتۆری – بەراستی دەڵێت: (پێوەرێکی نوێیە خزێنراوەتە نێو پۆلێنکردنێك کە لەسەر چەند پێوەرێکی تر بونیادنراوە)، هەروەها ئەو جۆرە سیستمە وەك شێوازێکی جەلاتینی دەردەکەوێت، چەند فۆرمێکی جیاجیا لە قەوارە سیاسییە جیاوازەکان دادەپۆشێت و – لە کۆتایشدا – ئەو نەتەوانە کە بونیادیان تەواو بووە و دامەزراوە سیاسیەکانیان روون و تەواو بوونەتەوە، لەگەڵ ئەو قەوارانەی کە هێشتا لە قۆناغی بونیادنانی نەتەوەیین، یان هێشتا دامەزراوە سیاسیەکانیان روون نیە، ئەوانە لەسەر یەك ئاست دادەنێت. بەڵام ژمارەیەك لە لێکۆڵەرانی تازەگەرێتی و

گەشەپێدان لە وڵاتانی دواکەوتوودا، هەوڵەکانیان رووی لەداهێنانی چەند پۆلێنکارییەکی نوێ کردووە، دەکرێ ناوی حزبەکانی وڵاتانی دواکەوتوو لەژێریاندا تۆمار بکرێت، لەم چواچێوەیەدا - دیڤید ئەبتەر- دابەشکردنێکی خستەڕوو لەسەر بنەمای جیاکردنەوە لەنێوان ئەوەی ناوی لێناوە حزبەکانی نوێنەرایەتی (parties of Representation) و حزبەکانی هاوکاری (parties of solidarity).

حزبەکانی نوێنەرایەتی، مۆرکێکی فرەییان هەیە، رێگابە رکابەری لەگەڵ حزبەکانی دیکە دەدەن، ئەو حزبانە لەپەیوەندییان بەکۆمەڵگەوە - وەکو - رێکخراوە خۆبەخشەکانن لەوڵاتانی ئەورووپا - ئەو حزبانە مۆرکێکی نوێنەرایەتیان هەیەو هەوڵدەدەن بۆ یەکخستنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و پەیداکردنی لایەنگری زۆرتر. هەروەها لەپەیوەندییان بەحکومەتەوە، پابەندی دەستورو رێساکانی هەڵبژاردن و شێوازەکانی سازاندن دەبن.

بەڵام حزبەکانی هاوکاری، خاوەن مۆرکێکی پاوانکارین و هەوڵی کۆتایی پێ هێنان بە حزبەکانی دیکە دەدەن، ئەو حزبانە - لەپەیوەندییەکانیان بەکۆمەڵگەوە - مۆرکێکی رێنمایی کار دەگرنە خۆ، هەوڵدەدەن ئەگەر لەدەرەوەی دەسەڵات بن - نارەزاییەکانیان لەبەرامبەر بەناهەقی و چەوساندنەوە، زۆرو چرو پرتر بکەنەوە، بەمەبەستی روخاندنی سیستمەکە، بەڵام ئەگەر لەناو دەسەڵاتدابن، ئەوا هەوڵدەدەن کۆمەڵگە هانبدەن بەرەو ئەو ئامانجانەی کە حزب دایڕشتووە، ئەو جۆرە حزبانە لەپەیوەندییان بە حکومەتەوە، مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەستور لەدەرەوەیدا دەبێت، هەروەها بەناچاری سیستمە یاساییەکەشی پێ قبوڵ دەبێت، بەڵام کاتێ ئەو حزبانە دەگەنە دەسەڵات، ئەوا رێنمایی و ئاراستەی حکومەت و دەستور دەکەن،

بەپێی ئامانجەکانی خۆیان، بەڵکو دەوڵەتیش ملکەچی خۆیان دەکەن، توێژەر – ئەپتەر – هۆی گرینگی – حزبەکانی هاوکاری – لەناوچەدواکەوتووەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ پێویستی ئەم ناوچانە بە بەدیهێنانی ئەرکی هاوبەندیی (linkage) لەنێوان ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە جیاجیانەی کەلەسەر بنچینەیەکی جیاوازی خێڵەکی و زمانی و ئاینی زۆر دەبن. ئەمەو بەبێ – حزبێکی هاوکاری – بەهێز کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕکابەرو لایەنگرانی دەسەپێنێ ئەوا ئەو دابەش بوون و ناکۆکیانەی تووشی کۆمەڵگە هاتوون، پەل دەکێشن بەرەو ئەو ژێر خانە حزبیەش، کە ئەمیشیان (بەو توانا تەکنولۆژی و ڕێکخراوەییانەی بەدەستیەوەن) بەشداری دەکەن لەقوڵکردنەوەی ئەو دابەش بوون و ناکۆکییانە، هەروەها (ئەپتەر) ئاماژە بۆ توانای پەرەسەندنی حزبی هاوکاری لەبزووتنەوەیەکی سیاسی پێش وەختە دەکات، کەگروپ و ڕێکخراوە جیاوازەکان لەچوارچێوەیدا لەگەڵ یەك بەستڕا بوون بەئایدیایەکی باڵای توکمەوە نموونەی سەربەخۆیی و بەرجەستەش بووە لەسەرکردیەکی پاڵەوانی دیار، دیارە ئەو سەردەمەش (پێش هەموو شتێ) سەردەمی پاڵەوانەکان بوو، ئەوانەی لەجیهانی سێیەمدا، هاتنە گۆڕەپانی سیاسەت، وەك: نەهرۆ، سوکارنۆ، سیکۆتۆری...هتد، بەڵام ئەوەی ئەم بزوتنەوانە بەیەکتر دەبەستێتەوە دوای نەمانی ڕابەر، بریتی دەبێت لە بوونی دامەزراوەیەك بۆ سەرکردایەتی، هەروەها پەیڕەوکردنی ئایدیۆلۆژیایەك لەدەسەڵاتدا لەگەڵ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانی پێکهاتەی بزووتنەوەکە، بەپێی پلان و نەخشەیەکی بەهێزی توکمە.

هەر لەچوار چێوەی هەوڵەکان بۆ داهێنانی پۆلێنکاری تایبەت بەحزبەکانیش لە وڵاتانی دواکەوتوودا، لێکۆڵەرانی سیستمە سیاسییەکان، بەتایبەتی لە

کیشوەری ئەفریقیا، هەوڵیانداوە چەند پۆلێنکردنێك دابنێن، تایبەت بەشێوازی تاك حزبی لەکیشوەری ئەفریقیا، ئەویش بەپێی چەند پێوەرێکی جیاواز.

هەر بەپێی پێوەرێکی زەمەنی، کەجیارازی دەکات لەنێوان دوو قۆناغی پێش سەر بەخۆیی و دوای سەربەخۆیی، هەندێ توێژەر، جیاوازی لەنێوان ئەو سیستمە تاك حزبیانە دەکەن کەپێش سەربەخۆیی دامەزراون، لەشێوەی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیستعمار، دواتر پەرەیان سەند پاش سەربەخۆیی بەرەو حزبی تاك، لەگەڵ ئەو سیستمانەی کەهیچ ڕەگ و ریشەی ڕێکخراوەییان نەبووە پێش سەربەخۆیی، بەڵکو لەڕاستیدا لەسەردەمی دەوڵەتە سەربەخۆکان دامەزراون.

لەنموونەی جۆری یەکەم: حزبی دیموکراسی غینی و کۆنگرەی حزبی گەل لەغانا، بە سەرکردایەتی (نیکرۆما)، حزبی یەکێتی سودانی، هەروەها حزبی (یەکێتی تەنجانیقای نیشتمانی) لەتەنزانیا.

لەنموونەی جۆری دووەمیشدا: (بزووتنەوەی نیشتمانی بۆ شۆڕشی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی) لەچاد، (بزووتنەوەی میللی بۆ شۆڕش) لەزائیر، (حزبی سۆسیالستی شۆڕشگێر) لە سۆماڵ بێگومان ئەوجیاکردنەوەیەش ئەگەر چی پشت بەستوو بوو بەکاتی دامەزراندنەوە، بەڵام — لەڕاستیدا — رەنگدانەوە دەبێت بۆ خەسڵەتەکانی ئەو حزبانەو ڕادەی بەهێزی و چالاکیان، هەروەك دواتر باسیان دەکەین.

هەر بەپێی رادەی فراوانی بنکەی حزبیش، ئەوا جیاکردنەوە لەنێوان (حزبی تاکی جەماوەری) و (حزبی تاکی ئولیگارشی) دەرکەوت، کەیەکەمیان لەسەر بنچینەی کۆکردنەوەو سازدانی جەماوەری میللی دادەمەزرێت لەدەوڵەتدا



هەواڵنامەی کتێب

بەبێ جیاوازی لەنێوان چین و توێژەکان، لەکاتێکدا جۆری دووەم توێژێکی دیاریکراوی دەوڵەت دەگرێتە خۆی لەسەر بنچینەیەکی رەگەزایەتی بەپلەی یەکەم، ئەم جۆرەی دوایی پێشتر ئاماژەمان پێدا لەباسکردنی (سیستمە حزبیە دوور خراوەییەکاندا) لەمیانەی دابەشکردنە سیانیەکەی (هنتینگتون)دا هاتوە دەربارەی تاك حزبی، کە لەبنچینەدا باس لەحزبی (هویگی راستەقینە) دەکات کەلەساڵی (١٨٦٩) لەوڵاتی لیبریا دەرکەوت و ژیانی سیاسی لەو وڵاتەدا پاوانکرد وەك کۆنترین – حزبی تاك – لەجیهاندا، بەڵام حزبی جەماوەری واگریمانە دەکرێ، کە لەزۆربەی دەوڵەتە ئەفریقیەکاندا دامەزراوە.

لەئەدەبیاتی فەرەنسیدا (بەتایبەتی) باس لەجیاوازی نێوان – تاك حزبی – (parti unique)و حزبی یەکگرتوو (parti uniti) دەکرێت، لێرەدا تاك حزبی لەئەنجامی چوونە پاڵیەکی حزبەکانی دیکە پێکدێت بەحزبی زاڵیشەوەو وازهێنانیان لەقەوارەی سەربەخۆییان، بەڵام حزبی یەکگرتوو، لەگردبوونەوەی ئەو حزبانەی کەهەیە دروست دەبێت، بێ ئەوەی قەوارەکانیان لەدەست بدەن، لەشێوەگردبوونەوەیەکی هاوپەیمانیەتی و لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش رێکدەکەون، ئامانجیشیان دابەشکردنی بەرپرسیارییەتیە لەحکومەت و لەحزبدا، ئەوانەی بەرگرییان لەحزبی یەکگرتوو دەکرد، دیدیان بۆ ئەو حزبە ئەوەیە کەلەکەم و کورتیەکانی تاك حزبی نادیموکراسی دووردەکەوێتەوە، (لەلایەکی دیکەوەش) بەدەنگەوە هاتنە بۆ ئەو سروشتە فرەییەی کەلەکۆمەڵگاکانی ئەفریقیادا هەیە، بەرچاوترین نموونەی حزبی یەکگرتوو، وڵاتی سەنیگال پێشکەشی کردووە، بەسەرکردایەتی (سنگور)، ئەگەر چی بەهۆی چەند کێشەو کەم و کورتییەك لەئەزموونەکەیدا، گەڕایەوە

بۆ سەر سیستەمی تاك حزبی بەپێی دەستوری ساڵی (١٩٦٢) دواتر لەناوەڕاستی حەفتاکاندا (سەدەی بیستەم) گەڕایەوە بۆ بیرۆکەی فرەحزبی.

بەڵام زەقترین دابەشکردنەکانی سیستەمی تاك حزبی لەئەفریقیا لەڕاستیدا بۆ هەریەك لە (کولمان) و (روزبرگ) دەگەڕێتەوە، ئەوان دابەشکردنێکی دووانەییان بۆ ئەو سیستەمانە خستەڕوو، کەلەسەر بنچینەی جیاکردنەوە لەنێوان دوو ئاراستەی گشتی بونیاد نراوە لەدەوڵەتەکانی سیستەمی تاك حزبیدا، یان سیستەمی تاك حزبی زاڵبوو لە ئەفریقیا، ئەو دوو ئاراستەیەش بریتین لە:

شێوازی براگماتیکی - فرەیی، لەگەڵ ئاراستەی شۆڕشگێری ناوەندی، شێوازی یەکەم: رەوتێکی ئایدیۆلۆژی لاوازی هەیە، مەیلی خۆگونجاندن و بەدیهێنانی جۆرێك لەفرەیی - ملکەچی دەکات، تێیدا ئارادەیەکی کەم و کاتی بەشداریکردنی سیاسی بۆ هاوڵاتیان دێتەدی، بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، رێکخستنەکانی بەوە دەناسرێ کەفرەییەو هاوبەندی لەگەڵ رێکخراوو گروپە دەرەکیەکاندا لاوازە، هەروەها بەشێوەیەکی سنوردار بەشداری لەحکومەت دەکات، بەڵام ئەو حزبانەی ئاراستەیەکی (شۆڕشگێری ناوەندێتی)یان هەیە، ئەوانە خاوەن خواستێکی ئایدیۆلۆژی بەهێزن، مەیلی گۆڕانکاری شۆڕشگێری و روخاندنی بارودۆخی کۆن و نەریتگەرییانە دەکەن، لەو حزبانە ئاستێکی بەرزو بەردەوام لەبەشداریکردنی سیاسی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەنێوان تاك و حزب - دەوڵەت دێتەدی، رێکخستنەکانیان تایبەتمەندی بەرز لەناوەندێتی و دیسپلین و پاوانکردن و سزاو لێپرسینەوەی توند لەخۆ دەگرن، هەروەها روو لەقۆرخکردن و تێکەڵکردنی رێکخراوو گروپە دەرەکیەکان دەکەن، سەرەڕای لەخۆگرتنی

تەواو بەرامبەر بەدەسەلاَت، نموونەی جۆری پراگماتیکی فرەیی، چەند حزبێك لەولاَتانی سەنیگال و ساحل ئەلعاج و سیرالیون و کامیرون، دەگرێتەوە، لەچەند ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی ئەو ولاَتانە، بەلاَم نموونەی جۆری دووەم، سیستمە حزبییەکانی چەند ولاَتێکی وەك غینیا، مالی، غانا، دەگرێتەوە.

بەلاَم (جیوفانی سارتۆری) هەولیداوە، پۆلێنکردنێکی گشتی سەبارەت بەحزب و سیستمە حزبیەکان لەجیهاندا دابرێژێت، لەهەمان کاتدا — جەختی لەسەر تایبەتمەندییەتی ئەو دارشتنە کردۆتەوە کەناوی لیناوە (قەوارە سیاسییە خاوبووەکان)، ناوبراو روونیشی کردۆتەوە کەهەرپۆلێنکارییەك بۆ حزبەکان لەناو ئەو قەوارانە، پێویستە:

یەکەم: دەبێت ئەو پۆلێنکردنە بخرێتە پاڵ حزبەکەوە (یان پاشکۆیی بێت) .

دووەم: کاتی بێت.

سێیەم: کراوە بێت، نەك داخراو یان سنوودار.

ئەو خەسلەتەی کەدەخرێتە سەر پۆلێنکردنەکەش، پەیوەست دەبێت بەپێگەکەی لەناو دابەشکردنە گشتیەکەی حزبەکان، واتە لەجیاتی ئەوەی بخزێنرێتە ناو دابەشکردنە گشتیەکە، ئەوا دەبێت لەگەڵ درێژە پێدانی بێت، خەسلەت، یان سیفەتە کاتیەکەش، لەوبیرۆکەیەوە سەرهەڵدەدات کەراستیەکان کورت خایەنن، سەرەتاکانیش چەند خەسلەتێکیان هەیە کەلەگەڵ بەردەوام بوونی و دوور و درێژی و روتینی ڕێك و پێك ئەوا ناکۆك دەبن. هەنگاوە سەرەتاییەکان لەبونیادنانی نەتەوە، پەیوەندییان بەبارێکی نائاسایی و ئەرك بەجێگەیاندنی هەلاَوێردی هەیە کەناکرێت درێژ خایان بێت.

بەم پێیەش هێزی پاڵنەری جەماوەری، یان ئەو خۆسازدانەی کە حزبە ئەفریقیەکان پێی ناسراون – وەك نموونە – لەسەرەتادا (بەهەڵە) وەك مۆرکێکی جەماوەری، یان خۆسازدانێکی بەردەوامی حزبەکان دانراوە، (سارتۆری) پێی وایە، کەمۆرکەکاتیەکەی پۆلینکردن، دەکرێ لەرێگەی بەکارهێنانی چەند پاشکۆیەکی زمانەوانیەوە بێتەدی، وەك (وێنەی فلانەشت) بەپێی حاڵەتەکە، بۆیەدەکرێ باس لە (نیمچە سیستمە جەماوەریەکان) بکرێت، هەروەها (نیمچە حزبەکان) و بەم شێوەیە.

کەواتە بیرۆکەی گشتی لەپشت نەخشەکەی سارتوری، لەبارەی دابەشکردنی حزبەکان لەولاتە دواکەوتووەکاندا، لەدەوری جیاکردنەوەی نێوان حاڵەتی گۆران و جێگیریدا دەسورێتەوە، هەروا جیاکردنەوەی نێوان ئەوەی شێوەی نیە – بەجۆرێکی رێژەیی – و ئەوەی یەکلابۆتەوە، ئەنجامی ئەو جیاکردنەوەیەش ئەوەیە کەقەوارەی سیاسی خاو، یان دەڵەمەکان، پێویستیان بەچوارچێوەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەلام ئەو حاڵەتە بوونی دوو چوارچێوەی چەق بەستوو بەدوای خۆیدا ناهێنێ کەقابیلی گۆرانکاری نەبن، بۆیە – سارتۆری – دو چوارچێوە دەخاتە روو، کەدەکرێ کراوەبن بەرامبەر بەیەکرت (تەماشای هێلکارییەکە بکە).

## باسي چوارەم:

## تایبەتمەندییەکانی حزب و سیستمە حزبیەکان:

دیاردەی حزبایەتی لەجیهاندا، کە خرایە بەر لیکۆڵینەوەی وردی ئەکادیمیانە ئەوا تارادەیەك رووبەرووی، رەخنەگەلێکی گرینگ بۆتەوە، تەنها چەند حاڵەتێکی سنووردارو ناسراویان نەبێت.

ئەو رەخنانەش فرەییەکی ئەو تۆیان بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەك کە ئستەم دەبێت بەلای توێژەر شارەزایان بێت، یان لەبازنەیەکدا کۆیان بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ بڵێین کەزۆربەی ئەو رەخنانە باسیان لەسێ تەوەر کردوە، ئەوانەش:

١. ئەو حزبانە (شێواون) بەجۆرێك لەجۆرەکان و بەپلەی جیاجیا لەگەڵ مانا راستەقینەکەی حزبی سیاسیدا جیاوازییان هەیە.

٢. ئەو حزبانەکاتین، تەمەنیان کورتە.

٣. ئەو حزبانە لاوازو بێ توانان لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە، لەرووی رێکخستنەوەش لاوازو کەم توانان.

● لەرووی یەکەمەوە، زۆر لەتوێژەران لەو باوەڕەدان کەزۆرێك لەوپارتانەی پێیان دەوترێت حزبی سیاسی لەجیهانی سێیەمدا، بەتایبەتی لەئەفریقیا، بەمانا زانستی و دورستەکەی ئەم زاراوەیە حزب نین، چونکە بەپێکهاتنی کۆمەڵەیەکی بچووك لەو تاکە کسانەی لە دەسەڵاتدان، هەروەها بەرێکخستنیان و ناو نووسینیان تەنها لەسەر کاغەز وەکو ئەندام لەناو ئەو پێکهاتەیە، ئەوە نایکات بەحزبێکی سیاسی، هەر چۆنێك بێت

گرینگیەکەی یان پاشکۆیەتی لەچاو گەشەکردنی سیاسی، بەڵکو ئەوە شتێکی ترە.

ئەگەر بیرو بۆ چوونمان لەگەڵ هەریەك لە – ماکس ڤیبەر – و – دیفرجیە – و کەسانی دیکەش یەکبگرێتەوە، ئەو باڵ و کۆربەندو گروپ و پیاو ماقوڵانە کەلە ئەورووپای رۆژئاوا بڵاوەیان کردووە لەهەر دوو سەدەی هەژدەو نۆزدەدا، جیا بکرێنەوە لەو رێکخستنانەی ناویان لێنرا حزب، ئەوانی کە دواتر لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەریان هەڵدا، ئەوە – بەهەمان شێوە – دەبێتە کارێکی ئەقلانی کەوا تێنەگەین، کە هەرگروپێکی بچووك لەئەندامانی بژاردەی دەسەڵاتدارو دەوڵەتێکی دواکەوتوودا، دەکرێ بەزەرووڕەت حزبێکی سیاسی پێك بهێنێ، ئەگەر ئەو جیاوازییە لەهزرو بیرماندا چەسپا، ئەوە دەکرێ لەوە حاڵی بین کە بۆ و چۆن لەبەرەبەیانی سەربەخۆییدا و لەچەند وڵاتێك، چەندین رێکخستنی سەریان هەڵداو ناوی خۆیان نا حزبی سیاسی، پاشانیش بەخێرایی بزربوون.

## هێلکاری – سارتۆری – لەمەڕ دابەشکردنی حزبەکان

## لەوڵاتانی پێشکەوتوو، لەجیهانی سێیەمدا




هەواڵنامەی کتێب

لەواقیدا، ئەگەر حزبێکی سیاسی – راستەقینە – بەفەرمی دووچاری سەرکوتکردن و چەوساندنەوە، یان هەڵوەشاندنەوە هات، ئەوا بەردەوام هەوڵدەدات فشاری زۆر بکات لەپێناو گەڕانەوەی سەرلەنوێ، هەرکاتێکیش ئەو مەرجە مێژووییانە فەراهەم بوون، کەبوونەتە فاکتەری سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکان، بەتایبەتیش ئەگەر بەکردار چەند حزبێکی سیاسی دەرکەوتن، ئەوا ئەو حزبە سیاسییانە ئارەزووی مانەوەو بەردەوام بوون دەکەن، بەلەبەرچاو نەگرتنی ئەو ماوەیەی تێیدا ژیاون، یان چڕی و توندی ئەو چەوساندنەوەو سەرکوتکارییانەی تووشی هاتوون.

بەهەمان شێوە – سارتۆری – بەتوندی رەخنە دەگرێت لە وەسف کردنی زۆرێك لە حزبەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان، بەتایبەتی سیستمەکانی تاك حزبی لەئەفریقیا بەوەی گوایە هەڵگری خەسڵەتەکانی ئایدیۆلۆژی و جەماوەری و هەمەلایەنگری و دەربڕینخوازین ...هتد، لەبڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە سیفەتانە و سیماو سیفەتگەلی دیکەش، دیارە خۆخزانێکی رواڵەتی و چەواشەکاریانە هەیە بۆ ناوو شێوەو روخساری حزبە ئەورووپیەکاندا.

پاشان ئایدیۆلۆژیا رەگ و ریشەی لەناو هەموو خاکێکدا داناکوتێ، لەکاتێکشدا لەم ڕووەوە چەند بەڵگەیەکی زۆر کەم هەن لەوەی کەهۆکارە ئایدیۆلۆژییەکان هەڵگری سەنگێکی کردەیین و قابیلی پێوانە بن، لەهەڵ ومەرجە ئەفریقیەکەدا، ئەوەی دیاریشەو زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوەی پێی دەوترێت – ئایدیۆلۆژیا – لە چەند دروشمێکی سیاسی بەو لاوەهیچی تر نیە، بەهەمان شێوەش، کاتێ باس لەفەوارە سیاسیە بنچینەییەکان دەکرێت، کەقەوارەی (هەمەلایەنگرن) و کار بۆ ئامادەکاری و خۆسازدان و جۆرەها شێوازی دیکەی لەم جۆرە...ئەو کارەبەمانای لەدەستدانی – هەستکردن

بەرێژەیی – دەگەیەنێ...هەروەها بوونی هەڵەیەکیش لەوەی کەیەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتێکی ئەفریقی لەچوارچێوەی پۆلینکردنێکی هەمەلایەنی (شمولی) کۆبکرێتەوە، بێگومان خواست و ئامانجەکانی (حزبە تاك رەوەکان) لەکیشوەری ئەفریقیا هەمەلایەن و قوڵن، بەڵام ئامرازو هۆکارەکانی بەو جۆرە نین.

●لەئەزموونی ئەورووپیدا، سیستەمی تاك حزبی لەقۆناغێکی درەنگ پەیدابووە، کەلە میانەیدا ئەو دەوڵەتانەی سیستەمی تاك حزبیان تێیدا دروست بوو، لەئاستێکی بەرزی جیاکاری و پسپۆری و رێکخراوەیش بوون، بەڵام لەدەوڵەتە ئەفریقیەکاندا، سیستەمی تاك حزبی لەماوەیەکی کورتدا دەرکەوت، لەبارودۆخێکدا کە پەیوەندییەکانی نێوان (حزبەکان – و – سیاسەتەکان) تێکەڵ و هاوبەش بوون، هەمان کاریش پیادە دەبێت لەسەر خەسڵەتەکانی هەمەلایەنگری و کۆتایی حزبەکاندا، ئەو پرسیارەش کەلێرەدا خۆی دەورووژێنێ، ئەوەیە کە قەوارەی سەرەتایی – چۆن پێی دەکرێ کارامەیی و شارەزایی باشی بەڵاوە بێت و ئەو شێوازانە پیادە بکات کە دیاردەکانی خۆ خزاندنی هەمەلایەنی و سەرەڕای تێکەڵبوونی هەمەلایەنی پێی دەناسرێن.

●لەڕووی دەووەمەوە و لەزەمینەیەکی هاوشێوەدا، دەکرێ بووترێ حزبە – سەرێ – یەکان، ناکرێ بەرەو ئاستی ئەو سیستمانە هەڵکشێن کەبە (ئامادەبوون و خۆسازدان) ناسراون، مەبەستیش لەو چەمکە، واتەچەمکی ئامادە بوون و خۆسازدان، ئەوەیە کە سیستم بچێتە نێو پرۆسەی دووبارە دارِشتنەوەی تەواوی کۆمەڵگە، هەر لەسەرهەمان ئاراستە، سیستەمی خۆسازدان دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لەدەسەڵاتی

هەمەلایەنگەری، ئەگەر بەڕاستی مەبەستمان سیستەمی خۆسازدان و ئامادە کردنی کۆمەڵ نەبێت، بەڵکو تەنها لایەنی (ئامادە بوون)ە کەبێت، واتە توانا لەسەر – خۆسازدان – ئەوە لەم حاڵەتەدا نابێ چەند واژەیەك بڵاوبکرێتەوە کەماناى مەبەستدار بپەزێنن.

•لەرووی سێیەمیشەوە زەحمەتە حزبەکانی – دەوڵەتە نوێیەکان – بەحزبی جەماوەری وەصف بکەین، تەنها بەمانایەکی سەرەتاییانەو نابنچینەیی نەبێت، ئەویش بەوەی حزبی جەماوەری، ئەو حزبە کراوەیەیە بۆ هەمووان، یان جەماوەری گەل بەدوای دەکەوێت، واتە حزبێکی گەورەیە، بەڵام ئەو چەمکە بەمانا تیۆرییە رەسەنەکەی، پەیوەست دەبێت بەجێگۆڕکێ کردن لەتێگەیشتنی کەسێتیەوە بەرەو تێگەیشتنی رووت بۆ چەمکی حزب، ئەوەش بەلای خۆیەوە ئەوە دەگەێنێ، کەحزبی جەماوەری دەبێ – بە ئاشکراو لەسنورێکی فراواندا – توانای لەسەر خۆداماڵین (ئەبستراکت کردن) هەبێت، بەڵام دۆخەکە وانیە لای ئەوانەی ناویان لێنراوە، حزبە جەمارەیەکان – لەکیشوەری ئەفریقیاو لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا.

لەڕووی یەکەمەوە هەروەك – ئەپتەر –یش دەڵێ، ئەگەر وڵاتانی دواکەوتوو بەو ئاراستەیە بڕۆن، کە گەورەترین ژمارەی حزبیان هەبێت، یان بوونی یەك حزبی زاڵبوو ڕێگا لەئۆپۆزسیون بگرێت، یاخود بەشێوەیەکی رواڵەتی ڕێیان پێبدات، ئەو حاڵەتە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گومان دەربارەی شێوازەکانی فرەحزبی (لەبنچینەدا) لەجیهانی سێیەمدا، لەبەر ئەوەی، هیچ لایەنێك نیە ئەوەندەی توانا هەبێت کەبتوانێت ئەوانی تر لەناو ببات، یان ئەو دیاردەیە بەرهەمی هەڵوێستێکە کەلەمیانەیدا هێزە سیاسییەکان تێدا پەرت و بڵاو دەبن،

ئەوهەڵوێستەش لەڕاستدا لەریشەوە جیاواز دەبێت لە بیانووەکانی فرەیی ڕکابەری لەجیهانی رۆژئاوا، سەرەڕای پەیوەست بوونی ئەو فرەییەیە بەباوەڕێکی چەسپاو لەسوودو گرینگی بونیادە فرەییەکان.

کۆمەڵێك لەلێکۆڵەرو توێژەران، ئەو بیرۆکانەیان وادارِشتووە کە دەڵێن: حزبەکان لەولاَتانی دواکەوتوو زۆرجار گوزارشت لەقۆناغێکی – منداڵی – حزبی، یاخود قۆناغە بەرایی و سەرەتاییەکانی حزبەکان دەکەن، لەمەشدا هەوڵی گواستنەوەی فۆرمە پەرەسەندووەکان لە ولاّتانی پێشکەوتووەوە بەکەڵك نایەت، چونکە ئەو مەسەلەیە کەرەنگە لەدەستکەوتە تەکنۆلۆژییەکاندا پیادە بێت تاوەك ئەوەی لەسەر هەقیقەت و راستیە سیاسییەکاندا پیادە بێت.

لەڕووی دووەمەوە دیاردەی حزبایەتی لەمزۆرێك لەولاّتانی دواکەوتوودا – بەتایبەتی – لەکیشوەری ئەفریقیا، مۆرکێکی فرمانی – و کاتی – ی هەڵگرتووە، سیستمەکانی تاك حزبی – بۆغونە – لەمیانەی پەرەسەندنی سیاسی لەولاّتانی ئەورووپای رۆژئاوا دامەزراون، لەناو گێژاوەی چەند کۆمەڵگەیەکی وریاو بەئاگا لەڕووی سیاسیەوە و پێشکەوتووش لەڕووی ئابوری هەروەها لە ئاستێکی بەرزی خوێندەواری و رۆشنبیرییەوە، بەلاّم لە رەوتە ئەفریقیەکەدا، کەچەندین کۆمەڵگەی (بچووك – بچووك) رەنگاورەنگ لەچەشنی مۆزاییکی لەخۆ گرتووەو بەهەواداری و ئینجا گەلێکی سەرەتاییەوە هاوبەندن و لەرەوشێکی ئابوری و کولەمەرگی و نەخوێندەوارییەکی نیمچە رەها ژیان بەسەردەبەن، کۆسپ و ئاستەنگێکی زۆر وایانکرد بونیادی حزبی بوونی نەبێت، یان نەبوونی پیادەکردنی ئەرك و فرمانی ( ئامادە سازی)و سازدانی جەماوەری، لەوبارودۆخەدا حزبە

سیاسیەکان وەك زەرورەتێك سەریان هەڵدا بەئامانجی دەست گرتن بەسەر دەسەڵات و خۆئامادە کردن بۆ ئەو پێداویستیانەی کەقۆناغی بونیادنانی سەرەتایی هێزی سیاسی دەیخوازێت، بەم پێیەش ئەولەوییەت و گرنگی حزبەکان، لەبۆشایی گواستنەوە لەدەسەڵاتی ئیستعمارییەوە بەرەو دەسەڵاتی نیشتمانی هەڵقولاوە، جائەگەر حزبەکان ئەم رۆڵەیان گێرا، چەندیش چینێکی تازە وەك چینێکی دەسەڵاتدار، خۆی چەسپاند ئەوا پێویستی بۆ بونیادو مومارەسەی حزبی بچووك دەبێتەوە تاناوەڕاستی حەفتاکانیش (سەدەی بیستەم) قۆناغی بونیادی رێکخراوەیی بۆ بناغەی حزبی لەئەفریقیا، یا کۆتایی پێهاتبوو، وەك لە : (کینیا، ساحل ئەلعاج) یانیش سەرکوتکرابوو بەهۆی کودەتای سەربازییەوە وەك لە (نیجیریا، ئۆگەندا، مالی، نیجیر)، هەروەها لەکۆمەڵە ولاتێکی دیکەدا، لەکیشوەری ئەفریقیا ئەو سەرکردانەی بەهۆی کودەتا سەربازییەکان گەیشتنە دەسەڵات، جارێکی تر رێگایان بەدامەزرانی حزبەکان داوە، بەلام بەمەرجێ جیاواز بن لەوانی پێشووتر کەهەڵوەشاونەتەوە، وەك لەولاتانی ( کۆنگۆ برازاڤیل، زائیر، بوروندی، ئەفریقیای ناوەڕاست، سیرالیون، تۆگۆ) کەتییدا رێگا بەبوونی یەك حزب درا.

بەلام ئەو حزبانە هیچ پێگەیەکی ناوەندی گرینگیان بۆ نەما، بەڵکو بوون بەئامرازگەلێك بەدەست دەسەڵاتێکی سەربازی ناڕاستەوخۆ، هەردوو ولاتی غینیاو تەنزانیاش بەدوو نموونەی بەردەوام دانراون بۆدیاردەی تاك حزبی و هێزی تاك حزبی، بەلام بەهۆی لادانی خێراو ئاسانی حزبی دەسەڵاتدار لەولاتی غینیا ساڵی ١٩٨٤، دوای مردنی دامەزرێنەکەی – سیکوتوری – بەچەند رۆژێك، ئەگەری بەردەوامبوونی حزبی تاك لەولاتی – تەنزانیاشی،

خسته بەردەم پرسیارەوە، ئەگەرهاتوو – نیریری – لەگۆڕەپانی سیاسەتدا نەما، دیاردەکە گومانی زۆرتر چڕ دەکاتەوە دەربارەی ئایندەی سیستمی تاك حزبی لە کیشوەری ئەفریقیا (وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا). هەر دەربارەی ناوچەیەکی دیکەی ئەفریقیاش لەباشوری بیابانەوە، – سارتوری – پێی وایە، حزبی تاك وەك رایەڵەیەکی سەربەخۆو رێکخراو زۆرێك لەهۆیەکانی بوونی لەدەستداوە، یان لەدەست دەدات، ئەو کۆمەڵگایانەش کەسەرکردە سەربازیەکان، یان پیاوانی سیڤیلی نوێ بەرێوەیان دەبەن، پێویستیان بە هێزگەلی پێوەندی حزبی، یانیش ریز بەندی حزبی نیە، سەرەڕای ئەوانەش چالاککردنی کەش و هەوای سیاسی و بەردەوام بوونی رایەڵەی حزبی (بۆ ماوەیەکی درێژخایەن) ئەوانە بەرەو دەدەن بەدەرکەوتنی بژاردەی دژو چەند کۆمەڵێکی لاوەکی سەربەخۆی ناشایستە.

لەلایەکی دیکەوە بەش بەحاڵی فرەیی حزبی کەبەشێوەیەکی گشتی بەمانای ناپابەندبون دێت، بەبوونی حزبی تاك، ئەوا ئەو حزبە دەگۆڕێ و دەبێتە جۆرێك لەحزبی (پیاو ماقولان و دەستە و کەسانی پاشکۆ) کەتەنها چەند پەیوەندییەکی لاواز بەیەکیان دەبەستێتەوە.

لەڕاستیدا، دەسەڵاتی مەدەنیەکان لە وڵاتانی ئەفریقیا لەباشوری بیابان، تەنها چەند ساڵێکی کەم، لەنێوان (٥–١٠) ساڵ درێژەی کێشا، پێش ئەوەی عسکەریەکان کۆتایی بەدەسەڵاتیان بهێنن، دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵاتیش لەلایەن عسکەریەکانەوە لەسیستمی تاك حزبیدا روویدا، وێڕای ئەو بۆ چوونە کەلەسەرەتادا هەبووە لەبارەی بەهێزی و سەقامگیر بوونیەوە، هاوشێوەی ئەوەی لەسیستمە فرەییەکاندا روویدا، بەڵام ئەگەر ئەو پیلان و

هەوڵە نەزۆکانە بەهەند وەربگرین، ڕەنگە ڕێژەی دەستێوەردانی عەسکەرییەکان زیاتر بێت لەناو ئەودەوڵەتانەی کەپتر لەحزبێکی لەخۆگرتووە.

بەپێچەوانەی سیستەمەکانی (تاك حزبی) دیکتاتوری لەئەوروپا ئەگەر وڵاتە کۆمۆنیستەکانمان بەلاوەنا، ئەوا بەردەوام بوونی سەرکردەکانی وەك (هیتلەر، موسولینی، فرانکۆ، سالازار)، کەتەنها جەنگ یان مردن کۆتایی پێهێناون، ئەو دیاردەیە (واتە بەردەوام بوونی سەرکردەکان) هەمیشە بەردەوام نەبووە لەکیشوەری ئەفریقیا، دەسەڵاتی تاکڕەوییانەی – نیکروما – تەنها شەش ساڵ درێژەی کێشا، حزبەکەشی لەچەند چرکە ساتێکدا بەبێ هیچ بەرگرییەك ڕووخا، هەمان شت لەوڵاتانی (مالی) ڕوویدا، کەلەوێ ڕژێم لاوازییەکی دیاری نیشاندا. پێشتریش دەنگۆیەکی گەشبینانە لەلێکۆڵینەوە ئەفریقیەکاندا لەسەرەتاکانی شەستەکان (سەدەی بیستەم) سەبارەت بەداهاتووی سیستەمی حزبی باوبووە، (ئیمانویل والرشتین) پێی وابوو کە سیستەمی تاك حزبی (بە زۆری هەنگاوێکی گرینگە بەرەو دەوڵەتی لیبرالی، نەوەك هەوڵێن هەنگاوی دووربێت لێیەوە)، بەڵام ئەو دەنگۆیە هێندەی نەکێشا گوڕوتینی دامرکا، دوای ئەوە (والرشتین) نووسیویەتی و دەڵێ: (دیاردەکە بریتی نیە لەدەرکەوتنی سیستەمی تاك حزبی، بەڵکو لەدەستدانی ماناکەیەتی بەخێرایی)، دواییش گەیشتە ئەو دەرەنجامەی (کەئاراستەی کارەکان لەکیشوەری ئەفریقیا بەرەو بۆشاییە).

لەڕووی سێیەمەو، وەك درێژە پێدانێك بۆ ڕاستیەکانی پێشوو، ئەوا حزب و سیستەمە حزبییە بەهێزەکان لەوڵاتانی دواکەوتوودا، وەك حاڵەتێکی نائاسایی دەردەکەون نەك بنەما، (سەمویل هنتینگتون) سێ ڕەهەندی بۆ هێزی حزبەکان، وەك دامەزراوەی سیاسی، یان (هێزی سیاسی) دیاریکردووە:

•ڕەهەندی یەکەم: بە توانای حزب لەسەر مانەوەو بەردەوام بوون دەست نیشان دەکرێت، دوای نەمانی ئەو سەرکردەیەی کەدروستی کردووە، یان ئەو کەسایەتییە کاریزمیەی حزبەکەی گەیاندووەتە ئەو ئاستە لەهێزی سیاسیدا، نموونەی دیاریش – لێرەدا – حزبی کۆنگرەی هیندستان و حزبی نەتەوەیی شۆڕشگێری مەکسیك، بەپێچەوانەشەوە، حزبە لاوازەکان، پەیوەست دەبن تەنها بەبوونی ئەو سەرکردانەی کەدروستیان کردوون، نموونەی وڵاتانی پاکستان و بورماو سیلان و ...هتد.

•ڕەهەندی دووەم: هێزی دامەزراوەی حزب، بەئاڵۆزی و قوڵی ڕێکخراوەییەکەی دەپێورێ، بەتایبەتیش، وەك لەوپەیوەستیەی نێوان حزب و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا دەردەکەوێت، نموونەی سەندیکا کرێکاریەکان و یەکێتیەکانی جوتیاران.

لەم بوارەدا، زۆربەی حزبەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان، ئەو جۆرە پەیوەندییە ڕێکخراوەییانەیان پێك نەهێناوە، ئەوان بەزۆری پەکیان کەوتووە لە بەدەست هێنانی هاوکاری و پشتگیری جەماوەری کرێکارو جوتیاران، ئەو حزبانە لەچەند حاڵەتێکدا، هەندێ لەسەر کردەکانیان هاوسۆزییەکی میللی و جەماوەرییان بەدەست هێناوە، بەڵام نەیان توانیوە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی پێویست بۆ ڕێك وپێکردنی ئەو پشتگیرییە جەماوەرییە پەرەپێبدەن.

•ڕەهەندی سێیەم: دەربارەی هێزی حزب، پەیوەندی بەئاستی یەکگرتنی ئەندامە چالاکەکانیەتی لەڕووی سیاسییەوە، ئەوانی هەوڵی ئەوە دەدەن کەحزب بگەیێنە دەسەڵات و ئەو ویست و ئاواتەی هەیانە، دیارە حزب لەچەندین وڵاتی دواکەوتوودا ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی

دیکە، دوای هەوڵێن ماوەی سەربەخۆیی زۆرجار سەرکردە سیاسییەکان، هاوسۆزی و لایەنگری خۆیان لەحزبە نەتەوایەتییەکەوە بۆتوێژێکی بیروکراسی ناو حکومەت گواستۆتەوە، دیارە ئەم حاڵەتەش - یەکسەر - بووە بەهۆی لاوازی و پووکانەوەی حزبەکە.

لەکاتێکدا کەم جاری وا روو دەدات لەسیستەمە سیاسییە پێشکەوتووەکاندا کسەرکردەیەکی سیاسی لەحزبێکەوە جێگۆرکێ بکات و بچێتە ناو حزبێکی دیکەوە. هەروەها جوولەی گروپ و چینە کۆمەڵایەتییەکان لەحزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە، بەپرۆسەیەکی مێژوویی ئاڵۆزی درێژخایەن دادەنرێت، بەڵام ئەوەی باوە لەزۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو تەواو بەپێچەوانەیە، لەبەر هەموو ئەو دیاردانە، حزبەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها بریتی بوون لەچەند کۆمەڵەیەکی فشۆڵ و بەربڵاو بۆ ئەو گردبوونەوە کەسێیەتیانەی کەرەگ و ریشەیان چین و توێژی سەرەوەی ناوکۆمەڵگە تێپەڕناکەن، لەناو ئەو توێژەش حزبەکان تەنها ئامرازبوونە بۆ دەست رۆیشتوان و بژاردە بچووکەکان.

توێژەران (بیل) و (لیدن) باس لەحزبەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، ئەویش لەمیانەی شێوازەکانی توێژینەوەی شرۆڤەکردنی گروپەکان، ئەوان پێیان وایە حزبەکان وەك کۆمەڵگەیەکی فەرمی گرنگییان کەمترە لەچەند کۆمەڵێکی دیکەی فەرمی وەك: سوپاو بیروکراسییەت، هەروەها کۆمەڵە فەرمییەکانیش بەگشتی گرنگیان کەمترە لەو کۆمەڵە نافەرمییانەی دەستیان گرتووە بەسەر ژیانی سیاسی لەناوچەکە.

لەچوارچێوەی ئەو رەوتەدا، کۆمەڵە فەرمیەکان، بوونیان وەك رووکارە دەرەکیان دەبێت، یان وەك بونیادە گشتیەکان، کەلەمیانەیاندا کۆمەڵە نافەرمیە بچووکەکان چالاکیەکانیان بەرێوە دەبەن، هەروەها کۆمەڵە

نافەرمیەکان دەزەش دەکەنە ناو کۆمەڵە هەرە فەرمییەکان و زۆر جاریش سیمایان دەگۆڕن، ئەو بڕیارانەش کەدەخرێتە پاڵ رێکخراوەفەرمیەکان لەڕاستیدا دەکرێ بەرهەمی کۆمەڵێکی نافەرمی، مشەخۆر بێت لەناو ئەواندا.

بەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانەش، سیستمە حزبیە (فرەییەکان) دەبنە هەڵگری ئاسەوار گەلی نەریتی و پێچەوانە لەڕووی تازەگەریتی سیاسییەوە، لەبەر نەبوونی هاوڕەگەزی لەنێو دانیشتوانی فرە رەگەزو ئاین و هەرێمایەتیەوە، لەهەمان کاتیش هەواداری خۆیان بۆ کۆمەڵە راستەو خۆکانیان دەردەبڕن، لەپێش هەر شتێکی دیکە ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ کەحزبەکان، رەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر ئەو هەوادارییە سنوردارەو بەر جەستەی لێوە دەکات و پاڵپشتی دەکا، ئەوەك لەنرخی کەم بکاتەوە یاخود بیبەزێنێ.

هەرچی پەیوەستیشە بەسیستمەکانی – حزبی تاکەوە – بەتایبەتی، ئەوا هنتینگتون لەجێگایەکی دیکەدا، سیستمە تاك حزبیە بەهێزەکان و سیستمە تاك حزبیە لاوازەکان لەیەك جیادەکاتەوە، ئەویش بەپێی جیاوازی لە نێوان سیستمی – تاك حزبی – لەیەکێتی سۆڤیەت لەسەردەمی دوای ستالین و نێوانی لە ئیسپانیا لەسەردەمی فرانکۆدا، هەر بەپێی بۆچوونەکانی – هنتینگتون – روسیا دوای ستالین خاوەن سیستمێکی تاکە حزبی بەهێز بوو، لەو سەردەمە حزب پێشکەوت بەرەو پێگەی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ، لەکاتێکدا کلیسەو بژاردەی نەریتگەری ناو کۆمەڵ لەناوچوون و دۆخی دامەزراوە نوێنەرایەتیەکانیش بچووکبوونەوە بۆ ئاستێك کەتەنها وەك روکارێکی رواڵەتیان لێهات و بژاردەی کۆمەڵایەتی – ئابوریش بوونە دەرئەنجام بۆ سیستم و لەئاکامیشدا چی تر نەبوونە رکابەرێك بەرامبەر

بەحزب، سەرەڕای ئەو حاڵەتەش دوابەدوای مردنی ستالین، دەزگاکانی پۆلیس خرانە ژێر دەسەڵاتی حزبەوە، ئەم دۆخە جگە لەماوەیەکی کورت نەبێت لەپەنجاکان (لەسەدەی رابردوو) ئەوا رەوشەکە بۆ سوپاش بەهەمان شێوە بوو، هەر لەهەمان کاتدا توێژی بیروکراسییەت نەیتوانی ریزەکانی یەك بخات بەجۆرێك بتوانێت وەك هێزێکی سیاسی سەربەخۆ کاربکات، بەتاکید هێزی زەبەلاحی ئەو حزبە وارێکخرا کاتێ پێکهاتە باڵاکانی توانیان — خرۆشۆف — لەدەسەڵات دوور بخەنەوە، ئەم کارە هانی — هنتینگتون — یدا کە بڵێت لەیەکێتی سۆڤیەت، زیاتر لەهەر وڵاتێکی دیکە، حزب لەپاوانکردنی شەرعیەت و کارکردنی سیاسی و دارشتنی سیاسەتە گشتیەکان نزیك بووەوە.

بەپێچەوانەی ئەوەی لەیەکێتی سۆڤیەتیش روویدا، دەکرێ سیستمی تاك حزبی لەئەسپانیا لەسەردەمی — فرانکۆ — بەسیستمێکی لاواز دابنێین، دەبینین حزبی — کەتائیب — هیچ گرینگیەکی راستەقینەی نەبوو، ئەوەی زیاتر لاوازی کرد، بوونی کۆمەڵەو دامەزراوە نەریتگەری و بیروکراسیە فرمییەکان بوون، وێرای گرینگی حزبیش لەماوەی جەنگی ناوخۆدا، بەڵام — فرانکۆ — بەهیچ شێوەیەك رێگای نەداوەکە ببێتە سیستمێکی سیاسی لەوڵات، وەکو (ستانلی بین)یش دەڵێ: ئەو حزبە تەنها بۆ ئەوە بەکار هێنرا کە ببێتە ئامرازێك بۆ یەکبەستنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت بەیەکترەوە، دوایەش حزبی — کەتائیب — خاوەن هێز نەبووە، تەنها لەچەند ماوەیەکی دیاریکراودا نەبێت، کە بۆ پشتگیریکردنی پێگەی خودی دیکتاتۆرییەتی فرانکۆبووە.

لەراستیدا سەقامگیری سیستمە سیاسییەکان لە ولاتانی دواکەوتوودا - تارادەیەکی زۆر - بەهێزی حزبە سیاسییەکانیەوە دەبەسترێتەوە، بەپێی بۆ چوونەکانی - هنیتنگتون - ئەو ولاتانەی روویان لەتازەگەرێتی کردووەو ئاستێکی بەرزیان لەسەقامگیری سیاسی فیعلی و پێویست بەدەست هێناوە، ئەوانە - بەلای کەم - خاوەن یەك حزبی سیاسین، نموونەی، حزبی کۆنگرەی هیندستان و حزبی دەستوری تونسی و حزبی - تانو - لەتەنزانیا - هەروەها جیاوازی سەقامگیری سیاسیش لەنێوان هەردوو ولاتانی هیندستان و پاکستان لەسالانی پەنجاکان ( سەدەی بیستەم) وەك نموونە، ئەوە دەکرێ لەجیاوازیی نێوان هێزی رێکخراوەیی حزبی - کۆنگرەی هیندستان - و حزبی - رابیتەی پاکستانی - بپێورێت، هەروەها توانای سیستمی سیاسی لەدەستێوەردانی سەربازی بەپێی هێزی حزبە سیاسییەکان دەگۆرێت، لێرەدا کودەتا سەربازییەکان، حزبە سیاسیەکان تێك ناشکێنن، بەلکو تەنها ئەو تێکشکاندنە تەواو دەکەن کەبەراستی روویداوە، لەبەر رۆشنایی هەموو ئەو خالانەو لەرووی گەشەپێدانی سیاسییەوە - بەتایبەتی - ئەوا کێشەی گرینگتر کەپەیوەستە بەحزبەکانەوە لەولاتانی دواکەوتوودا، خەسلەت، یان کەمو کورتیەکانی سیستمی تاك حزبی یان فرەیی حزبی نیە، بەلکو باشتر وایە بلێین کە کێشەکە هێزی سیستمە حزبیەکەیەو لێهاتووییەتی بۆ پەرەسەندن و خۆگونجاندن، هەروەها توانای لەخۆگرتنی هێزە کۆمەلایەتیەکان و ئەو گۆرانکارییە کۆمەلایەتیانەیە کەتازەگەری دەیهێنێتەکایەوە، لەوگۆشەنیگایەوە ژمارەی حزبەکان تەنها لەرووی کاریگەرییان لەسەر توانای سیستم بۆ

فەراهەمکردنی کەناڵە دامەزراوەییە زەروورەکان لەپێناو سەقامگیری سیاسی، گرینگ دەبێت، لێرەدا ئەم پرسیارە دەورووژێنرێت، ئەو پەیوەندییە چیە (کە ئەگەر لەبنچینەدا هەبێت) لەنێوان ژمارەی حزبەکان و هێزی حزبدا، لەوولاتانەی روویان لەتازەگەریتیدایە؟

لەسەر ئاستی جیهانیدا (لێرەدا وادەردەکەوێت) پەیوەندییەکی لاواز هەیە لەنێوان ژمارەی حزبەکان و نێوان هێزی حزبدا.

( هنیتنگتون ) لەڕووپێوکردنی سیستمە حزبییەکان لەجیهاندا، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کەحزبە بەهێزو لاوازەکان دەکرێ لەهەر سیستمێکی حزبیدا، (سیستمەکانی تاك حزبی، دووحزبی، یان فرەحزبی) بوونیان هەبێ، بەڵام پەیوەندی لەنێوان دوو حاڵەتی گۆڕاودا جیاواز دەبێت بەپێی ئاستی تازەگەریتیەکە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەئاستە باڵاکانی تازەگەرێتی، دەکرێ هەرژمارەیەك لەحزبەکان هاوبەند بێت بەهێزی حزبەکانەوە، دەربارەی ئاستە نزمەکانی تازەگەریتیش – هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا – ئەو دەنگۆیە باو بوو کە زیاتر گەشبینیە بەتواناکانی سیستمی تاك حزبەکانەوە، واتە توانای ئەوەی کە ئەو سیستمە حزبیانە بەهێزبن یان لاوازبن، لەکاتێکدا سیستمەکانی فرە حزبی – هەمیشە – لاوازدەبن، بەڵام ئەو شکستیانەی کەسیستمە تاك حزبەکان تووشی هاتوون، دوای یەکەم بوژاندنەوەیان – بەتایبەتی لەکیشوەری ئەفریقیا – سنورێکی بۆ ئەو حاڵەتە گەشبینانەش دانا – وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا.

ئەم ئاراستەیەش لەنیوەی دووەمی حەفتاکان و نیوەی یەکەمی هەشتاکان (سەدەی رابردوو) بەردەوام بوو، دوایین حاڵەتیش کودەتا سەربازییەکی وڵاتی غینیا بوو لەساڵی (١٩٨٤)، دوای کۆچی دوایی سەرۆک (سیکوتوری)، ئەم گۆڕانکاریانە، ئەو وەهم و بیرۆکە خەیاڵاویانەی تێکشکاند لەبارەی ئەو سەقامگیرییە رێژەییەی کەسیستمەتاک حزبییەکان لەبەرامبەر سیستمی فرەیی حزبایەتی لەوڵاتانی دواکەوتوودا پێوەی شادن — لەدوایشدا ئەو بۆ چوونە ئەگەری لاواز بوونی حزبەکانی سەلماند، هەر چەندی بێت ژمارەکانیان.

هەواڵنامەی کتێب

# بەندی چوارەم

## رۆڵی حزبەکان لەتازە گەرێتی و گەشەپێدانی سیاسی لەجیهانی سێیەمدا

هەولێرنامەی کتێب

لێکۆڵەرەوانی حزبەکان و گەشەپێدانی سیاسی - بەشێوەیەکی گشتی - کۆکن لەسەر دیاریکردنی ئەو ئەرکانەی کە حزبەکان پێی هەڵدەستن لەناو سیستمە سیاسییەتازەکاندا، وەك: نوێنەرایەتی، پەیوەندیکردن و بەستنەوەی بەرژەوەندییەکان و کۆکردنەوەیان رەنگە ئەو ئەرکانە لەفۆرمێکی دیاریکراوتردا دابڕێژرێت و ئەو بوارانە بگرێتەوە: بەکارهێنان و هەڵبژاردنی کەسە سەرکردایەتیەکان بۆ پلەو پایە حکومیەکان، دانانی بەرنامەو سیاسەتەکانی حکومەت و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکانی حکومەت و کۆنترۆڵکردنیان و بەدیهێنانی تەواوکاری کۆمەڵگەیی بەرێگەی تێرکردنی داواکاری کۆمەڵەکان و گونجاندن لەنێوانیاندا، یان خستنەڕووی سیستمێکی بەڵێن بەستی هاوبەش، یاخود ئایدیۆلۆژیایەکی یەکگرتوو، هەروەها هەستان بە ئەنجامدانی چالاکیەکانی خۆسازدانی سیاسی و پێگەیاندنی سیاسی.

دیارە وا چاوەڕوان دەکرێت کەحزبەکان بەو رۆڵانەی خۆیان هەستن لەچەند کۆمەڵگایەك کە بە ئاستێکی بەرز لەبەشداریکردنی سیاسی دەناسرێن هەروەها رازی بوون بەشەرعییەتی سیاسی و تەواوکاری نەتەوایەتی.

بەڵام ئەو پرسە لەوڵاتە دواکەوتووەکانی جیهانی سێیەمدا، کەتێدەکۆشن بەرەو تازەگەرێتی و گەشەپێدانی سیاسی زۆر جیاواز دەبێت، هەر لەرەوتی بارودۆخی ئەو وڵاتانەدا، حزبە سیاسییەکان، چەندین ئەرك و فەرمانیان پێ سپێردراوە کەپەیوەستن بەتازەگەرێتی و گەشەپێدانی سیاسییەوە، لەگرینگیدا ئەرکە ئاساییە کۆنەکانی حزبە سیاسییەکان تێپەڕ دەکەن، لەوڕوانگەیەوە - حزبەکان بوونە (گۆڕاوە سەربەخۆکان)، واتە هێزی سیاسی سەربەخۆ، کارتێکردنیان لەسەر تازەگەرێتی و لەسەر گەشەپێدانی سیاسی دەبێت، کەنەك تەنها بەرهەمی ئەوان بن، بەڵکو، توانای کۆمەڵگە لەسەر رووبەڕوو

بوونەوەی ئەرکەکانی تازەگەریتی و قەیرانەکانی گەشەپێدان (تاڕادەیەکی زۆر) کاریگەر دەبێت بەجۆری ئەو حزبانەی کەدامەزراون، لەگەڵ رادەی کاریگەرییان، بۆیە دیاردەیەکی نامۆنیە کە باسکردنی حزبەکان لەزۆربەی زۆری نووسینەکانی تازەگەریتی و گەشەپێدان، بەهۆی دیاریکردنی رۆڵیانەوە دەبێت لەپرۆسەی تازەگەریتی و گەشەپێدانیاندا، یان وەك یەكێك لەبەرچاوترین – ئامراز – یاخود – هۆیەکانی – تازەگەریتی و گەشەپێدان دەبێت.

لەو ئەدەبیات و نووسینانە بەگشتی تا ناوەڕاستی شەستەکان (سەدەی بیستەم) ئاوازێکی دڵخۆشکەر دەربارەی توانا فراوانەکانی حزبەکان لەوڵاتانی دواکەوتوودا، باو بووە ئەوەش، وەك ئامرازگەلێکی یەکلاکەرەوەی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی رووە سیاسییەکانی تازەگەریتی و سەرکەوتن بەسەر – تەنگژەکانی – گەشەپێدانی سیاسی، توندی و گەرم و گوڕی ئەوگەشبینیە، زۆری نەخایاند (لەژێر فشاری گۆڕانکارییە واقیعیەکان) هێور بووەوە، نەك تەنها لەبەر ئەو نسکۆیانەی کەتووشی حزبەکان هاتن لە وڵاتانی دواکەوتوودا، بەتایبەت لەئاکامی دەستێوەردانی سەربازی، بەڵکو لەدەرەنجامی ئەو پەرەسەندنانەش وەك ئاڵۆزی و بەربەستەکانی گۆڕان بەرەو تازەگەریتی و گەشەپێدان، سەرەڕای سیماو خەسڵەتەکانی ئەوگۆڕانکارییە لەجیاکاری و جیاوازییەکاندا، لەهەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە، بەڵکو لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەش.

لەچوارچێوەی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکاریانەدا، لەم بەشە، باس لەو رۆڵە دەکرێت کە لەبارودۆخی تازەگەریتی خراونەتە سەرشانی حزبەکان و ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە بۆ بەدیهێنانی – گەشەپێدانی – سیاسی – چ

لەمیانەی رۆڵیان بێت لەتازەگەریتی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی، یان لەمیانەی جەخت کردن لەسەرکێشە دیاریکراوەکان لە پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیدا، کەپێشتر ئاماژەیان پێدرا لەرێگەی باسکردن لەتەنگەژەو قەیرانەکانی گەشەپێدان، ئەوکێشانەش بریتین لە: بەشداریکردنی سیاسی و شەرعیەت و تەواوکاری نەتەوەیی.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی یەکەم:

## حزبەکان و تازەگەریتی لەجیهانی سێیەمدا

ئەگەر – داڤید ئەپتەر – لەریزی پێشەنگان و دیارترین ئەو کەسانە دابنرێت کەتوێژینەوەی دەربارەی دیاردەی تازەگەریتی لەولاتانی دواکەوتوودا ئەنجامداوە، ئەوا لەهەموویانیش گەش بینتربووە بۆ توانای حزبەکان لەبواری تازەگەریتیدا.

– ئەپتەر –بەپێی بۆ چوونەکانی کەلەمیانەیاندا رۆڵە زەروورەتەکانی پرۆسەی تازەگەریتی دیاریکردووە، دەڵێت: لەم بوارەدا رۆڵێکی تاك لایەنە نیە کەگرینگییەکی گەورەتری هەبێت لەرۆڵی – سیاسەتوانی حزبی –، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەخودی حزبەکان – لەرووی مێژووییەوە – پەیوەندییەکی توندیان هەیە بەدیاردەی تازەگەریتی لەکۆمەڵگا رۆژئاواییەکان، هەروەها ئەو حزبانە بەشێوە جیاوازەکانیشیانەوە (ریفۆرم، شۆرشگێری، ناسیونالست) بوونەتە ئامرازی تازەگەری لەناوچە تازە پێگەیشتووەکاندا، کەواتە حزبی سیاسی، هێزێکی یەکلاکەرەوەی تازەگەرییە لە هەموو کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، بەجۆرێك کەئەو شێوازە تایبەتمەندە تازەگەرییەی هەریەك لەو کۆمەڵگایانە پێیان قبوڵە، ئەوە بەدڵنیاییەوە – بەزۆری – حزبەکانیان دیاری دەکات.

– ئەپتەر – بەدرێژی باسی لەخەسڵەتەکانی ئەو رۆڵەتازەگەریتییەی کردووە کە حزبەکان ئەنجامی دەدەن، بەتایبەتی لەهەردوو بواری – تەکنەلۆژیا – و رێکخستنەوە لەولاتانی دواکەوتوودا، واتە بەمانای بەکارهێنانی هەموو

دەستکەوتەکانی تەکنەلۆژیالەبوارەکانی پەیوەندی کردن و پروپاگەندە و جۆرەکانی دیکەش، هەروەها پەرەپێدانی تۆڕی ڕێکخراوەیی حزب.

- ئەپتەر- لەو ڕوانگەیەوە، پێی وایە، حزبەکان زیاتر لەهەر ئامرازێکی دیکەی وەك دامەزراوە شتارستانیەکان، سوپا، یان خودی حکومەت، کارتێکردنی راستەوخۆیان دەبێت لەسەر کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکان، حزبەکانیش لەمیانەی ئەو چالاکیانەیان هەموو هۆکارە بەردەستەکانی تازەگەرێتی بەکاردەهێنن، وەك: قوتابخانە، دام و دەزگاکانی کارکردن، پرۆژە بازرگانیەکان و بازارەکان و ...هتد.

لەناوەڕاستی شەستەکانیش (سەدەی بیستەم) - ئەپتەر - نموونەی چەند حزبێکی هێناوەتەوە لەوڵاتانی (غینیا، مالی، غانا)، کاریگەری ئەو حزبانەی روونکردەوە لەبەهێزکردنی هەستی بەشداریکردنی هاوڵاتی و هەستی بەرپرسیاریەتی هاوبەش بەلایەوە.

لەدیدی - ئەپتەر -ەوە، ئەو حزبانە شایەنی گرینگپێدانی زیاترن لەو گرینگپێدانەی کەبەخودی حکومەت دەدرێت، ئەو پێشی وایە، حزبەسیاسییە مۆدێرنەکان، دەکرێ هەنگاوی گەورەتر بنێن، لەوەی هاوشێوەکانیان لەوڵاتانی رۆژئاوا هاویشتوویانە، چونکە ئەو حزبانە بەکردار گوزارشت لەنموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگە نوێیەکان دەکەن، هەر کاتێکیش حزبەکان بوونە هەڵگری مۆرکی پاوانکاری (واتە کاتێ ئایدیۆلۆژیایان دەبێتە بنچینەی دەسەڵاتی شەرعی لەدەوڵەت) ئەوا بونیادەکانیان دەبنە بواری راستەقینە بۆ سازش و مشت و مڕکردن، زیاتر لەڕێکخستنی فەرمی دەسەڵات، بەم مانایەش، رۆڵی حزبەکان تەنها رۆڵێکی تەریێی نابێت کە گوزارشت لەگواستنەوەی خواستی تاکەکان دەکات بۆ دروستکەرانی سیاسەتە

گشتیەکان، هەروەها ئەوحزبانە ئامرازگەلێکی کۆکردنەوە نین بۆ خواست و بیروباوەڕو بۆ چوونەکان بەشێوەیەکی دڵسۆزانە، بەڵام – بەپێچەوانە –، حزبە سیاسیەکان لەو کۆمەڵگایەی ڕووی لەتازەگەریتی کردووە (رۆڵی ڕێکخەر دەگێڕێ) بۆ پێکهێنانی بیرۆکە تازەکان و دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی بۆ ئەم بیرۆکانەو بەستنەوەی جەماوەر بەسەرکردایەتیەکان بەشێوازێك کە بتوانرێ هێزی سیاسی بێتە کایەوەو کۆ بکرێتەوەو ئاراستەش بکرێت.

بەڵام (هنتینگتون ) وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەئاست ئەو کێشەو گرفت و پەرتەوازەییانەی پەیوەستن بەبەهانوێیەکانی تازەگەریتیەوەو هاتنی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بۆ ناو کۆڕی سیاسەت و بەشداریکردنی سیاسی، لەم بارەوە (هنتینگتون) زیاتر هۆشیارو بەئاگابووە، دیارە بەڵای ئەو دیاردەکە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری، یان ئەوەی (ئەو) ناوی لێناوە هەڵوەشاندنەوە، یان – تێکچوونی سیاسی – (political decay) لەو گۆشەنیگایەوە، ئەرکی نوێگەریی حزبە سیاسیەکان لەبنچینەدا خۆی دەنوێنێ لەئامادەکردنی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی، کەسنورێك دادەنێت بۆ ئەم (تێکچوونە سیاسی)یە، لەدوایشدا سەقامگیری سیاسی پێویست بۆ گەشەپێدان دێنێتە دی.

(هنتینگتون) لەم بارەوە نووسیویەتی :

یەکەم // باسی لەو کاریگەرییانە دەکات کە تازەگەری دەیکاتە سەر هۆشیاری سیاسی لەشێوەی نامۆبوون و هەڵوەشاندنەوەی بەهاکۆنەکان و دەرکەوتنی ئەو بەهانوێیانەی کەبەرەنگاری پرەنسیپە نەریتگەرییەکانی دەسەڵات دەبنەوە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی خولقاندنی پێویستی بۆ شوناس و هەواداری و پابەند بوونە نوێیەکان، کاتێ مارکس باس لەکاردانەوەی

دیاردەی بەپیشەسازی بوون دەکات و دەبێتە هۆی پەیدابوونی هۆشیاری چینایەتی لای چینی بورژواو دواتر لای پرۆلیتاریا، ئەوا (هنیتنگتون) لەوەوە دەست پێدەکات کەپیشەسازی (تەنها یەك ڕووی تازەگەریتیە)، هەروەها ناوبراو دەگاتە ئەو بڕیارەی کەتازەگەریتی نەك تەنها دەبێتەی هۆی دەرکەوتنی هۆشیاری چینایەتی، بەڵکو دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هۆشیاری دەستەجەمعیش، لەهەموو جۆرەکان: لەناو خێڵ، لەناو هەرێم، لەناو عەشیرەت، لەبیروباوەڕ، لەتائیفە...سەرەڕای بوارەکانی چین و ئەرك و بابەتی یەکگرتن.

تازەگەریتی بەمانای ئەوە دێت کە کۆمەڵانی خەڵك، بەکۆن و نوێیانەوە، نەریت پارێزان و مۆدێرنخوازان، وردەوردە هۆشیار تر دەبن بەخودی خۆیان وەك کۆمەڵ کۆمەڵ هەروەها تێگەیشتنیشیان دەربارەی بەرژەوەندی و داواکاریەکانیان لەپەیوەندیەکانیان بە کۆمەڵانی دیکە، بەدەسەواژەیەکی دیکە، کۆمەڵگەی نەریتگەری ڕەنگەخاوەن چەندین سەرچاوەی شاراوەبن بۆ ناسنامەو بۆ یەکبوون، هەندێکیان ڕەنگە بەکەم تەماشا بکرێن و لەماوەی پرۆسەی پرگێژاوی تازەگەریتیدا بروخێنرێت، هەندێکی دیکەیان ڕەنگە ئاستێکی هۆشیاری نوێ بەدەست بێنێت و ببێتە بناغەیەك بۆ ڕێکخستنێکی نوێ کە بتوانێ پێداویستیەکانی ناسنامەی کەسێتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ئابوری کەپرۆسەکانی تازەگەریتی دروستیان دەکات بەجێ بگەێنێت، بەڵام خودی ئەو هۆشیارییە بەکۆمەڵە دەکرێ ببێتە کۆسپێکی سەرەکی لەبەردەم دروست بوونی دامەزراوەی سیاسی کارا، کە سنورێکی فراوانتر لە هێزە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتە خۆی، بەمانای ئەوەی کە ئەم جۆرە هۆشیارییە دەبێتە کۆسپێك، نەك تەنها لەبەردەم یەکبوونی ئەو کۆمەڵانە، یان هەست کردن بەملکەچی بۆ قەوارەیەکی گەورەتر، بەڵکو

هۆیەکیش بێت بۆ ململانێ و رکابەری لەنێوانیاندا، کەئەمەش دواجار دەرگایەك دەکاتەوە بۆململانێیەکی توندوتیژ لەناو کۆمەڵگەدا.

دووەم // توندوتیژی گوزارشت لە یەکێك لە رواڵەتەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوە سیاسییە دەکات کە لە ئەنجامی تازەگەریتی پەیدابووە.ئەو توندوتیژیەش رەگ و ریشەی خۆی لە بڵاو بوونەوی هەژاری و خواست و ئەو ئاواتە بێ ئومێدانەی کە بە فراوانبوونی پرۆسەکانی خۆسازدانی کۆمەڵایەتییەوە بەستراون، وەك : بە شارستانی بوون، فێربوون، راگەیاندن، هەروەها لە نەبوونی ئەو یەکسانیەی کە بە تازەگەریتیەوە پەیوەست دەبێت.

(هنتینگتون) باس لە گەندەڵی دەکات – بەو مانایەی رەفتاری فەرمانبەرە گشتیەکان لە رێساو یاسا کۆمەڵایەتییە پەسەندکراوەکان لا دەدات، بە نیازی بە دیهێنانی ئامانجە تایبەتەکان – وەك دەرئەنجامێکی پەیوەست بە پرۆسە خێراکانی تازە گەریتیەوە، لەبەر چەندین هۆی جیاواز، وەك : پوکانەوەو هەڵوەشاندنەوەی بە هاکان، دروست بوونی سەرچاوەی نوێ بۆ دەوڵەمەندی و دەست رۆیی. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە گەندەڵی لەو وڵاتانە بڵاودەبنەوە کە حزبە سیاسییەکانی تێدا نییەو لەو کۆمەڵگایانەی کە بەرژەوەندییەکانی چەند تاکێکی دیاریکراو، یان چەند خێزانێك یاخود عەشیرەتێك تێیدا باون.

سێیەم// دیاردەی تازەگەریتی لەگەڵ خۆیدا کەلێنی نێوان شارو گوند فراوان دەکات، دیارە تازەگەریتی لە بەشێکی گرینگیدا بە گەشەکردنی شارەکان و گۆڕینیان بۆ بنکەی چالاکییە ئابورییە نوێیەکان و چینە کۆمەڵایەتیە سەرکەوتووەکان و رۆشنبیرییە تازەکان و فێر بوون دەپێورێت، ئەم کارەش جیاوازییەکی گەورە لە نێوان شار و گوند و لادێ پەیدا دەکات و وادەکات

گوندەکان ببنە سەرچاوەیەکی چاوەڕوانکراوی بەردەوام بۆ نا سەقامگیری، ئەگەر بەشداری پێکردنیان لە چالاکیە سیاسیە نەتەواتییەکان رێك نەخرێت.

(هنتینگتون) بە روونی دەگاتە ئەو بڕیارەی کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کێشانەی پەیوەستن بە تازەگەرێتی و فراوانبوونی بەشداریکردنی سیاسیەوە، ئەوا شێوازی دامەزراوەیی سەرەکی بۆ رێکخستنی بەشداریکردنی سیاسی، بریتیە لە حزبە سیاسییەکان و سیستمە حزبیەکان.

لەم چوار چێوە گشتیەدا، دەربارەی رۆڵی تازەگەرێتی حزبەکان، زۆرێك لەوانەی لێکۆڵینەوەکانیان باسی تازەگەرێتی و گەشەپێدانی سیاسی گرتۆتە خۆی، زۆرتر چوونەتە ناو باسەکەو پشکنین و شیکردنەوەی زیاتریان دەست پێکردووە بە دوای ئەرك و فرمانەکان، یان رۆڵی تازەگەری حزبەکان لە ولاتانی دواکەوتوودا بە وردکارییەکی زیاترەوە.

بێگومان هەوڵەکان لەم بوارە فرمیان بە خۆوە بینیوە، بە جۆرێك ئەستەمە لە چوارچێوەیەکی گشتی دیاریکراودا کۆبکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سێ باسەی کە دواتر دێن، تەرخان دەکرێن بۆ قسەکردن لە سەر رۆڵە دیاریکراوەکانی حزبەکان ، لە بوارەکانی گەشەکردنی سیاسی کە توێژەران لە سەریان کۆکن، ئەگەر چی دارشتن و ناونیشانەکانیان جیاوازن، بەڵام هەرچی پەیوەستیشە بە پاشماوەکانی ئەم باسەوە، ئەوا جەخت کردنمانە لە سەر دوو ئەرکی گشتی حزبە سیاسییەکان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، دیارە ئەو کارەش گرینگیەکی تایبەتی هەیە لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایانەی ڕوویان لە تازەگەرێتی کردووە، ئەو دوو ئەرکەش (فرمانە)ە، بریتین لە: گەشەپێدانی سیاسی لەلایەکەوە، لەگەڵ بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگادا، لەلایەکی دیکەوە.

پێگەیاندنی سیاسی وەك ئەركێكی تایبەتمەندی حزبەكان، لە ناو ئەو كۆمەڵگە دواكەوتوانەی روویان لە تازەگەریێتی كردووە، پەیوەستە بە جیاوازییەكی بەربڵاوی نێوان ئەو حزبەی كە بە حزبی خۆسازدان (تەیاركردن) ناسراوە و نێوان حزبەكانی دیكە.

زاراوەی خۆسازدان (تەیاركردن)، لێرەدا ئاماژە بۆ بەكارهێنانی حزب دەكات وەك ئامرازێك بۆ روودانی گۆڕانكاری لە ئاراستەو رەفتارەكانی ناو كۆمەڵگە. ئەم حزبە بەم مانایە دژ بە حزبی خۆ گونجاندن ( adaptive party) دێت، كە بایەخدانی بنچینەیی لەسەر راهاتن و خۆ گونجاندن چڕ دەكاتەوە، لە هەوڵەكانی بۆ بەدەست هێنانی پاڵپشتی جەماوەر لە كاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەزۆریش لەناو دەوڵەتە – نوێیەكان – ئەو بیرۆكەیە باو بووە كەحزبی خۆسازدان (تەیاركردن) لەبارترە بۆ جێبەجێ كردنی پێداویستیەكانی كۆمەڵگە گەشە سەندووەكان تاحزبەكانی خۆ گونجاندن، مادامێك خۆ گونجاندن – بەكردار – بەمانای بەرهوپێدان دێت بۆ ئاراستە سنوردارو نەریتگەرییە كۆنەپارێزەكانی ناوكۆمەڵگە، لەكاتێكدا خۆسازدان (تەیاركردن) بەمانای هەوڵدان دێت بۆ ئەو ئاراستە نوێیانەی پەیوەندییان بەتەواوكاری نەتەوەیی و عەلمانییەت و گەشەپێدانی ئابوری و تێڕوانینی ئەقلانیتر بەرامبەر بەژیان هەیە.

بەڵام مشتومڕێكی زۆر لەنێوان توێژەران دروست بووە دەربارەی ناسەوارو كاریگەرییەكان، یان كاریگەرییە گریمانە كراوەكانی سیستمی تاك حزبی (خۆسازدان) لەسەر گەشەپێدانی سیاسی.

هەروەها گومانێكی زۆر دروست بووە سەبارەت بەكاریگەرییە راستیەكانی ئەو دروشم و بانگەوازانەی كە حزبەكانی – خۆسازدان – بەرزی دەكەنەوەو

تێیدا داوای کارکردن و زۆرکردنی بەرهەم دەکەن، ژمارەیەکیش پێیان وابوو بەڵگەی زۆرهەن و ئەوگریمانەیە دەسەڵمێنن کەحزبی (گونجاو) بەکردار رۆڵێکی گرینگ دەگێڕیت، لەگۆڕینی ئاراستەو رەفتارەکانی تاك، رەنگە بەشێوەیەکی کاراتر لەحزبەکانی خۆسازدان. هەرچی حزبی (گونجاویشە) ئەوا لە هەوڵ و کۆششەکانیدا بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری دەنگدەرانی هەڵبژاردن لەناو کۆمەڵە رکابەرەکان (ئەپنی و چینایەتیەکان)، رەنگە لەبەدیهێنانی تێکەڵبوون و یەکگرتنی نەتەوایەتی، سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنێ لەو حزبەی کەزیاتر پشتی بەزۆرداری و وەعزو ئامۆژگاریەکان دەبەستێت، لەکاتێکدا حزبی - خۆسازادن - (لەوڵاتێکی تاك حزبی بەتایبەت)، رەنگە زیاتر هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ دامەزراندنی کەمترین ئاستی دەسەڵاتی ناوەندی زەروری بۆ گەشەپێدانی ئابوری، کەچی حزبی - گونجاو - زۆر جار کاریگەرتر دەبێت لەگەیاندنی زانیارییە زەرورەکان بۆ حکومەت بەئامانجی جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی گەشەی ئابوری.

هەرچییەك بێت ئەو ئەنجامانەی کەتوێژەر پێی دەگات دەربارەی ئەو کێشانە، ئەوا حزبەکان دەمێنەوە وەك ئامرازێك بۆ پێگەیاندنی سیاسی لەماوە سەرەتاییەکانی گەشەپێدانی سیاسی، بەتایبەتی کاتێ حزب لەناو چەند دامەزراوەیەکی کەمدا بێت، ئەوانی بایەخ دەدەن بە کارتێکردن لەسەر ئاراستە سیاسییەکان. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کەرۆژنامەکان بەفراوانی بڵاودەبنەوە، سیستەمەکانی خوێندن کاران، هەروەها ئاراستە سیاسیەکان بەلای هاوڵاتیانەوە جێگیرن، لەم بارەدا حزبە سیاسییەکان بەشێوەیەکی رێژەیی رۆڵێکی بچووك دەگێڕن لەچاندنی هەستی ئینتمای نەتەوایەتی، یان هەست و سۆزی هاوڵاتیبوون، سەرەڕای هەموو ئەوانەش، ئەو ئاراستانەی کەحزبەکان

لەناو ئەو سیستمانە دەیانچێنن – بەگشتی – لەباردەبن و دەگونجێن لەگەڵ ئەو ئاراستانەی کەخێزان و قوتابخانە چاندوویانن، بەڵام لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا، حزبەسیاسیەکان تێدەکۆشن بۆ چاندنی بەهاگەلێك کە زۆر جیاوازن لەوانەی کەگەورەکان لەمنداڵییەوە وەریان گرتوون، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی نێوان حزبە نەتەوەیی و هەرێمی (یان خێڵەکی، زمانەوانی، ئاینی، تائیفی)یەکان، چەندین پرسیاری بنچینەیی دەوروژێنن، دەربارەی ئینتماو ناسنامە، کەلای زۆرینەی گەل – لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا – و لەقۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنیان وپێش بەشداریکردنیان لەسیاسەت، چارەسەرکراون.

دەرەنجامیش، حزبەکان، لەقۆناغە بەراییەکانی گەشەپێداندا، زیاتر گرینگی بەپێگەیاندنی ئەندامەکانیان دەدەن لەڕووی سیاسییەوە، تاوەك ئەو حزبەجێگیرانەی لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەن، کە دامەزراوەکانی دیکە لەو وڵاتانە ئەو رۆڵە دەگێڕن، بۆ نموونە، لەوڵاتە نوێیەکان، حزب ئەرکی کۆ بوونەوەکانی یادی سەربەخۆیی دەگێڕێ و یادی لەدایکبوونی سەرکردە نەتەوایەتیەکان دەکاتەوە، حزب خۆی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەندامانی ڕێکدەخات و یارمەتیان دەدات بۆ پەیداکردنی کارو فەرمان و پێشکەشکردنی چاودێری پزیشکی و ڕێکخستنی بەرنامەکانی ڕاهێنانی سیاسی و فێرکردنی مێژووی نەتەوایەتی (یان چینایەتی و هەرێمایەتی)، هەروەها بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئابوری حکومەت و دەست نیشانکردنی ویستە دەرەکیەکانی.

لەمیانەی پرۆسەی ئەو پێگەیاندنە سیاسییە، حزبەکان کاریگەری خۆیان بەکار دەهێنن لەسەرکێشە درێژ خایەنەکانی گەشەپێدانی سیاسی، وەك کێشەکانی

بەشداریکردن و شەرعیەت و تەواوکاری، کەلەم سێ باسەدا قسەیان لەسەر دەکەین، بەڵام لەسەر ئاستی ڕۆژانە بەکاری سیاسیدا، کەتێیدا ناوەرۆکی سیاسەت، وەك (وینەر) و (لاپالومبارا) باسی دەکەن، گوزارشت لە (بەڕێوەبردنی ململانێ) دەکات، واتە (سیستمی سیاسی توانای ئەوەی هەبێت بەبەردەوامی جۆرو ئاستەگۆڕاوەکانی ئەو داواکاریانەی دەکەوێتە سەرشانی بەڕێوە ببات)، لێرەدا ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان لەسەر ژمارەیەك فاکتەری دیاریکراودا دەوەستێت، - کەبەشێوەیەك لەشێوەکان - پەیوەست دەبێت بەتازەگەریتی و گەشەی سیاسییەوە، لەدوایشدا، توانای حزبەکان لەسەر بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا، پشتی بەستووەبە:

یەکەم: ئاستی ئەو جیابوونەوەیەو کەرت بوونە کۆمەڵایەتیەی زاڵە لەناو کۆمەڵگەدا، لەگەڵ ئەو دابەش بوون و دووبەرەکیە ئایدیۆلۆژییەی کەبەدوای خۆیدا دەیهێنێت، بۆیە توندو تیژی جیابوونەوەو دووبەرەکییە کۆمەڵایەتیەکە، دەبێتەهۆی بەرزبوونەی ئاستی ململانێی ئاشتیانەو ئاشکرای نێوان حزبەکان، بەتایبەتی ئەگەر ئەو جیابوونەوانە مۆرکێکی ئایدیۆلۆژیان هەڵگرت، لەناو ئەو حزبانەی کەرکابەرو دژی سیستمن.

لێرەدا، هەردوو توێژەر (وینەر) و (لا پالومبارا) دەگەڕێنەوە بۆ جیاکردنەوەکانیان - کە پێشتر ئاماژەی پێدرا - لەنێوان (حزبە ئایدیۆلۆژیەکان) و (حزبە پراگماتیکیەکان) و دەڵێن، ئەو سیستمانەی مرۆکێکی ئایدیۆلۆژیان هەڵگرتووە (چ سیستمی گۆڕانخوازبن، یان سەرگەورەیی)، ئەو سیستمانە بەبێ شێوازەکانی سەرکوتکردن، تواناکانیان کەمتر دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی ململانێیەکان، تاوەك سیستمە پراگماتیەکان، ئەگەر چی ئەو دوو توێژەرە باسیان لەوە کردووە، کە ئەو

حزبانەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیەکان دەردەبڕن، تاچەند لەتوانایاندایە ململانێ سیاسییەکان بەشێوەیەکی کاراو سەرکەوتووانە بەڕێوەببەن هەروەك لە وڵاتانی ئوسترالیاو هۆڵەندا هەیە...نموونەکەی – نەیجیریا – لەجیهانی سێیەم لەسەرەتای شەستەکاندا (سەدەی بیستەم) کەپەنایان بۆی برد بۆ سەلماندنی دروستی هەمان گوتە، بەڵام دواجار زۆری نەخایاند ڕووداوەکانی ناراستی و هەڵەی ئەو بۆ چوونەیان سەلماند، لەڕاستیشدا، ئەو حزبانەی بناغەکانیان، هەرێمایەتی یان تائیفی یاخود ئاینیە لەجیهانی سێیەمدا، ئەوانە وەك ئامراز دەمێننەوە بۆ ڕێگرتن لەپرۆسەی تەواوکاری نەتەوەیی، لەدوایشدا، دەبنە کۆسپ لەبەردەم پرۆسەی تازەگەریتی و گەشەپێدانی سیاسی، لەپاشاندا کارەساتی سیستەمی سیاسی لەوڵاتی لوبنان، وەك بەڵگەی سەلمێنراو (لەحەفتاو هەشتاکانی سەدەی بیستەم) خراوەتەڕوو بۆ هەمان گریمانە. هەروەها ئاماژە بۆ بیرۆکەی (دابەشکردنی کارکردن بەهێزی سیاسییەوە) دەکرێت، وەك شێوازێك بۆ ئەوەی مۆرکی میانرەوی بخرێتە سەر توندرەوی حزبە ئایدیۆلۆژییەکان، (بەو حزبانەشەوە کەدژایەتی سیستەم دەکەن)، ئەمەش وادەکات کەتواناای زیاتریان هەبێت بۆ بەشداریکردن لە پەیوەندییەکانی مامەڵەکردن و سەودا لەسەر ئاستی نەتەوەییدا. ئەوەی سەرنجی – سارتوری – رادەکێشا لەم بارەوە ئەوەبوو کە حزبی شیوعی ئیتاڵی هەموو هێزێکی سیاسی بەدەستەوەبوو، کە پێویستی پێی بێت – تاکەمتر لەو ئاستەی کەببێتە هۆی گەندەڵی دەسەڵات – لێرەدا سارتۆری ئاماژە بەوە دەکات کەکۆمۆنیستە ئیتالییەکان تووشی بێ ئومێدی یان دەستخەرۆیی نەبوون بەهۆی بەشداری نەکردنیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا، لەبەرئەوەی – لەئاستی نەتەوەیی بەخوارەوە – هەزاران کادیرو

سەرکردەی شیوعی چەندین پلەو پایەیان گرتۆتە دەست، چ بەرێگای هەڵبژاردن بێت یان بەدامەزراندن، لەکاتێکیشدا ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کە حزبی شیوعی بەشدار بێت لەچارەسەرکردنی ململانێی سیاسی لەسەر ئاستی نەتەوەیی، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەتوندی و دژایەتی حزبی بەرامبەر بەسیستم کەمکردۆتەوە.

لەکۆتاییدا، دەمێنێتەوە ئەوەندەی پەیوەندی بەکۆمەڵگە دابەشبووە توندەکانەوە هەیە، کەلەتواناادا هەبێت حزبێکی تاکی سیاسی سەر هەڵبدات، ئەو حزبە نەك تەنها بەسەرکوت کردنی حزبە ئۆپۆزسیونەکان هەستێت، بەڵکو بشتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو رێکخراوو گردبوونەوە لاوەکیەکاندا بچەسپێنێت و لەناویان ببات، ئەزموونی وڵاتانی ئەفریقیا لێرەدا ئەوە دەسەلمێنێ کەسیستمی تاك حزبی ئاراستەی بەرەو سەرکوتکردنی هەموو کۆمەڵە لاوەکیەکان بووە، هەر چەندە دروشمە ئاشکراکان پێچەوانەی ئەوەیە، بەجۆرێك تەنها رێگای رەخساو لەبەردەم سەرکردەکانی ئەم کۆمەڵانە قبولکردنە بەفەرمانی حزبی خاوەن دەسەڵات.

دووەم: دووەم بنەما کەحزبەکان پشتی پێ دەبەستن بۆ بەرێوەبردنی ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، پەیوەستە بەجۆری سەرکردەی حزبەکان، واتە بەئاراستەو بیروبۆچوون و کارامەییەکانی ئەو سەرکردانە، لەوڵاتانی دواکەوتوودا – بەتایبەت – بوونی ژمارەیەك (ئەگەر کەمیش بێت) لەسەرکردایەتیە هۆشیارو بەتواناکان، کاریگەرییان لەسەر بەرێوەبەردنی ململانێی سیاسی هەبێت بەجۆرێکی کارا، لەم بارەیشەوە بێگومان پاش خان و ئەزموونی سەرکردەکان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ململانێیەکان بابەتێکی

گرینگ دەبێت. یادەوەری ململانێیەکان لەرابردوودا بەزۆری کارتێکردنی لەسەر رەفتاری ئێستادا دەبێت.

ئەو تاکە کەسانەی لەناو سیستمێکی سیاسی پڕ کودەتاو تیرۆروگرتن و چەوساندنەوەی سیاسی و لەناو بزووتنەوە نهێنیەکان گەورەدەبن، ئەوانە ئامادەنین کەلەکەش و هەوایەکی سیاسیدا کاربکەن، جەخت لەسەر دیالۆکی ئاشتیانە و لۆجیکیانە بکەن، هەروەها بزوتنەوە نەتەوایەتیە توندوتیژەکان — بەتایبەتی — ئەگەر هاتوو توندو تیژییەکە ئاراستەی سەرکردە خۆماڵییەکان کرابێت لەلایەن دەسەڵاتداری ئیستعمارەوە، ئەوا بەگشتی چەشنێکی پراگماتیکیانەی سازشکار لەسەرکردە بەرهەم ناهێنێت، تەنها لەچەند حاڵەتێکی دگمەنیش نەبێت، ئەوا سەرکردە حزبیەکان لەوڵاتانی دواکەوتوودا ئەو ئامادەکی و لێهاتووییەیان نیە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەدەنگەوە بین، چ بۆ فشارەکانی بنکەکانی خوارەوە یان بۆ ئەو بژاردە رکابەرەی کەرەنگە بوونی هەبێت.

سێیەم: توانای حزبەکان لەسەر بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی، کاریگەر دەبێت بەرادەی فراوان بوونی بنکە جەماوەرییەکەیان و پلەی ئاشکرایی کارەکانیانەوە، فراوان بوونی بنکەی جەماوەری حزب و ئاشکرایی چالاکیەکانیش دوو لەومەسەلانەن کەحزب تووشی پەرتەوازەیی دەکەن، یانیش رەنگدانەوەی دابەش بوونە کۆمەڵایەتیەکانی بەسەردا دەردەکەوێت، بەڵام لەروویەکی دیکەوە، واگریمانە دەکرێ کەشۆربوونەوەی حزبی دەسەڵاتدار بەرەو ئاستە هەرێمایەتی و ناوچەییەکان و لەخۆگرتنی کەمایەتیە ئەتنیەکان و بژاردە جیابووەکان، دەرفەت دەخولقێنێت، بۆ بەدیهێنانی تێربوون و داواکاری کۆمەڵە جیاجیاکان، هەروەها هەوڵی چارەسەرکردنی

ناکۆکییەکانیش لەسەر ئاستەکانی خوارەوەی سیستم فەراهەم دەکات، هەرکاتێکیش ئەوکێشانە لەسەر ئاستی دەسەڵاتە خۆجێییەکان، یان لەسەر ئاستی بنکەکانی خوارەوەی حزب چارەسەرکران، ئەوا ئەرکەکان لەسەر شانی حزبی نەتەوەیی و حکومەتی نەتەوەیی کەم دەبێتەوە دەربارەی چارەسەرکردنی ململانێیەکان..بۆ نموونە – لەهیندستان بوونی چەندیەکەیەکی حزبی گۆنگرە لەسەر بنچینەیەکی لامەرکەزی سنورفراوان کە لەچوارچێوەی سیستمێکی فیدرالی کاردەکەن، ئەو حالەتە وایکرد بتوانرێ کۆتابهێنرێت بەململانێیە ناوچەیی و هەرێمیەکان، بەبێ ئەوەی حکومەتی ناوەندی بەرەو ڕووی هەڕەشەبکات، بەپێچەوانەی ئەو حالەتەش بەهۆی نەبوونی چەند پرەنسیپێك کە ڕێککەوتبن لەسەری، بۆ چارسەرکدنی ململانێیەکان لەنێوان هەرێمە جیارازەکانی وڵاتی ئەندۆنوسیا، ئەمە بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێیەکان تارادەی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی.

چوارەم: هەر لەم بوارەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کەپێی دەوترێ– تێچووی شکستی – وەك توخمێکی تری کاریگەر لەسەر توانای حزبەکان بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە ئەگەر کەسی سیاسی بەزیو، هیچ فەرمانێك یان پلەو پایەکی ئالتەرناتیفی دیکەی نەبێت، یاخود هیچ سەرچاوەیەکی جێگرەوەی دەرامەتی نەبێت، بەڵکو تەنها ئەو داهاتەی کە لە ڕێگەی کاری سیاسییەوە بەدەستی دەکەوێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم جۆرە کەسێکی بێ ئومێدی ناسازش کار لەوسیاسەتەدا دەبین.

بەپێچەوانەشەوە، ئەو سیاسەتمەدارەی کە ئاگادار دەبێت لەسەر نەکەوتنی چ لە ناو حزبەکەی خۆی بێت، یان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، ئەوا جێگای کاری دەگۆڕێ بۆ شوێنێکی دیکەو کارێکی دیکە، یان پلەیەکی شەرەفمەندانەی تر وەردەگرێت — نموونەی پێگەی بالیۆزێك — یاخود دەگەڕێتەوە بۆ سەرپیشەکەی خۆی وەك پارێزەرێك، یا ئەوەتا بەکارێکی کارگێڕی هەڵدەستێت، ئەو کەسانە، ئامادەییان تێدا دەبێت، ئەو بەزینەی کەلەبواری سیاسەتدا تووشیان دەبێت بەهەندێ قایلبوونەوە وەری بگرن.

بەو شێوەیە، ئەرك و فەرمان دەرگایەکی دەربازبوون دەبێت بۆ ئەو سیاسەتمەدارانەی خانەنشین کراون، بەوانەشەوە کەئەندامن لەئەنجوومەنە بالاکانی وەك پەرلەمان و حکومەت.

پێنجەم: توانای حزبەکان، یان سیستمە حزبیەکان لەسەر بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا، پەیوەست دەبێت بەجۆری ئەو پەیوەندییەی کەلەنێوان حزبەکان یان سیستمە حزبیەکاندا هەیە لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت، واتە ئەگەر حزبێك یان (چەند حزبێك) تەنها بەشێوەیەکی کردارانە دەستیان بەسەر دام و دەزگاکانی حکومەتدا گرت (نموونەی دامەزراوە بیروکراسییەکان) هەروەها ئەگەر ئەو دەست بەسەرداگرتنە بەشێوەیەکی هاوسەنگ هاتیتە دی، ئەوا هەردوو حاڵەتی، کۆنترۆلکردنی زۆر لاواز، یان کۆنترۆلکردنی زۆر بەهێز، گوزارشت لە مەسەلەیەکی نەرێنی دەنوێنێ لەچاو بەڕێوەبردنی ململانێدا.

● حاڵەتی یەکەم: واتە لاوازی کۆنترۆلکردنی حزبی بەسەر کاروباری دەسەلات، هەروەك لە ولاتانی ئەمریکای لاتینی دەردەکەوێت، لەو ولاتانە نموونەی زۆرمان هەیە کەپرۆسەی سیاسی تێدا تووشی کۆسپ و

تەگەرە هاتووە، چ لەماوەیەکی درێژخایەندا بێت یان کورت خایەن، ئەویش بەهۆی نەبوونی سیستمێکی حزبی توانای بەڕێوەبەردنی کاروبارەکانی هەبێت، ئەگەر لەبواری دانانی بەرنامەو کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی بێت، یان شەرعیەت خستنەسەر دەرهاویشتەکانی سیاسەتی گشتی بێت، جیابوونەوەی حزبەکانیش لەبژاردەی دەسەڵاتدار لەهەردوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن وبیروکراسی و هێزی چەکدار...دەبێتە هۆی ئەوەی کەئەو لایەنانە چاڵاکیەکانیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ پیادە بکەن و بەبێ ڕەچاو کردنی ویست و داواکانی حزبەکان.

سیستمە سیاسییە رۆژئاواییەکان، چەند نموونەیەکی جیاواز دەخەنە روو دەربارەی ئاسەوارەکانی شکست هێنانی سیستمی حزبی لەهێنانەدی دەسەڵاتێکی لەبار بەسەر بیروکراسییەتدا، زۆرجار، ئەڵمانیا لەسەردەمی کۆماری فیمار، وەك حاڵەتێکی بەڵگە نەویست دەخرێتە روو، وەك نیشانەیەك بۆ ئەو ئاسەوارە نەرێنیانەی بیرۆکراسییەت کەدژی سیستمێکی سیاسی دیاریکراو بەشێوەیەك لەشێوەکان، پابەندە بەروخاندنیەوە.

(بەهەمان شێوە) قەیرانە گەورەکانی کۆماری سێیەمی فەرەنسا، ئەو هەڵوەێستانە ئاشکرادەکەن کە لەمیانەیاندا، مەترسییەکانی هەڵوەشاندنەوەی سیاسی، لەئاکامی فەرامۆشکردنی حزبی سیاسی بۆ رامکردن و هێنانە ژێرباری بیرۆکراسییەتی سەربازی و مەدەنی، روویان لەهەڵکشان کرد.

●حاڵەتی دووەم: دەربارەی ئەم حاڵەتە، واتە بەهێز بوونی دەسەڵاتداری حزب،

لەڕووی تیۆرییەوە – دەکرێ – دەسەڵاتی حزب لەسەر دام و دەزگا بیرۆکراسییەکان لەسیستمە ڕکابەرییەکاندا بگاتە ڕادەی ڕێگرتن لەبەڕێوەبردنێکی چالاکانە بۆ ململانێی سیاسی، ئەو شێوازەش لێرەدا بەپێی زاراوەکانی (وینەر) و (لاپالومبارا)، خۆی لەسیستمە باڵادەستەکان دەنوێنێ (چ سیستمی ئایدیۆلۆژی بێت یان پراگماتیکی ئەگەر چی لایەنی ئایدیۆلۆژی زاڵترە) کەزاڵبونی تەواوی حزبێك یان کۆمەڵە حزبێك، دەبێتە هۆی دەست داگرتنی (ئیستعمارکردن) تەواوی دەزگای بیروکراسیەت، هەروەها لەحاڵەتی بوونی (هاوپەیمانیەتیەکی حزبی) ئەو لایەنە دەسەڵاتدارانە بەو ئاراستەیە دەڕۆن کەبیروکراسیەتی نەتەوایەتی (دام و دەزگاکانی) بۆ چەند بەشێك (کانتۆن) لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن و کارپێکردن و بەرزبوونەوەی پلەوپایە لەهەموو ئەو کانتۆنانە، پشت بەپێوەرە حزبایەتیە تەسکەکان دەبەستێت، هەروەك چۆن پراکتیکردنی سیاسەتیش لەهەریەك لەوکانتونانە دەبێت پشت بەستن بێت بەپێی ڕێ و شوێنە حزبیەکان، زیاتر لەوەی ڕەچاوی لایەنە نەتەوایەتیەکان بکات، ئەو چارەسەرییە تەباگەریانەی کەئەندامی هاوپەیمانیەتەکە پێی دەگەن لەبواری یاساو بنەما تەشریعیەکانیش تووشی شێواندن و پچڕپچڕی دەبن لەسەر ئاستی جێبەجێکردن و کارگێڕییەوە.

ئەو جۆرە بارودۆخە، پاڵ بەهێزە سیاسییەکانی دیکەوە و بەتێکڕای گەلیشەوە دەنێت، کەوا تەماشای بیروکراسیەت بکەن وەك ڕاستیەکی ناجیاواز لەحزبی دەسەڵاتدار، لەئاکامیشدا بێ توانابێت یان نەخوازێت وەك دەزگایەکی جێبەجێکار بێلایەن بێت لەڕووی سیاسەتی گشتیەوە، یان وەك نێوبژێکار لەنێوان کۆمەڵە ناکۆکاندا کاربکات.

ئەم چەشنە لەدەسەڵات، لەگرژییە کۆمەڵایەتیەکان کەم ناکاتەوە ( بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی تووشی دابەش بوونی قوڵ هاتوون) بەڵکو ئەو گرژیانە توندتر دەکات، لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیستعمار کەدەزگاکانی دەوڵەت بەهێز بوو، زۆر جار حزبە ناسیونالستەکان، حکومەتگەلێکی هاوتەرییان پێکهێناوەو لەسەر ئاستی ناوچەیی، ئەرکەکانی پۆلیس و کارگێڕی و فێربوون و خۆشگوزەرانیان لەئەستۆگرتووە، ڕەنگە حزب بەردەوام بوو بێت لەسەر هەندێ لەو ئەرکانە پاش سەربەخۆیش، بەڵام — لەڕاستیدا — ئەوە نەبووەتە ئەلتەرناتیڤ بۆحکومەت، بەڵام ئەگەر بونیادە کارگێڕییەکانی پاشماوەی سەردەمی ئیستعمار زۆر لاواز بوو بن- نموونەی وڵاتی غینیا — لەم بارەدا ئەو هێڵەی حزب لەحکومەت جیادەکاتەوە زۆر لاواز دەبێت، حزبیش بەتێکڕای ئەو چالاکیانە هەڵدەستێ کە حکومەتەکان لەزۆربەی کۆمەڵگاکان پێی هەڵدەستن، ئەو ئەنجامە گشتیەی کەبەدوای ئەم دۆخەدا دێت، ئەوەیەکە ئەو دام و دەزگا حکومییانەی هەیە، لەلایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە، دەبنە بەشێك لەکاری سیاسیدا، لەگەڵ ئەگەری بەکارهێنانی تواناو هێزی دەزگاکانی حکومەت بۆ ڕێگرتن لەگەشەکردنی زۆرتری دیموکراسیەت.

بەڵام بارودۆخی ئەو ناوچانەی کەپێشتر لەژێر دەسەڵاتی ئیستعمار بوونە، ئەوا بەهێزترین یەکەکان — دامەزراوەکان — لەسیستمی سیاسیدا، بریتین لەدەزگاو دامەزراوە بیروکراسیە مەدەنی و سەربازیە توکمەکان، بەبژاردەو تێڕوانینە تایبەتیەکانیانەوە لەمەڕ ئایندەی وڵات و ئامانج و خواستەکانیان لەبارەی یەکەمایەتیەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی.

هەرکاتێکیش کەسیستمی حوکمڕانی بیروکراسی بەهێز دەبێت، لەکاتێکدا لقەکانی جێبەجێکاری و یاسادانانی دەسەڵات تازەن و هێشتا ڕەگ و

ریشەیان قوڵ نەبۆتەوەو حزبە سیاسییەکانیش زۆر لاوازن، ئەوا چەند هەل و مەرجێکی نموونەیی دێتەکایەوە بۆ زاڵبوونی دەوڵەتە نوێیەکان بە هۆی دەزگا بیروکراسیەکانەوە، ئەم جۆرە سیستمە حکومرانیە بیروکراسییە دەتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەم گەشەکردنی ژێر خانی دیموکراسیەت، ئەویش لە ڕێگەی بەستنەوەی گروپەکانی بەرژەوەندی بە خۆیەوە، بە جۆرێك — لە دوایدا — تەنها ئامراز گەلێك بۆ بیروکراسیەت پێکدەهێنن. تێکرای ئەو دۆخەش وادەکات سەرانی بیروکراسی برژاردەیەکی بە هێزی ڕکابەر پێك بهێنن بەرانبەر سەرکردەکانی حزبە سیاسییەکان، هەروەها لە چەندین وڵاتی سەربەخۆ تازەکانیشدا، بیروکراسیەتی مەدەنی سەربازی، دژایەتی خۆیان بەرامبەر ئایدۆلۆژیا و بەرنامەکانی حزبە سیاسییەکان دەربریوە، زۆر جاریش هەوڵیانداوە بنچینەکانی بەرنامە حکومیە چاکسازییەکان لە ڕەگەوە هەڵتەکێنن، بەڵکو سیستمی خودی حزبیش بروخێنن.

## باسی دووەم:

## حزبەکان و بەشداری سیاسی.

ئەگەر داخوازی بەشداریکردنی سیاسی لەلایەن زۆرترین و فراوانترین چین و توێژەکانی دانیشتوانەوە گوزارشت بێت لە یەکێك لە سیما بنەرەتیەکانی تازەگەری سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی، ئەوا بێگومان حزبە سیاسییەکان، چوارچێوەیەکی زۆر گرنگ و لەبارتر دەخەنە روو بۆ بەدیهێنانی ئەو بەشداریکردنە. ئەو دواکاریانەش کە بۆ بەشداریکردنی (لە قۆناغی دیاریکراودا) چینە بورژوا بچوکەکان و توێژە ناوەڕاستە جۆراوجۆرەکانی شار بەرزیان دەکەنەوە، بەمەبەستی وەرگرتنی دەسەلآت لە بژاردە ئوروستوکراتیەکان و دەسەلآتی ئیستعماری، ئەو حالەتە زۆر ناخایەنێت پەل دەکێشێت بەرەو توێژو بەشەکانی خوارەوتر، لە ناو چینە لادییەکان و کرێکارانی شار، سەرەرای بە شارستانی بوونیش بە شێوەیەکی تایبەت، هەروەها فراوان بوونی پەیوەندیکردنی جەماوەری و بلآوبوونەوەی فێرکردن. بەلآم سەرهەلدانی خودی حزبەکان، رەنگە ئارەزوو بخاتە بەرتاکەکان بۆ کارکردن لە بواری سیاسەت و بەشداریکرن لە چالاکیەکاندا، مادامێك ئەو پێشبینی و خواستەیان بەلاوە فەراهەم بووە کە بەشداریکردنیان پەیوەست دەبێت بە بریارو لێهاتووییەکانیانەوە، نەوەك تەنها بەهۆی رەگە کۆمەلآیەتی و چینایەتیەکانیانەوە بێت، بۆیە کارێکی ئاساییە کە دەسەلآتی تازە دامەزراوی حزب پاش ماوەیەکی کەم لەسەرکوتکردنی سیاسی رووبەرووی بەشداریکردنی جەماوەری زۆرتر دەبێتەوە نەك کەمبوونەوەی.

بەلام تەنها بوونی حزبەکان یان سیستمی حزبی، دەستەبەرکردنی بەشداریکردنی سیاسی مسۆگەر ناکات، بەلکو – بەپێچەوانەوە – لە وێدا چەندین حزب و سیستمی حزبایەتی هەن رێگر دەبن لە بەردەم داواکاری بەشداریکرن لە ژیانی سیاسیدا.

ئەگەر چی دیارترین هۆکارەکانی ئەو بەدەنگەوە هاتنە رەتکراوەیەی بەشداریکردنی سیاسی بۆ پارێزگاریکردن بێت لە دەستکەوتەکانی چینە دەسەلاتدارەکان و ئیمتیازە ئابوری و پێگە کۆمەلایەتیەکانیان، لێرەدا هەردوو شارەزا (وینەر) و (لاپالومبارا) ئەو هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکەش، کە پەیوەندییان بەسەرکوتکردن و رێگرتن هەیە لە بەشداریکردنی سیاسی لە سێ حالەتدا کۆی دەکەنەوە، کە پێشتر لە ولاتە پێشکەوتووەکان روویانداوە، هەروەك دواتر لە ولاتە دواکەوتووەکانیش روویاندا، لە میانەی هەولەکانیان بۆ تازەگەریتی و گەشەپێدان:

- یەکەمین ئەو هۆکارانە پەیوەستە بە سیستمی بەهاکانەوە، کە بژاردەی دەسەلاتدار دەیگرێتە خۆی، کاتێ سیستمی حزبایەتی دەردەکەوێت، هەرچیەکیش بێت ئەو بەهایانە (سروشتی، ئاینی، کۆمەلایەتی....هتد) ئەویش ئەگەر مرۆڤ وابروانێتە بەشداریکردنی زیاتر، کە جۆرێکە لە هەرەشە بۆ ئەو بەهایانە.
- دووەم هۆکاریش کە پەیوەندی بەهۆکاری پێشوتر هەیە، ئەم هۆکارە پەیوەستە بەرادەی ئەو کۆدەنگییە باوەڕەی لە ناو کۆمەلگادا هەیە، دەربارەی گرینگی پارێزگاریکردن لە سیستمی نوێنەرایەتی لەناو ئەو سیستمە پلە بەندییەی بەهاکاندا، بەمانای ئەوەی ئەگەر بیرۆکەی حوکمرانی نوێنەرایەتی هەلگری ئەولەویەتێکی دواکەوتووبێت بە

بەراورد لەگەڵ ئەو بەهاو نەریتانەی کە توێژی بژاردە پیادەی دەکات، ئەوە دەکرێ پێش بینی دوو دڵنیەك بکەین لە رازیبوون بە بیرۆکەی فراوانبوونی بەشداری سیاسی، هەروەها ئەگەر وا تەماشای داواکاری فراوانبوونی بەشداریکردن بکەین کە هەرمشە گەلێکی راستی بن بۆ بەها بەرزو گرینگەکان، ئەوا سەرکوتکردن و رێگرتن وەڵامی چاوەروانکراو دەبێت بۆ ئەو داواکارییە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر (حکومرانی نوێنەرایەتی) باڵاترین بەهابێت لای بژاردەی دەست رۆیشتوو، ئەوا چاوەروانی رێگرتن یان سەرکوتکردن دەکرێت لەئاست هەر داواکارییەك کە بەمەبەستی بەشداریکردن بێت لەلایەن ئەو کۆمەڵانەی کەبە ـ دژی سیستم ـ ناسراون، ئەگەر دیاردەکە لەناو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، لەهەڵوێستیان بەرامبەر لایەنی راستڕەو یان چەپی توند بەدەربکەوێت، ئەوا هەمان هەڵوێست لەچەندین وڵاتی دواکەوتووی تازەپێگەیشتوو، لەبەرامبەر گروپە نەریتگەریەکان وەك هۆزو گروپە خۆجییەکان و دیاردە ئاینیەکان، سەرهەڵدەدات.

• بەڵام هۆکاری سێیەم، کەمۆرك و خەسڵەتی سایکۆلۆژی هەڵگرتووە، ئەو گریمانەیە دەگرێتە خۆی کەدەستەبژاردە نوێیەکانی ناوکۆمەڵگە، ئەوانی لەسێبەری سیستمی حزبی کاردەکەن، بەلایانەوە ئەستەمە ـ لەگەڵ بەشداربووانی نوێی سیاسەت ـ هێزی سیاسی، یان دەسەڵاتی سیاسی دابەش بکەن، ئەودەسەڵاتەی کەوا پێویست بوو خۆیان (واتە بژاردە نوێیەکان) لەژێر دەستی سیستمی کۆن دەری بهێنن.

ئەم دیاردەیە ئەگەرچی پێشتر لەئەورووپای رۆژئاوا روویداوە، ئەوا پەلی هاویشتووە تاوەکو کاردانەوەکانی لەمەڕ بەشداریکردن بگرێتە خۆی لای ئەو

دەستە بژاردە خوێندەوارە بە خوێندن و رۆشنبیری رۆژئاوایی لەهەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیا کەواش دیاربوو ئامادەنین بەپێی ئەو پرەنسیپانەی کەپێشتر ئاستەنگیان خستبووە سەرخەبات و تێکۆشانیان لەدژی ئیستعمارو هێزە نێوخۆییەکانی تر کاربکەن، رەنگە بتوانین بڵێین کەیەکێك لەکێشەکانی وڵاتانی گەشەسەندوو ئەوەیە، ئەوەی یەکەمی ناو ئەو بژاردانەی کە لەچوارچێوەی سیستمی حزبی کاردەکەن، بەرەو رووی چەند داخوازییەك دەبنەوە بۆ بەشداریکردنی سیاسی، پێش ئەوەی ئەم ئەوەیە دەرفەتێکی ماقووڵانە وەربگرێ بۆ پێکهێنانی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی حزبی.

بەڵام بەدەنگەوەهاتنی پۆزتیڤانە (ئەرێنی) لەلایەن حزب و سیستمە حزبیەکانەوە بۆ داواکاریەکانی بەشداریکردن لەژیانی سیاسیدا، دەکرێ بەپێی زیاتر لەپێوەرێك شیبکرێتەوە، وەك – پلە – وشێوەی ئەو بەشداریکردنەی کەرێگەی پێدراوە، هەروەها جیاوازی تواناى سیستمە حزبیە جیاوازەکان، لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بەشداریکردنە.

لەرووی – پلە – یان شێوەی ئەو بەشداریکردنەی کەرێگەی پێدەدرێت، ئەوا جیاوازی دەکرێت لەنێوان بەشداریکردن لەرێگەی (خۆسازدان)و بەشداریکردن بەرێگەی (پەیوەندی حزبایەتی سنوردا) و بەشداریکردن لەرێگەی (پەیوەندی حزبایەتی تەواو):

بەشداریکردن لەرێگەی (خۆسازادان) لەبنچینەدا دەخرێتە پاڵ تاك حزبی، ئەو کارەش – لەسەرەتادا – ئەوە دەگەیێنێ کەلەرووی مێژووییەوە راست نیە خۆمان رادەستی ئەوگریمانەیە بکەین کەسیستمە تاك حزبیەکان هەرداواکردنێك بۆ بەشداریکردن سەرکوت دەکەن، بەڵام دەوڵەتی تاك حزبی (لەراستیدا) پێی خۆشە، بەڵکوهانی بەشداریکردنی سیاسیش دەدات،

ئەویش کاتێ ئەو کارە دەکات ئەوە بەپێی سنوورێکی تایبەتمەندو شوێن و ڕێکاری وردی دیاریکراو دەیکات، لێرەدا ژمارەیەك لە توێژەران پێیان وایە، کەزاراوەی (بەشداریکردن) وردنیەو چاکتروایە لەجیاتی ئەوە دەستەواژەی — بەشداریکردن بەپێی چەند مەرجێك (بەستراو)، یان — خۆسازدان — بەکاربهێنرێت، بەڵام هەرچییەك بێت ئەو زاراوانەی بەکار دەهێنرێن لەباسکردندا، بیرۆکە کە ئەوەیە کەسەرکردایەتی تاك حزبی گرینگی بە کارتێکردن لەسەر ئاراستە سیاسییەکان و ڕەفتاری دانیشتوان بەگشتی دەدات، هەروەها حزب شان بەشانی هێزە سەرکوتکارەکانی دەوڵەت و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە بەکاریان دێنی، ئەو سەرکردایەتیە بەهەمان شێوە گرینگی دەدات بەدەرخستن وبەرزکردنەوەی سیماو ڕوخساری — بەشداریکردنەکە — بەبێ ئەوەی — لەهەمان کاتدا — وازبێنێ لەزاڵبوونی بەسەر هێزەکاراکانی ناو سیستەمی سیاسیدا.

ئامانجی — خۆسازدان —یش گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و قوڵکردنەوەی ئینتیماو پێدانی شەرعییەت بەدەسەڵاتە، هەروەها توێژی — ئولیگارشی — دەسەڵاتدار هەوڵدەدات بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری جەماوەری بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایشی تایبەتمەندی خۆی و چاککردنی وێنەی دەسەڵاتەکەی لەدەرەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە ئایدیۆلۆژیایەکی میللیانە بخاتە ڕوو، بەو باوەڕەی کەبەشداریکردنی جەماوەری، کارێکی چاکە لەخودی خۆیدا.

بەدەستەواژەیەکی دیکە، حکومەتی تاك حزبی، ئامرازێکی ڕاهاتووە بۆ ئاسانکردنی (خۆسازدان)ی جەماوەری، لەکاتێکدا دەبێتە کۆسپ یان ڕێگر دەبێت لە — بەشداریکردنی جەماوەری — بەپێی ئەو لێکدانەوەی کەلەسەری

ڕێککەوتوون بۆ ئەم زاراوەیە، چونکە سیستم ڕەنگە گرینگی بەگەشەپێدانی هەستی خود بدات بۆ بەشداریکردن، لەکاتێکدا بە – کردار – ڕێگە بەدانیشتوان نادات کە کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی گشتی و بواری کارگێڕی هەبێت هەروەها ئەو کسانە هەڵبژێرن کەبەکردەیی دەسەڵات دەگرنە دەست.

ئەوەی گرینگە لێردەدا ئاماژەی بۆ بکەین (ئەوەندەی پەیوەندی بە بەشداریکردنێکی کردەیی هەیە) لەڕووی جیاوازی نێوان حزبی تاك جەماوەری لەگەڵ حزبی کادیران، کەلەیەکێتی سۆڤییەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و چین بوونی هەبووە، (حزبی کادیر) ڕەنگە بەکردار ئەندامانی ئامادە بکات بۆبەشداریکردن لەحوکمڕانی، لە کاتێکدا ئەندامیەتی لەحزبی جەماوەری لەدەوڵەتی تاك حزبیدا، تەنها دەرفەتێکی کەمی بەشداری سیاسی بۆ ئەندام دەخولقێنێ (ئەگەر ئەو دەرفەتە هەبێتیش) لەگەڵ هەلی کار لەبواری سیاسیدا.

مەبەست لە (چالاکی سنووردارى حزبی) ئەوەیە کەسیستم ڕێگابە کۆمەڵە جیاجیاکان دەدات، بۆ ئەوەی حزبە تایبەتمەندییەکانیان ڕێکبخەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەر دەرفەتێکی حوکمڕانی و دەسەڵات بێبەشیان دەکەن و سنوورێك دادەنێن بۆ بەشداریکردنیان لەسیستم.

وەك دەردەکەوێت، چەندین وڵاتی ئەورووپی لەماوەی سەدەی نۆزدەدا، ڕێگەی بەرێکخستنی حزبە سۆسیالستەکان داوە، بەڵام بەپێی چەند مەرجێکی کۆتکراو، لەبەرامبەردا ڕێگە بەحزبە کەمایەتیەکان (زمانی و هەرێمی) دراوە، ئەوانی داواکاری جیابوونەوەیان هەبووە، کەرێکخستنیان هەبێت، لەگەڵ تێگەیاندنیان کە حکومەت ڕێگایان پێنادات بگەنە پێگە حکومیەکان، یان

داواکاریەکانیان بێتەدی، لەم ڕۆژگارەشدا و لەئەورووپای رۆژئاوا، حزبە فاشیست و پاشایەتیەکان، لەوە تێگەیشتوون – کەبەلای کەم لەسەر ئاستی نەتەوایەتی – بەئاسانی ڕێگایان پێنادرێت بگەنەدەسەلآت. هەر چەندە شێوازی – بەرەی میللی – و هاوشێوەی ئەو شێوازانەش دەرفەتیان بۆ حزبەکۆمۆنیستەکان رەخساندووە لەوڵاتانی فەرەنساو ئیتالیا بۆ بەشداریکردن لەدەسەڵات، بەڵام ئەو مەرجانەی کەلەسایەیاندا ڕێگەدراوە بەو بەشداریکردنە، چارەسەرگەلێکی مامناوەندو چەند سازشێکی ئایدیۆلۆژیانەی قورسیان تێدان، لەبارودۆخێکی وەهادا رەنگە (بەشداریکردن لەشێوازی ئینتمای حزبی سنووردار) بگۆڕێت بۆ شێوە سەرکووتکردنێك بەبیانووی پارێزگاریکردن لەخودی سیستمی پەرلەمانی، هەر لەهەمان بارودۆخداو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، ئەو دیاردەیە دەردەکەوێت کەلەلایەن (لابالومبارا) و (وێنەر)ەوە، ناوی لێنراوە حزبەکانی – نامۆبوون – واتا ئەو حزبانەی کەدەرفەتیان پێ نادرێت بەڕاستی بەشداری لەدەسەڵاتدا بکەن، لەگەڵ ڕێگەدان بەدامەزراندنی خودی حزبەکان. حزبی سیاسی نامۆ بوونیش (Alienated political party) ئەو حزبەیە کەزیاتر تاك تێکەڵ بەخودی حزبەکەدەکات، تاوەك ئەوەی تێکەڵی کۆمەڵگەی بکات بەگشتی، وەك دیاردەیەکی باو بەدیار دەکەوێت لەسیاسەتی ئەورووپیدا. حزبەکان (تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی) ئەوانە ( وەك ئەوەی – سیگموند نیومان ) ناویان لێدەنێت، خاوەن رۆژنامەی تایبەت بەخۆیانن، هەروەها چەندین خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، وەك چاودێری پزیشکی و دایکایەتی و منداڵبوون پێشکەش دەکەن، لەگەڵ یارمەتیدان لەحاڵەتەکانی مردن بۆ ئەندامەکان و خێزانەکانیان، سروودو دروشمەکانیان بەرەو ئاراستەی چاندنی هەستی

هەواداری دەبێ بەحزبەوە، یان بەچینێکی کۆمەڵایەتی یاخود بەکۆمەڵێکی ئاینیەوە زیاتر لەوەی چاندنی هەستی خۆشەویستی و هەواداری بێت بەرامبەر بەگەل و نەتەوەو سیستمی سیاسی حوکمڕانەوە، بۆیە ئەم حزبانە ئەندامەکانیان لەکۆمەڵگە بەگشتی نامۆ دەکەن، بگرە مۆرکێکی دامەزراوەییش دەبەخشنە ئەو نامۆبوونە.

بەڵام مەبەست لە (ئینتمای تەواوی حزبایەتی) پێدانی هەموو مافێکی بەشداریکردنی سیاسییە بەتاك و بەکۆمەڵان، چ بەڕێگای ئەو حزبانەوە بێت کەدامەزراون، یان بەدامەزراندنی حزبی نوێوە بێت، لێرەدا جیاکاری دەکرێت – دەربارەی چۆنیەتی لەخۆگرتنی لایەنە بەشداربووە تازەکان – لەنێوان ئەوەی کە حزبی دەسەڵاتدار ئامرازێکی ئایدیۆلۆی بێت وەك حزبی کۆمۆنیستی چین، یان ئامرازێکی هەڵبژاردن بێت وەك حزبی کۆنگرەی هیندستان.

جا ئەگەر حزبی فەرمانڕەوا، ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی هەبێت، واتە گرینگی بەبونیاد نانەوەی بەهاو رەفتارەکانی ئەندام و هاوڵاتیان بدات، ئەوە بەزۆری روو دەکاتە ئەو ئاراستەیەی کەئەندامیەتی لەو کەسانەبێت کەلەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی بن بەوردی، بەڵام ئەگەر سەرکردایەتی حزب لەبنەڕەتدا گرینگی بەبردنەوەی هەڵبژاردنەکان بدات، ئەوە بەرنامەکانی ئەو حزبە زیاتر – پراگماتیکی – دەبن، ئەگەری ئەوەش هەیە (ئەو حزبە) پەرە بە بەرنامەکانی خۆی بدات بۆ راکێشانی ژمارەیەکی زۆرتر لەناو خەڵکیدا، بۆیە، داواکاریەکانی بەشداری کردنی تازە بەدەنگەوە هاتنی گەورەتریان دەبێت لای ئەو حزبانەی کەئاراستەیەکی هەڵبژاردنیان هەیە، تا وەك ئەو حزبانەی خاوەن ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژیان هەیە.

هەندێ جاریش ویستی بردنەوەی هەڵبژاردن لای هەندێ حزب ئەوەندە توند دەبێت بەجۆرێك بەهۆی هەڵپەی سەرکەوتن لەپابەند بوون بەئایدیۆلۆژیا کەم دەکاتەوە، لەوحاڵەتانەی کە ڕێگا دەدرێت بەبەشداریکردنێکی تەواو، ئەوەیان تەماشای ئەو فراوانبوونەلەبەشداریکردن ناکرێت وەك هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەرمانەوەی سیستم، یاخود پابەند بوون بەخودی بەشداریکردنەکە ئەوەندە بەهێز دەبێت، بەجۆرێك زاڵ دەبێت بەسەر هەر جۆرە هەڕەشەیەك کەڕووبەڕووی سستم، یان ڕووبەڕووی بەهاکانی بژاردەی دەسەلاتدار دەبێتەوە، هەروا لەبەر ئەوەی هیچ کامێك لەو دوو مەرجە بەزۆری جێ بەجێ نابن، ئەوا زۆربەی ئەو نموونە مێژوویی و هاوچەرخانەی کە دەکرێت ئاماژەیان بۆ بکرێت، بۆ بەدیهێنانی ئەم چەشنە خۆ گونجاندنە، یان بۆ بەدەنگەوە هاتنی تەنگژەی بەشداریکردنەکە، ناگەنە ئامانج.

لەلایەکی دیکەوە، جیاوازی هەیە، لەنێوان سیستمە حزبیە جیاکان، دەربارەی تواکانیان لەجێبەجێ کردنی ئەو بەرشداریکردنە، دەبینی لە سیستمە حزبیە (نارکابەرەییەکاندا)، یان لەبنچینەدا لەسیستمی تاك حزبیدا، هێزە کۆمەلایەتیە نوێیەکان، تواناى بەشداریکردنیان نابێت لەسیتسمی سیاسیدا، تەنها لەرێگەی پەیوەندیکردن نەبێت بەحزبەکەوە، بەمەش ئەو دەروازانەی کەئەم سیستمە دەیان ڕەخسێنێ (بەپێچەوانەی سیستمە رکابەریەکان) خەسڵەتی ساکاری و نائالۆزییان هەڵگرتووە، کە نالە ڕەخساوەکانیشی بۆ کۆکردنەوەی هێزە کۆمەلایەتیە نوێیەکان سنووردارن، هەروەها سەرکردەکانی ئەو سیستمە دەتوانن ئاستێکی بەرزی دەسەلاتداری بەکار بهێنن بۆ زاڵبوون بەسەر ئامادەکردنی کۆمەڵە تازەکانی ناو سیستمەکە، بەلام ئەو سەرکردانە ملکەچی فشارە رکابەرییەکان نابن لەپێناو ڕاکێشانی جەماوەرو مسۆگەرکردنی

بەردەوامبوونیان لەدەسەڵاتدا، هەر چەندە توانای کونترۆلکردنیان لەسەر خۆسازدانی سیاسی، یارمەتیان دەدات بۆ پەلەکردن لەتێکەڵکردنی کۆمەڵە ئەتنی و ئاینی و هەرێمایەتیەکان لەناو سیستمدا، بەپێچەوانەی سیستمی رکابەری - فرەیی - کەبە هۆی هەوڵی هەر حزبێك بۆ ڕاکێشانی گروپە تایبەتەکان، وادەکات کە ئەگەرەکانی دابەشبوون و جیاوازییە رەگەزی و ئاینیەکان زیاتر بێت.

لێردە، هاوبەندییەك هەیە لەنێوان هێزو توکمەیی حزبی تاك و نێوان توانای بۆ بەدیهێنانی بەشداریکردن و جێکردنەوەی هێزە کۆمەڵایەتیە تازەکان، بەتایبەتیش هێزی جوتیاران، چونکە زیاد بوونی تواناکانی بەشداریکردن بەستراونەتەوە بەزیاد بوونی توانای حزبەکە، دیارە پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەڵام کۆششی زیاتری حزبی تاك بەرەو کۆکردنەوەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان بەبەردەوامی ڕەنگە حاڵەتی (هەمەلایەنی) لێ بکەوێتەوە لەسەر حسێبی لاواز کردنی (یەکگرتوویی) و (دسپلینی حزبی)، جا ئەگەر لەبارێکدا چەند گروپێکی دیاریکراو لەحزب دوور خرایەوە، ئەوە دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لەیەکگرتوویی حزب، بەڵام لەسەر حسابی پاوانکردنی بۆ بەشداری کردنی سیاسی و هاندانی مومارەسەی سیاسی توندو تیژی ئاراستە کراو بۆ روخاندنی خودی سسیستم. بۆیە سیستمی تاك حزبی کەمزیاتر سەرکەوتووە بەلەخۆگرتنی هێزە کۆمەڵایەتیە هەڵکشاوەکان زۆر جار روو دەکاتە پەیداکردن و پەرەپێدانی چەند شێوازێکی فەرمی و نافەرمی لەرێکخستنی توێژو کەرتە کۆمەڵایەتیەکان، لەمەشدا ئەگەر نەیتوانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە تازانە یان ئەوانەی لەزیاد بووندان بگرێتە خۆی، ئەوا یان سیستمی تاك حزبی کۆتایی پێ دێت (وەك ئەوەی لەتورکیا روویدا ساڵی

١٩٤٦ بەدواوە) یاخود سیستم بەردەوام دەبێت و لەئاکامیشدا رووبەرووی ناسەقامگیری دەبێتەوە.

بەڵام لەچوار چێوەی سیستمە رکابەرییەکان، گریمانەی ئەوەش دەکرێ کە شێوە جیاوازەکانی ئەو سیستمانە پەیوەست دەبن بەچەند شێواز گەلێکی جیاجیا بۆ بەشداریکردن، کەچی (هینتنگتون) لێرەدا گریمانەیەك دەخاتە ڕوو، ناوەرۆکەکەی ئەوەیە کە رکابەری حزبی هەمیشە بەپێی زۆربوونی ژمارەی حزبەکان بەرێوە ناچێت، لەگەڵ زۆربوونیشیان ئەو دیاردەیە زیاتر نابێت، بەڵام رکابەری حزبی لەسیستمە فرەییەکاندا کەمترە تا وەك ئەوەی لە سیستمی – حزبی زاڵ – دا، یان لەسیستمی دوو حزبیدا هەیە، ئەم کارەش – لەدواییدا – رەنگدانەوەی دەبێت بەسەر تواناو چۆنیەتی لەخۆگرتنی هەریەك لەو سیستمانە بۆ هێزە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان.

دەبینین لە سیستمی فرە حزبیدا، کۆکردنەوەی هەموو ئەو هێزە نوێیانە، پێویست بە دروست بوونی حزبێکی نوێ دەکات، واتە سیستم بەگشتی قابیلی گونجاندنە یان هەلکردنە، بەڵام بەشەکانی بەو جۆرەنین و لەئەنجامی ئەوەدا حزبەکان لەگەڵ رەوتی رۆژگاردا دروست دەبن و دەڕوخێن، ئەوەش لەگەڵ گۆڕان لەبونیادی کۆمەڵایەتی و لە پێکهاتنی هێزە سیاسییەچالاکەکاندا، بەڵام لەسیستمی – حزبی زاڵ – دا لەخۆگرتنی هێزە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان – لەبارێکی ئاساییدا – بەدوو قۆناغ دێتەدی.

یەکەمیان: ئەو هێزانە داواکاریەکانیان لەسیستمی سیاسی، لەرێگەی حزبێکی بچووکەوە دەردەبڕن کە بەشێوەیەکی تەواو خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان کردووە.

دووەمیان: دوای ماوەیەکی کورت و بەزۆر بوونی ژمارەی ئەو دەنگانەی کەحزبە بچووکەکە بەدەستیان دێنێ، ئەو حاڵەتە هانی حزبی زاڵ دەدات کە سیاسەتەکانی خۆی هەموار بکات، بەمەبەستی لەخۆگرتنی سەرکردەو لایەنگرانی حزبە بچووکەکە لەچوارچێوەی خۆیدا، هەر لەسیستمی حزبی زاڵدا، سەرکردەی حزبە بچووکاکان ئارەزووی ئەوەیان نابێت کە دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام تەنها دەتوانن هەوڵبدەن بۆ بێبەشکردنی ئەو حزبە لەزاڵبوونی بەسەردەسەڵاتدا، لەدەرئەنجامی ئەوەشدا، سکاڵاو چالاکیەسیاسییەکانی حزبی زاڵ لەبنچینەدا بەرەو رووی ئەو سکاڵایانە دەبێتەوە کەبەهێزترین بەرهەڵستکارانی دەیخەنە روو لەسات و کاتی سووبەخشدا، جا ئەگەر ئاراستەی رای گشتی رووی لەچەپ بوو، ئەوا حزبی دەسەڵاتدار بەوئاراستەیە کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی دەسکەوتەکانی حزبە چەپە بچووکەکان و ....بەوجۆرە، بەڵام لەناو حزبە بچووکەکاندا کەهەریەکەیان داواکاری و ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوانە لەنێوان خۆیاندا رکابەری یەکتر ناکەن، بەڵام رکابەری حزبی گەورە دەکەن.

لەهێندستاندا، حزبە بچووکەکان، یان بزووتنەوە ناحزبییەکان بەزۆری گوزارشتیان لە نەهامەتی و ئازارەکانی چەند هەرێمێکی دیاریکراو کردووە، بەڵام حزبی کۆنگرەی هیندستان دواتر کاری بۆ کۆکردنەوەی ئەو چالاکوانانە دەکرد کەبەوکارە هەڵدەستان، بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی رێکخستنەکانی خۆیدا رێکیان بخات.

بەدەستەواژەیەکی تر، سیستمی حزبی زاڵ یەکەمجار دەرفەت دەداتە گرووپە تازەکان بۆ دەربڕینی ئاوات و داواکاریەکانیان، ئەویش لەرێگەی حزبێك کەکاریگەری هەبێت، دواتر کار بۆ کۆکردنەوەیان دەکات لەناو حزبێك بۆ

کۆدەنگی، ئەگەر حزبی گەورە ئەو چالاکوان و گروپانە لەخۆنەگرێت و لەرێزەکانی رێکیان نەخات، ئەوا ئەوانە درێژە بەچالاکیەکانیان دەدەن، وەك حزبێکی فشار لەپەراوێزی حزبی گەورەدا، بەم جۆرە سیستمی حزبی زاڵ ئامرازێکی دڵنەوایی پێکدێنێ بۆ دەربڕینی نارەزاییەکان لەلایەن چەند کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە لەهەمان کاتدا هاندەری بەهێزیش فەراهەم دەکات بۆ کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵانە لەناو حزبی زاڵدا، ئەگەر کێشی میللییان زیادی کرد.

بەڵام لەسیستمی دوو حزبیدا، چەند هاندەرێکی ئاشکرا (لای ئەو حزبەی لەدەرەوەی دەسەڵاتە) دێتەدی، بۆ تەیارکردنی دەنگدەرانی نوێ و بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر حزبی رکابەردا، لەو وڵاتانەی رێگای تازەگەرێتیان گرتۆتەبەر لەسەدەی بیستەمدا، تێکەڵبوونی خێرای کۆمەڵانی نوێ لەناو گۆڕەپانی سیاسەت، وەك ئەنجامێك بۆ رکابەری لەنێوان هەردوو حزب لەهەندێ باردا، ئەو دیاردەیە بووە بەهۆی روودانی کودەتا سەربازیەکان لەهەوڵدانێك بۆ رێگرتن لەدیاردەی بەشداریکردن و پارێزگاری لەیەکگرتوویی وڵات. بەدەستەواژەیەکی تر فراوانبوونی خێرای بەشداریکردنی سیاسی، کە خۆی لەسیستمی دوو حزبیدا دەبینێتەوە وایکردووە هەندێ جار هەوڵبدرێ سنوورێك بەرامبەر ئەو فراوانبوونە دابنرێت.

ئەگەرچی سیاسەتناسی ئەمریکی (سەموێل هینتنگتون) لەپێشەوەی ئەو توێژەرانە بووە کە ئاماژەیان بۆ لایەنی ناوەندی ئەو بەرشداریکردنە سیاسییە کردووە لەپرۆسەی تازەگەرێتی و گەشەپێدانی سیاسیدا لەوڵاتانی دواکەوتوودا، ناوبراو لەباسکردنەکەی دەربارەی رۆڵی حزبەکان بۆ

بەدیهێنانی ئەو بەشداریکردنە – بەشێوەیەکی تایبەت – جەختی لەسەر ڕۆڵی حزبەکان کردۆتەوە لەتەیارکردنی جەماوەری جوتیاران لەو وڵاتانە لەلایەکەوە، هەروەها لەسەر ڕۆڵی حزبەکان لەبەدیهێنانی بەشداریکردنی توێژو کەرتە هەژارەکانی دانیشتوان، لەلایەکی دیکەوە. لەڕووی یەکەمەوە (هنتینگتون) لەو ڕاستییەوە دەست پێدەکات کە زۆربەی دانیشتوان لە وڵاتانی دواکەوتوودا، لە ناوچە گوند نشینەکاندا دەژین و بە کشتوکاڵەوە خەریکن، هەروەها لەو ڕاستیەوەش کە دانیشتوانی شارەکان لەو وڵاتانە دا بەرێژەیەکی گەورەتر لە دانیشتوانی گوندەکان ژمارەیان زیاد دەکات، کە لە بنچینەدا بە هۆی کۆچی دانیشتوان ڕوودەدات لە گوندەوە بۆ شار. بە پێی ئەو بۆ چونانە (هنتینگتون) دەگاتە ئەو بڕیارەی کە بەیەك گەیشتنی ئەو دووراستیە دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەلێنێك، کە ڕووی لە گەورەبووندایە لە نێوان ئاراستە سیاسییەکانی هەریەك لە شار و دێهاتەکان. دەبینین شارەکان دەبنە مەڵبەندی بەردەوامی ئۆپۆزسیون بەرامبەر بە سیستمی سیاسی، بەڵام سەقامگیری حکومەت پشت بەو لایەنگریە دەبەستێت کە دەکرێ لە گوندەکانەوە ئامادەو خۆسازدانی بۆ بکرێت. هەروەها یەك لە ئەرکە گرینگەکانی حزبە سیاسییەکان و سیستمی سیاسی لەو وڵاتەی دەستی بە تازەگەرێتی کردووە، بریتیە لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بۆ ئەو خۆسازدانە، حزبە سیاسییەکان دامەزراوەی تازەن، بەژینگەی شارستانیەوە بەستراون سەرکردەکانیان لە بارێکی ئاسایدا لە ناو توێژی – ئەنتلجنسیا – وە سەرهەڵدەدەن. کە هەڵگری زانست و کولتوری ڕۆژئاوایین و پاشخانێکی بەرز و مامناوەندیان هەیە. بەڵام ئەگەر وا پێویست بکات کە حزب ببێتە ڕێکخستنێکی جەماوەری و بناغەیەکی پتەوی سەقامگیر بۆ

دەسەڵات، ئەوا وا پێویست دەکات کە رێکخستنەکانی بگەیێتە ناوچە گوندنشینەکان.

حزب و سیستمی سیاسی، دوو ئامرازی دامەزراوەیین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان شار و گوند هەیە، حزبی نموونەییش ئەو حزبەیە کە وەك بۆ تەیەك دەبێت، تێدا جوتیار لەگەڵ دانیشتوانی شار دەتوێنەوە.

بەڵام ئەو کۆسپانەی کە دێنە رێگای بە دیهێنانی ئەو دۆخە نموونەییە، چەند کۆسپێکی گەورەن، حزب رێکخستنێکی تازەیە، بۆ ئەوەی سەرکەوتووش بێت، ئەوا دەبێ ئەو لادێیانە رێك بخات کە سیماو خەسڵەتە نەریتگەرییەکان زاڵە بەسەریاندا.

ئەگەر چی سەرکردەکانی حزبە شارستانیەکان – لە رووی دەروونی و سیاسییەوە – لە توانایاندا نابێت پشتگیری جوتیاران بە دەست بێنن، ئەوا وا پێویست دەکات لە سەریان – بۆ ئەوەی بەسەر ئەو کۆسپەدا زاڵبن – خۆیان بگۆڕن، یان بیروباوەرە تازەکانیان پشت گوێ بخەن و هەڵوێستی زیاتری نەریتگەری پیادە بکەن، کە سەرنجی خەڵکی گوندەکان رادەکێشێ. لەگەڵ گەشەکردنی هۆشیاری سیاسیش لای کۆمەڵە هەرە نەریتگەرییەکانەوە، سەرکردەکانی حزب ناچار دەکرێن لە نێوان بەهاکانی تازەگەرێتی و نێوان بەهاکانی سیاسەت هەڵبژێرن. ئەگەر سەرچاوەی تازەگەرێتی سیاسی شاربێت و سەرچاوەی سەقامگیری سیاسیش گوند بێت، ئەوا مەبەستی حزب دەبێت تێکەڵاوکردن بێت لە نێوان هەردووکیاندا.

لە کتێبەکەی (هنتینگتون) دا، لە بارەی بەشداریکردنی سیاسی لە وڵاتانی دواکەوتوودا، کە لە ساڵی (١٩٧٦) بڵاوکراوەتەوە، وەك یەکێك لە بنچینەکان یان وەك یەکێك لە سەرچاوەکان باس لە حزبە سیاسییەکان

دەکرێ لەگەڵ چەند بنچینەیەکی دیکەی وەك: چین و گروپە کۆمەڵایەتیەکان و گردبوونەوە کەسییەکان. هەروەها دەربارەی گرینگی حزبەکان، ناوبراو ئاماژە بە جیاوازی ڕێژەیی دەکات لە ئاست ئەو بنچینانەی دیکە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لەجیهانی سێیەمدا. هەرچییەك بێت گرینگی ئەو سەنگ و قورسییە ڕێژەییەی حزبەکان، ئەوا لە پێشەنگی ئەو ڕۆڵانەی کە دەیگرێت، ئەو کارەیە کە پێی هەڵدەسێت بۆ بەدیهێنانی بەشداریکردنی چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگە، ئەوەش ئەگەر ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە سنور فراوان و خاوەن بیر و بۆ چوون بن بەرامبەر بەچینەکانی خوارەوەتری ناو کۆمەڵگە.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی سێیەم:

## حزبەکان و شەرعیەتی سیاسی.

قەیرانی شەرعیەت وا پێناسە دەکرێت کە دارمانێکە لە بونیادی دەستوری و ئەداو بەڕێوبردنی حکومرانیدا. دیارە ڕوودانی ئەم قەیرانەش بۆ ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە کە لە جۆری دەسەڵاتدا و لە سیستمی سیاسیدا هەیە. بەو پێیە دەکرێ قەیرانی شەرعیەت شێوە گۆرانێك لە هەیکەلی حکومەت یان لە مۆرکە بنچینییەکەی بگرێتە خۆ، هەروەها گۆران لەو سەرچاوەیەی کە حکومەت دەسەلاتی کۆتایی لێوەردەگرێت، یان گۆران لەو بەهایانەی کە حکومەت گوزارشتیان لێدەکات، ئەمەو گۆران لەو شێوازەی کە بە هۆیەوە وێنای دەسەڵاتی پێدەکرێت، یاخود ئەو ڕێگایەی کە دەسەلات کاری پێدەکات، ئەوا پەیوەست دەبن بە قەیرانی شەرعییەتەوە.

بەم مانایەش گەیشتنی حزب بەدەسەلات لە ولاتە دواکەوتووەکاندا، لە جێگای دەسەلاتی ئۆلیگارشی ئەریستوکراتی، یان دەسەلاتی پاشایەتی، یاخود بیروکراسی ئیستعماری، یا ئەوەتا حکومەتێکی سەربازی بریتۆری، دەبێ هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ جاردانی هاتنەکایەی شەرعییەتێك کە پێچەوانەی ڕێساو پرەنسیپەکانی شەرعیەتی پێشووە، ئەو شەرعیەتەش کە حکومەتی حزب باسی لێوە دەکات و ڕایدەگەیێنێ (بە سیستمەکانی تاك حزبیشەوە) بە زۆری خۆی بە دەسەلاتی گەڵ یان دەسەلاتێکی دیموکراسی بەرجەستە دەکات، هەر چۆنێك بێت پراکتیزەکردنی ڕاستیەکی ئەو دروشمانە. بە دەستەواژەیەکی دیکە، قەیرانی شەرعیەت لە ولاتانی دواکەوتوودا، کە دەکرێ حزبەکان بەشداری بکەن لە چارەسەرکردنی، پەیوەست دەبێت نەك تەنها بە حالەتی

ناسەقامگیری کە لە زۆربەی ناوچە گەشە سەندووەکاندا بڵاوو زۆرن، وەك سیمایەکی بەستراو بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابورییە خێراییەکان، بەڵکو ئەو قەیرانە بەرهەمی دروست بوونی سیستمگەلێکی سیاسی تازەیە، کە چەند چەشنێکی نوێ لە بەشداریکردنی سیاسی دەگرنە خۆیان.

توێژەران (وینەر) و (لاپالومبارا) لەم بارەوە بەراورد کارییەکیان لەمەڕ لایەنە باشەکانی نێوان سیستمە حزبیە جیاجیاکانەوە وروژاندووە، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی شەرعییەت لە وڵاتانی دواکەوتوودا..هەردوو نووسەر لەناوەڕاستی شستەکاندا – سەدەی بیستەم – نووسیویانەو دەڵێن: لێرەدا چەند بەڵگەیەك هەن لەسەر ڕاستی ئەو گریمانەیە کەوا سیستمە ناحزبییەکان و سیستمە فرە حزبیەکان لەنێوان ئەو سیستمانەن کەکەمترین سەرکەوتنیان بەدەست هێنابێ لەخولقاندنی هەست کردن بەشەرعییەت، لەبەر ئەم هۆیەش سیستمەکانی تاك حزبی بەردەوام بوونێکی زۆرتریان هەبووە لەسیستمە رکابەرییە حزبییەکان. (ئەپتەر)یش لەلایەن خۆیەوە لەو بەراوردکارییەی کەلەنێوان ئەوەی ناوی لێناوە – حزبەکانی نوێنەرایەتی – و – حزبەکانی هاوکاری – (وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا) گەیشتووەتە دەرەنجامێکی هاوشێوە لەڕووی کارتێکردنەوە لەسەر شەرعیەتی سیستمی سیاسی. (ئەپتەر) وای مەزەندە کرد کە – حزبەکانی هاوکاری – لەدیاریکردنی شەرعیەتی سیستم کاراترن، بەدەستەواژەیەکی تر، حزبەکانی هاوکاری، خۆیان شەرعییەت دەدەنە سیستم، یان ئەو شەرعییەتەی لێ وەردەگرنەوە، لەکاتێکدا – حزبەکانی نوێنەرایەتی شەرعییەتی خۆیان لەخودی سیستم وەردەگرن، بەڵام – لەڕاستیدا – ئەو دەرەنجامانە لایەنێکی گرینگی ڕاستگۆیی خۆیان لەدەست دەدەن لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی

کەلەنیوەی دووەمی شەستەکان و دەیەکانی حەفتاکاندا – سەدەی بیستەم – روویانداوەو کە (پێشتر ئاماژەی پێدرا) دارمانی سیستەمەکانی تاك حزبییان بەخۆوە بینی، بەهەموو فۆرمەکانیانەوە، بەجۆرێك کەزۆر جیاواز نەبوون لەسیستەمە فرە حزبیەکانی جیهانی سێیەم.

بەهەر حاڵ لێرەدا دەکرێ پشت بەبۆچونەکانی (وینەر) و (لاپالومبارا) ببەستین، دەربارەی ئەو کۆسپانەی کەرووبەرووی سیستەمە فرەییەکان دەبنەوە، دیارە ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو رێگری و کۆسپانەی کەسیستەمە حزبیەکان بەگشتی بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەهەوڵیاندا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی شەرعییەت، یان – برِیاردان – لەسەر شەرعییەتە تایبەتمەندییەکەی، ئەو کۆسپ و رێگریانەش لەهەموطێن قۆناغەکانیدا بەئاشکرا لەو هەولانەوە دەردەکەون کەبۆ دوور خستنەوەیان دەدرێت، بەتایبەتی لەوەی کە ئەوروپای رۆژئاوا رۆژهەلات بەخۆیانەوە بینیوە، دواتر زیاتر روون و ئاشکرا بۆتەوە لەمێژووی هاوچەرخی ئەمریکای لاتینی، هەروەها لەرووداوەکانی پاشتر لەکیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقیا، دوای گواستنەوەیان لە قۆناغی ئیستعماری بۆ قۆناغی سەربەخۆیی.

- لەرووی یەکەمەوە، لەقۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتیدا، ئەو هێزە سیاسیانەی کەپێشتر بوونیان هەبووە، وەك ئەریستوکراتە خاوەن زەوییەکان، یان بژاردەی سەربازی، ئەوانە بەردەوام دەبن لە مومارەسەی کارتێکردنێکی دەروونی بەهێز لەسەر کەرت و توێژێکی فراوانی دانیشتوان، ئەم کارەش زیاتر باوو بەربلاوە لەناو ئەو سیستمانەی کە تیایاندا حزبەکان بەدەرئەنجامێك دادەنرێن بۆ ئەو گۆرانکاریانەی لەناوچە شارستانیەکان روودەدەن و ئەم گۆڕانکاریانەش

هەواڵنامەی کتێب

لەبنەڕەتدا لەسەر پاڵپشتی و کۆمەکی ژیاری بونیادنراون، هەروەها بەرەو ڕووی پاڵپشتی لا دێی ئۆلیگارشی سەربازی و خاوەن زەوییەکان دەبێتەوە (وەك ئەوەی لەیابان ڕوویدا لەبیستەکانی سەدەی بیستەم)، بەڵام لەم بوارەدا چەند نموونەیەکیش هەن، دەربارەی روخاندنی ئەو سیستەمە حزبیانەی کە بناغەیان لادێی بوونە و لەسەر دەستی ئەو هێزە سەربازییانە رووخێنراون کەخاوەن پالپشتیەکی ژیاری بوون، وەك ئەوەی لەبولگاریا لەبیستەکان و تورکیاش لەپەنجاکانی ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم) ڕوویدا، ئەمەش وادەگەیێنێ کەکێشە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە تا چەند سیستەمی حزبی لەکۆمەڵگەدا قەبوڵ دەکرێ و تا چ رادەیەکیش هەرگروپێکی کۆمەڵایەتی سەرەکی دەروانێتە حزبێك یان زیاتر وەك ئامرازێکی لەبار بۆ ئەدای بەرژەوەندییەکانیان.

● لەرووی دووەمیشەوە، هەندێ لەحزبەکان (لەواقیعدا) پابەند نابن بەدەسەلاتی پەرلەمانییەوە، بەڵام تەنها بەشداری لەسیاسەتی حزبی، رکابەری دەکەن، بۆ رووخاندنی رژێم، ئەو حزبانە رەنگە بە (راستی) بەسترابنەوە بەپیاوانی سەربازییەوە، یان ئەریستوکراتەکان، یاخود ئەوگروپانەی هەوڵی رووخاندنی سیستەم دەدەن، لەسێبەری ئەو دۆخەدا یەك لەکێشە بنچینیەکان لەزۆرێك لەحکومەتە پەرلەمانیەکان، بریتی دەبێت لەیەك لەو دوو حاڵەتەدا: بەشداریکردنی حزبە نادیموکراسیەکان لەدەسەلات (بۆ نموونە لەسەر شێوەی هاوپەیمانی) لەگەڵ خستنەرووی سیستەم بۆ مەترسی، یانیش بێبەشکردنی ئەو حزبانە لەدەرفەتی بەشداریکردن لەدەسەلاتدا، لەدوایشدا جەختکردن لەسەر بەنامۆبوونی ئەوگروپانەو بەهێز بوونی بیانوویان دەربارەی کەم توانایی سیستەم.

•لەرووی سێیەمیشیان، ئەوەی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەکردنی هەست بەشەرعییەت لای سیستمی حزبی ڕکابەری، هۆیەکەی بۆ لەدەستدانی پەیوەستی یان (یەکبوون) دەگەڕێتەوە لەزۆربەی حکومەتە حزبیەتازە درووست بووەکان، حکومەتە ئیستعمارییەکان یان ئەریستوکراتەکانی پێشووتر بەلای کەم – ڕوخسارو دیمەنی هاوبەند بوون، یان یەکبوون – یان، لەدەرەوە وەردەگرت، بۆیە نموونەی بەرزی ئەو دەسەڵاتە یەکگرتووەی کەناکۆکییەکانی بەئاشکرا دەرناخات و لایەنەکانی چڵێسی کەسێتی و گەندەڵی و ڕەفتارە خراپەکانی لەڕای گشتی دەشارێتەوە، ئەو نموونەیە بەرەو قۆناغێك دەگوازێتەوە (یان دەچێتە قۆناغێك) کەسیاسەت تێیدا ڕکابەر دەبێت، بۆ ڕای گشتیش وابەدیار دەکەوێت کەکاری ڕێکخستن و ڕێکووپێکی لەدەستداوە، وەك ئەوەی هەنگاوێك بێت بەرەو دواوە لەچاو دەسەڵاتی پێشووی، ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کەحزبەکان بەزۆری لەدەوری چەند گروپ و گردبوونەوە گەلێك دروست دەبن، ئەوا بەرهەڵستکارانی سیاسەتی ڕکابەری گەلێك جار پشتگیری جەماوەری بەدەست دێنن لەهەنگاوەکانی گەڕانەوە بەرەو دەسەڵاتی ئولیگارشی، ئەویش لەڕێگای نارەزایی لەسیاسەتە سەقەتە (گرویگەلیە) ناجەماوەرییەکاندا.

لەکۆتاییدا، بەدڵنیاییەوەو لەئاکامی پابەند نەبوونی دامەزرێنەرە یەکەمەکانی خودی حزبەکان بەدەسەڵاتی پەرلەمانەوە، ئەوا کێشەی شەرعییەت ئاڵۆزتر دەبێت.

لەچەندین نموونەشدا، حزبەکان تەنها بۆ ئەوە دروست بوون، کەئامرازی کۆکردنەوەی گەورەترین ژمارەی خەڵك بن، دژی دەسەڵاتی بیانی، یان دژی

ئەو جۆرە حوکمڕانیەی کەچینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەسەریدا زاڵە، بەزۆریش چینی مامناوەندی شارنشین کەحزبەکانیان دامەزراندووە (یان ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتیەی پێشووی خۆی)، زیاتر گرینگی بەنەهێشتنی دەسەڵاتی ئیستعماری داوە، تاوەك ئەوەی دەسەڵاتێکی کراوەی رکابەری پەرلەمانی بونیاد بنێ، یان بە سازدان و کۆکردنەوەی پاڵپشتی جەماوەری بۆ ئەو جۆرە سیستمە حوکمڕانیە، بۆیە حکومەتە نوێیەکە، ڕەنگە هیچ هەوڵێك نەدات بۆ رازیکردنی هەموو ڕای گشتی، یان قەناعەت هێنان بەکەرتە کاریگەرو کاراکانی ناوکۆمەڵگە، بەوەی کە (خودی) ئەو حکومەتەپەرلەمانییە جێگای رازیبوون و قبوڵکردنە لەلایەن رای گشتیەوە، هەروەها حزبە نوێیەکان، لە سیستمەتازە دامەزراوەکاندا، رەنگە رازابن لەئاست – دیاریکردنی – پاڵپشتی جەماوەری بۆ خۆیان لەرێگای هەڵبژاردنە ئازادەکانەوە، بەڵکو رەنگە ئەو حزبانە چەند کارێکیش ئەنجام بدەن بەمەبەستی رێگرتن لەچەند گروپێکی دیاریکراو بۆ بەشداریکردن لەژیانی سیاسییان، ئەمەش (لەدوایدا) وادەکات کە ئەو گروپانە ناچار بکرێن پەنا بۆ شێوازە نایاساییەکان ببەن مەبەستی بەدەست هێنانی دەست ڕۆیی، یان گەیشتن بەدەسەڵات، هەر لەمیانەی ئەم باسەدا، چەندین حکومەتی حزبیش هەن کەمتوانان لەئاستی خستەڕوو هێنانە پێشەوەی ئەو جۆرە سەرکردایەتیانەی کە بتوانن پشتگیری ناو خودی حزبەکە یان لەسەر ئاستی وڵات بەگشتی، بپارێزن، بەتایبەتیش ئەو خەسلەتانەی کەسەرکردە بەتواناکانی ناو بزووتنەوەی سەربەخۆیی نەتەوایەتی پێی دەناسرێن، کەبەزەرووڕەت مەرجیش نیە هەمان ئەو خەسڵەتانەبن، کەسەرکردە چالاکەکان ئامادەبکات بۆ سەرکردایەتی کارای حکومەتی پەرلەمانی، ئەمەو لەگەڵ نەبوونی ریزی دووەمی جۆری ئەو سەرکردایەتیانەی

کەتواناى بەڕێوەبردنى جڵەوى حکومەتیان بەشێوەیەکى کارا هەیە، ئەوا پەیوەندییەکانى نێوان حکومەتە حزبییە نوێیەکەو نێوان بیروکراسییەتى کۆن (بەتایبەتى ئەگەر بەهێزو چەسپاو بێت) دەکرێ گرژى بکەوێتە نێوانیان، بەڵکو ڕەنگە خودى ئەو بیروکراسییەتە هەوڵبدات بۆتێکدانى بەڕێوەبردنى سیستمى حکومەتى پەرلەمانى، بەڵام ئەو کۆسپانەو هى تریش، ئەوە ڕەت ناکەنەوە کە حزبەکان هەمیشە ئامرازى گرینگ، بەڵکو بەشێوەیەکى گشتى سەرکەوتووش بوونە لەچەسپاندنى کۆڵەکەکانى دەسەڵاتى شەرعییەتى نەتەوەیى، چونکە ئەوان، واتە حزبەکان، ئامرازگەلێکن بۆ بەدەست هێنانى پشتگیرى جەماوەرى نەرم و لەبارتر، تاوەك سوپاکان یان دامەزراوە بیروکراسییەکان، ئەو تێڕوانینە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆ حکومەتە دەسەڵاتدارەکان بەزۆرى پەنا دەبەنە بەر ڕێکخستنى حزبێکى سیاسى، ئەگەر چى حزبى تاك، کەلەهەوڵى خۆسازادان و ئامادەکردنى جەماوەریدایە، گرینگى بەشێوەو ڕوخسارى دەرەکى خۆى دەدات، بەرادەى گرینگى پێدان بەگەشەى هەست کردن بەشەرعییەت لەناوخۆدا، کەلەوەشدا پەناى بۆ چەندین شێوازى جۆراوجۆرى وەك: خۆپیشاندان، کۆبوونەوە جەماوەریەکانى بردوە، ئەوا ئەو جۆرە کارانە تەنها بەشدارى کردن نیەلەبەدیهێنانى ئامانجەکانى سیاسەتى دەرەکى، بەڵکو هەست کردنیش بەبوونى پشتگیرى جەماوەرى لەناو خۆدا بەهێز دەکەن، لەدوایشدا سنوورێك بۆ هێزە ئۆپۆزسیونە چاوەڕوانکراوەکان دیارى دەکەن.

(ئەپتەر) ڕۆڵى حزبەکان لەسێ بوارى تەواوکەرى یەکتر دادەڕێژێت کەبریتین لە: چالاکى حزبەکان لەگەورەکردن یان لەبەرزکردنەوەى شەرعییەتى سیستم، ئەوەش بەتایبەتى لەرێگەى کۆکردنەوەى پشتگیرى جەماوەرى،

بواری دووەم، چالاکی حزبەکان لەخستنەرووی چەترێکی فراوانی پەیوەندییە تێکەڵاوەکان، کەنێوان کەرتە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە، لەکۆتاییش ئەو پێداگرییەی حزبەکان دەیکەن لەپێناو خستنە رووی چەند ئامانجێکی دیاریکراو بۆحوکمڕانی، کەلەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو دایدەڕێژێت.

بەڵام یەکێك لەئاماژە بەڵگە دارە گرینگەکان بۆ ئاشنابوون و زانینی رادەی شەرعییەتی سیستم، بەتایبەت لەگەڵ نەبوونی زانیاری و ئاماری دیکەی وەك هەڵبژاردنەکان، یان هەر ئاماژەیەکی دیکە، ئەوە خۆی بەرجەستە دەکات لەسەرنجدانی پرۆسەی جێ نشینی (خیلافەت) لەسیستمی سیاسیدا، واتە چۆنیەتی گەواستنەوەی سەرکردایەتی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، هەروەها گواستنەوەی ئەو پێگەیە لەحزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە، کەئەمەشیان کارێکی ئەستەمترە. خودی پرۆسەی جێ نشینی (گواستنەوەی دەسەڵات) تاقیکردنەوەیەکە بۆ پرسی شەرعییەت، لەبەر ئەوەی کاتێ دەسەڵات دەگوازرێتەوە ئەوا پێویست دەکات کەتاکەکان لەسیستمی سیاسیدا، بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کەئایا پابەند بوون و پشتگیرییان زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کەلەدەسەڵاتدابوون، یان بۆ خودی سیستمی حوکمڕانیە.

بەهەمان شێوە، توێژەران (وینەر) و (لاپالومبارا) دەڵێن، یەکەمین تاقیکردنەوەی سیستم کاتێك روودەدات کەدەسەڵات لەسەرکردەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە لەناو خودی حزبی سیاسیدا، وەك گواستنەوەی دەسەڵات لەسەرۆك (جۆرج واشنتۆن) بۆ (ئەدامز) و لە (لینین)ەوە بۆ (ستالین)، هەروەها لە (نەهرۆ) وە بۆ (شاستری) و لە (مستەفا کەمال)ەوە بۆ (عیسمەت ئینونو). گواستنەوەی دەسەڵات لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە،

کێشەیەکی توندو تیژ دەنوێنی، بەتایبەتی لەو سیستمە سیاسیانەی کسەرکردایەتی کاریزما ڕۆڵێکی گرینگی تێدا دەگێڕێت.
لێرەدا ئەو گرینگییەی سەرکردەی خاوەن کاریزما دەیداتە دامەزراوەی دەسەڵاتەکەی، یان ئەوەی (فیبەر) ناوی لێناوە ( Routinize of charisma) ڕەنگە ببێتە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە لەبڕیاردان لەسەر شەرعییەتی حزب و سیستمی دەسەڵات.
بەڵام گواستنەوەی دەسەڵات لەحزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە، بەتایبەتی یەکەم گواستنەوە کەلەناو سیستمی حزبایەتیدا روو دەدات (وەك کارێکی ئاسایی)، ئەوە دەبێتە خاڵی تاقیکردنەوەی یەکلاکەرەوە بۆ شەرعیەتی سیستم، لەکاتێکدا گەلانی پێشکەوتووی خاوەن سیستمی حزبی جێگیر، نموونەی زۆر دەخەنە ڕوو، بۆ گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەحزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە، ئەوا ئەو بابەتە – بەدیاریکراوی – گوزارشت لەیەکێك لەئاماژە گرینگەکان دەکات بۆ قەیرانی سیستمی حزبی لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، ئەم کێشەیەش تەنها لەوڵاتە (تازەکان)دانیە، کەوڵاتانی کیشوەری، ئەفریقیا بەرەچاو ترینیانە، بەڵکو ئەو کێشەیە بەسەر هەندێ نەتەوەش پیادە دەبێت کەخاوەن سیستمێکی حزبی پێشکەوتوون، جگە لەچەند نموونەیەکی کەم نەبێت کە هیندستان لەریزی پێشەوەیاندایە، (بەنموونە) دەبینین لەتورکیا، سیستمی فرەیی حزبی شکستی هێنا، بەهۆی دەستێوەردانی پیاوانی سەربازی، لەدوای گواستنەوەی دەسەڵات بەڕێگای هەڵبژادرنەوە بۆ حزبی دیموکراسی.
بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو دیاردانەش، ئەو گریمانەیە ڕەوایە کە دەڵێت، ئەو وڵاتانەی تاکە حزبێکی کاریگەریان تێدایە بەلایەنی کەم توانای زیاتریان هەیە

بۆ مامەڵەکردنی سەرکەوتووانە لەگەڵ کێشەی (خیلافەت) یان حاڵەتی گواستنەوەی دەسەڵات، تاوەك ئەو وڵاتانەی کەبەشێوەیەکی ڕەها حزبیان تێدانیە.

حزبەکان تەنانەت لەناو سیستمە هەمەلایەنگەرییەکانیش دەکەونە بەردەم مەحەکی تاقیکردنەوە لەناوگێژاوی پرۆسەکای هەڵبژاردنە حزبییە ناوخۆییەکانیان، لەکاتێکدا سیستمە بیروکراسی و عەسکەرییەکان تەنها شێوازەکانی دانان و بژاردن دەزانن بە هۆی سەرکردە باڵاکانیان.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی چوارەم :

## حزبەکان و تەواوکاری نەتەوەیی.

چەمکی تەواوکاری نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی، بەمانای تێکەڵکردنی (هاتنەپاڵ یەك)ی توخمە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئاینی و رەگەزی و جوگرافیەکان دێت، لەناو دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەییدا، ئەم چەمکە تەواوکارییە نەتەوەییە دوو توخمی (رەگەز) گرتۆتە خۆی:

یەکەمیان: توانای حکومەت بەزاڵبوون، یان بوونی دەسەڵات بەسەر ئەو هەرێمەی کەملکەچی سەروەرییە یاساییەکەیەتی.

دووەمیان: فەراهەم بوونی کۆمەڵە بنەماو ئاراستەیەك بەلای گەلەوە، لەئاست نەتەوە بەگشتی، کەلایەنەکانی گوێڕاڵی و دڵسۆزی و خواستی بەرز راگرتنی بەها نەتەوەییەکان لەسەرووی پرەنسیپ و بەها ناوچەییە تەسکەکانەوە بێت.

بەشێك لەتوێژەران دەڵێن، چەمکی تەواوکاری بەمانای رێکخستنی بونیادو پرۆسەکان دێت، کەبەگوێرەیان رەگەزەجیاکانی ناو هەرێمێکی نەتەوەیی دیاریکراو دەگۆڕێن بەرەو بەشداریکردنی کاراو چالاکانە لەسیستمی سیاسیدا.

ئەوەی لێرەدا، جێگای بایەخ پێدانمانە، ئەو لایەنەیە کەپەیوەندی بەهەڵوێستی حزبەکانەوە هەیە، (لەڕووی مێژووییەوە) لەئاست قەیرانی تەواوکاری لەژمارەیەك لەوڵاتە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتە ئەورووپیەکان بەتایبەت، لەو وڵاتانە قەیرانی تەواوکاری نەتەوەیی بەر لەسەر هەڵدانی حزبە سیاسییەکان چارەسەرکراوە، بۆ نموونە حزبە سیاسیەکانی بەریتانیا لەسەدەی نۆزدەدا کاریان نەبووە بەسەر ئەوەی بەرەو رووی پرسی پێکهاتنی نەتەوە ببنەوە،

هەروەها حزبەکانی فەرەنسا و سوید و نەرویج و هولەنداش، بەلاّم ئەم پرسە کەمێك جیاوازی هەبووە لە حالەتەکانی ئەلمانیاو بەلجیکاو سویسرا بەپلەیەکی گەورەتریش لەوەی ئیتالیا، جیاوازی هەبووە، چونکە کێشەی پێکهێنانی پێناسەی نەتەوەیی وەك بارگرانییەك مایەوە بەسەر شانی سیستمە حزبیەکانەوە لەناو ئەو گەل و نەتەوانەدا، کەوای دەخواست دوای جەنگی یەکەمی جیهانی رووبەڕووی ببنەوە.

جا ئەگەر یەکێك لەپاساوە گرینگەکانی دروست بوونی سیستمی تاك حزبی لەزۆرێك لەولاّتانی جیهانی سێیەمدا، بەتایبەتی لەکیشوەری ئەفریقیا، بریتی بێت لەوەی ئەو حزبانە فاکتەری بنچینەیین لە بەدیهێنانی – تەواوکاری نەتەوەیی – ئەوا هەڵوێستە هاوشێوەکان لەمێژووی ئەوروپادا هەندێ جیاوازیان تێدا بەدیکراوە، بەنموونە، یەکگرتنی (ئەلمانیا) لە بنەرەتدا لەسەر دەستی (بسمارك) و هێزە لیبرالەکانەوە هاتەدی، کەبەشێوەیەکی توندو ڕەق مامەڵەیان لەگەڵ هێزە ئاینی و سۆسیالستەکان دەکرد، هەروەها ئیتالیا کەملکەچی دەسەلاّتی (بیدەمونت) بوو بەسەر کردایەتی (کافور)و جێ نشینەکانی لەحزبی لیبرالیدا، لەهەردوو حالەتەدا بیروکراسییەتی نەتەوەیی و سوپا، دوو ئامرازی سەرەکی بوون بۆ جێبەجێ کردنی یەکگرتنی نەتەوایەتی، بەجۆرێك حزبەکان تەنها رۆڵی تەواوکاریان دەگێڕا، واتە، رەنگە حزبەکان بوونیان پێویست بوویێ، بەلاّم مەرجێك نەبوونە کەبەتەنها بەس بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو تێکەڵبوونە نەتەوەییە.

دەکرێ بوترێ کە حزبەسیاسییە فەرمانڕەواکان لەزۆربەی دەوڵەتە نوێیەکان – لەهەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیا، بایەخیان بەهەردوو – توخمی – لایەنی تەواوکاری نەتەوەیی داوە، ئەوانیش توکمەکردن و توندگرتنی

دەسەڵات بەسەر هەموو ناوچەکانی هەرێمدا (دەوڵەت)، لەگەڵ سنوردانان بۆ گوێڕایەڵی بۆ خواست و بەرژەوەندییە خودییە تەسکەکان، بۆیە سیستمەکانی تاك حزبی دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی گشتی، دەستیان دەکرد بەسەرکوتکردنی حزبە خێڵەکی و ئایینی و هەرێمایەتیەکان بەبیانووی ئەوەی کە ئەو حزبانە هەڕەشەیەك پێکدێنن بۆ سەرتەواوکاری نەتەوەیی و هەرێمایەتی، هەروەها حزبی فەرمانڕەوا – چ لەسیستمە رکابەریەکان، یان لەسیستمی نارکابەری – گرینگی بەبەرزکردنەوەو دەرخستنی – هێما نەتەوەییەکان – دەدا، کەهاوکارن بۆ گەشەی هەستکردن بەهەواداری بەرامبەر بەگەل و نەتەوەو یەکگرتوویی نیشتمان.

لەم ڕەوتەدا، دەکرێ لەهۆیەکانی دەرکەوتنی دیاردەی – تاك حزبی – تێبگەین ئەویش لەمیانەی بزووتنەوە سەر بەخۆیە درێژخایەنەکان و پێویست بوون بەخولقاندنی هەست و سۆزی یەك پێناسەی نەتەوایەتی، لەکاتێکیشدا کە حزبەکانی ئەفریقیا لەسەر بناغەی تەسکی خێڵەکی، یان ئاینی، یاخود هەرێمی دانەمەزرابوون، ئەوا بێگومان ئەو حزبانە هاوکار بوون لە خولقاندنی هەست و هۆشیاری نەتەوایەتی، ئەگەر لەگوندەکانیش نەبێت، ئەوە بەلای کەم لە ناوەندی شارەکاندا روویداوە، هەروەها ئەگەر لەناو جوتیاران نەبوو بێت، ئەوە بەلای کەم لەنێوان چین و توێژێکی فراوانی هەموو بژاردەی خوێندەواران بووە. سەرەڕای ئەوەانەش، دەکرێ باس لەوە بکرێت کە ئەو وڵاتانەی حزبێکی نەتەوایەتیان تێدا دروست نەبووە، کەلەرووی (جوگرافیەوە) بگاتە هەموو ناوچەکان، ئەوا ئەو وڵاتە لەسەر لێواری هەڵوەشاندنەوەو توندوتیژی بووە، دیاردەکانی وڵاتی نیجیریا لە کیشوەری

ئەفریقیا، هەروەها پاکستان و لوبنان لەکیشوەری ئاسیا، چەند نموونەیەکی — زۆر ئاشکرای — ئەو کارتێکردنانەن.

(وینەر) و (لاپالومبارا)، هەر دووکیان ئاماژە بەوە دەدەن، کەچۆن جۆری سیستمی حزبایەتی کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوستراتیژییەتەی کەحکومەت پەیڕەوی دەکات بۆ بەجێهێنانی تەواوکاری نەتەوەیی، ئەو ستراتیژییەتە لای خۆیەوە کارتێکردنی دەبێت لەسەر سیستمە حزبایەتیەکە، ڕەنگە حکومەت هەوڵبدات هەندێ لە توخمی کولتوری جیاواز بۆ چەند کەمایەتیەکی دیاریکراو لەناو کولتوورێکی نەتەوەیی یەکگرتوودا تێکەڵ بکات، کەلەوانەیە کولتووری کۆمەڵە دەسەڵاتدارەکەی بەسەردا زاڵ بێت، یان ڕەنگە حکومەت ( بەپێچەوانە) سیاسەتێك لەبارەی — یەکگرتن و جۆراو جۆری — پەیڕەو بکات کەلەڕووی سیاسییەوە بەتایبەتمەندی (هاوسەنگی ڕەگەزی) بناسرێ و لەسەر بنەمای خولقاندنی چەند هەوادارییەکی نەتەوەیی هەستێت، بەبێ (کۆتایی هێنان) بەکولتوورە پاشکۆکان.

هەروەها لەهەرکوێیەکیشدا ئەم سیاسەتە (جۆراوجۆری کولتووری) و (یەکبوونی سیاسی) پەیڕەو بکرێت، ئەوا حکومەتەکان زیاتر مەیلیان بەلای قەبوڵکردنی حزبەکەمینەکان دەبێت، تاوەك ئەوەی لەحاڵەتی (لەخۆگرتن) پەیڕەوبکرێت.

هەروەها تواناکانی سەرهەڵدانی تاکە حزبێکی سیاسی بەهێزو یەکگرتوو، ئەوا پشتی بەجۆرو ڕادەی ناکۆکی و دابەشبوونەکان دەبەستێ، لەناو سیستمی کۆمەڵایەتیدا، واتە قوڵی و چڕی جیاوازییە ئاینیەکان و پچڕپچڕییە ڕەگەزییەکان و دژایەتی کردنی نێوان هێزە نەریتگەری و هاوچەرخەکان و ململانێی نێوان ناوەندەکانی شارو لادێ و جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان.

بۆیەکانیێ زۆرێك لەو جۆرە ناکۆکی و دابەش بوونانە بلاو دەبنەوە، هەروەها فاکتەرەکانی هێور بوونەوەیان نامێنێ، ئەوا ئەستەم دەبێت بۆ هەر حزبێك ئەندامەکانی لەسەر پرەنسیپێکی نەتەوایەتی کۆك تەیاربکرێن، بەلکو ئەو حزبە سیاسییانەی کە بەستراونەتەوە بەو کولتوورە پەرتەوازەییانەوە، بایەخ نادەن بەئاسانکردنی تەواوکاری، بەلام لەجیاتی ئەوە ئامانجیان پشتگیریکردنی ئەو کولتوورە لاوەکیانە دەبێت کەپەیوەستن بەخۆیانەوە.

بەلام هیچ رێگرییەك نیە لەوەی کە سیستمە حزبیە رکابەرەکان رۆلێکی گرینگ بگێرن لە تەواوکاری نەتەوەییدا، ئەگەر ئەو حزبانە توانیان تەنها بەشدار بوونە زمانیەکانیان (ئاخاوتن)، یان بەرزکردنەوەی هێماو دروشمە نەتەوەییەکان ببەزێنن، بەرەو دارشتنی سیاسەتگەلێك کەنێوان بەرژەوەندییە تەسکەکان و بەرژەوەندییە فراوانە نەتەوەییەکان کۆ بکاتەوە، بۆ نموونە خۆ بەستنەوەی بەهێز بەتاکە زمانێکی نەتەوەییەوە لەولاتێکی فرە زماندا، دەکرێ ببێتە ئامرازێکی سەرکەوتووانەو کاریگەری درێژخایەن لەپرۆسەی تەواوکاری نەتەوەییدا.

بەلام ئەوەش دەکرێ کەتەواو کاری نەتەوەیی لەرێگەی رێککەوتن لەسەر چەند رێکارێکی زمانەوانی ئالۆزەوە بێتەدی، ئەم کارەش بەرۆلی خۆی جێبەجێ نابێت تەنها لە میانەی چەند رێ و شوێنێکی دامەزراوەییەوە نەبێت، کەهاندەربن بۆدیالۆگ لەگەل رەخساندنی دەرفەت بۆ کەنالە کراوەکانی پەیوەندیکردن، هەروەها بوونی چەند سەرکردەیەکی سیاسیش کەئامادەییان تێدابێت و بۆ دارشتن و کۆکردنەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان و لەدوایشدا بۆ بونیادنانی یەکێتی نەتەوەیی لەرێگەی ئەو فرە رەگەزییەوە.

بەدەستەواژەیەکی دیکە، بەڵنیاییەوە سیستمی حزبی رکابەر دەکرێ ببێتە ئامرێزێکی کاریگەر بۆ بەدیهێنانی تەواوکاری نەتەوەیی، مادامێك چەند حزب و سەرکردە گەلێکی حزبی خاوەن دیدو بۆچوونی نەتەوەیی لەخۆگرتووەو ئینتیماو پێناسەو بەرژەوەندییە تەسەکەکانی تێپەڕاندووە.

کۆتایی

هەواڵنامەی کتێب

# لێکدانەوەی زاراوەکان

| ز | کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| • | زانستی دانیشتوان – دیموگرافیا – | علم السكان | **demography** |
| • | زانستی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و ژینگە – ئیکۆلۆجیا – | علم البيئة | **Ecoglogy** |
| • | دوولایەنی و یژدانی | ازدواجية وجدانية | **Emotional Conscience** |
| • | گشتیخوازی | العمومية | **Generalism** |
| • | تایبەتمەندی | الخصوصية | **Mineness** |
| • | پیامەڵدان – باسکردن | توصيف | |
| • | بیرلێکردنەوە | تصور | |
| • | ئەزموون – شارەزایی | خبرة | **Experience** |
| • | سیاسەتە بەراورد کاریەکان | السياسات المقارنة | **Comparative political** |
| • | تەسکی بیروڕا | ضيق التفكير | **Parochialism** |
| • | گوتە | مقولة | **categorie** |
| • | توانین | القدرة | **capacity** |
| • | هەڵوەشاندنەوە | تحلل | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | منظور | روانگە | • |
| Relativism | النسبية | رێژە خوازی | • |
| | نزع الملكية | لێسەندنەوەی خاوەندارێتی | • |
| Determinism | الحتمية | هەربونایەتی | • |
| | مدرسة التبعية | قوتابخانەی پاشکۆیەتی | • |
| Structuralis m | البنيوية | بونیاد خوازی | • |
| | تلقائي | خۆکاری | • |
| Essence | ماهية | جەوهەر – چییەتی | • |
| Integration | اندماج | تێکەڵبوون – هاتنە پاڵیەك | • |
| Modernity | التحديثية | تازەگەرێتی | • |
| Personalism | الشخصانية | کەسێتی خوازی | • |
| Monopolizati on | احتكار | پاوانکردن – قۆرخکردن | • |
| Dominant | الحزب المسيطر | حزبی زاڵ | • |
| Predominant | الحزب الغالب | حزبی سەرکەوتوو | • |
| Hegemonic | الحزب المهيمن | حزبی سەرگەورە | • |
| Harmony | ايقاع | رتم – رێك و پێکی لە دەنگ | • |
| | محبط – احباط | نائومێدی – سەرنەکەوتن | • |
| | استفزاز | وروژاندن | • |
| | حيثما | لەهەر کوێیەك | • |
| | اقتصاد الكفاف | ئابوری داخراو | • |
| | متطرف | زێدەڕۆ | • |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Monism | الواحدية | ئاکایەتی – یەکانەیی | • |
| | تكتيل | بەتۆپەڵبوون – کەڵەکەبوون | • |
| | عنيد | یاخی | • |
| | ضراوة | درندانە | • |
| Colony | مستعمرة | داگیرکراو | • |
| Seclusion | استبعاد | لابردن – دورخستنەوە – | • |
| | رخو | خاو – شل | • |
| | فج | ناکام – نەگەیو | • |
| | اطلاق | بڵاوکردنەوە – بەرپاکردن | • |
| Representati on | أحزاب التمثيل | حزبەکانی نوێنەرایەتی | • |
| Solidarity | أحزاب التضامن | حزبەکانی هاوکاری | • |
| | قسراً | بەزۆری – ناچاری | • |
| Preparing | تعبئة | خۆسازدان – تەیارکردن | • |
| | ارتجال | بێ لێکدانەوە | • |
| Analogue | نظير | هاوتا | • |
| Adaptive party | حزب متكيف | حزبی گونجاو – راهاتوو | • |
| | انقسام | دابەشبوون | • |
| | غفلة | فەرامۆشکردن | • |
| | أطراد | یەك بەدوای یەك دێت | • |
| | ولاء | گوێ رایەڵی | • |
| | انطلاق | دەست پێکردن | • |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | مبرر | بيانو | • |
| Norm | قاعدة | نۆرم | • |
| | مشروعية | یاسایی ڕێپێدراو | • |
| | يسوغ | شیان – گونجاو | • |
| | ذود | بەرگری | • |
| | فرض | گریمان | • |
| | تمتثل | ملیدا – گوێ ڕایەڵ بوون | • |
| | تكافؤ | هاوتا – یەکسان | • |
| Political seince | علم السياسة | زانستی سیاسەت | • |
| | الحاسم | کۆتای پێهێنان – یەکلایی | • |
| | كساد | بێ بازاری | • |
| | ازدهار | بوژاندنەوە | • |
| | قصور | کورت هێنان – بەشنەکردن | • |
| Dependence | تبعية | ملکەچی – پاشکۆیەتی | • |
| | تأصيل | ڕەسەنایەتی – بنج داکوتان | • |
| | ترشيد | ڕاوێژ – ئاراستەکردن | • |
| Sequence context | سياق | ڕەوت – شوێن کەوتن – هەمان ڕێرەو | • |
| Abstraction | تجريد (ئەبستراك) | ڕووتکردنەوە – داماڵین لە خەسڵەتەکان | • |
| | ارتباط عضوي | پێکوە بەستنی ئۆرگانی | • |
| Proagmatism | ثراكماتيك | کردەیی | • |

هەوارنامەی کتێب

| | | | |
|---|---|---|---|
| • | بەهادارێتی – یاسا بەها داریەکان | أحكام قيمية | |
| • | دەسەلآت – فەرمانرەوایی | سلطة – سلطوية | Authority |
| • | هەمەلایەن – هەمەلایەنگری | شمول – شمولي | Universalism |
| • | ئیلهام – سروشت | الهام – ملهم | Inspiration |
| • | رەهەند | بُعد | Dimension |
| • | میتۆد – رێبازی زانستیانەی لێکۆلینەوە | المنهجية | Method |
| • | سیڤیل – مەدەنی شارستانی | مدني | Civilian |
| • | دیدی هەمەگەری | النظرة الكلية | |
| • | یەکانەیی میتۆدی | الواحدية المهجية | |
| • | خستنەپالّ – درانەپالّ | العزو | |
| • | کۆمەلگەی سیاسی | المجتمع السياسي | |
| • | دەسەلآت پێدان | تفويض | |
| • | لێلّ – پێش چاوگرتن | غشاوة | |
| • | نکۆلی – دان پیانەنان | انكار | |
| • | دەرهێنان | استخلاص | |
| • | هەلّەچن – بژاردن | تنقيح | |
| • | گفتوگۆ کردنەکان | المناجيات | |
| • | کۆکردنەوەی زانیاری | مستقاة | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | متقلب | بێ بار – رارا | • |
| | تسلسل | پلە بەندی | • |
| Oligarchism | الاوليكارشية | ئۆلیگارش – دەسەلأتی تاقمێك لە دەوڵەتدا | • |
| Aristocracy | الارستوقراطية | ئەروستکرات – پیاوماقەڵ – | • |
| Bureaucracy | البيروقراطية | بیروکراسی (دەسەلاتی نوسینگە) | • |
| Demagogy | الديماغوغية – أثارة العواطف | دیماگۆکی – یاری پێکردن – | • |
| Archeology | علم الاثار | ئەرتیۆلۆژی (شوێنەرناس) | • |
| Functionalis m | الوظيفية | فەرمانگەرایی | • |
| empercism | التجريبية | ئەزمونگەرایی | • |
| Behaviorism | السلوكية | رەفتارگەرایی | • |
| Exclusion | استثناء | هەلاوێژی – ئاوارتن | • |
| | سيطرة غير سلطوية | زاڵی نادەسەلأتدار | • |